
کۆتاری فەرهەنگی نەدەبی هونەری بەرهەم

سالی ٦ ژمارە ١٠ و ١١

هاوینی ١٣٩٤ هەتاوی







گۆڤاری فەرهەنگی و هــونەری ئەدەبی

ساڵی ٦ ژمارە١٠ و ١١ هاوینی ١٣٩٤ی هەتاوی

مودیرمەسئوول: **هەرمان وەتمانی**

دەستەی نووسەران: **ڕەسوڵ ئامادەپوور ـ عەلی عەبدالّی ـ زانکۆ خەلیفە**

پێداچوونەوە: **شەویار گولابی‌ئازەر**

تەڕاحی ڕووبەرگ: **شیرین خزرپوورئەقدەم**

ســـەروتار.....٢

پەیامی بنکە بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد قازی ٣

پەیامی بنکە بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد شەریفی.....٤

بەشی وتار

پیاسەیەک لە ناو کۆڵانەکانی "خیاوان پەتی"/ کامڕان محەممەد ڕەحیمی.....٥

مەحوی لە نێوان ملکەچی یەقینی هەستەکان و بەرەنگاربوونەوەدا/شەویار گولابی‌ئازەر.....١١

تایبەتمەندییەکانی شێعری پۆستمۆدێڕن لە..../ڕەسوڵ ئامادەپوور.....٢٣

بە کام پێوانە بۆ لای خۆمان دادێ/عەلی عەبدالّی..... ٢٩

تڕاژێدییایەکی هاپێڕ مۆدێڕن !/سولەیمان سۆفی سالّحی.....٣٤

بەشی چیرۆک ٤٠ تا ٦٠

جەلیل ڕەحیمی، هیوا قارەمانی، سەدیق ڕەسوولّی، زێنەب بابایی، چرۆ، ناسر وەحیدی، دانەر، سۆما پەرویزنیا

بەشی شێعر ٦١ تا ٧٦

سولەیمان پیرۆتی، شاسوار، سامڕەند ئەحمەدزادە، عەلی بایزیدی، مەحموود محەممەدیان، هادی تیتە و...

بەشی وەرگێڕان ٧٧ تا ٩٤

وەرگێڕانی چیرۆک و شێعر؛ گابریەل گارسیا مارکێز، کامێللۆ، چارلێر، چینۆوا ئاچێبێ ، لوئیجی پیراندێللۆ و...

وتوویژ لەگەڵ شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر؛ سەید نەجمەدین ئەنیسی/ ئا: بەرهەم.....٩٥

وتوویژ لەگەڵ شاعیر و نووسەر؛ حافز موسەوی/ ئا: بابەک سەحرانەوەرد ١٠٤

وتوویژ لەگەڵ بەرپرسی سینەمای جەوانی مەهاباد؛ ڕەحیم بایزیدی/ ئا: عەلی بایزیدی.....١١٢

ڕێپۆرتاژ ١١٧ تا ١٢٤

بەرهەم گۆڤاری ناوخۆیی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەیە، هەروەها دەتوانن بۆ ناردنی بابەت پێوەندیمان پێوە بکەن.

Edebi.meh@gmail.com
Edebi-meh.blogfa.com

هەرچــــی ئەم گۆڤـــــارە چاپـــــــــی دەکا حوکم نییە ئاوێنەی بیروڕای بەرپرسانی بێ بابەتەکان دێنە سەر ڕێنووسی گۆڤاری بەرهەم

• سەروتار

نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین...




کۆمەڵی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردی جارێکی تر کەوتە تاسان و خەمباری و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "بەرهەم"یش لەم هەواڵە دڵتەزێن و ناکاوەدا نە تەنیا بێبەش نەبوو بەڵکوو بە هەواڵی کۆچی دوایی "کاک ئەحمەد قازی" و کاک ئەحمەد شەریفی" دوو کەسایەتی تێکۆشەری بواری فەرهەنگ و ئەدەب، زۆرتر ئەم بارە خەمەی هەڵگرتە سەر شان و دڵ و دەروون، بە جۆرێک کە لە کاتی بیستنی ئەم هەواڵە ناخۆشە، ژمارە ١٠ و ١١ی گۆڤارمان بەستبوو بەڵام بە ئەرکی سەر شانی خۆمان زانی لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەماندا و هەر لە سەرەتاوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کۆمەڵگای فەرهەنگی و ئەدەبی بکەین و هیوا دەخوازین درێژەدەرانی ڕاستەقینەی ڕێگای ئەم مەزنەپیاوانە بین و ئەوەندەی لە تواناماندا هەبێ بتوانین ئاوڕێکی جیددیتر لە بەرهەمەکانی ئەو نەمرانە و کەسایەتییە بەردەوامەکانی ئەم بەرەیە بدەینەوە. گەرچی بۆ ئێمە وەک ئەندامانی بنکەی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد) غەمی لە دەستدانی ئەم مامۆستایانە، دوو بەرابەری خەڵکانی تر بوو چوون بە کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی قازی جگە لە کەسایەتی و نووسەر و وەرگێڕ و شاعیرێکی گەورەی شار و وڵاتەکەمان، پاڵپشت و یاریدەدەر و ڕاوێژکارێکی نزیکی خۆمان لە دەست دا. کەسێک کە لە کاتی گرفتەکاندا، ئاشکرا یان نائاشکرا پەیوەندیمان پێوە دەگرت و لە حەق دەرنەچین، قەت نەبوو لە قاپی "قازی ئەحمەد" بە دەستبەتاڵی بگەڕێینەوە. هەروەها بە کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی شەریفی ـ ش، کەسێکی جێگای شانازی خۆمان لە دەست دا. کەسێک کە نەک هەر بە بەرهەمەکانی بەڵکوو تەنانەت بە دیتنی جاروبارەی لە کاتی پیاسەکردنی لە شەقامەکانی مەهابادا، هێز و وزە و ورمان وەردەگرت.

ئەم جارەیان بەرهەم درەنگتر لە جاران کۆ بۆوە، بەڵام پوخت و پاراوتر و بە دوو ژمارەوە، گرفتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک هۆکار کە بەردەوام بەرۆکی گۆڤار و حەفتەنامە و ڕۆژنامەکانی گرتووە و زۆر جار پێشبینی نەکراوە. فایلی ئەم جارەمان تەرخان کردووە بە شاعیر، لێکۆڵەر و نووسەری بەتوانا "خاڵە سەید نەجمەدین ئەنیسی" ناسراو بە بەهاری مەهابادی، کەسێک کە گشت ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەی و سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانی ژیان، وەستان و دەست لە کارکێشانەوە، تەنانەت لە ڕۆژە سەخت و چەتوونەکانیشدا، بۆ ئەوی مانای نییە، ئەو کە لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەر لە دایک بووە هەر لە سەرەتای گەنجییەتییەوە بە هۆندنەوەی شێعر و کاری لێکۆڵینەوە و پاشان ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و لە چاپدانی دیوانی تاقمێک لە شاعیران، خزمەتێکی بەرچاوی بە کتێبخانەی کوردی کردووە. هەروەها کۆمەڵیکی بەرچاو لە ئاسەوارەکانی ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرە ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەن کە هیوادارین هەرچی زووتر بگاتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردی پێ ڕەنگینتر بکەن، بێشک حەول و تێکۆشانی کەسانێک لە چەشنی خاڵە سەید نەجمەدین جێگای ڕێز و پێزانینە و هەوڵدانی ماندوونەناسانەیان نابێ لە بیر بکرێ چوون ڕێگای هونەر، سەربەرزی و شکۆمەندییە. ئەوانەن دەبنە سامانی مەزنی گەل و نیشتمان و لە دڵی تاک بە تاکماندا، هەرمان دەمێننەوە و لە کۆتاییشدا هیوادارین وەک مامۆستا هەژار لە تەقریزەکەی لە سەر دیوانی سەید کامیلی ئیمامیدا، دەڵێ: ((خودا کاک ئەنیسی بە ئەدەبیاتی کوردی بهێڵێ)) و سایەی لە سەرمان بۆ سەدان ساڵ کەم نەکات.

• **موديير مەسئوول**

پەیامی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد

بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد؛ مامۆستا ئەحمەدی قازی



" کاتێک نازانی بۆ کوێ دەچی ناگەیتە هیچ جێگایەک"

بەڵام مام ئەحمەد هەر لە سەرەتای فێربوون بە ئەلفوبێی زمان و ژیان لە گوندی قازیاوا، زانی دەبێ هەنگاو بەرەو کوێ هەڵێنێتەوە کە ئێستا ئەم هەمووە هەنگاوە پیرۆزە، شوێن جێی بوونی مام ئەحمەد لە ناو دڵانیدا نیشان دەدەن.

خۆشەویستان، ماتەمگێڕان، ئەدیبان، نووسەران، وێژەوانان، فەرهەنگدۆستان، بازاڕییان و خەڵکی خۆشەویستی مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر و دەرەوەی ئێران؛ زامی کۆچی دوایی مامۆستا، بیرمەند، نووسەر، لێکۆڵەر، مێژوونووس، ڕەخنەگر، زمانزان، ڕۆمانnووس، ڕۆژنامەوان و سەردەبیری و میراتگری مامۆستا هێمن لە گۆڤاری بەناوبانگی سروەدا و هاوکار و پشتیوانی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد (ئەنجوومەنی ئەدەبیی مەهاباد)، لە لایەکەوە ئەوەندە بەژانە کە زمانی مرۆڤ بۆی نایەتە گوتن کە چۆن لە پێشەنگی ئەستێرەی پرشەنگداری ئاسمانی ئەدەب و وێژەی کوردی بدوێ بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ڕابردووی بەنرخ و ژیان و تەمەنی ئەم گەورە مەزنە، ئەوەندە پڕ لە شانازی و خزمەت بە خەڵکەکەی بووە و هەرچی لە جانتایدا بوو بەخشی بە خەڵک و وڵاتەکەی کە ئەوەتا؛ ئەم خەمە گەورە، وای بەگشتی لە هەموو لایەک کرد کە هەست بە خەسار و ئازارێکی بەسۆ بکەن و هەروەها خەمباری و فرمێسکڕێژی ئاپۆڕای بێوێنەی هاوڕێیان و دڵسۆزان و ئەمەگناسانی لە گشت شارەکانی کوردستان و ئێران و دەرەوە، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

ژیانی ئەم مرۆڤە مەزنە هەر هەمووی خزمەت بە خەڵک و زمان و گەلەکەی بووە. بەند و تاراوگە و ئازار و دژواری ژیان چۆکیان پێدانەنواند و ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ دەریایەک بوو لە هەڵقوڵان و دەرەوشانەوە. هەر کات، هەر کەس چ گەنج و لاو، چ پیر و خاوەن قەڵەم و خاوەن زانست چووبا بۆ لای مام ئەحمەد، بە باوەشێک خۆشەویستی و بە هەنبانەیەکی پڕەوە دەگەڕایەوە.

ڕاستە ئێستایش بە جەستە جێی هێشتین بەڵام بە ڕوح لە ناو دڵمان‌دا، بە زیندوویی مایەوە. چوونکە ئاکار، خووڕەوشتی مرۆڤانەی، خۆشەویستی و بەرهەمە ڕەنگینەکانی وەک : ڕێزمانی کوردی، باقەبێن، وەرگێڕانەکانی دۆنکیشۆت و گیلگەمێش، دیوانی سەیر و سەمەرە، کتک و مشک، نەسلی ئەژدیها، سەددام و قەیرانەکانی خەلیج، ژانی گەل بە فارسی و کورتەیەک لە مێژووی کوردستان و... بە ئەرخەیانیەوە هەمووی ئەو بەرهەمانە دەبنە چرای ڕێگای بەرەی نوێ و داهاتوو.

هەر بەم بۆنە خەمناکەوە بە ناوی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد، پرسە و ماتەمینی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا ئەحمەدی قازی و بنەماڵەی گەورەی قازییەکان بەگشتی و هەروەها کۆمەڵی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی کوردی بەتایبەتی و خەڵکی خۆشەویستی مەهاباد و دەوروبەر و کوردستان و ئێران دەکەین و شادبوونی ڕوحی بۆ بە ئاوات دەخوازین لە کۆتایی‌دا، لە یادەوەرییەکانمان‌دا یادی پیرۆز ڕادەگرین بەو ڕستە پیرۆزەی کە بەردەوام کاک ئەحمەدی قازی دەگوێی‌دا دەچرپاندین کە سەرچاوە لە هزری جوان و ئەندێشەی ئەم مرۆڤە مەزنەیە:


" هەتا دەتوانن و دەکرێ بنووسن و بخوێننەوە کە بەهێزترین چەک، تەنیا پێنووس و ئەندێشەیە".

بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد

جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی

هەواڵنامەی کێتب

پەیامی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد؛ مامۆستا ئەحمەد شەریفی



پیاوێک لە چەشنی پەپوولە پاییزە

ڕوحێ لە جزیر و بۆتانەوە بەرەو بەرزاییەکانی بارزان و لەوێشڕا هەتا بیستوون و تاقبۆستان کە دێت و بە ناخی بەیتەکاندا دەگەڕێتەوە موکریان و دەچێتە ناو جەستەی خەستەی کۆترێکی نەرمەفڕی کوردەواری، کە بە هەنگاوە نیانەکانی خۆی نووسراوەیەکی لە سەر کۆڵان و لە ناو شەقامەکانی شارەکەیدا، بێپسانەوە بۆ بەرەی دوای خۆی وەک یادگار خستە ڕوو. نووسراوەیەک کە نووڕێکە لە ناخی شەوەزەنگڕا؛ نووسراوەیەک کە بۆ هەر بیستەڕێک پەیامێکە و بۆ هەر بینەڕێک مەشخەڵێک. پەیامێک لە گوێن پەیامی پەپوولە پاییزە و مەشخەڵێک وەک یەکەم نووری هیوا کە دەکەوێتە ناو دڵی ڕێبوارێکی هیوابڕاو.

کاک ئەحمەد شەریفی بە نووسەر و ڕۆژنامەوان و مێژوونووسی سەردەم باسی لێدەکرێ؛ بەڵام ئاخۆ ئاواتەکان و خەونە پیرۆزەکانی وەها کەسێک لەم چەند سەرناوبژێرییەدا دەگونجێن؟

کاک ئەحمەد لە ماوەی ژیانی پڕ بار و بەنرخی خۆیدا، نزیک یا باشترە بڵێین پتر لە نیو سەدە بەبێ وچان لەم بوارانەی ژێروودا نەوەستاوە و بە ئەرکەوە شانی وەبەر باری گرانی خزمەت بە فەرهەنگ و مێژووی گەلەکەی داوە: ١.لە بواری ئەدەبیدا؛ چالاکی زۆری هەبووە بۆ وێنە: وەرگێڕانەوەی نووسراوەی بەنێوبانگی "هارۆلد پینتێر" لە ژێر ناوی "زمانی شاخان"، هەروەها ئاوڕدانەوە لە سەر ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، وەک ساغکردنەوەی دیوانی دوکتور شەوقی قازی زادە.

٢. لە بواری مێژوویی‌دا؛ بە سەدان وتار و لێکۆڵینەوە کە یەک لە بەناوبانگترینیان نووسراوەکانیەتی سەبارەت بە "شوانکارەکان".


هەڵبەت گرینگ و جێی ئاماژەیە کە کاک ئەحمەد لە "مێژوونووسی سوننەتی کوردی"دا کەسێکی هەڵکەوتە و بێوێنەیە.

٣. لە بواری فۆلکلۆردا؛ کۆمەڵێک نووسراوە و وتاری بەدانستەی هەبووە هەتا بتوانێ ئاڕشیوێکی دەوڵەمەند بۆ داهاتوو بەجێ بهێڵێ.

٤. کارەکانی لە بواری دەنگوڕەنگ کە بەرهەمەکەی کۆمەڵێک ئاسەواری بەنرخن لە هاووێژی و وتووێژ لەگەڵ گەورەپیاوانی وەک مەزهەر خالەقی، شوکروڵڵا بابان، مامۆستا حەسەن زیرەک و ... وە زۆر بواری دیکە کە لەو مەودا کەمەدا دەرفەتی ئاماژە پێکردنیانمان نییە. بەڵام ئەمانە بەگشتی کاتێ پتروپتر نرخی ڕاستەقینەی خۆیان پێشان دەدەن کە لێمان ڕوون بێتەوە کاک ئەحمەد شەریفی بۆ خۆی لە سەردەمێکدا ژیا کە ئاڵۆزی زاڵ بوو. هەروەها کۆڵینەوەی زانستی و بەم چەشنە وردبینانە، ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، ڕاست هەمان بەپێچەوانەی ڕەوتی چۆم مەلەکردن بوو؛ ئەویش بە سرنجدان بەم ڕاستییە تاڵە کە ژیان و چەرمەسەرییەکانی ژیان هەتا دواپشوو بەپێچەوانەی ڕەوتی تێکۆشانەکان و ئاواتە نەتەوەییەکانی کاک ئەحمەدی لەگەڵدا بوو. بە ناوی بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد پڕ بە دڵ سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستای لە کیس چوومان کاک ئەحمەدی شەریفی بەتایبەتی و هەموو بەشداربووانی بەڕێز و خەڵکی بە ئەمەگی مەهاباد و هەموو هۆگرانی فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبی کوردی لە سەراسەری کوردستان بەگشتی دەکەین. کاک ئەحمەد پەپوولە پاییزەی کۆڵانەکانی مێژوو، هەر دەم وەبیرمان دێنێتەوە کە بەهار بەڕێوەیە و چاوەڕوانی بوونی ئاوێتە بە نەوەستان، ئەرکی ئێمەیە.

بنکەی فەرهەنگی هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد

٢١ جۆزەردانی ٩٤ی هەتاوی



پیاسەیەک لە ناو کۆڵانەکانی "خیاوان پەتی"

کامران محەممەد ڕەحیمی

***

کورتە چاو پێداخوشاندنێک بە سەر غەزەلێکی کوردی لە مستەفا بەیگی، شاعیری ئیلامی؛
مستەفا بەیگی، ڕۆژنامەوان و شاعیری کوردیبێژی ئیلامی پتر لە بیستوپێنج ساڵە لە حەوشەگەلی جۆراوجۆری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا چالاکە و ئەندامی تاقمی دامەزرێنەر و یەکەم بەرپرسی دەورەیی ناوەندی کوردی هانا (کانون کردی هانا) لە ئیلام و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کوردی ئاوێنە لە ساڵەکانی حەفتادا بووە. ناوبراو لە ژانرگەلی جۆراوجۆردا و بە زاراوەی کوردی ئیلامی (فەیلی) شێعری نووسیوە و هەتا هەنووکە سێ پەرتووکە شێعری "نادیارا – واژا – خیاوان پەتی" بڵاو کردۆتەوە و خەڵاتی ئەدەبی مەلەوی کوردی پارەکەی بردۆتەوە.
بەیگی لە دایکبووی ساڵی١٣٥٠ ی هەتاوی لە شاری مێهران، ئەندازیاری بیناسازی خوێندووە و وانەبێژی زانکۆیە و شێعرەکانی بە زمانی کوردی ئیلامی (فەیلی) کە یەکێک لە زاراوەکانی ژێرووی کوردستانی ئێران و باشووری هەرێمی کوردستانی ئێراقە دەنووسێ.

***

پیاسەیەک لە ناو کۆڵانەکانی " خیاوان پەتی"
غەزەل یەکێک لە قالبە یەکجار بەربڵاو و دڵڕفێنەکانی شێعری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین‌دا بووە و یەک لە مێژینەمەندترین قالبەکانە. لە ناو گەلانی ئێرانی‌دا، ئەم قالبە و هەروەها (موغازەلە) بەگشتی خێوی ئەم تایبەتمەندییەیە بووە و سەرهەڵدانی کەسانێکی لە چەشنی مەلای جزیری، وەفایی، مەحوی، قانع، پەرتەو و تەمکینی کرماشانی و ... لە سەردەمانی جیاوازدا، بەڵگەی ڕوونی بەردەوامانی ئەم بانگەشەیە. پاش سەرهەڵدانی مەزنانێکی وەک گۆران، سوارە، شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و ... لە ئەوان بە دوا، گەڕیانە نوێیەکانی شێعری بەتایبەت لە زاراوەی سۆرانی‌دا، شێعری شاعیرانی تر بە جۆرێک بوو بە تیشکێک لە درەوشاوەیی ئەم سەرچاوە مەزنانەی ڕووناکی.
هەر بەم پێیە، غەزەل لە گوێن قالبێک کە دەتوانێ بابەتگەل و تکنیکگەلی نوێ لە شێعری هاوچەرخی کوردی وەژوورخا، ڕادرا قەراغێ و جگە لە دووپاتەکاری کە لەو پەڕی خۆی‌دا هاوچەشنی شێعرەکانی سەردەمانی گەڕانەوەیە یان خاوەنی بارودۆخی غەزەلەکانی سەردەمی مەشرووتە بووە، ڕەوانەی ویترینی موزەکان کرا.
دەکرێ دەستپێکی باژوانێکی نوێ کە لە وانەیە بتوانین بڵێین بێوێنە و هەمە لایەنەیە، لە لایەن مستەفا بەیگی و لەو دوو غەزەلی نوێ لە ژێر سەردێڕی "خیاوان پەتی" و "سکانسی تر" ببینین. جۆرە توێژهاوێژییەک لە شێعردا و بەتایبەت لە غەزەلی کوردی‌دا کە گەر بێتوو لە لایەن ناوبراو و کەسانی تر ڕا درێژە پەیدا بکا و پەرە بستێنێ، سووچگەلی نوێ دەخاتە بەردەم شێعر و ئەدەبیاتی کوردی کە دووگیانی خوڵقاندنی دەمانێکی شاعیرانە و بێوێنەیە و بە ئەزموونەکراو و ... هەڵبەت ئەمڕۆیی دەبێ.
لەم نووسراوەدا لە چەند گۆشەنیگاوە چاوێکی هەر چەند خێرا بە سەر نوێکارییە شاعیرانەکان لە " خیاوان پەتی"دا خوشێندراوە، بەم ئاواتە بکەوێتە بەر دڵ خاوەنڕایان و ڕێشاندەری ڕەخنەگەلی زانستیتر و ڕێنوێنتر بێت.
پێکهاتەی سەرەکی ڕەوایەتی دەقی خیاوان پەتی"گێڕەوەر" کەسایەتییەکی خاوەن دەربڕینێکی مودێرن و بەهرەورگرە لە نمادگەلی شاری وەک شەقام، دارتێل، بێشکە، شەهید، شار، جەمخانە و نیشتمان ...و لە فەزایەکی تاریک و دەیجووردا کە "هەستی تاکایەتی" شاعیر و بزربوویی ڕەوایەت دەکا، شێعر دەچڕێ. بە جۆرێک کە دەتوانین ڕەوایەتی سەرەکی ئەم شێعرە"مەرگ" بە گریمان بگرین کە شاعیر بە بێئاماژەی ڕاستەوخۆ و تەنانەت ناڕاستەوخۆ بەم گریمانەیە، فەزایەکی مەرگهزارانە و وێنەگەلی ڕەش و بە ساویری خوڵقاندووە کە لە بەیتەکانی یەکەم هەتا پێنجەمدا، خەست و خۆڵتر دەبێ و بە چەشنێک کە تێما سازکردنەکانی

بەیتەکانی یەکەم تا چوارەم لە بەیتی پێنجەمدا، ڕاشکاوانە دەگاتە ڕەوایەتکردنی تەرم بە سەر تەرم داکەوتنی شەهیدانی بێکفنی شار. لەم بەیتەدا ڕەنگی نیوەشەو بە هۆی قەرینەبوونی واتایی گشتی ئەم لەگەڵ ڕەشایی و لەو پاشی مەرگی ئەم بە دوای هەڵاتنی ڕۆژدا بۆی هەیە هێدیهێدی ئەم هەستە لە بەردەنگدا وەجووڵە کەوێ. لە میسرەعی دووهەمدا، نەختێک ئەم هەستە زیاتر دەبێ، چوونکە شاعیر ئاماژە دەکا بە دووپاتبوونەوەی شەقام لە دەورەبەری خۆی بە سفەتی"شەقامی بەتاڵ" لە ڕەشایی قیلەتاودا. ڕەشاییەک کە لە ڕەشایی ئەوی بەیتی یەکەم و هەڵنەهاتنی ڕۆژ لە بەیتی سێهەمدا و تەنانەت کوژاوەیی چراکان لە بەیتی چوارەمدا، پتر و پتر دەبێ. لە بەیتی سێهەمدا، شاعیر لە نمادی کۆنی ئوستووریی "کوند" کەڵک وەردەگرێ کە بە خوێندنەوەی بێپسانەوەی خۆی وەبیرهێنەرەوەی مەرگ و لە ناوچوون و ڕەشایی مەرگە و بەتایبەت هاوەمی تەنیاییەکانی پەیتاپەیتای شاعیرانە لە ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆردا. ئەو نەگریسبوونە دەگاتە ئاستێک کە داوێنی هەتاویشی گرتۆتەوە و درەوشاوەیی لێ بزرکردووە. جا تەسویرێکی دیکە لە پەنا ڕێگا، دارتێلە یەک بە دوای یەکەکاندا کە ڕەنگی ڕەشیان لە گوێن داوەڵگەلێکی پڕژوبڵاو لە ڕۆخی ڕێگای کە هاییسان و ڕووناکییان لە بیر چووەتەوە و پتر یارمەتی دەدەن بە ڕەشتر نواندنی کەشی پێکهاتوو لە زەینی بەردەنگدا.

لە تەسویری بەیتی پێنجەمدا، تەسویرێکی هیچ کاکی پێک دێ و شاعیر بێشکەیەک دەنوێنێتەوە کە هەر چەند پەیتا پەیتا ڕاژەیەتی، بەڵام سااڵنێکی دوور و درێژە کە بەتاڵە و جا چوونکە بێشکە نمادی زایین و پەروەردەکرانی بەرەی داهاتوویە. ئەم بەتاڵبوونە دەتوانێ ئاماژەیەک بێ بە مردوویی و بێداهاتوویی بەرەی هێستایی. لە بەیتی شەشەمدا، ئیتر شاعیر بە ڕاشکاوی ئاماژە بە مەرگ دەکا، مەرگێک کە وەبیرهێنەوەی ئەنفال و قەڵاچۆ و شەهیدبوونی تێکڕاییەیە کە لە شارە بێپشتیوانەکانی کوردنشیندا ڕوو دەدا وەک قەڵاچۆی ٢٢هەزار شەهیدی کوردی فەیلی و ئەنفالی بارزانییەکان و بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و حەلەبچە و ٨٨بار کوشتاری بەکۆمەڵی کوردانی ئیزەدی لە شەنگال و کوشتاری کوردەکان لە تورکییە و سووریە و خۆڕاگری نەتەوەیی و ئازادکردنی کۆبانی قارەمان لە دەستە چەپەڵەکانی داعش و ... لە پاش ئەم بەیتە ڕاوێژی مەرگاوی هەندێک کەمتر دەبێتەوە و شاعیر لە "منی بەکۆمەڵ"ڕا بەرەو "منی تاک" ئەنیمای خۆ و پەیڤێکی ڕۆمانتیکی تر وەڕێ دەکەوێ.

لە بەیتەکانی کۆتایی‌دا، گشت لا بەبێ چارەنووس چاو لێدەکا و تەنانەت "چارەنووس"یش، ئەژماری ڕۆژ و شەوی لە دەست دەرچووە و لە گشت لا دەستەوەستانتری لێهاتووە.

" گەردوون لە تۆ هەزار جار بێچارەترە" (چرخ از تو هزار بار بیچاره‌تر است)، جا لە کۆتایی‌دا بە سۆزێکی دووبارە لە ئاوازێکی غەمین‌دا، ستران دەبێژێ کە گشت ولّات تووشی ئەو بارودۆخە هاتووە و هەر چەند ئەم شێوە دەربڕینەوەیە، هەمە لایەنی دەکا. بەڵام چوون ئاواز لە زمان ئاشقێکەوە دەردەبڕێتەوە، دەتوانین بڵێین کە جۆرە درِدۆنگییەکی لە فەزای ڕەخساودا پێکهێناوە و درێژەی شێعرەکە فەزایەک ساز دەکا کە پێکهێنەری تێکەڵاوییەک لە ڕەزامەندی و درِدۆنگی بە لای بەردەنگەوەیە. چوونکە لە هەناوی پێنەحەساوی بە کۆمەڵی ئێمەدا، عیشق بە واتای زایینە و ئاشق دەتوانێ بە واتای ئافرێنەر و نەمر بخرێتە بەرچاو.

شار ئیمە مانگەشەو گوم کردگە ڕەنگ عشق نیمەشەو گوم کردگە

"شار" بە واتای زێدی شاعیر هەر چەند پێشتر وەبیرهێنەوەی شارستانییەت و پاوەجێگەری فەرهەنگ بوو بەڵام لە سەدەی حازردا بە هۆی زیادبوونی لغاو لێداماڵدراوی ڕێژەی خەڵک و هەروەها چۆڵکرانی ئاواییەکان، شارەکان بوونەتە دێهاتێکی گەورە، تەنانەت لە چەشنی خەوگەیەک یان کارگەیەکی گەورەی لێهاتووە کە تێکچڕژانێکە لە ئاڵوودەبوونی دەنگی، کێش و هەوایی، ئەخلاقی و ... کە بەبێ " شارۆمەند"ە و خاوەنی "شارنشین" لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شوێنە تێکچڕژانە " تەنیایی و گۆشەنیشینی تاک لە ناو کۆمەڵ " دایە بە تەعبیرێک؛ "بزربوون".

"مانگەشەو" لە فەرهەنگ و وێژەی کوردیش‌دا هەروەک گشت فەرهەنگەکانی تر، ئافرێنەری فەزایەکی ڕۆمانتیک و شاعیرانەیە کە شاعیر بە دروستی ئاماژەی بەوەیە کە لە شاری هاوچەرخدا ئەم شوێنە بزر و لە بیر چووەتەوە.


لە درێژەدا پتەوتری دەکا کە ڕەنگی عیشق نیوەشەویشی لێبزربووە. تەعبیری" ڕەنگی عیشق" تەعبیرێکی ئەوڕۆییە و نێودێراندنی " ڕەنگی ئیشقی نیوەشەو" بە سرنجدان بە بزربوون و نەبوونی مانگەشەو و ڕەنگی شەو کە ڕەشایی موتڵەقە لە بیچمێکی ناڕاستەوخۆدا بووە بە عیشق، لەوەیش کارەساتتر ئەوەیە کە ئەم ڕەنگەش بزر بووە.

جا ئاماژە دەکا کە شار بۆش هەڵگەڕاوە لە " ڕوحی شارستانییەتی" خۆی و بووە بە شەقامگەلێکی دووپاتبووە و هەمسان کە ئافاتی وەهەمسانگەڕاندنی فەرهەنگی و ناوەڕۆکانە و ڕواڵەتانەی لە دنیای مودێرنیسم کەوتووەتەوە و شاعیر بە بێهیوایییەوە چاو لە هەر لایەک دەکا و تەنیا شەقام دەبینێ.

شەقامگەلێکی بەتاڵ کە خنکاوی قیلەتاون: یە خیاوان/ وە خیاوان/ هە خیاوانە/ خیاوانە/ خیاوان پەتی/، لێرەدا دووپاتبوونەوەی دوو کلیلواژەی "ئێمە" لە تەرکیبی "شار ئێمە" و "ئێمە"ی میسرەعی دووهەم و تەرکیبی " "نیمەشەو" یارمەتییەکی باشی بە پەیوەستەبوون و لێکهەڵنەبڕانی دوو میسرەعەکە کردووە.

خوەی دە نام قیلتاو گوم کردگە

هەمیسان لە ڕووی ژانەوە، نالّەی دێ و پاش گەڕانەوەی دەق بۆ سەر ئاڕکی تایپی " عیشق" ڕوو لە نمادێکی ڕەگەزمەندی دیکە دەکا: "بایەقوش".



بەس کە هووکارەس وە دەنگ بایەقوش
ورشە ورش خوەر هەتاو گوم کردگە

شاعیر لە "ڕەنگ"ڕا (میسرەعی یەکەم) دەگاتە "دەنگ" لە میسرەعی سێهەمدا. هەمئاوایەتی و هاودەمایەتی ئەو دوو کلیلواژەیە وەبیرهێنەوەی بڕیتەی "دەنگ و ڕەنگ" لە ڕستەی "دەنگت هەسەس و ڕەنگت نییە" لە فەرهەنگی شەقام و کۆڵانی کوردی دایە. سەرەڕای ئەوە کە شاعیر لە " بایەقوش: کوندی شوم" بۆ سازکردنی فەزا یارمەتی وەردەگرێ بەڵام خووگرتن بە عادەتی بیستنی دەنگی شوومی کوند بە جۆرە تەرکیبێکی هەستیارانەی تڕەوە کامیل دەکا و هەر چەند " دەنگ" دەبیسترێ بەڵام ئەو عادەت بە بیستنی دەنگ لەگەڵ هەستی "بینایی" و لە بیربردنەوەی دیتنی تیشکی هەتاوی زێڕین تێکدەتەنێ.

لەش دە بان لەش

بەو پێیە کە شێعر بە وێنەگەلی ئاشقانە، بۆ وێنە "ڕەنگی عیشقی نیوەشەو" دەست پێدەکا، ئەم بڕیتەیە ئەتوانێ وەبیرهێنەوەی وەکارهێنانی ئەو لە فەرهەنگی کۆڵان و بازاڕ و گۆرانییە فۆلکلۆرەکان دابێ وەک: " دەم دەناو دەم" و...بەڵام لە درێژەدا "لەش دەبان لەش کەفێ" وە وەکارهێنانی فیعلی "کەفێ" هەندێک حاڵوهەوای واتایی گۆڕان بەسەر دادێنێ هەروەها درێژە دەدا کە: **لەش دە بان لەش کەفێ بێ شوون و نوون**

جا لێرەدا کەشوهەوای ئەم بەیتە بە بێئەوە کە دەستی شاعیر ڕوو کرابێ وەدیار دەکەوێ کە کەشوهەوایەکی ئاشقانە لە جۆری عیشقە ئێرۆتیکەکان نییە چوونکە لێرەدا "لەش" لە بان "لەش" کەڵەکە دەبێ بەڵام بەبێ ناونیشانێک کە پێشاندەری لەخۆبووردەیی نەک هاوباوەشبوون. جا ئەم تەعبیرە پێگە لەبۆ دەربڕینەوەی کلیلواژەی "شەهید" پێکدێنێ کە ئەی بەڵکوو بتوانین بڵێین ناوەندی ئەم شێعرەی لەبۆ خۆ پاوان کردووە.

هەر شەهیدێ دەیرە ناو گۆم کردگە

لێونبوونی ناو بۆ هەر شەهیدێک کە پێشاندەری بریتەی بێسەروشوێنبوونی شەهیدانی شارە، خاڵی بەرچاوی ئەم بەیتەیە و گشت شەهیدەکان کە گیان لە سەر دەستانە و بە بێناوونیشان و ڕیا و ڕووبینی لە هەرێمی شەهیدبوون چوونە ژوور و تەنانەت ناوی خۆیشان فیدا کرد.

لێرەدا باری واتایی ڕەدیفی "گوم گردگە" کە لە تەواوەتی ئەدەبیاتدا، باری واتایی نەرینی و بزربوونی لێدەکەوێتەوە، ژیرانە بە واتای فیداکردن و بەختکردن بەکارهاتووە کە ئەم وەرچەرخانە واتاییە بۆتە هۆی بە ناسێنەبوونی ئەم بەیتە لە ناو تەواوی بەیتەکاندا. جا غەمبارانە " گۆرانی" کە نمادی هەست و سۆز و جۆش و خرۆش و لە بواری بەرزینەیی خۆیدا " شۆر و شێرە" بە لێبزربوویی شار دەزانێ و بە ئازارەوە دەبێژێ:

ئەر بخوازێ ئەڵوەسێ گوورانیێ لێو باڵا برم چاو گوم کردگە

جا شاریش بە دەستەوەستان دەزانێ لەوە کە بتوانێ دووگیانی شێعرێکی نوێتر بێ و بە چەشنێک هەر چەند تێکۆشانی هەبێ، هەمیسان ئەم بوارەی بۆ تەیار ناکرێ چوونکە ئامێری ئەم ئیشەی لە کیس داوە" بەژن، ئەندام، لێو، چاو، بڕۆ" ئەم تاسەبارمانەوەیە وەبیرهێنەوەی بەیتی بەنێوبانگی حافزە.

کی شعر تر انگیزد و خاطر که حزین باشد یک نکته از این معنی گفتیم و همین باشد

هەروەها چیرۆکە شێعری شاملوو "مردی کە لب نداشت" وەبیر دەخاتەوە هەمان کە لەودا ئەو کەسەی کە لێوی نییە، پێکەنینی لە بیر دەچێتەوە. لە کۆتایی‌دا، شاعیر "چارەنووس" لە خۆی بێچارەتر دەبینێ و بە بانگهێشتی ئەم "نمادە کەونارایە" لە ئەدەبیاتی کوردی‌دا و ئەم بەیتە فەیلەسووفانەی خەییام دەبێژێتەوە کە: چرخ از تو هزار بار بیچاره‌تر است" .

"چارەئەندێشی" "سیاچارەگی" "چارەڕەشی" و "چارەنووس" و "فەلەک" و "چەرخی چەپگەرد" و... لەو نمادە ئاشنایانە و دەربڕینەری تێماوی و قەتیسی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی دان کە شاعیر لە خوێندنەوەیەکی نوێ و ئەمڕۆیی‌دا، کەڵکیان لێوەردەگرێتەوە:

بێ سەر و شوون وەر ژە خودم بێ سەرنوشت چارەنووسێ ڕووژ و شەو گوم کردگە

ئاوارەبوون و دەربەدەری و بێدواڕۆژی لە گوێن هاوڕێ و هاوزێی شاعیر پێشاندەری لێبزربوونی زەمان و زەمانەیە و چاو بە مۆلەق و هەڵاوەسراوانەمان لە نێوان سەدەکان و سەردەمەکان دایە کە دەربڕینەری تێماوی مرۆڤی هاوچەرخ لە نێوان "نەریت و مۆدێرنیتە" دایە کە لە چێوەی نمادگەلی "ڕۆژ" هاوسەنگی ڕووناکایی و شەو، هاوسەنگی تاریکی وەبیرخەرەوەی هەمان دژایەتی بێپسانەوە و هەمیشەیی نێوان نوور و تاریکییە و ئوستووڕەگەلی مێژووی لێکڕاسانی خێروشەڕ و فەلسەفەی "ین ینگ" کە لە تەواوەتی فەرهەنگەکان و ئایینە مێژینەمەندەکان‌دا هەبووە و لە دنیای مۆدێرن و بەتایبەت پۆستمۆدێرن‌دا ڕوح ئەم کارە لە چوارچێوەی پاڕادۆکسێکدا کە سیڕڕی هەبوون و هەرماوی و زانەوەیە بەجێ ماوە. لە کۆتایی‌دا غەزەل لە چوارچێوەی گێڕانەوەی تاکەکەس "هەر چەند بە کەمینە" بە خۆرێک دێتە دەر و شاعیر "ئاشق" لە خزمەت شێعر داوێ هەتا ئەمجار ئەویش لە دەلاقەی" ژانە مچۆرکان"ڕا، ببێژێ کە "ئەم وڵاتە مانگەشەوی گوم گردگە" و جێگای "شار" ئەسپێران بە "وڵات" خاڵێکی جێی سرنجە. یەک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم شێعرە کەڵکوەرگرتن لە واژەگەل و تەرکیبات و وێنەگەلی ئەمڕۆییە کە بەشێکی بەرچاوی لە گشت واژەگەلی شێعرەکە بە خۆی تەرخان کردووە واژەگەلێک کە وێڕای ئەمڕۆیی بوون، کوردیشن. هەڵبەت پیشەیان لە نۆستالژیای ئەدەبیاتی ڕەمەکی‌دا نییە و شارین. "بایەقوش بە گۆرانی" هەر چەند واژەگەلی ئاڕکائیک دەکرێ بە ئەژمار بێن و لەم واژانەن کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی پڕ تەنینەوەن، بەڵام واژەگەلی دیکەی شێعرەکە ئەمڕۆیین و لەم پەیوەندییەدا شاعیر توانایی و لێهاتوویی و ئەمڕۆیی‌بوونی خۆی دەربڕیوەتەوە. نقیسین و خوێندنەوەی تیتۆڵانەی شێعرێک لە تیکنیکەکانی ئەدەبیاتی نوێیە کە شاعیر تەنانەت لە گوتن و نقیسینی دووبەیتییەکانیش کەڵکی لێوەرگرتووە. هێنانەوەی واژەگەلێک وەک "قیلەتاو"، "ئاسفاڵت"،

"ئیشارە"، "خیابان"، "شەهید" و ... کە واژەگەلێکی ئەمرۆیین، وەکارهێنانیان لە شێعری کلاسیکدا بەتایبەت لە شێعرە ئاشقانەکاندا باو نەبووە و هاتنەوەی ئەوان لەم غەزەلەدا دەستپێکێکی پڕهێز و بەتوانایانەیە کە ئەشێ وەک ڕووداوێکی باش لێی بڕوانین.

داڕشتشکێنی لە هەندێک لە بەیتەکاندا و بڵێندونەوی کردنەوەی میسرەعەکان و وەلانان یان لێزیادکردنی ئەفاعیل لەو تایبەتمەندییە غەزەلوارانەن کە لەم شێعرەدا بە تەرزێکی تەواو شاراوانە و بەتەواوی لێهاتووانە لە بەیتی دووهەمدا، بە دووپاتبوونەوەی دووپاتنەبووەی "خیاوان" لە گوێن واژەی کلیلی ئەم بەیتە پێشاندەری ئەوەیە: داڕشتشکێنی" لە غەزەلی کوردیدا دەست پێکراوە، کە ئەشێ زمانێکی نوێ و یەکدەست و ئیماژخوازییەکی نوێ و بێوێنە لە غەزەلی کوردیدا لە بیچمی "بەیگی" گەلێک لەگەڵ خۆی پێیە.

چ لەم شوێنە کەوا غەزەل و نێئۆکلاسیکەکانی تەک لێکئاڵقانی نەریتی غەزەل و واژەگەل، تەعبیر و ختختەگەل و وێنەسازی ئەمرۆیین، هاوڕێیە، چ لە غەزەلە مۆدێرنەکان و پۆستمۆدێرنەکانی کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە بیچمێکی گشتی و هەمە لایەنەدا ڕەوتئافرێن دەبێ.

خوەم خراو و خوەت خراو شارێ خراو جام و جەمخانە و شەراو گۆم کردگە

لەم بەیتەدا شاعیر باس لە "دەردی هاوبەش" دەکا و ئەویش دەردی "خراوبوون"ـە. دووپاتبوونەوەی پیتی "خ" لە سەرەتای پێنج واژەکە لە شەش واژەی میسرەعی یەکەم و هەروەها لە واژەی "جەمخانە" لە میسرەعی دوایی‌دا بە سرنجدان بەجێ دەرچوون و شێوازی دەربڕینەوەی ئەم پیتە و هەروەها واژەگەلی وەک "خەم" کە بەم پیتە دەست پێدەکا، کەشوهەوایەکی ڕیتمیک و هەستیارانە پێدەبەخشن. لە میسرەعی دوایی‌دا پیتی "ج" لە سەرەتای واژەکان‌دا دووپات دەبێتەوە کە بەپێی سرنجدان بە فۆرمی دیداری "ج" و "خ" شوێنی نوختەکەیان جیاوازە کە لە میسرەعی دووهەمیش‌دا جێی سرنجە. جێی سرنجتر ئەوەیە کە لە میسرەعی یەکەم‌دا "شار" و لە میسرەعی دووهەم‌دا "شەراو" تەنیا واژەگەلێکن لەگەڵ پیتی "خ" هاوسەنگایەتی دیداری و بیسیارییان نییە و هەر دوو بە "ش" دەست پێدەکەن، کە پێچەوانەی "خ" (نەست)ی بەردەنگ لە بیریەتی کە پیتی"ش" لە بارەی واژەگەلی ڕۆمانیتکدا بە کار دێ و ڕوودانی ئەم پارادۆکسە جێگای سرنجە. ئەم خراوبوونە وەبیرهێنەوەی "خراوئاباد" ـە کە شار نمادێکە لەو. هاوسەنگی کوردییی "خراب آباد" واژەیەکی بەنرخە: "کەلاوە" کە ساز بووە لە "کەل": خراوی و شکاوی و "ئاوا" یان "ئاوە".

لەم بەیتەدا:

"جام" خێوی ئیهامە و بە واتای جام: شووشە یان ئاوێنە و "جەمخانە" / پەرەستگەی کەونارا و ئایینی کوردەکان بە کار هاتووە، کە لە شاری خراودا گشتیان بۆش و بەتاڵ کراون و ئاماژەیەکە بە ئەوەی کە شار بووەتە شوێنێک بۆ تەنیامان و تەنیابوون لە ناو کۆمەڵدا کە بێبەشە لە هەر چەشنە هۆوییەتێک. لە کۆتایی‌دا بە سۆزێکی غەمین و لە ئاوازێکی تاسەباردا دەبێژێ گشت وڵات تووشی ئەم نالەبارییە بووە و هەر چەند ئەم تەرزە دەربڕینەوەی وەگشتایەتی گەڕاندووە بەڵام چوونکە لە زمانی ئاشقێکڕا دەڵێ: دەتوانین بڵێین کە جۆرە دڕدۆنگییەکی لە کەشوهەوای بەردەستدا پێکهێناوە و درێژەی شێعرەکەی بە سازدانی ڕەزامەندی وێڕای شک و دڕدۆنگی لەبۆ بەردەنگ پێکهێناوە چوونکە لە نیوەی نابەئاگای نەستی گشتی ئێمە، ئەوین بە مانای زایین و ئەویندار دەکرێ بە مانای زایێنەر و نەمر، وێنا بکرێت.

شار لە گوێن موتیفی دیتبار، هەروەکی مەرگ لە گوێن موتیفی بەرپێوار و سەرەکی شێعر بە کار هاتوون. شار لە گوێن یەکەم واژە و جێدەستپێکی ئەم شێعرە موتیفی دیتباری ئەو بە ئەژمار دێ کە زۆربەی سەرواکان لە داڕشتێکی ئەستوونی‌دا دەگەڕێندرێنەوە سەر ئەو. بۆ چوونە ژوور لە لێکدانەوەی ئەم موتیفە لەو دەقەدا، لە پێشدا باسوخواسێک لە سەر "هایدگێر" دێنینەوە.

خانوو و شار لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیڕا بەدیهاتێکی فەرهەنگییە کە بیچم و ڕێکخراوەکەی سەر بەو فەرهەنگەیەکە لە ئەوڕا هەبوونی هەیە و لایەنی فەرهەنگییەکەی ئەمان، ڕۆڵ و کاریگەرییەتیەکی بەرچاوی لە پاوەجێکردن و پێکهێنانی هۆوییەتی تاک و بەکۆمەڵی ئێمە و گرینگایەتی واتایی ناسراو لە لایەنی یەکەمدا "هەستی پاوەجێکردن" و "پاوەجێ لە تۆپی زەوی و جیهان دایە".

شۆڵتێر بیرمەندێکی تری مەیدانی فەلسەفە کە زۆر بە هەراو لە ژێر کاریگەرایەتی بیروڕایەکانی هایدگێر دایە لای وایە ڕەوشتێکە "بۆ گەڕانەوە بە خودی شتەکان" لە هەمبەر سازکردنەوەی زەینی (phenomenology)بەدیهاتناسی و ئینتیزاعیدا و دەڵێ مێعماری سەر بە شێعرە و ئارمانجەکەی یارمەتیپێدان بە مرۆڤە بۆ نیشتەجێبوون. هایدگێر لە وتاری "سازکردن، نیشتەجێبوون، ئەندێشەکردن"دا بڕوای وایە کە لە سەردەمی مۆدێرنی ئێستاییدا، نیشتەجێبوونی ئەمڕۆیی "بوون بە خێوی خانوو"یەکە.

ئەو ئاماژە بەو شێعرەی هۆڵدێرلین دەکا:

لێهاتوویی‌یەکانی مرۆڤ لە سەر هەرد زۆرن. سەرەڕای ئەوە"شاعیرانە ژیان"ی هەڵبژاردووە.

هایدگێر لە تەفسیری ئەودا، گەوهەری سەرەکی نیشتەجێبوون بە لایەنی شاعیرانەی ئەو حیساو دەکا و دەڵێ: گەر مرۆڤ لە نیشتەجێبوونی شاعیرانە یان ژیان بە واتای واقعیدا دەستەوەستان بێ، لێهاتوویی‌یەکانی هیچ دەردێکی دەوا ناکەن . هەروەها دەڵێ: شێعر لە ئاسمانان‌دا خەریکی فڕین نییە هەتا ڕابکا و لە بان سەری هەرد باڵ لێدا. ئەوەی لە بەردا مرۆڤ ڕۆ دەنێتە سەر هەرد و سەر بە هەردی دەکا و بەم چەشنە دەیگەیەنێتەوە ماڵەکەی، شێعرە. تەنیا شێعر "لە هەر بیچمێکدا" واتا دەدا بە هەبوونی مرۆڤ و واتا ئاتاجی بونیادینی ئینسانە. هەروەها بە لای هایدگێرەوە، زەمان" هێڵانەی هەبوونە" و بڕوای وایە ئینسان لە زمان‌دا نیشتەجێ دەبێ، زمانێک کە بە بەرئاوەڵابوونی وجوودی ئەسیل، ئیمکانی ڕوودان پێدەدا. هایدگێر ئەوە بە شاعیرانەژیان نێودێر دەکا و دەنووسێ: "خانوو" هەناوخوازە و ئاماژەیەکە بە جیهانی ناوخۆ و "خودی تاکی شاعیر" و "شار" دەرەوەخوازە و ئاماژەیە بە "خودی بەکۆمەڵی شاعیر".

پەیتاپەیتا ئەم دەرەوە خوازییە دەخاتە بەرچاو. بە لای شاعیرەوە، ژیانی ڕۆژانەی شاری ئەمڕۆیی بۆشە لە ژیانی شاعیرانە و لە دوو شوێن‌دا دەبێژێ: گەر گەلێک بیهەوێ لەم شارەدا ژیان لە ناو ئەمدا بۆشە لە خۆشی، شێعرێک بڵێ: لێو، باڵا، چاو، بڕۆی لێبزربووە و لە کۆتاییش‌دا دەڵێ کە "وڵات و شاری ئێمە مانگەشەوی گومگردگە" تریفە، هەتاو، شێعر جام، جەمخانە و هاودڵبوونی بەکۆمەڵ، شەڕاو، لێو، چاو، برۆ و باڵا و ئەندام، عیشق لەو کلیلواژانەن کە نیشتەجێبوون لە شاردا "شاعیرانەبوون"ی پێدەبەخشن. بەڵام حەسرەت و دەردە کە ئەم نیشتەجێبوونە بە تەعبیری ئەم شاعیرە شارسازەوە و بەلای هایدگێرەوە بێڕوح و بێهۆوییەت بووە. شار لە سەرەتاوە تا ئێستا ، هەمیشە پێوەندییەکی دوولایەنەی لەگەڵ مرۆڤ هەبووە بەڵام لە ئەدەبیات و شێعری هاوچەرخدا "شار" و "ژیانی شاری" و ڕابینکردنی وێنەگەلی جۆراوجۆر لە ژیانی شاری و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ مەفاهیمی "نیشتەجێبوون"و " دەست بەسەرداگرتن"ی شوێنی نیشتەجێبوون لە خاڵە بەرچاوەکان و ناسراوەکانی ئەوان حیساو دەبن.

پاشکۆ:

هایدگێر لە باشووری ڕۆژئاوای ئاڵمان لە دایک بوو. لەو کەسانەیە کە لە پێکهاتنی هێرمۆنێتیک، مەکتەبی ئیگزیستانسیالیزم و هەروەها پۆستمۆدێڕن‌دا، ڕۆڵی گرینگی هەبووە و ئەندێشەکانی هەوێنی فکری زۆربەی بیرمەندانی پۆستمۆدێڕن بووە.

ئەم چاوپێداخوشاندنە بۆیە خێوی گرینگایەتییە، چوونکە لە کلیلواژەکانی ئەو شێعرە "شار" و شاعیرەکەی ئەندازیاری مێعمارییە و یەک لە گرینگترین وێژەوانییەکانی هایدگێر، هەمان "سازکردن، نیشتەجێبوون، ئەندێشەکردن"ـە کە هەر چەندە هایدگێر هیچ کات دەقێکی مێعماری نەنووسی بەڵام هەر ئەو وێژەوانییەی هایدگێر گەیشتە باسگەلێکی ناوبراو لە "هۆسێرل" کە ئاکامەکەی گەیشتە بەدیهاتناسی تایبەت بە خۆی و وتاری ناوبراو یەک لە کاریگەرترین ئاسەوارەکانی بەدیهاتناسانەیە لە مێعماری‌دا.

---

١. ئەم وتارە لەگەڵ زمانی بەرهەم هاوسەنگ کراوەتەوە.

مەحوی لە نێوان ملکەچی یەقینی هەستەکان و بەرەنگاربوونەوەدا

شەویار گولابی‌ئازەر



بە جێ نایە دەبێ ڕوو کەینە سارا

حەقی ئادابی مەجنـوونی لە شارا

کورتە

مەحوی ناوی مەلا محەممەد و کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی لە نەوەی پیـر و زانـای نـاودار شـێخ ڕەش ـ ه. مـوحەممەد ئەمـین زەکـی بەگ مێژوونووسـی کـورد دەڵـێ : لە سـاڵی ١٢٥٢ ی ـ ک، واتە (١٨٣٦ ـ ١٨٣٧ ی ـ ز) دا لە دایـک بـووە بەڵام بەپێـی وتەی مێژوونووسـی نـاودار؛ عەلائەدیـن سـەجادی لە ١٨٣٠ (١٢٤٦ ی ـ ز) دا لە دایـک بـووە. دیارە لەم وتـارەدا هـیچ نـامەوێ شـرۆڤەی کـاتی لە دایکبـوونی مەحـوی یـان ڕاسـتکردنەوەی کـام یەک لە بۆچوونەکـانی هەر کـام لە مێژوونووسەکان بکەمەوە بەڵام سەردەمی ژیانی شـاعیر تـاڕادەیەک مەبەسـتە بـۆ چـۆنیەتی هەڵسـەنگاندنی بیروباوەڕەکـانی شـاعیر لە نـاو شـێعرەکانیدا و ئەو چەمـکەی کە لە نـاو شـێعرەکانیدا بـووە بە چەمکـی زاڵ و داپڵۆسـێنەر. کە لێـرەدا دەمـەوێ بـیخەمە بەر شـرۆڤە و لێکـۆڵینەوە. لە ڕووی خوێنـدنەوەی شـێعرەکانی مەحـوی، بۆمـان دەردەکەوێ نـاوبراو شـاعیرێکی خوانـاس، عـارفێکی ڕاستەقینە و دیندار، عاشقێکی ئەویندار و ئەوینبەخش، باوەڕمەنـد بە بەڵێنێکی ڕاسـتەقینە بەپێـی ئەو جیهـانبینیـیەی کە هەیبـووە بەردەوام عەشق و ئەوینی خۆی لە هەمبەر جوانییەکانی دەروونی و دەرەکی دەربڕیوە و بـۆ ئەم دەربڕینەش دایمە لە هێما و نماد و نیشـانەگەلی سروشـتی و ئەفسـانەیی و ئوسـتووریی کەڵکـی وەرگرتـووە بـۆ گەیانـدنی مەبەسـت و ئامـانجی خـۆی و هەروەهـا باوەڕمەندییەکی قووڵیشی بە زەقکردنەوەی عەشق و عاشقی ڕاستەقینە لە سەر ئەم ڕاستە هێڵە بـووە. هێڵێـک کە سـەرچاوە لە وەرە و عەشق و قوربانیدان دەکا بۆ گەیشتن بەو ئاستەی کە عاشق دەیـهەوێ لە پێنـاوی عەشـقەکەیدا، سـەری بکـا بە قوربـانی و ئەرکـی وەفاداری و ئەمەگناسی خۆی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی لە سـەختترین بـواری ژیـانیشدا بپێکـێ. هێمـا و نمـادی خـوازراو لە سەر ئەم ڕاستە هێڵە، شتێک نییە جیا لە بە پیرۆزمەندزانین و شکۆمەندی ڕێبازی مەجنوون و مەنسـوور نەبـێ. مەحـوی لە چەنـد شـێعریدا بەڕاشـکاوی شـرۆڤە و ڕاڤەوەی حـاڵی خـۆی دەکـا بـۆ گەیشـتن بە حەق. بەڵام بە هێنـانە مەیـدانی ئەم دوو هێمـا و چەنـد نیشانەگەلی تایبەت، فـۆرم و نـاوەرۆکی شـێعر، قورسـایییەکـی هێماشۆنـاسـی بە سـەریدا زاڵ دەبـێ بە جۆرێـک کە زمـانی شـێعر بە شـێوەی بـازنەیی لە دەوری ئەم هێمایـانەدا خـول دەخـواتەوە و دنیـای شـێعر لە نێـوان بنێـر و وەرگـردا بەرتەسـک دەکـاتەوە و لە فرەواتایی خۆی دەپارێزێ، لایەنی وەرگر و خوێنەرەوە ڕادەکێشـێتە نـاو شـرۆڤەی زمـانەوانی و هێماناسـیەکانی زاڵیـیەت لە نـاو دنیـای شێعرەکانیدا.

وشە سەرەکییەکان: حەق، عەشق، هێما، هزر، ئەندێشە، وشە نگتیڤەکان، وشە پۆزتیڤەکان.

شێعر : پارچەی سێهەم، تیپی ئەلف ـ پارچەی دوازدەهەم، تیپی ئەلف ـ پارچەی دووهەم، تیپـی سـین ـ پـارچەی یەکەم، تیپـی داڵ ـ پارچەی چوارەم، تیپی ڕێ ـ پارچەی هەشتەم ـ چوار خشتەکی ژمارە یازدە ـ و ...

پێشەکی

"هەر چەندە ڕوانین بەرفراوانتر بێتەوە، ئەوەندەش دەربڕین تەنەنگ و بەرتەسکتر دەبێتەوە" .

ڕوانینی مەحوی بۆ دنیای ژیان و دەوروبەر و هەستە دروونییەکان، ئەوەندە بەرفراوان و واتاداره کە ژین و خۆشی و خۆش ژیان بەسەربردن لە دنیای ناوەوەی ژیاندا، ئەوەندە بۆ مەحوی بەرتەسک و بێواتایە کە وا لە مەحوی دەکا هەتا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، پەنا بەرێتە بەر عیرفان و دنیانەویستی و دنیا وەلانان و بەرەنگاربوونەوەی باری نارێکی و کرداری نامرۆڤانەی مرۆڤەکانی بەڕواڵەت خۆ چاکەنیشاندەر و زاهید. بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەش، تەنیا ڕێگای دەرمانکردنی ڕوحی مرۆڤ، پەنابردنە بەر حەق و هاندانی خەڵکی بۆ گەشەی ئەم دۆخ و چەمکە پیرۆزەیە. بە لای مەحوی ئەم چەمکەش کاتێ دێتە دی کە مرۆڤی ڕاستەقینە و عاشقی ڕاستەقینە و گیانبەختکەری ڕاستەقینە لە سەر ڕێگا بێت.[کەواتە مرۆڤ،عاشق، گیانبەختکەر] بۆ زەقکردنەوەی چەمکی وەها، پەنا دەباتە بەر هەندێ کەرەستەی زمانی و ئەرکەکانی زمان، هەتاکوو بتوانێ لە پێوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە، لایەنێکی پێوەندیداری قووڵ بەم ڕەوتە بلکێنێ. کەواتە لەم وتارەدا، هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر دوو چەمکی عەشق و حەق کە چەندە لە لای مەحوی بایەخی پێدراوە و هەروەها لە ناوی مەنسوور و کەسایەتییەکانی تری ناو شێعرەکە وەک هێما کەڵکی لێوەرگرتووە بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجی سەرەکی کە لای خۆی وەک ئامانجێکی گشتی ڕەچاوی گرتووە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پەنای بردووە بۆ هەندێ لایەنی جوانکاری زمانی وەک ئەرکەکانی زمان کە لە درێژەدا ئاماژەی پێدەکرێ.

مەحوی لە نێوان ملکەچی یەقینی هەستەکان و بەرەنگاربوونەوەدا

مەحوی لە نێوان ملکەچی یەقینی هەستەکان و بەرەنگاربوونەوەدا بەردەوام هەوڵ دەدا قورسایی بە لایەکدا، شۆڕ نەبێتەوە و دایمە بە هێنانە کایەی هەندێ وشەی باڵادەست و سەرەڕۆ، شێعر هاندەدا لە ئەرکی قورسایی وشە بگات و ئەرکەکانی زمانی پێ بگەیەنێتە شوێنی دیاریکراوی خۆی و هیچ لایەنێک نەباتە ژێر ئەم باڵافڕە. لەم ململانەیەدا دەچێتە شەڕی مرۆڤ و لە هەموو هەلەکانی هەڵسووڕانی مرۆڤدا، دەگات بە شکۆگومان و دایمە دێتە هەڵسەنگاندنیان و هەندێ جار وەک عاشقێکی حەقیقی و هەندێ جاریش وەک عارفێکی دیندار، ڕۆڵی ڕەخنەگر دەگرێتە بەر خۆی و وشە دەخاتە بەر شاماڵی دەربڕینی هەستی حەقیقی و ڕاستەقینە و زۆر جاریش، ڕووداوە میژوویییەکانی میژوویی دەکات بە بەڵگەیەک لە ناپایداری دەسەڵاتی زاڵ بە سەر حەقیقەتدا و لە ناونەچوونی ئەم چەمکە گرینگە و بەردەوامییەت و درێژەپێدانی لە نەسڵێکەوە بۆ نەسڵێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.

که چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەداره　　وتی ئەم هەبووە هەمدەردی دارا

[که چەرخی زەمانە ئەسکەندەری دی گرفتاری دەرد بووە، وتی وا ئەمیش چووە پاڵ دارا (واتە داریوشی سێهەم، دوا پادشای بنەماڵەی هەخامەنشی) کە ئەم خۆی بەزاندی و تەخت و تاجی لێسەند. مەبەست ئەوەیە دنیا بۆ کەس نامێنێ و کەس خۆی لێنەگۆڕدرێ.]

لەم ڕوانگەیەوە هەر وەک ڕوونە مرۆڤ کاتێ دەتوانێ ملکەچی یەقینی هەستەکانی بێ کە لە عەشقی حەقیقیدا هەست بە ئازار و خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بکات، ئەوە ئەو کاتەیە کە مرۆڤێکی ڕاستەقینە و ڕاستەڕێگا، هەڵگری بارێکی قورس و ئازارکێش دەبێت. بە وتەیەکی تر، واتە عەشق ئازاربەخشە بە جەستە و ناخی مرۆڤ. بەڵام لە هەمان کاتدا چێژبەخشیشە و لە یادگەی مرۆڤێشدا، بنە و بنکە دادەکوتێ. هەر وەک مەحوی خۆی دەڵێت: وەختی شایی و شادییە چوونکە غەم هەڕەسی هێناوە و گەیشتۆتە ئەو پەڕی خۆی. ئەوە نیشانەی تەواوبوونییەتی و دەبێ چاوەڕوانی تەواوبوونی بکرێ. مەحوی ئەوەندە ملکەچی حەق و ڕاستەقینەکان دەبێ، لە شێعرەکانیشیدا دایمە مرۆڤ هان دەدا بەرەو حەق و حەقناسی. ئەو هەمیشە مرۆڤێکی ڕاستەقینەی دەوێ دەگەڵ ناڕاستییەکان لە شەڕ دابێ و یەک نەگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر تەواوبوونی ڕوح و جەستەش بگرێتەوە و سەری لەم پێناوەدا، دابندرێت. هەر وەک لەم شێعرەدا بە دوای عەشقێکدا وێڵە و حەقداری دەکات و ڕووی گلەیی و گازندەیی دەکاتە ڕوخساری جوان و نیگاری یار و لە ناپاکی ئەو دەدوێ تا ئەو ئاستەی کە لە خووڕەوشتی ناپاک وەزاڵە دێ و مەنسووری حەللاج دەکات بە هێمای

بەرزی سەردانان لە پێناو عەشق و خۆشەویستی حەقیقی و پلەی مەرگ و چوونە سەری پای سێدارە بەرز دەنرخێنێ و تەنانەت سێدارە لە هەمبەر هەستە دروونییەکەی بە کەم دەگرێ و دەڵێ:

هەتا حەق ناسیرە هەر حەقمە مەنزوور وەکوو مەنسوور ئەگەر بمکەن بە دارا

یاخود

موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەقق و حەقیە مەنزوور سلووکی چوونە سەرداڕە، تەریقەی پیرییە مەنسوور

[دیوانی مەحوی ، پارچەی چوارەم،بەیتی یەکەم]

یان لەم بەشەدا:

بە حەق هەر حەق، بە ناحەق ناحەقم وتووە لە پۆژێ بووم وەکوو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم

[پارچەی هەشتەم، بەیتی چوارەم، تیپی "میم"،]

هەروەها مەحوی وەک دیندارێکی ڕەخنەگر بە هەموو هێز و توانای زمانییەوە دژی ئەو سۆفی و شێخ و واعیزانەی سەردەمی خۆی و پێش خۆی دەوەستێ کە خۆیان وەک کەسانێکی تایبەتی لە ژێر پەردەی دین و دینداریدا حەشار داوە و هەر بەم بۆنەشەوە لە خەڵکانی سادە و خاکی بە ناوی دین ـ هوە مالّی دنیا کۆ دەکەنەوە و بە ناوی دین، پەرە بە شەڕ و تەفسیری لاڕێ دەدەن.

لە ڕم دی زاهید ئەو زستانە زانیم کلک نادا بە زڕینگی بەهارا

[بەیتی هەوتەم، پارچەی سێهەم، تیپی ئەلف]

ئەو زاهیدانەی ساختەچی دەبنە هۆی دارمانی ڕوحی ئاشتیخوازانە و ناپێکی ڕاستییەکان و بردنە ژێر پەردەی حەقیقەتە شاراوەکانی مرۆڤایەتی، هەمووی ئەوانە دەخاتە بەر تەوس و پلاردان:

ڕیشێکی پان و تووکی بنا گوێ، درێژ و لوول سۆفی لە دینی لادە بە دیمەن لە جوو دەکا

[پارچەی نۆهەم، بەیتی سێهەم]

شێخی هەمەوەندێکی دەدا پەند و نەسیحەت ئەو قوڕ بە سەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت

[چوار خشتەکی، بەیتی یەکەمی ژمارە یازدە]

هەر لەم ڕاستایەدا خۆی بە بەرپرسیار دادەنێ لە هەمبەر جوانییە نەدرکاوەکانی ڕوحی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی ئەخلاقی مرۆڤانەدا و ڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ پێکهێنانی جیهانێکی پاک و بێگەردی ئایین و عیرفانی واقیعی. مەحوی لە غەزەلی؛ بە جێ نایێ، دەبێ ڕوو کەینە سارا/ حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا/ دا فۆڕم و ناوەرۆکی شێعرەکەی بە دوو چەمکی حەق و پیری (نەگەیشتن بە جوانی) قورس دەکا و بڕەوی جوانی و هێز و بڕشتی جەوانی لە شێعر دادەبەزێ و ئەوە تەنیا کاتی مەدەد خواستنیش پەنا دەباتە بەر پیری بوخارا (واتە بوهائەدین موحەممەد شاهی نەقشبەندی) و بەم دوو چەمکە ناهۆمێدانە، بازنەیەک بە دەوری شێعرەکەیدا دەکێشێتەوە و مودێلێکی پیری لە پێناو دڵدار و نەگەیشتن بە جوانی و ناهۆمێدی و عیرفانی گاڵتەجارانە دەوری شێعرەکە خول دەخواتەوە.

نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا

بە هێنانەوەی وشەکانی وەک مەنسوور، ئەسکەندەر، دارا، پیری بوخارا و حەق و... هێڵی پێداگەڕان بە درێژایی شێعرەکە، زمانی شێعر ئاوس دەکا بە پرسیار.

زمان ئاوسە بە پرسیار

بە هێنانە بەرچاوی فۆرمی شێعرەکە، پرسیار لای بەردەنگ و گوێگر یاخود لایەنی خوێنەرەوەی شێعر دروست دەبێت کەواتە دەبێ پردێک لە نێوان شێعر و خوێنەرەوە یان سێ کوچکەیەک لە نێوان شێعر و چاخی شێعرهۆندنەوە و لایەنی خوێنەرەوە پێک بێت بە تێڕامانێک لە سەر دنیای زمانی داڕشتنی شێعرەکانی مەحوی بۆمان دەردەکەوێ زمانێکی سادە بەڵام گشتگیر و غەریب و نامۆ لە



شـــێعردا پێـــک هـــاتووە و خـــوێنەرەوەش خـــۆی ڕادەسـپێرێتە پێداویسـتییەکانی لـێ تێگەیشـتن و لـێ وەرگری و دۆزینەوە و هەندێک واتـای شـاراوە و نهێنـی لەم دیـوی وشـەکان هەیە هەتـاکوو خـوێنەرەوە وەک بـــازنەیەک بە دەوری یەکدا، کۆیـــان بکـــاتەوە و پاشان بە دوای ڕاستییە شاراوەکانی نـاخی وشـەدا بگەڕێـت. وشـەکانی وەک مەنسـوور، ئەسـکەندەر، سارا، پیری پیران، یـان وشـەیەکی شـاراوەی وەک "ئێمە" بە واتا گشتییەکەی (بە جـێ نـایە دەبـێ ڕوو کەینە سارا).

ـ مەبەست لە ئـێمە لێـرە دەبـێ کێـی مەنـزوور بێ؟ یەک کەس یان دوو یـاخود زیـاتر لە چەن کەس؟بۆ دەبـێ ڕوو کەینە دەشت و سـەحرا و چـۆلەوار؟ بـۆ لە شـار بە جـێ نـایە ئـادابی مەجنوون؟

ـ مەنسـوور کێـیە و ئەم نـاوە بـۆ ئەوەنـدە خـزاوەتە نـاو دنیـای و بیـرۆکەی شـاعیر و ئەوەندە دەگەڵ هاتنە نـاوی ئەو، بـاس لە ســـێدارە دەکرێـــت؟ یـــان بـــۆ بە لای مەحوی، ئەم مەرگەساتە ئەوەنـدە پیـرۆز و بەرز هەڵدەسەنگێندرێت؟. کە زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانی داگیر کردووە؟

ـ ئەسکەندەر و دارا کێین و چ پێگە و جێگەیەک بەم شێعرە دەبەخشـێ کە وا خـزاونەتە نـاو شـێعرەکە؟! و تەنـانەت هەنـدێ جـار لە پێکهێنانی سەروای شێعریشدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن؟

ـ وە هتد...

لەم غەزەلەدا بەتـایبەتی و لە زۆربەی شـێعرەکانی تـری مەحـوێدا بەگشـتی ئەم پرسـیارگەلە بە شـێوەی هەڵچـوون و تەمومـژی ئاوسایەتی سەر و خوار دەکات و خوێنەرەوە یاخود بەردەنگ تووشی ئەوە دەکات کە لایەن خـۆی چێـوەیەکی وڵامـدەرەوەی تـازەتر و پرتر لە خودی واتا و فۆرمی شێعرەکە دەستەبەر بکا یان هەڵبچنێتەوە. کەواتە چەند مانایی تـێدا بەرهەم نـایەت یـان نەقـڵ نـاکرێ و شێعریش لە دەرەوەی زمانـدا نامەوێ بەڵکـوو لە دەسـتەڵاتی چەند وشـەیەکی گشـتی و مێـژووداری ڕەهەنـدی وەرگرتـووە و ئێسـتا ئەم وشانە لەم شێعرەدا بوون بە قەڵا و کەرەستەیەک کە بەپێـی واتـا و شـوێن و کـاتی لە پێشـتر دیـاریکراودا، دەسـتەڵاتداریـیەتی خۆیـان لە نـاو شـێعرەکەدا بەرجەسـتە کـردۆتەوە و هەر بەپێـی ئەو کـردەی کە لە پـێشدا واتە ڕابردوویەکـی مێژوومەنـد لە خۆیـان بەجـێ هێشتووە. ئێستایش بوون بە کەرەستەیەک کە مرۆڤ (واتە نووسەر، کردەکانی ئەوان بکات بە هێمایەک بـۆ نەخشـاندنی بایەخەکـانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە دنیای مـرۆڤگەڵدا). بەو پێـیە زەینییەتـی خـوێنەرەوە پێویسـتی بە فـلاشبەکێـک هەیە و دەگەڕێندرێتەوە_بـۆ دەرەوەی دەق کە ئەگەر زەینییەتی لایەن یارمەتیدەر بێ بـۆ گەیشـتن بەو ئامـانج و مەبەسـتانە یـان نـا، گەڕانەوە بـۆ نـاو لایەڕەکـانی مێژوویی و ناسینەوەی کەسایەتییەکانی وەک:

- پیری پیران
- ئەسکەندەر
- مەنسوور
- دارا

یاخود ماهییەتی دەستەواژەکانی شەربەتی مەرگ و ئاوی گوارا لە چیـیەوە سـەری هەڵـداوە و چ جیـاوازییەکـی دەگەڵ ئـاوی ئاسـایی هەیە؟ ئەگە کارکردێکی نمادی هەبێ ئەو رەمز و کارکردە نماددییە بۆچی کەڵکی لێوەر گیراوە؟ ئەگە ئـاوی گـوارا یـان ئـاوی حەیـات و شەربەتی مەرگ وەک رەمزی بووژاندنەوە و سەربەستی و رەهایی بـێ، کەواتە پێویست بە توانـدنەوەی هـزر و ئەندێشـەی خـوێنەرەوە و لایەنی وەرگر ناکا کە لە سەرەتادا لە نێـو لایەنەکـانی جـوانی شـێعریدا قـاڵ بێتـەوە یـاخود زمـان تووشـی تـوانەوە و سـەرقاڵبوون بکات بە هەندێ تایبەتمەنـدی تـری رەچـاوکەر و دژوار بـۆ جوانترنواندنی شـێعر و شـێعریش بخـاتە دەرەوەی بـازنەیەکی بەرفراوانتـری جوانیناسانەی زمانی و شێوازییەوە. هەر بۆیە چ زمـانی شـێعر و چ گەڕانـدنەوە بـۆ دەرەوەی دەق و کـارکردە نمادەکـان و هێماکـان بە هەر دوو باردا، زمان و شێعر بە دەوری بازنەیەکدا خول دەخواتەوە کە لە خۆگری عیشقمیحوەری و کەسایەتمیحوەری پێکدێ.

زمان لە حاڵەتی بازنەییدا

زمانی شێعری بە شێوەی بازنەیی و لەم دوو حاڵەتە پێک هاتووە:

١ ـ زمانی شێعری لە حاڵەتی بازنەییدا

٢ ـ زمانی هەڵگەڕاندنەوە بۆ دەرەوەی دەق لە حاڵەتی بازنەییدا

لە زۆربەی شێعرەکانی مەحوێدا و بەتایبەت لەم غەزەلەدا (بە جێ نایە دەبـێ ڕوو کەیـنە سـارا / حەقـی ئـادابی مەجنـوونی لە شـارا)، زمان لە حاڵەتی بازنەیی نایەتە دەرێ و لە دەرەوەی دەقیشدا هـیچ شـێوە تەقینەوەیەکـی واتـاداری نـوێتر و داڕێژراوتـر ڕوو نـادات بەڵکوو دەقێک بەرهەم هاتووە کە قوواڵ و فرەواتا نییە و بە سـەر هێڵێکـی ئەسـتوونیدا بەردەوام لە گواسـتنەوەی هـۆک و بەرهـۆکـو بە پێچەوانەکەیەشی.

بۆ وێنە؛

ــ لە شـارەوە بـۆ سـارا و ڕاکردنـی لە دنیـای نـامرۆڤی و ڕووکـردن بـۆ دەشـت و چـۆڵەوار و حەزی ژیـانێکی بە دوور لە وجـوودیەتی نامرۆڤان .

ــ لە ئەسـکەندەرەوە بـۆ داریوشـی سـێهەم و بەردەوامـی چەرخـی گەردوون و بە وێنەکێشـانی ئەم نـامراددییە و نەبـوونی هەمـدەردی و فنابوونی چەرخەیەک بۆ چەرخەیەکی تر و دەوامییەتی ئەم بـێوەفایەی دنیای مادی و ناپایەداری دەستەڵاتی زۆرداری.

ــ لە مەنسووری حەللاج ـ ەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حەق لە هەمبەر ناحەقیدا و عیشق لە هەمـبەر بـێوەفـایی و ڕوو وەرچەرخـان و چوونە سەری سەر، بۆ سێدارە لە پێناو عیشق و حەقداریدا، بەردەوامی بەربەرەکانیەکان و تێکـئاڵقـانی وشـە نگتیـف و پۆزتیڤەکـان لە بەرامبەری یەکدا، دەمـانگەیەنێتە ئەو وتەی هـاملتۆن کە دەڵـێ:" وشـە وەکـوو قەڵای بیـر و هـزرن چـوونکە دژی لە بیرکردنەوە و بیرچـوونەوەن". کەواتە ئەم وشـە پۆزتیڤـانەی کە لە پـاڵ مێـژووی تـاڵی ژیـان بە نـاوی کەسـایەتی کاریزمـابوون و پـاڵەوان و قارەمانییەت پڕ کردۆتەوە بەردەوام لە ڕەوتی زەماندا وەک قەڵایەک دەمێننەوە و لە بیر ناچنەوە.

لەم شێعرەشدا، دەتوانین بەم پۆلێنبەندییە بگەین. کە وشەکان بە سەر دوو حاڵەتی پۆزتیڤ و نگیتڤـدا، دابەش دەکرێن وەک:

وشە پۆزتیڤەکان

ـ حەق ـ عیشق ـ مەنزوور ـ مەنسوور ـ زاهید (لە فـۆرمی پۆزتیـڤ، خواناسـی ڕاسـتەقینە) ــ مەجنـوون ـ بەهـار ـ چەرخ / گەردوون ـ حەڵاڵ ـ گوڵ ـ ئاوی گوارا ـ پیری بوخارا (پیری یارمەتیدەر و ڕێگەنیشـاندەر واتە بوهـائەددین محەمـمەد بە شـاهی نەقشـبەندی نـاوی دەرکردووە و تەریقەتی نەقشبەندی بە ناوی ئەوەوە دەکرێ.)

هەوالنامەی کتێب

وشە نگتیڤەکان

- دار (سێدارە) - دارا (داریوشی سێهەمی هەخامنشینی لە ڕۆڵی کەسایەتی دەستەڵاتدار دیکتاتۆر) - مەرگ - خوێن - زاهید (لە فۆرمی نگتیڤدا، ڕۆڵی بە درۆگێڕان وەک خواناس و مرۆڤی دەروونپاک!) - زستان (سەرما و سەخڵەتی) - پیری (نەگەیشتن بە ئامانج) - پوش (زەرد و پەڵاش) - خار (دڕک و داڵ).

ئەم دوو مەیدانیە وشانە، وا لە حاڵەتی بازنەییدا، ئەرکی زمانیان پێدەگێڕدرێ هەر وەکوو دیار و ڕوونە زمان لە کارکردی وێژەییدا وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرە ئەرک دێتە پێشاندانی کاردانەوە کە دەرکەپێکردنی دێڕ و ڕستەکان بگەیەنێ. زمانەوانان کۆک نین لە سەر جۆر و ژمارەی ئەرکەکانی زمان. ئاندرێ مارتنی سێ ئەرکی زمانی دەستنیشان کردووە (پەیوەندی بەرقەرارکردن، قسەی دڵ و جوانیداهێنان).یاخود کوروش سەفەوی باس لە بۆڵەر دەکا کە سێ ئەرکی دەرکەوتن، دەربڕین و ووروژاندن بۆ زمان دیار دەکا. یان هالیدی (م.ا.ک.هالیدی) سێ ئەرکی هزرەکی و ئەرکی نێوکەسی و ئەرکی دەقی بۆ زمان دیاری دەکات، بەڵام یاکۆبسن لە سەر بنەمای بەشەکانی پەیوەندیکردن شەش ئەرکی زمان دەستنیشان دەکات و پێی وایە کە بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی، شەش بەش بەشداری دەکەن. بنێر پەیامێک لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندی (واتە دنیای هزری شێعری) بۆ وەرگر دەنێرێت. ئەم پەیامەش کاتێک گاریگەری دەبێت کە واتایەکی هەبێت و دەبێت لە لایەن بنێرەوە بکرێت بە کۆد (هەموو ئەو کۆدانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکردراون) و لە لایەن وەرگرەوە کۆدەکەی لێک بدرێتەوە. (هەموو ئەم کۆدانە لە لایەن بەردەنگ و خوێنەرەوە کونجکۆڵ و کەندوکۆ دەکرێت)، کەواتە ئەرکەکانی بنێر و زمان و بەردەنگ تێک دەئاڵێنێ.

بنێر ـــــــــــ پەیام ـــــــــــ وەرگر

کۆد ـــــــــــ واتا ـــــــــــ لێکدانەوەی کۆد

بەپێی ئەم ڕوانگەیە، مەحوی لە شەش ئەرکی زمان لە نۆ ئەرکە دیاریکراوەکەی ویلیام هۆیزەوە کەڵکی وەرگرتووە کە بریتییە لە :

ـ ئەرکی وەسفی : وەسف یان بەیانی شتێک یان حاڵەتێک دەکرێ یان گواستنەوەی زانیاری واقعیە لە بارەی شتێک یان بابەتێکەوە کە ئەرکە زمانییەکە لە لایەن جۆن لاینزیشەوە بە ئەرکی وەسفی ناو هێنراوە.

وەرە دەستێ بە خونم کە نیگارین / موژەی خوێنی دەکا هەر لەحزە سەیرە

(ئەی یاری وەک نیگار جوان، خوێنم حەڵاڵت بێ، وەرە دەستت بە خوێنم ڕەنگاوی بکە). شوبهاندن و وەسفی یار بە نیگاری جوان و هەروەها دەستیشی بە خوێن ڕەنگاوکردن.

یان دەم و زارێ تیا مابێتەوە ڕەنگاوی ڕیق ئەمما/پیاڵێکی عەقیقە، پڕ لە بادێکی عەقیق ئەمما

شوبهاندنی تەڕایی ناو دمی یار بەو وێنە جوانە کە کەمتر کەسێک دەتوانێ بەم شێوە لە نێوان شەڕابی ئاقیقڕەنگ و ماچی دمی یار وەسفێکی ئاوا جوان بخولقێنێ.

ـ ئەرکی هەست بزواندن: لەم ئەرکەدا، نێرەر یان بنێر هەستی وەرگر دەبزوێنێ و زۆریش لە ئەرکی وەسفی نزیکە و هەندێ جار وا هەست دەکەی هەر ئەرکی وەسفیە .

ئەمەندە گوڵ لە بن یەک نووکە خارا (سەیرە لە بن هەر نووکە درکێکدا ئەوەندە گوڵ ببێ)

ـ ئەرکی هاندان : لەم ئەرکەدا بنێر هانی وەرگر دەدا بۆ ئەوەی کارێک ئەنجام بدات بە واتایەکی تر داوایەکی لێدەکات.

مەگەر تۆ عەرزی حاڵم کەی لە کن یار / قەڵەم، ساغی قسە من نیمیارا

[ئەی قەڵەم! من خۆم ناتوانم، مەگەر تۆ حاڵم لای یار باس بکەیت و حاڵی دەردمی بۆ بنووسی و داوای لێبکەی جارێ ناوم بهێنێ.] لێرەدا وەرگر ئەو قەڵەمەیە کە دەیهەوێ ببێتە هاودەرد و هاوڕازی و داوایەکی بۆ لە یار بکا.

ـ ئەرکی کردەیی : هەندێ دێڕ هەن کە خۆیان لە خۆدا کردەن یاخود کردەیەک ڕووی داوە و کردەیەکی تری لێ ڕوو دەدا.

نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری

یاخود:

لە بەر زار و نەزاری بوومە وەک پووش

ـ **ئەرکی فەرمانداں**: هەندێ جار لە شێعردا، بنێر بە خود یا وەرگر فەرمانی ئەنجامدانی کار یان کردەیەک دەدا.

بە جێ نایە دەبێ پرو کەینە سارا

یان:

دە ئەمجا ڕابوێرە من بە زارا

ـــ **ئەرکی هەڵسەنگاندن**: شاعیر هەندێ جار بۆ گەیشتن بە مەبەست یان پەیامی شێعرەکەی ڕوو دەکاتە هەڵسەنگاندنی یەک یا چەند حاڵەتی جۆراوجۆر بۆ وێنە:

هەتا حەق ناسیرە هەر حەقمە مەنزوور / وەکوو مەنسوور ئەگەر بمکەن بە دارا

(هەڵسەنگاندن لە نێوان خوا و حەق،مەبەستەکانی تاکەکەسی وەک بیری خود بە تاکە شتێکی خاوەن بەجێ و ڕاست و هەروەها کەسایەتی مەنسوور و ژان و سەربەرزی چوونە سەر دار)

یان:

کە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەدارە/ وتی ئەم هەم بووە هەمدەردی دارا

(هەڵسەنگاندن لە نێوان گەردوون و نەمانی دنیا بۆ کەس ـ چەرخ و بەسەرهاتی ئەسکەندەر و تەخت و تاج گۆڕین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و بێوەفایی ژیان و بێبایەخی مالّی دنیا)

یان :سووربوون لە سەر ئەرکی هەڵسەنگاندن ئەوەندە بە لای بنێرەوە گرینگە و هەندێ جار لە شێعرەدا وا دەچێتە پێش کە بە قەتعییەتەوە بڕیار لە سەر ئەرکەکە دەدا و هیچ شک و گومان تەنانەت بۆ لایەنی وەرگر و خوێنەرەوە بەتاڵ ناهێڵێتەوە بۆ وێنە لەم دێڕە شێعرەدا:

بە حەق هەر حەق، بە ناحەق ناحەقم وتووە لە ڕۆژێ بووم

وەکوو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم

[پارچەی هەشتەم، بەیتی چوارەم،پیتی میم]

بەپێی خوێندنەوەی ئەرکەکانی زمان بۆمان دەردەکەوێ لە زۆربەی شێعرەکانی مەحوێدا، دوو ئەرکی هەڵسەنگاندن و فەرمان دان لە ئەرکەکانی تری زمان زۆرتر زەق بوونەتەوە ئەم ئەرکی زەقبوونەوەش بەردەوام بە چەند کۆدی دیاریکراوی وەک مەنسوور و چەرخی زەمانە و دار و هەڵوێست و خود وەک من ـ ێکی تاک دێتە کایە و داڕشتن. کە زەقکردنەوەش بەپێی بۆچوونی یوهانس ویلیام برتنز مێژووی زەقکردنەوە کە یەکێ لە ئەرکەکانی لادانی ئەدەبی ڕوانینی بۆ دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەڕی دووهەمی جیهانی، قوتابخانەی پراگ و کاریگەری بۆچوونی فۆرماڵیستە ڕووسەکان (میمنت میر سادقی، ١٣٨٥/ ٢٠٠٤ : ١٢). کە لە درێژەدا زەقکردنەوەی ئەم چەند کۆد و چەمکانە دێنمە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ڕەنگدانەوە و شوێندانەری مەنسووری حەللاج بە سەر شێعرەکانی مەحوێدا

هەر وەک لە پێشتردا ئاماژەم پێکرد زمانی شێعر ئاوسە بە پرسیار کە بۆ وێنە مەنسووری حەللاج کێ بووە تا ئەو ڕادەیە، خۆی خزاندۆتە ناو دنیای شێعر و ئەندێشەی مەحوی و بە جۆرێک کە نە تەنیا لە یەک شێعر بەڵکوو لە زۆربەی شێعرەکانی مەحوێدا، ناوی مەنسوور بە زەقی و ڕوون و ئاشکرا دێتە بەرچاو و تەنانەت جاری وایە گۆڕەپانی شێعر وا داگیر دەکات کە سەروای شێعری مەحویش پێک دێنێت.

موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەقق و حەققیە مەنزوور — سولووکی چوونە سەر دارە، تەریقەی پیریە مەنسوور

لە ئولکەی عیشقەدا بۆ هەر کەسێ سەرداریە مەنزوور — ((علو))ی مەرتەبەی سەرداڕە، بۆتە پەیڕەوی مەنسوور

هەوالنامەی کتێب

[دیوانی مەحوی، پارچەی چوار، ، تیپی ڕێ، ل ١٦٢]

ئەبوو عەبدوواڵڵا کوڕی (ئیبنی) ئەحمەد کوڕی (ئیبنی) تاهیر ناسراو بە مەنسووری حەللاج لە گەورە پیاوانی عیرفان و سۆفیگەری،دانشمەند و شاعیر و سۆخەنوەری گەورە و شەرکەرێکی بە ورە و بە توانا، لە سەدەی سێهەم و چوارەمی کۆچی بووە و لە بەیزا واتا پارێزگای فارسی ئێستا چاوی بە دونیا هەڵێناوە و ماوەیەک قوتابی و خوێندکاری سۆهەیل کوڕی عەبدوڵڵا تەستەری بووە پاشان دەگەڵ کومەڵێ لە سۆفییان ڕێکدەکەوێ بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە جەنی بەغدادی بکەین. مەنسووری حەللاج هەر لە منداڵیەوە دەگەڵ زمانی عەرەبی ئاشنایەتی هەبووە بە هۆی سەفەر بۆ خوزستان و عێراق و مەککە و چەند شار و وڵاتی دیکەی عەرەبی و بەتایبەت لە ساڵی ٢٧٠ ی کۆچی لە تەمەنی بیستوشەش ساڵیدا بۆ هەوڵین جار دەچێتە مەککە و هەر لەوێ چەند جارێک، چەند وتەیەک پێشکەشی خەڵک و هاوڕێیانی دەکا کە دەبێتە هۆی سەرسامی عارفان و بەشداربووان. پاشان دەگەڕێتەوە ئەهواز و خۆراسان و بە دژی سۆفییان لە ناو خەڵکدا هەڵدەستێتەوە و ئاموژگاری و ڕێنوێنی خەڵکی دەکات بۆ لای عەشق و خۆشەویستی و خێرەد و ئاوەزگەری. هەروەها خەڵکی هان دەدا بە دژی زوڵم و زۆرداری و درۆی ناحەز زاهیدان هەستنەوە و بەرامبەریان بوەستن و خۆراگر بن هەر بەو پێیە حەللاج، ناو و ناوبانگێکی لە ڕادەبەدەر دەردەکا و دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە زۆربەی وڵاتانیدا دەبێ بە جۆرێک لە وڵاتانی هیندوستان، چین، تورکستان،عێراق و هەروەها شارەکانی وەک خۆراسان، فارس، خوزستان بە لێشاو نامەی بۆ دەنێردرێت و بە نازناوی گەورە و مەزن دەیخوێننەوە و بەسەری دەکەنەوە. حەللاج دەچێتە ڕیزی شۆڕشگێڕانی دژبەری خەلیفەی عەبباسی و پاشان دەکەوێتە زیندان و بە تاوانبارکردنی سەردەستەی شۆڕشگێڕان و باوەرە ئینسانگەرایانەی خودایی خوێندنەوەی خود، واتە (اناالحق) و شەڕی بێوچان دژی دەوڵەتی زۆردار و بەناو دین بە لە سێدارەدان سزا دەدرێ. لە سەر شێوازی لە سێدارە و مردنی حەللاج ڕوانگەی جیاواز هەیە بە جۆرێک کە زۆربەی زۆری شاعیرانی سەردەمی خۆی و بگرە دواتریش شوێنەواری دڵتەزێنی کارەساتی مەرگی حەللاج ـ یان، بە سەر شێعر و نووسراوەکانیاندا دیارە. بۆ وێنە دەتوانین باس لە شەفیع کەدکەنی، مەولانا،یەدوڵڵا ڕۆیایی و هتد، ئاماژە بکەین کە قۆناغ بە قۆناغ و سەردەم بە دوای سەردەمدا لە لاپەڕەکانی مێژوو پاک نەبۆتەوە و هەر زیندوو ڕاگیراوە. ئەم حاڵەتەش واتە مەنسوور و دار لە دەروونیات و هەستی مرۆڤانە و شێعری مەحوی ـ یشدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی بە خۆوە گرتووە بە جۆرێک کە لە کۆی دیوانی مەحویدا دەتوانی بڵێیین بەشی زۆری ناوەرۆکی شێعری مەحوی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە خۆی تەرخان داوە یاخود لانیکەم لە هەستی شاعیردا، بەردەوام جووڵە و بزاڤی هەبووە و شۆڕشی شێعری پێکردووە. بۆ وێنە:

قاتی پیاوە لەسەر ئەرزە ـ دەبینی مەنسوور بە سەری دارەوە ـ ((زوالنون) ە لە بن زیندانا

[پارچەی دوازدەهەم،تیپی ئەلف،ل ٦٦]

یان:

جونوونی ئەو زوهووڕە ((مەحویا)) دێوانەگی مەنسوور کە دێوانەن هەموو مائیل بە بەرد، ئەو مەیلی داری کرد

[پارچەی یەکەم، تیپی داڵ، ل ١٤٩]

حەق بێژی یەک گوناهیە مەنسوور و حەقمە من ئەم قەتعە گەر نیشانی نەدەم ((مەحویا)) بە کەس

[پارچەی دووهەم، تیپی سین، ل ١٨٩]

یان تەنانەت لە شێعرە فارسیەکانیشیدا ناتوانێ لەم واقیعە خۆی ڕەها بکا:

دهن ببند بلاجویی است حقگویی/بدار دست ز منصوریت ، به دار مپیچ

[پارچەی یەکەم، تیپی چ، ل٥٢٩]

هەندێ جار شاعیر ناڕاستەوخۆ و بە کەڵکوەرگرتن لە هێما و نیشانەکانی تایبەت بە مەنسوور شێعری هۆندۆتەوە و ویستوویەتی پەیامی خۆی لەم ڕاستایەدا بێنێتە بەر دید و هۆشی بەردەنگ و وەرگری شێعرەکە بۆ وێنە:

لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەر دار　　بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار

***

هەیە گەر عیشقی سەرداری لە سەرتا　　بکە مەشقێ لەوانەی چوونە سەر دار

[پارچەی یەکەم، تیپی ڕێ، ل ١٥٤]

خۆشی فەرموو چ مەجنوون و چ مەنسوور　　بەشی عاشق درا هەر بەرد و هەر دار

[پارچەی یەکەم، تیپی ڕێ، ل ١٥٤]

"مەجنوونی لەیلا و مەنسووری حەللاج جوانیان وت کە وتیان: بەشی دڵداران لەم دنیادا ئەوەیە یا وەک مەجنوون بدرێنە بەر بەرد، یا وەک مەنسوور بدرێن لە سێدارە"

لە کۆی گشتیدا، بانگەوازی مەحوی بۆ عاشقان و عارفانی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە کە دەیهەوێ بڵێ لەم پێناوەدا، مەرگ و لە سێدارەدان شانازییەکە کە مرۆڤ بۆ خۆی و لایەنگران و دوای مەرگ و دنیای هەتاهەتایی خۆی، دەستەبەری دەکات.

کروکی نارێکی هزر و ئەندێشە

بیر، هزر، ئەندێشە و بونزا واتە فەلسەفەی بوون و وجوودیەتی ڕوح، ئاوێتەی زات و خود دەکرێ هەر چۆن دەوترێ "خودی هەر مرۆڤێک یەکەیەکی سەربەخۆیە و قەوارە و سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەیە" و لە ڕێگەی کردارەوە پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەوە دەگرێ کە بۆ ئەم ئەنجامەش پێویستی بە ئاوەز هەیە و بەبێ ئاوەز، ژیر و هۆشمەند نابێ. لەم ڕاستایەدا خود پێویستی بە ویست و سۆز و ئازارچەشتن و هاوتابوونی ژان و شادی و خۆشەویستی بوونگەرایانە هەیە.

بە جێ نایێ، دەبێ ڕوو کەینە سارا/ حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا

ئەم ئەرکە پیرۆزەی عەشق (دەشوبهێندرێ بە عەشقی مەجنوون بە لەیلا)، لە ئاوەدانی و ناو شاردا بەجێ نایە و دەبێ ڕوو کەینە دەشت و بیابان هەتا ئەم حەقە بەجێ بێنین. کەواتە ژان و ئازاری دەشت و بیابان دەگەیەنێتە ناخی خودی مرۆڤ، هەر وەک چۆن بوونگەرایییەکان لە ناوەوەی خودی مرۆڤدا، هەر دەم ژان و شادی لە ململانەیەکی قورس و داکۆکیکاردا دادەنێن و لەم باوەڕە دان کە دایمە ژان دەگەڵ خۆشیدا ناتەبایە بەڵام هەندێ بارودۆخ دێتە پێش کە پڕ لە ژانە و لە هەمان کاتیشدا شادی بەخشە و مرۆڤ جیا لە جەستە، ناخی وەک بەستەڕێک بۆ ڕادەخا و ئاوێتەی ئەم دوو دنیا تەمومژاویەیەی دەکا و بۆ گەیشتن بەو ساتە خۆشبەخشییە، حازرە هەرچی ئازار و ژان و برینە بە گیان و دڵ بەرەو پێشوازی بچێت.

قوم هەر دەبێ لە خوێنی جگەردا بە ئاهەوە　　ئەو مەستی غەفڵەتە لەبی مەیگوونییە گەرەک

[پارچەی ٤ ،تیپی کاف، ل٢٣٥]

یان لە کاتی پارێزگاری لە خاک و نیشتمانداً، شەهیدبوون ژانێکی پڕ لە ئێش و زامداری دڵ و دەروون پێک دێنێت و لە هەمان کاتیشدا ئەم پارێزگاریکردن و تەنانەت ئەم شەهیدبوونەش، چێژبەخش و جێی شانازی پێوەکردنە. یاخود ئەو کاتەی سوقرات پێکە ژەهراوییەکەی دەنۆشێ لە هەمان کاتدا کە هەست بە برینێکی ژانبەخش دەکا هەستیش بە شادی و چێژ و لەزەتێکی خۆش دەکا کە لە پێناو مرۆڤایەتیدا، خۆی دەکا بە قوربانی و فەنابوون. مەحویش لەم چەند غەزەلەدا، خود لە سەر هێڵێکی ئەستوونی ـ ئاسۆییەوە ئاوێتەی زات و خودێکی خۆبەخش دەکا کە سەرچاوە لە کات و شوێنی دیاریکراوی سەردەمی خۆی و پێش خۆیەتی و ئەم کردەی کە لەم دوو بەشەدا دەگات بەو ئەنجامە، لە بیرۆکە و هزر و ئەندێشەی سەردەمیانەی زاتی خۆیەوە سەر هەڵدەدا. ترس و دڵەڕاوکێ دەگەیەنێتە پلەی نەبوون و ڕێگەنەدان بەو چەمکە، هەتاکوو ڕێگر نەبێ بە گەیشتن بەو دیالیکتیکە کە سەردانان لە پێناو عەشق و خۆشەویستیدا بێ، کەواتە ڕوو دەکاتە یار و بە وێنەیەکی نیگارینی وەسف دەکا .(مەبەست لە نیگار ئەو وێنە

جوان و بێهاوتایەی کە نیگارکێش لەو پەڕی جوانی و دڵرفێنیدا دەیخولقێنێ و بە نیگاری دەکێشێ) و دەڵێ : "ئەی یاری وەک نیگار جوان، خوێنم حەڵاڵت بێ، وەرە دەستت بە خوێنم ڕەنگاوی بکە" . یان هەر بەو پێیە نەترسانە پێداگری لە ویست و ئاوەز و حەزی خۆی دەکا و دەڵێت:

هەتا حەق ناسیرە هەر حەقمە مەنزوور وەکوو مەنسوور ئەگەر بمکەن بە دارا

بگات بە ئاسوودەییەکی هەمیشەیی ئەگەر تەنانەت بە لە دەستدانی ڕوح و خواردنەوەی شەربەتی مەرگیش بێ:

کە شک بم ((مەحویا)) هەر شەربەتی مەرگ لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گوارا

لەم دێڕەدا ئەرکی وەسفی زمان و زەمان و هەروەها کارکردی نمادی بەجێ دەگەیەنێ و دەڵێ:"مادام کە من هەر شەربەتی مەرگم دەستگیر ببێ، ڕووی زەوی بەش بە حاڵی من، ئاوی گەوارای وەک تیا نەبێ، وایە." کەواتە لەم غەزەلەدا فۆرمی شێعر بەردەوام لە سەر هێڵی ئەستوونی ـ ئاسۆییدا لە ململانییەکی سەخت و نزمی و بەرزی دایە بۆ گەیشتن بە هزر و ئەندێشە وجوودی

کات ـــــ شوێن ـــــ کردە

شوێن

کردە

کات (مێژوو / کاتی لە سێدارەدانی مەنسوور، یان وەبیر خستنەوەی چیرۆکی عەشقی مەجنوون و لەیلی)

شوێن (سارا، دەشت و بیابان، سەر عەرز "لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گوارا)

کردە (بێجموجۆڵی و خۆ بە دەستەوەدان لە هەمبەر عەشق و گەیشتن بە حەقیقەتی خۆشەویستی و وەفاداری)

یان لەو شێعرەدا:

تەڵەبی ڕەحم و مڕووەت لە دڵی ئەهلی زەمان تەڵەبی ئاوی حەیاتە لە سەرابستان

[مەحوی، ل ٣٣]

داخوازی ڕەحم و مڕووەت لە دڵی خەڵکی سەردەم و خاوەن دڵی بەڕەحم دەکات و هەروەها تەڵەبی "ئاو"ێک دەکات کە لە چیرۆکی ئەسکەندەر و حەزرەتی خزردا ئاوی حەیات بوون بە ڕەمزی ژیاندنەوە و ڕوح وەبەرنانێکی سەر لە نوێتر و حەیاتێکی دووبارەبوونەوە . کەواتە لێرەدا جیاوازییەک هەیە لە نێوان شەربەتی مەرگ و ئاوی حەیات لە سەرابستاندا و هەروەها ئاسوودەیی لە نێوان ژیانی سەر زەوی و مەرگی هەتاهەتایی و چوونە سەر دار و شەربەتی مەرگنۆشیندا. هەندێ جاریش مەحوی خۆی وەک کەسێکی باڵادەست و خاوەن ئەزموون و بە ئەندێشە دەزانێ و بە زمانی شێعری ڕوو دەکاتە ئامۆژگاری و ڕێنمایی‌کردن :

نەسیحەت بێ برا: گەر ڕۆڵە بوو مەڕوانە بۆ ئابا گەواهی عەدلی ئەم دەعوایە پوری پوری مەروانە

[مەحوی ، ل ٢٧٨]

چەمکی عەشق و "من" یەتی شاعیر

چەمکی عەشق لای مەحوی سروشتێکی هێندە تایبەت و پلە بەرز و بااڵی هەیە کە لە سەرووی هەموو پلەکانی مادی، سیاسی و دەستەاڵتداری و...هتد ـ هەیە بە جۆرێک ئەکتەرەکانی "من" و ناوی و ناوبەدەرەوە، وا ڕادەگوێزێتە نێو شێعرەکە و وایان ڕەوەردە دەکاتەوە و سیفەتی سەر لە نوێیان بۆ دادەڕێژێتەوە کە بە شێوەی خۆکار دەبن بە کەسایەتی بەناوبانگی ناکەسی و ناوکەس و قوربانیدەر(وەک مەنسوور، ئەسکەندەر، داریوش، پیربوون و نەگەیشتن بە ئامانج)، زانا و هوشیار و بوێر(وەک مەدەوەرگرتن لە پیری بوخارا) ، دڵۆقان و بەخشێنەر، فرمێسکڕێژ و ژانچێژ (وەک منی عاشق و کەسایەتی ناو شێعر)، ژانبەخش (وەک مەعشوق)، هەموویان وا ڕادەکێشێتە نێو بازنەی شێعر و بەربەرەکانی کە هەندێ جار وا هەست دەکەی مەحوی وەک من ـ یەکی عاشق خۆیشی لەم جیهانە عاشقانەدا بەردەوام لە حاڵی ئامادەباش و گیان لەسەر دەست و قوربانیدانە بۆ گەیشتن

بەم ئازارەی کە مەنسوور و کەسایەتییەکانی وەک مەجنوون و خسرۆ و شیرین و فەرهاد.....لە ململانەی دژواردا لاپەڕەکانی میژوویان تەرخان داوە بە خۆیان و مێشک و هزری مرۆڤیان، ئاوێتە بە تێکەڵاوی دنیای چیرۆک و ئەفسانە کردووە و هزری خوێنەرەوەش لە هەندێ شوێندا، وا هەست بەوە بکات من - ی مەحویش حەزییەتی لەم دنیای عەشقی بەهشتاوی و دوزەخاوییەدا بمێنێتەوە و گڕوکڵپەی عەشق خوێنی لە دڵ دەر بێنێ و بیسووتێنێ و ببێت بە سووتمانێکی تر...

وەرە دەستێ بە خوونمِ کە نیگارین خوێنی مِن حەڵاڵت بێ، نیگارا!

.....

یاخود لەم شێعرەدا باس لە پیرۆزی دەرد و ئازاری عەشقی حەقیقییەک دەکا کە لە جیاتی هەر دەرمان و تیمارێک بەسییەتی:

خودا ئەم دەردی عەشقەمِ لێ نەکا کەم هەتا هەمِ لە باتی هەر دەوا بەس

.....

لە بەر زار و نەزاری بوومە وەک پووش دە ئەمجا ڕابوێرە مِن بە زارا

.....

مەگەر تۆ عەرزی حاڵم کەی لە کن یار قەڵەم، ساغی قسە: مِن نیمە یارا

دەگەڵ زەقبوونەوەی ئەم چەمکە و خۆبەخشی شاعیر بە وەسف و شوبهاندنەوە وا لە فۆرم و ناوەرۆک و زمانی شێعر دەکا کە لە کاتی دەربڕینی هەست و سۆز و پێداگری لە سەر ئامانجەکانی، شاعیر دنیای دەربڕینی بەرتەسک دەبێتەوە و دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە خودویستیەوە ڕوو بکاتە ڕاناوی "من" ی سەربەخۆ. بە هێنانە کایەی ڕێژەی زۆری ئەم ڕاناوە سەربەخۆیە کە لەم شێعرەشدا ڕاستەوخۆ سێ جار "من"ی تاک و سەربەخۆی شاعیر خۆ دەخوزێنێتە ناو فۆرمی شێعر و زۆرتر دنیای شێعرەکە خودیتر دەکات و لە زمانی ڕاستەوخۆ نزیکتر دەبێتەوە. ئەم هۆیەش ئەوە نیشان دەدا کە توانەوەی شاعیر لە ناو خۆیدایە و ناخوزێتە ناو کۆمەڵگا و تەنیا بە ئاماژە بە هێما ناسراوەکانی توانەوەی ناو کۆمەڵگا، دەیهەوێ توانەوەی خۆی بە کروک بکێشێت. هەر وەک چۆن لە خشتەی لێکۆڵینەوەکەی د.هیمداد حوسێندا ئەوە بەڕاشکاوی دەردەکەوێ کە لە نێوان هەڵسەنگاندنی سەد شێعری چەند شاعیرێک و بۆ وێنە {نالی،مەحوی،حاجی قادر}دا لە سێ قۆناغی سەرەتا و ناوەند و کۆتایی کلاسیکدا هاتووە، مەحوی بە ڕێژەی سەدا، پەنجای لە ڕاناوی سەربەخۆی "من" کەڵک وەرگرتووە و لە نێوان ئەم سێ شاعیرەدا زۆرترین ڕێژەی بە خۆی تەرخان داوە.

نالی لە سەدا ٣٩ / حاجی قادر کۆیی لە سەدا ٤٨ /مەحوی لە سەدا ٥٠ ی ڕاناوی سەربەخۆی "من" ی لە شێعرەکانیدا، بە کار هێناوە. کەواتە "من" لە شێعرەکانی مەحویدا دەبن بە دەنگێکی نەپچڕاو و دانەبڕاو لە دارشتەی شێعری و هزریدا و ناگات بە تێکئاڵقاڵانی چەند منی و بگرە گشتیتر کە جیهانێکی گشتی لێبکەوێتەوە فەراتر لە دەنگی تاک"من"ی و بەربڵاوتر و ڕەهاتر لە ئێمەی گشتیدا.

دەرئەنجام

بیر و ئەندێشەی شاعیر لە پێناو هزری گشتیدا، زاڵ نەبووە بە سەر واقیعی جیهانی بە مرۆڤبوون. تەنیا بیر و ئەندێشەی چیرۆک و ئەفسانەکانی دەرەکی بوون بە واقیعی شێعرەکە و هێما و نمادەکانی وەک مەنسوور ، ئەسکەندەر، لەیلی و مەجنوون، شیرین و فەرهاد، وە هتد بۆ ئەو حەقە کە نووسەر دەیهەوێ وەک دنیای فەلسەفی و بیرۆکەی زەینی، ناخەکی خۆی، ئاوێتەی ئەندێشەی هەڵقووڵاوی خەیاڵ و واقیعی دەوروبەری بکات و هەر بەو پێیەش پەنا دەباتە بەر هێما و نماد بۆ گەیشتن بەو هزرەی کە لە ناوەندی بازنەی هزری و باوەڕەکانی خۆیدا خول دەخواتەوە. هەروەها شاعیر پێداگرتنی هەبووە لە سەر واقیع و خەیاڵی دەرەکی و ناخ و دەروونی خۆی وەک (من) یێک کە هاوسەنگێک ڕاگرێ لە نێوان چێژ و لەزەتی جەستە و حەزەکانی دەروونیدا و نیشان بدا کە دەق، دەرحەقی هەستونەست و ورووژاندنی ناخە بۆ گەیشتن بە "حەق"ێک کە خۆی بە شایانی دەزانێت. دەق بوونی سەربەستی هەیە لە نێوان هەڵبژاردەی واتا و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەڵبژاردەی خۆی وەک دانەر، واتە ئەوە تەنیا شێوەی

زمانییە وەک گەوهەری دەنگ و وشە و دەستەواژە و ئەرکەکانی زمانی و ... لە هەندێ دێڕ و شێعردا تەعامۆل و هاوسەنگی دەکا دەگەڵ داڕشتەی نووسەر و سەربەستی خۆی لە دەقدا دەنوێنێ. دەقە شێعرییەکانی مەحوی، خۆیان کاری پەخنە و شیکاری و ڕاڤە و شرۆڤە و تەنانەت هەڵسەندگاندنیشیان کردووە و هەندێ جار لە دەقدا ڕۆڵی ناکارابوونی هێزی من و خود لە هەڵوێستی بەرامبەر بە واقیعی زاڵ بە سەر سەردەمی خۆیدا، دیارە. زمانی دەق لە دەروون و دەرەوەی شێعردا بە ڕۆڵی هەندێ هێما بە دەوری بازنەیەکدا خول دەخواتەوە، ئەم قورسایییە دەق داخراو و ملکەچی حەقیقەتەکانی ڕوودا دەکا و لە کروکی بازنەیەکی داخراودا، خۆی بە دەستەوە دەدات و دەگاتە سەرئەنجامی مەبەست و پەیام.

سەرچاوە:

ـ دیوانی مەحوی، مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، محەممەدی مەلا کەریم سەرپەرستی چاپی نوێ : عەتائوڵڵای حەواری نەسەب، چاپی حەوتوم، ئینتشاراتی کوردستان ، سنە / ١٣٩١ .

ـ مەحوی ناسی، لێکۆڵینەوە، هیمداد شاهین، بڵاوکراوەی یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوک/ ١٣٤، چاپخانەی کارۆ ، چاپی یەکەم ٢٠١١ .

ـ هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد ، دلێر سادق کانەبی، چاپخانەی خانی (دهۆک)،زنجیرەی کتیب ٣٩٣ ، ساڵی چاپ ٢٠٠٩ .

مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕەس، بەدیع و عەروزی نامی، عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠ .

ـ دەقی کراوە لە هونەرەکانی مەحوی‌دا، ڕەئوف عوسمان، مەحوی ـ بەشێک لە بابەتەکانی فستیوالّی مەحوی، ٢٨ ـ ٣٠ ئاب، دەزگای ئاراس ـ هەولێر ٢٠٠٧ .

ـ دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، د.هیمداد حوسێن، چاپی دووهەم،چاپخانەی باز(هەولێر)،زنجیرەی کتێب (٥٤٦).

ـ دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ، بەها) ، د. فوئاد ڕەشد، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧ .

ـ تەلمیح لە شێعردا، وتار، ئەحمەد چاک، گۆڤاری مانگانەی ڕامان،خولی سێهەم،ساڵی یازدە،ئەیلوولی ٢٠١٠ ، ڕەزبەری ٢٧١٠ ژمارە ١٦٠، ل٥٩ و ٦٢.

ـ داڕشتن وەک یەکێک لە گرینگترین فۆرمەکانی واتاناسی،وتار،ژوان عەبدولسەلام عەزیز،گۆڤاری مانگانەی ڕامان،خولی سێهەم،ساڵی یازدە،ئەیلوولی ٢٠١٠ ، ڕەزبەری ٢٧١٠ ژمارە ١٦٠ ،ل ٧٢.

ـ ویلیام هیوز، وەرگێڕانی د. سید محمد علی میر عمادی، تفکر نقادانه مقدمه‌ای بر مهارتهای بنیادی، فلمستان هنر، تهران.

* (ئەم وتارە کورتکراوەی کۆنفڕانسێکە کە ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد پێشکەشی کردووە.)

تایبەتمەندییەکانی شێعری پۆستمۆدێرن لە شێعری "کە خوێندتەوە ناوی لێنێ"دا، لە نووسینی عەبدوڵڵا گولابی ناسراو بە هونەر

ڕەسوڵ ئامادەپوور "هێما"

پێشەکی:



دەستەواژە و چەمکی پۆستمۆدێرن لە ڕۆژئاوا بەتەواوی لێڵی مانا و نموونی (معنا و مصداق) خۆی سەرەتا لە ڕشتەکانی وەک مێعماری، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و زانستی سیاسیدا، هاتە ئاراوە و پاشان لە جیهانی هونەردا بەتایبەت لە چیرۆک و شێعردا هاتە بەر سرنج. ئەو دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بە مانا و مەفهوومێکی زۆر جیاواز و لێک دوور بە کار هێنراوە. بۆ وێنە ((ئووستووورە، گەڕاوگەڕی زەمانی (تناوب زمانی)، زەمانبەندی، بارودۆخ، ئەزموون، زانیاری و شێعر، ویژدانی مێژوویی، زەوق، بۆشایی (فضای) و حاڵوهەوای فکری، قەیران، بیروڕای شاعیرانە و پاشەکشە و ئەرکی دەروونی و سەرەکی و...)) بەڵام ئەو شتەی کە لە سەرەتادا لەو دەستەواژەیە چەنگمان دەکەوێ ئەوەیە کە بە قۆناخێک سەرتر لە مۆدێرنیتە ئاماژە دەکا. هەر چەند تا ئێستا پێناسەیەکی ڕێک و شیاو لە خودی مۆدێرنیتەش ڕانەنراوە. وا باوە کە دەورانی مۆدێرنیتە بە چاخی سەرکەوتنی ئاوەز (خرد) شوناس دەکەن. چاخێک کە پاش دەورانی ڕێنسانس بە سەر جیهانی ڕۆژئاوادا حاکم بوو. مۆدێرنیتە دەیهەویست بە پێداگری و جەختدانان لە سەر بیر و ئەندیشەی مرۆڤ، سەر و سامان و نەزم و نیزامێک بە جیهان ببەخشێ. بەڵام لە درێژایی سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەمدا کە ساپیتە و ترۆپکی چاخی مۆدێرنیتە بوو، ئامانجەکانی نەهاتە دی، هیچ، سەرەڕای دوو شەڕی وێرانکەری جیهانی، هەژاری و بێعەدالەتیش پەرەی گرت.

ئەو ڕەخنەیانەی کە بیرمەندانی وەک ژان فرانسوا لیوتار، ژاک دریدا و میشێل فۆکۆ لە سەر دەورانی مۆدێرنیتە هەیانبوو وەک فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیستی چاوی لێکرا. بەڵام پێویست بە ئاماژەیە کە ڕیشەی ئەو بیر و فکرە دەبێ پێش بۆچوونەکانی لیوتار و دریدا و فۆکۆ لە بیرۆکەی ڕێژەیی (نظریە ی نسبیت) ئەنیشتەین، نەبوونی مسۆگەری (عدم قطعیت) هایزنبێرگ و شتبیەی (شئ شدگی) هایدگێر و بەتایبەت بیرۆکەکانی نیچەدا بدۆزینەوە.

نیچە هەوەڵین کەسێک بوو کە هێرشی کردە سەر بنچینەکانی مۆدێرنیسم بەتایبەت ئاوەزی نوێین (خردنوین) بە بڕوای نیچە ((مرۆڤ بە پاڵپشتی ئاوەز، چاوی لە سەر هەست و خۆماکی (غریزە) خۆی بەست بەڵام دەستکەوتی ئەو ئاوەزە، بێجگە لە شەڕ و وێرانی، هیچی تر نەبوو)).

ئەو بیرە لە ڕاستیدا، دەستکەوتی فریوێکی گەورە بوو کە بەرەی ڕۆژهەڵات (بلوک شرق) خۆی بە میراتبەری حەقیقەتی تەواو و بێکەمایەتی (حقیقت مطلق)، عەدالەت و ڕەهایی دەزانی و مرۆڤ و ئیرادەی تاکی ئەوی لە ژێر پێی ئەو ئیدیۆلۆژییەدا، قوربانی دەکرد. لە لایەکی دیکەوە بەرەی ڕۆژئاوای سەرمایەداریش بە پاڵپشتی ئاوەزئامرازی (خردابزاری) مرۆڤی کردبوو بە کۆیلە و بەردەی

مۆدێرن. کەوابوو لە هەر دووک نیزادا، مرۆڤ لە چییەتی (ماهیت)، خۆی خاڵی و وەک بوونەوەرێکی بێئیرادە و دەستەڵاتی لێهاتبوو.

بیچمگرتن و پەرەسەندنی بیری پۆستمۆدێرنیستی بە واتای سەرکەشی مرۆڤی رۆژئاوا بۆ پچڕاندنی ئەو کۆت و بەندانە بوو کە لە پێی هاڵا بوو. بێهۆ نییە کە گریمانەکانی (انگارە های) سەرەکی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لە دژایەتی ئاوەز، نەبوونی باوەڕ بە ئەمری حەتمی و خاترجەمی و ئینکاری مسۆگری پێکدێت.

لەو هونەرانەی کە لە بیر و هزری پۆستمۆدێرنیستی هەوێن وەردەگرن فۆرم و زمان لە ئاست تووخمەکانی دیکە گرینگیەتی زۆرتریان هەیە هەر بۆیە لە ئاکامدا کتۆپەکانی (کیفیات) وەک لێهاتوویی هونەری (استعداد هنری)، هاودڵی هونەری، یەکگرتوویی و پاوەجێی (وحدت و انسجام)، بایەخی ڕاستیوازی (واقع گرایی) تێفکرینی قوڵ و ڕەوایەتەکانی مەزن (روایت های کلان) دێنە ئاستی لاوازی یا لێک هەڵوەشانەوە. جەختدانانی فیلسووفانی پۆستمۆدێرن لە سەر زمان و سووربوونیان لە سەر ئەوەی کە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان، بوونی نییە، لە جیهانی شێعردا بۆتە هۆی خراپ هەڵگرتنەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە شێعر لە نەهایەتدا وەک چەشنێک گەمەی زمانی شوناس دەکرێ. مادام کە زمان تەنیا وەک ئامرازێکی سەرگەرمکەر چاوی لێبکرێ و شاعیر ئەو ڕێنوێنیەیی فۆکۆ ڕەچاو کا. کە لە جیهانی هاوچەرخدا، نابێ کاری بە بەرخۆدان و بەرگری لە ئامانجەکانی جەماوەر و هەروەها هێزەکانی زاڵی بەرامبەری ئەوان بێ، هونەر نرخ و بڕوا و وەخۆگری کۆمەڵایەتی سەر شانی لە دەست دەدا. وا وێدەچی وەخۆگری سڕینەوە (تعهد زدایی) لە شێعر و بەستنەوەی تەنیا بە هونەرێکی زمانی جوان و ڕازاوە لە بڕیارەکانی خۆبنچێن (خودبنیاد) و خۆهێڵەکی (خود محوری) پۆستمۆدێرنیستەکانە بۆ ڕووەرسووڕان لە هونەری ئاوەزخوازی مۆدێرن.



سەبارەت بە چۆنیەتی بیچمگرتنی هونەری پۆستمۆدێرنیستی زۆر قسە دەبێ بکردرێ بەڵام دیارە ئەوە ئامانجی سەرەکی ئەو وتارە نییە. شێعری پۆستمۆدێرنیستی لە ڕۆژئاوا بە سرنجدان بە سەرهەڵدانی کێشە و قەیرانەکانی تازە بەتایبەت پاش دەرکەوتنی قەیران و کەمایەتیەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە هاتە دی. شاعیرانی ئەو مەکتەبە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە سەردەمی مۆدێرندا پێداگری لە سەر دەکرا، ئاگادارانە خۆیان پاراست. کەوابوو دەتوانین بڵێین شێعری پۆستمۆدێرن شێعرێکە کە بایەخپێدان بە فۆرم و زمان لە تایبەتمەندییەکانی گرینگی ئەوە و مانا و ڕەوایەتە مەزنەکان لەو شێعرەدا کز و لاوازن. ئێستایش بە سرنجدان بە چەند تایبەتمەندی شێعری پۆستمۆدێرنیستی ئاورێک لە شێعری ((کە خوێندتەوە ناوی لێنێ)) دەدەین و بەو سێ و تەرازوویە هەڵی دەسەنگێنین.

١-ناوەرۆک

شاعیرانی پۆستمۆدێرن بە ڕانانی ئەو بیرۆکەیە، نەبوونی جودایی و جیاوازی و لێک هەڵنەوێرانی فۆرم و ناوەرۆک و هەروەها جەختدانان لە سەر زمانی شێعری کە لە ڕێگای شۆڕش و سەربادان لە نیزامەکانی پێڕاهاتوو (مالوف) دەبێتە هۆی خولقانی شێعر،

لە ڕاستیدا ناوەرۆک بەتایبەت بابەتەکانی گشتی و عام لە بۆشایی شێعری دەرداوێن. ئەوان بە تووندی دەگەڵ هەڵگەڕانەوەبوونی زمانی شێعری واتا هەڵگەڕاندنەوەی هەر وشە بۆ سەر مانایەکی تایبەت دژایەتی دەکەن و لە سەر ئەو بڕوایەن کە زمانی شێعری بێجگە لە خۆی نابێ بە هیچ مانایەک لە دەرەوەی خۆی دەلالەت بکا و هەڵگەڕێتەوە. کەوابوو بە بڕوای ئەوان ئەو جۆرە شێعرانە نابێ بە پێوەری یاسا و ڕەوشتەکانی ئەدەبی و ئەو شتانەی کە دەچنە پاڵ مانّی مەعرەفەت و شوناسی ناوەرۆک هەڵسەنگێندرێن. بە لای ئەوان شێعر تەنیا بەیانی مانا و مەفهوومێکی گشتی و ئاوێتەی شانازی نییە بەڵکوو زۆرتر ڕانانی کارامەی ئەو هەست و حاڵەتەیە کە لە وەسفدا ناگونجێ. زۆر جار دەکەوێتە دەرخەوەی دەرک و فامی مەنتقی ئێمە، ئەوەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر کارکەردی تایبەتی زمان. ئێمە لە شێعری ((کە خوێندتەوە ناوی لێنێ)) هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەگەڵ زمانێکی تایبەت ڕووبەڕووین کە هەڵگەڕانەوەی ئەو زمانە بۆ سەر ماناکان لە دەرەوەی شێعرەکە هەندێک دژوارە، چوونکە لەو شێعرەدا هەنجارشکێنی ڕێزمانی دەگاتە ئاستێکی لە ڕادەبەدەر. هەڵبەت ئەوە بە مانای بێمانایی شێعرەکە نییە بەڵکوو بە مانای زەوەندی مانا لە شێعرەکە دایە، یانی هەڵگەڕاندنەوەی شێعرەکە بۆ سەر یەک مانای تایبەت کارێکی هەڵەیە.

بۆ وێنە هەر لە دەسپێکی شێعرەکەدا، چاومان بەو تەرکیباتانە دەکەوێ؛

((یاسات لێدەگێڕن سێبەر سووتێنەکانی ساعەت

بە سیاپەندانت هەڵدێنن داوەڵبەندانی ساعەت

برینت وە بن دەدەن زەوی دووری ساعەت)) ئەگەر زۆر ئاسایی چاو لەو شێعرە بکەین شاعیر لە سەرەتادا بە وتووێژ دەست پێدەکا کە بەردەنگەکەی تۆیە، چوونکە پیتی (تێ) لە سێ وشەی یاسات، سیاپەندانت، برینانتدا ئاماژە بە جێناوی تۆ دەکەن بەڵام ئەو تۆیە لە دەرەوەی شێعر کە دەبێ نموونی (مصداق) چ کەسێ بێ؟ بە چی دیارە شاعیر خۆی لە دەرەوەی خۆی دانەنابێ و لەگەڵ خۆی وتووێژ نەکا؟ بە چی دیارە کە مەبەست لە تۆ، تۆی خوێنەری شێعرەکە نەبێ؟ پێویستە ئاماژە بکەین لە سەرەتادا دەگەڵ زمانێکی ئاوێتەی پرینگانەوەش (هشدارآمیز) ڕووبەڕووین چوونکە تەرکیباتی یاسات لێدە گێڕن، بە سیاپەندانت هەڵدێن، برینت وە بن دەنێن بۆنی بەڵا بە سەرهێنان و تووشبوونی ئازار و ئەزیەتبوونیان لێدێ. لە لایەن سێبەرسووتێنەکانی ساعەت، داوەڵبەندەکانی ساعەت، زەوی دووری ساعەت، ئێستا هەڵگەڕاندنەوەی سێبەر سووتێنەکانی ساعەت، داوەڵبەندەکانی ساعەت، زەوی دووری ساعەت دەبێ بۆ سەر چ کەسانێک بێ؟ ئێمە ئەگەر بمانهەوێ تەنیا تەرکیبی داوەڵبەند بۆ سەر مانایەکی تایبەت هەڵگەڕێنینەوە، چاردە مانای لێدەبێتەوە.

١- بەند بە مانای حەبس و زیندان، داوەڵبەند = داوەڵی زیندان
٢- بەند بە مانای قامکان، داوەڵبەند = داوەڵی قامک
٣- بەند بە مانای مانەوە و گیربوون بۆ وێنە لێرە بەند نەبوو، داوەڵبەند = داوەڵی مانەوە
٤- بەند بە مانای ئاوەڕۆ یا جۆگەلەی گەورەی هەڵبەستراو، داوەڵبەند = داوەڵی ئاوەڕۆ یا داوەڵی جۆگەلە
٥- بەند بە مانای جۆمگەی دەست، داوەڵبەند = داوەڵی جۆمگە
٦- بەند بە مانای سەد یا بەرگری لافاو، داوەڵبەند = داوەڵی سەد
٧- بەند بە مانای پارچەیەک قەسیدە و شێعر، داوەڵبەند= داوەڵی شێعر یا قەسیدە
٨- بەند بە مانای کورتە گۆرانی، داوەڵبەند = داوەڵی گۆرانی
٩- بەند بە مانای بەستەی کاغەز، داوەڵبەند = داوەڵی کاغەز

هەولێر کتێب

١٠ بەند بە مانای قەدەغەکردن، داوەڵبەند = داوەڵی قەدەغە
١١ بەند بە مانای بڵێندایی لە تەختایی‌دا، داوەڵبەند = داوەڵی بڵێندایی
١٢ بەند بە مانای جەنگە و وەخت، وەک سەروبەند، داوەڵبەند = داوەڵی وەخت
١٣ بەند بە مانای سااڵی جووتکردنی گا، بۆ وێنە ئەو گایە دوو هێندەی ئەوی دیکە سێ بەندە، داوەڵبەند = داوەڵی گا
١٤ بەند بە مانای کۆت و زنجیر، داوەڵبەند = داوەڵی کۆت.

کە هەر یەک لەو مانایانەی ئاماژەیان پێکرا بۆ خۆیان دەتوانن ئاماژە بە زۆر شتی دیکە بکەن.

یا تەرکیبی بارانت لێدەگێڕنەوەی، دەتوانین بەو شێوەیە لێک دەینەوە.

١ ـ بارانت لێدەگێڕنەوە، بارانت لێ کەم دەکەنەوە، واتا گێڕانەوە بە مانای کەمکردنەوە بۆ وێنە؛ هەزار تەن بگێڕەوە.
٢ ـ بارانت لێ دەگێڕنەوە = بارانت بۆ بانگهێشت دەکەن، لێگێڕانەوە بە مانای دەعوەت و بانگهێشتکردن.
٣ ـ بارانت لێ دەگێڕنەوە= باران لە تۆ ڕەوایەت دەکەن، گێڕانەوە بە مانای ڕەوایەت کردن.

یا ئەگەر بمانهەوێ تەرکیبی شێی ژن لێک دەینەوە

١ ـ شێ بە مانی ئەسبی زەردی ئاماڵسوور، شێی ژن = خاتوونی ئەسب.
٢ ـ شێ بە مانای نەرم و تەڕایی، شێی ژن = خاتوونی نەرم و تەڕایی.
٣ ـ شێ بە مانای توانایی، ئەز نەشم، من ناتوانم، شێی ژن = خاتوونی توانایی.

ئەوانە چەند وێنەیەک لەو تەرکیبانە بوون کە هەر لە سەرەتای شێعرەکەدا، هاتوون ئەگەر بمانهەوێ هەموو تەرکیباتی ئەو شێعرە لێک دەینەوە دڵنیام دەبێ کتێبێکی ئەستووری لێ بێتە دەرێ. سەرەڕای ئەوەش مەبەستی وتارەکەش لێکدانەوەی مانایی شێعرەکە نییە بەڵکوو هەر وەک پێشتر ئاماژەمان کرد لە تایبەتمەندییەکانی شێعری پۆستمۆدێرن، نەبوونی مسۆگری مانایی و هەڵنەگەڕانەوەی بۆ سەر مانایەکی تایبەتە کە بە ئاماژەکردن بەو چەند وێنەیەی لە سەرەتای ئەو شێعرەدا هاتووە تا ڕادەیەک ئەوەمان سەلماند.

پێویستە ئاماژە بە ئەوەش بکەین هەر دەرک و شرۆڤەیەکمان لە شێعر هەبێ. لە هەر حاڵەتدا ناتوانێ پاکانەی بێمانایی و نامفهوومی شێعر بکا چوونکە شێعر لە تەڵچنیترین (انتزاعی ترین) حاڵەتدا ناتوانێ تایبەتمەندی ئاگادارکردنەوە و پرینگانەوەی خۆی لە بیر بەرێتەوە، بەو هۆیە کە شێعر حەولێکە بۆ ناسینەوەی جیهانی نەناسراوی ڕووداوە زەینیەکان بە یارمەتی زمان.

ئەگەر شێعر بە جێگای ڕوونکردنەوەیەکی ڕێژەیی (نسبی) بۆشایی تیرە و تاری نەناسراوی ئەزموونەکانی ناوخۆ نامۆتر بکا. لە ئەرکی بنەڕەتی و سەرەکی خۆی دوور دەکەوێتەوە. کەوابوو بە هیچ چەشنێک ناتوانین بوونی مانا لە شێعردا، وەبەرچاو نەگرین هەر وەک بۆدلێر دەڵێ: ((دەبێ شاعیر بی، تەنانەت لە نەسریشدا، ئەگەر شێعر شێعرێکی ڕاستەقینە بێ، بیچم و ڕوالەتیشی لە دەست بدا، هەرگیز هێزی مانای شێعری خۆی لە دەست نادا)).

چوونکە هەستکردن بە جوانی دەقێکی ئەدەبی لە گرەو و بارمتەی دەرکی یەکێک لە ماناکانی ئیحتمالی ئەو دایە. کەوابوو هەر چەند لەو شێعرەشدا بە هۆی هەنجارشکێنی لە ڕادەبەدەری ڕێزمانی کە بە مەبەستی سازدانی زەوەندی مانا و بە مەبەستی بەشداریکردنی خوێنەر لە خولقانی مانادا بیچمی گرتووە. وەرگرتنی مانا، دژوار و ئەستەم نییە و خوێنەری ڕاستەقینەی شێعر دەتوانێ بەپێی توانای خۆی مانا و چێژی تایبەتی لێوەرگرێ.

٢ ـ خەیاڵ

لە دەوەری شێوەکانی خەیاڵ، لە شێعری شاعیرانی پۆستمۆدێرندا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەدی دەکرێ. ئەوان لە ئافراندنی وێنەگەلی دووپاتەیی خۆ دەپارێزن و لەو دەوەرەشدا شاعیرانی پۆستمۆدێرن لە سەر هەڵاوردەبوون و جیاوازی هونەری خۆیان دەگەڵ ئەزموونە هونەرییەکانی پێشتر، جەخت دادەنێن و لە پەرداخ و ڕێکخستنی وێنەگەلی ئاسایی دوورەپەرێزن. شاعیرانی پۆستمۆدێرن یا بە واتایەکی تر، شێعری پۆستمۆدێرن ڕووی خۆش بەو تووخمە خەیاڵانەی کە نیشاندەری ئەرزیش و بایەخی نەگۆڕ و وەستاون، نیشان نادا و حەول دەدەن کە تووخمەکانی خەیاڵ بە یارمەتی کارکردی زمانی شێعری بێنە ئاستی خۆڕانان و خۆنواندن.

لە لای شاعیرانی پۆستمۆدێرن هاروهاجی و بزۆزی زمانی هۆی درەنگ وەچەنگخستنی مانا لە شێعرە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی خەیاڵاویتربوونی شێعر. ئەو وێنانەی لە شێعری پۆستمۆدێرندا ڕێک دەخسترێن بە هۆی تەڵچنیبوون و بەربڵاوی لە ڕادەبەدەریان ئاستی ڕوونایی شێعرەکە دادەبەزێن و ئاستی لێڵی شێعرەکە هەڵدەکێشن و ئاڵقەی پێوەندی نێوان خۆیان و خوێنەر لێک هەڵدەپچڕن و خوێنەر ناچار دەکەن بۆ هەڵکڕاندنی مانا، چەندین بار بە دێرەکانیناندا بچێتەوە.

هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، نەبوونی مسۆگری مانا لە تایبەتمەندییەکانی گرینگی شێعری پۆستمۆدێرنیسمە. لە لای پۆستمۆدێرنیستەکان هەر وەک چۆن لە دەوەری زانستدا، قسە لە نەبوونی مسۆگری حەقیقەت یا نەبوونی یەقین و ئیمان لە گۆڕێ دایە و جیهانی ئێستا جیهانێکی ناڕێک و ناسازگارە و دەکرێ بۆ ناسینی ئەو جیهانە بیروبۆچوونی جۆراوجۆر و شرۆڤەی ڕەنگاوڕەنگ هەبێ. لە جیهانی ئەدەبیاتیشدا (ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرن) نەچوونە ژێر باری مسۆگری بە شێوەی تەوش و ڕەوانی (سیالیت) مانا یا چەندمانایی دێتە ئاراوە. چەندمانایی، یانی بوونی ماناکانی زۆروزەوەند و لێک جیاواز لە جیهانی دەقدا. شایانی وەبیر هێنانەوەیە چەندمانایی یا فرەمانایی دەقی ئەدەبی لە جوولانەوەی پۆستمۆدێرنیسمدا دەگەڵ بێمانایی و نەبوونی مانا لە دەقدا جیاوازییەکی زۆری هەیە و ئەو جوولانەوە ئەدەبییە بەرابەری گۆنگووسین یا گێژکردنی خوێنەر نییە بەڵکوو لە بار و دۆخێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و کولتووری هاتۆتە دی و بەتەواوەتی سەر بە مانا و ماناسازییە.

ئێستایش چەند نموونەیەک لەو وێنانەی کە ئاسایی نینە و لە هێڵی هاونشینیدا جیاوازییەکی زۆریان دەگەڵ وێنەگەلی تر هەیە.

١ ـ نیگام لێدەڕەوێ ـ لەو وێنەیەدا نیگا لە جێگای خەو هەڵنیشتووە یانی شاعیر بە خەتدانی خەو و نیشتەجێکردنی نیگا، وێنەیەکی تازە دەئافرێنێ و لە زمانی ئاسایی خەوڕەوێنەوە دوورمان دەکاتەوە.

٢ ـ باوکی چۆرتکەی بارانی داویشت ـ لەو وێنەیەدا چورتکەکە لە ئامرازی ئەژماردنە لە جێگای حیساب نیشتەجێ بووە ـ باوکی حیسابی بارانی دەکرد ـ باوکی فرمێسکەکانی دەژمارد ـ باوکی خەمناک بوو...

٣ ـ دۆستێکی لە کۆنەوە ئازار ـ لەو وێنەیەدا ئازار لە جێگای برین کە لە زمانی ئاساییدا بە کار دێت یانی (کۆنەبرین) نیشتەجێ بووە. دۆستێکی لە کۆنەوە ئازار ـ دۆستێکی هەمیشە دۆست و شەریکی پەژارە و مەینەت...

٤ ـ ڕەزبەری دەکولّمی ــ لەو وێنەیەدا، ڕەزبەر لە جێگای زەرد هەڵنیشتووە ــ کولّم زەرد بوون ـ سێو زەردبوون ـ گەیشتنی کولّم بۆ لێکردنەوە ـ بۆ ماچکردن...

٥ ـ تاوە کێژانە ـ لەو وێنەیەدا (تاو + ە) هەروەها (کێژ + انە) دوو ئاوالّناو پێک دێنن کە لە تەرکیبی هەر دووک ئاوالّناو وێنەیەکی جوان رێکخستراوە، تاوە کێژانە، لە جێگای وەختی پێگەیشتنی کچان هەلّنیشتووە. لە نەهایەتدا ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە سەر خەیالّ یانی خەیالّ گەیشتووە وەک ڕەزبەری دەکولّمی تاوە کێژان.

٦ ـ ستادیۆمەکانی خۆشەویستی ـ لەو وێنەیەدا، ستادیۆم دیارە جێگای کۆبوونەوەی جەماوەر بۆ ڕوانینی یارییەیە، یانی ستادیۆم لە جێگای ڕوانینی قومار یا یاری خۆشەویستی هاتووە.

٧ ـ پیرانی مۆدنە ـ لەم وێنەیەدا، مۆدنە پیری زۆر زەق دەکاتەوە یانی بەکارهێنانی مۆدنە، تووتن و پەڕ دەخاتەوە بیر و تووتن و پەڕیش پیاوانی بە تەمەن.

بە هێنانەوەی ئەو چەند نموونەیە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە ئەو شێعرە بەپێچەوانەی گەلێک لەو شێعرانەی لە گۆڤار و پەیجەکانی جیهانی مەجازیدا دەیبینین، پڕە لە وێنەی نائاسایی کە دۆزینەوەی وێنەکانی دیکە دەخەمە ئەستۆی خوێنەری شێعرەکە. بەڵام چەند نموونەی دیکەش، بێشڕۆڤە ئاماژە پێدەکەین دیارە ئەرکی ئەو وتارەش شڕۆڤەی وێنەکانی ئەو شێعر نییە تەنیا مەبەست زەقکردنەوەی وێنەکانی نائاسایی شێعرەکەیە.

حاڵەتێکی قوولّ و نارنجی

چاوی سەیر لە مەلی تاڵ و کاتی نێوقامکان دەگێڕێ.

ڕەنگی پیاو خامۆشان

قەیدی ناکایەکی خەلووس

سەری بەحرانی لێدەنێمەوە

دوو پۆلە مەم لە گۆزەی درەختان

چایەکی گەلاوێژی

پاییزێکی لەمسی

...

بەکام پێوانە بۆ لای خۆمان دادێ

بەشی دووەم

عەلی عەبدالّی



ساڵی ٨٨ ی هەتاوی لەگەڵ بەڕێزان هەرمان وەتمانی و جەلال پوورحەسەن، وەک دەستەی بەڕێوبەری کاتی ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد، هەڵبژاردراین و هەوڵمان دا لە پەنا کاروباری ئەنجومەن هەندێک کۆڕ و کۆبوونەوە بە ناوەرۆکی" ڕەخنە " و "هەڵسەنگاندن" و "پێداچوونەوە " لە سێ کتێبی چاپکراوی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی پێک بێنین. مەبەستی سەرەکی لەم هەوڵە، وێڕای ڕێزگرتن لە چالاکی نووسەرانی لاو و دڵگەرمکردنییان لە بواری نووسینەدا ؛ بواری ڕەخنەش لە نێو ئەنجومەنەدا پتەوتر بکەین و هەوڵ بدەین بە هەڵسەنگاندنی کاری یەکتر، گرژایی خۆ بەزلزانین وەلا بچێ و.. لە هاوینی هەمان ساڵدا، وەکی دەسپێک بۆ یەکەم جار لە سەر داخواز و ئیزنی برای خۆشەویستم ؛کاک قاسم تاباک کتێبی ئەفسانەی" شازادە ئیبراهیم " بە گرداری خۆی کە تازە چاپ کرابوو، بۆ باس و هەڵسەنگاندن هێنامانە بەر چرایە. بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن و نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد و دۆستانی میوان لە دەوروبەر کە بە سەریان کردبووینەوە، ئێوارە دانیشتنێکی خۆمانەمان ساز دا. بەڕێز عەزیز وەلیانی، کاک ئەحمەد بەحری، سولەیمان فازلی، خوشکە مەریەم قازی و کاک خالەق جەلیلنژاد، بۆچوونی زۆر جوان و بەنرخ و قسەی زۆر بە تامۆچێژیان سەبارەت بەو کتێبە ئاراستەی بەشداربووان کرد. کە بەداخەوە وەکی پێویست لە سەردەمی خۆیدا، حەقی شیاوی پێنەدرا و ڕەنگدانەوەی ئەو کارە نەخرایە بەرچاوان و بۆخۆیشم وەکوو بەرپرس بەهۆی کاروباری خۆم فریای ئەوە نەکەوتم کە ئەو بابەتانە کۆ بکەمەوە، کە بەداخەوە خرایە فەرامۆشی و تەنانەت چەند دۆستی لە من دڵسوزتر، ڕاوبۆچوونی زۆر بەڕێزیان لە سەر کتێبەکە نووسی و لە گۆڤارەکانەدا چاپیان کرد. ئەو کەمتەرخەمییە زۆری ناڕاحەت دەکردم کە بۆ چمان بۆ" شازادە ئیبراهیم" نەکرد. بەڵام بەش بە حاڵی خۆم هەمیشە هەوڵم دەدا بە کەلێنێکدا ئەو بۆشاییەیە پڕ کەمەوە و بەتاڵ نەمێنێ. هەر چەندە "سیرمە کە ئاو بردبووی". واهات دوای هەڵبژاردنی ئەو ساڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتی بنکە و دەستەی نووسەرانی "بەرهەم "قۆڵمان هەڵمالّی، کەچی چاوی ڕەشمان کاڵ بووە و کەس ... بە کڵاوی نەپێواین. ئەگەرچی دوایە لە دەستەی نووسەرانەدا، کاک غەفوور پیرزادە پاشەکشەی کرد و ئەمنیان بە پاڵەوپەستە دەو"قاڵمە قاڵمە "ی هاویشت. بەڵام ئەوەی لێی دەگەڕام، بۆخۆی هاتە دی و دیاربوو "سیرمەکەم بە پەلەداران گیرساوەتەوە. ڕاوەستام تاکوو بابەت هاتن و بۆ بابەتی من پەکیان کەوت. ئەمنیش بۆ ئەوەی کە خۆم ماقوولّتر لە جاران نیشان بدەم ئەو نووسراوە کە ئەو دەم لە سەر"شازادە ئیبراهیم "نووسیبووم هەر ڕامگرتبوو، دامنە دەستیان، تاکوو بەرهەم کە هەم وەدرەنگێ کەوتبوو، هەمیش دەبوو زوو ببەسترێ و مەحتەل نەبێ و منیش بە ئەو نیسکە ئاواتەم گەیشتم. بەڵام زۆریش دڵخوش نەبووم چوونکە دەمزانی کێ پێی قەڵسە و کێ پێی وەمڕە دەکەوێ، منیش کردمە دوو بەش .

- تێبینی

-خوێنەری بەڕێز بۆچوونی ئەو دەمیم وابوو، ئێستایش هەر لە سەر ئەو باوەڕەم: کە هەر حەکایەتێک یا ئەفسانەیەک کە بە نێو زمانی کوردیدا بڵاو دەبێتەوە؛ دەبێ ڕەنگ و بۆنی کوردەواری پێوە دیار بێ، جا بڵێین کوردییە یا کوردی نییە؟!. دەنا ڕاستە ئەو دەقە سینگ بە سینگ، باب و باپیرانی ئێمە هەڵیان گرتووە و لە سەر شانی ئێمەیە کە دەبێ ئەو گەنجەی بپارێزین. کاری کاک قاسم تاباک و زۆر دڵسۆزانی دیکە جێگای ڕێزە و دەبێ لەوە زیاتر قەدریان بگیرێ. بەڵام ڕوانگەی من سەبارەت بە" شازادە ئیبراهیم "ئەوە بوو کە ئەگەر ئێمە بێین بە وردی بیپشکنینەوە و ڕەگەکانی جوانتر بدۆزینەوە ئایا دەتوانین بەم پێوانەیە بڵێین ئەو

هەوڵنامەی کێبڕکێ

حەقایەتە "کوردییە یا دەرەکییە "؟ ڕەنگبێ لە لای زۆر کەس گرینگی پێنەدرێ کە کوردی بێ یا دەرەکی. بەڵام ئەو نووسراوەیە پێشنیارێکە بەو پشکە کە سەرۆک و بنۆکی" شازادە ئیبراهیم " ئاوە بە دەستی من لە بەرێک هاتۆتە دەر و پیاویشم دەوێ هەڵیبەستێتەوە و پێشم بڵێ ؛ بە کام پێوانە بە لای خۆمان دادێ ؟!. ئەدەبی زارەکی ئێمە بە دەیان و سەدان گەورەپیاو و شێرەژنی دڵ و دەروون پاک قەرزدارە و ئێمە وەک بەرەی نوێی کوردەواری، دەبێ زیاتر هەست بە بەرپرسارییەتی بکەین و دەبێ بە ئەرکی خۆمانی بزانین ئەو حەکایەتانە بنووسینەوە و بیانخەینە بەر ڕووی هەڵسانگاندن و بشزانین و ئاگاداریش بین کە هەندرانییەکان بۆ قەیات و ئەفسانەکانیان چ دەکەن ئێمەش چ دەکەین.!! جێگای خۆیەتی یادێک بکەین لە مام حەمەدی فاتمی "حەمە سوور "کە ئەو هەلەی بۆ ئێمە ڕەخساند لە دوای مەرگی بە نەخوێندەواری، مەودایەک بۆ ئێمە ساز بکات کە بتوانین چەند خەتێک لە سەر ئەو خەزێنە نەمرە بنووسین کە بە میرات بۆی بەجێ هێشتین ..

(٢)- پادشا بەرگی نوێت موبارەک.
وا سەختی وە سەختی نەدەکەوت.ل٤٦
بگەڕێ تا بگەڕێم.ل٤٧
دڵت گەردی نەگرێ.
لۆغانی بۆ دەگێڕێ .ل٢٦
بە چاو ئەنگاوتی .٢٥
هەمووی بە ئاوری ئاو بێتەوە .ل٢٥
بە شەرتی پیاوان سەرێکت بە زێڕی هەڵدەکێشم یەکت بە زێوی.ل٤٨
ئانیشکی دابۆوە .ل٥٠
بە ڕگزی ڕادەوەستا . ل٥٠
دەرمانی ڕێیە، ڕۆینە .ل٥٢
شازادە ئیبراهیم گران دەست بوو.ل٤٥
چەنبەری نایەن .ل٥٤
-سەر و حەدی مورغێ بوو.ل٥٧
چاو و گوێیان خۆمان دەکرد.ل٥٧
-خۆی گوشاد کردەوە .ل٦٠
تانەی لە خۆی دان.ل٦٣
هەرکی پێ نەدەهاتن .ل٦٥
پەرەم پە ڕە مت دە کە ن.ل٦٦
زمانی خۆت بگرە .ل٦
هەستە غەنیمی خۆت بێنە سەر.ل٦٤
سەرێکە و هێناومە .٦٨
-بەردی سارد و گەرمی وە ژێر پێیە .ل٤١
-شوان لە مەڕ گەڕابۆوە —گاوان لە گارانێ .ل٤١

(١)لە نێو حەقایەتی شازادە ئیبراهیم بە گرداری قاسم تاباک ئەو بابەتانە دەدەیترێن کە بە پێویست زانران بخرێنە ڕوو تاکوو پێوانە: بۆمان دەربخات کەرەسەی نێو حەکایەتە ڕەنگ و بۆنی کوردەواری پێوە دیارە یاخود لە لاوەڕا بۆمان هاتووە و یا لە دیوەخانەکانداا، حەکایەخوانەکان سەر و پۆتەڵاکیان تێک داون و داوییانە بە ئێمە کە دەستکردی خۆمانە ؟!!!!!!

*قسەی نەستەق:



یەک ڕۆژە یان دوو ڕۆژە بوو. ل٥
چاویان بە دونیای ڕوون نەدەکەوت. ل٥
لە هەموو زمانێکی تەواو دەبن. ل٥
لە نێو چەرخی دونیایە دانەبوو. ل٨
دونیای پێ ڕوون دەبێتەوە .ل٨
ڕاو هەیە .ل٩
قەتیان پشتی وڵاغ نەدیوە .ل٩
خۆیان لە سەر پشتی ڕاگرت.ل١٠
بەرچەکیان کرد. ل١٠
ڕەنگی جارانی نەمابوو.١٣
بە خوایش نەیدامێ بە زۆری لێدەستێنم .ل١٤
زەرد و سووریان تێکەڵ کردون .ل١٤
دەمیان دەپشکوت ل١٤
سەر و سەر قەلبووزی زین دەکەم.ل١٥
هیچی بە من ناشێن .ل١٥
ئەسپی تۆ لە کوێ بکەوێ لەوێ سەر هەڵدێنم "
عەکس و سووڕەتبەندی خۆت گرتووە .ل٢٦
زەرد و سووری ئێواری .ل٣٤
شەڕی کاوڕان بوو ئەوشۆ شەوی بەرانانە .ل٣٧
بابە ئەوە گوڵی دێڵە بەبایە .ل٣٧
خۆی حەمامیز بکات .ل٣٩
(٤)* پاڵەوانەتی .
سەرپەنجەکێشان، ملانە،
* ئەو ڕستە و وشانەی ڕەنگ و بۆنی ئایینیان لێدێت .
-بارەگای خودا. حەج. دەستنوێژ. نوێژ. قورئان. ل ٢٣
-سوێند بە قورئان ئەگەر وەهۆش نەیەتەوە ئەلێرە سەرت دەبڕم .ل ١٢
ئەزقەزا بە حەمری حەق تەحالا، بەری پێیان تەڕ نەبوو.ل٥٣
خودایە دەگەڵ ئەو گورزە بیکەم بە قەترەیەک.ل٦٠
چوونە سەر منارێ .ل٨

دەستی بۆ بەهەشت درێژ کرد.
سێویان بە کێ دادابە بە ئەمری شەرعی لێیان مارە دەکرد.
وەلاهی سوێند بە قورئان بە دڵی تۆ دەکەم.
* پیشە و کەسایەتی نێو دێڕەکانی ئەفسانەکە .
پاشا ، وەزیر، مامۆستای قوتابخانە. تەعامچی .
کەنیزەک. ڕاوچی. ئاسنگەر بە شاگردەکانی
بانەوانی. باغەوانی. حەمامچی. وڵاغداری.
زێڕنگەر. پاڵەوانەتی. تاجر و توجار.
سیحربازی، شەرابچی، کەشتی وانی، عاشقایەتی !!
خەزنەدار، عابیدی،دەرویشی، سوالکەری ؛
کرێ گرتە و سێحەب مالّ !! شوان و گاوان
وەرزێری، عەترفروش، دارتاشی و کەیخوداگەری
دوکتۆری و سەربازبوون. شیرنیساز و کاغەزفرۆش.....
(٣) * ڕەگەکانی ئەدەبی نێو ئەفسانەکە.
کوتە یەسکێکی تێدابوو وەک شاخی وڵاغی وابوو.ل٦
دایە نێکی چاوی وەک گەلاوێژی وابوون.ل٢٨
شازادە ئەلیاس هەر وەکوو مار پێچی دەدا.ل٣٦
ئەم توتیە وەک ساعەتی ساعەتە .ل٤٢
سینگی بە قەد پانە بەروژیکی بوو.ل٥٩
ئەو کافرەی غیلەتەن.ل٦٠
کێردی ئەڵماسی .ل٦٠
ئەنگوستیلەی سەر قاپ.ل٦٠
کاڵەی شەمامەبەندی.ل٦٠
گورزی حەوسەد تۆن.ل٦٠
تۆپی کەتان.ل٦٠
شوشەی شەراب. ل٦٠
کولەکەی زێو. زێڕ
کورسی جەواهیربەند.
ڕستێکی تاژی .
وەک ئاوی لە بارانی.
* ئامرازی نێو ئەفسانە کە زۆرن و هێنانەوە یان پێویست نەبوو.
* ئامرازی مۆسیقا
دەهۆڵ. زورنا. کەرەنا .
تار و دمبە گ * ئامرزای شەڕکردن
تیروکەوان. کەمەند. شمشێر. سوپەر. کێرد و خەنجەر. گورز و کڵاو خود.
ئاڵای شەڕ. تەپڵی و نایەی شەڕ.
* شایی و زەماوەند.
هەڵپەڕکێ. ڕەشبەڵەک. لۆغان .
توتەکە. داوەت.
(٦) سەراپەردەی نۆش ئافەرین .
خێوەتی شازادە ئەلیاس . قاف و ئەشکەوتەکانی ...
قەڵای سورخابی دێو.ل٥٩
قەڵای ڕەشادی دێو .ل٦٢
مەملەکەتی فەرهادی دێو.٦٢
قەڵایچی هەررەی جادوو .ل٧
بەندی غەم یا ئەشکەوتێک لە پشتی قاف.ل٦٧
گردی موغناتیس ؟!!
*ڕۆڵگێڕانی ئەفسانەکە
سوڵتانی ئەستەنبووڵ و بەهمەنی وەزیر
ئاڵقە مەی دێو .
زەیلەمەی دێو ،١٧٠و دێوی بەر دەستی. سوورخابی دێو .
مەلەک ڕیحان و ٧٠ هەزارپەری
شازادە ئیبراهیم
خان محەممەد
نۆشافەرین
حامیدی مەلای کوری ئەسکەندەری بەحرییە
مەلەک سیما
"خواجە خان" سەردەستەی تووجار
شڵینگ و پڵینگ دوحە یاری شازادە ئەلیاس
* هەروەها جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاس و دەست
خۆشی لە" ڕەشایی و، سەرباز و، دێوەزمە و دەیان و سەدان
کەسایەتی نێودێر و بێ نێو" بکەم کە لە "ئەفسانەی
شازادە ئیبراهیم "دا ڕەولّیان هەبووە، بەلّام لە ترسی
مودیر مەسوول و دەستەی نووسەران و لە بەر زمانی خەڵکی
ناوێرم نێویان هەڵدەم..!!!
(٥) * نێوی ئەو کانزایانە هاتوون.
بەردی مەڕمەڕ، ئەڵماس، یاقوت، زێڕ، زێو
* لە نێو کاروباری وەرزێریدا تەنیا نێوی"لۆکە "هاتووە .

ئـاژەڵ و گیـان لـە بەری وەکـوو مەڕومانگـا، ئەسـپ، گـامێش تـاژی، ئاسـک، نەهنـگ!!تـوتی، سـیمورغ و جوجکەکـانی، هەژدیهـا فیـل و دوپشک و مار و دەعبای جادویی.

* ئەو وشانە تەنیا یەک بار نێویان هاتووە !!

-شیرە و گەرم (شیلە و گەرم)سەد دەغیل !

-پاپۆڕە، نالّ. نەزەر. وەلییە. تورەستان .

* شوێنی ڕوداوەکانی نێو ئەفسانەکە .

بارەگای سولّتان سەلیم .ل١

دیوێک بۆ نجومداران لە بارەگای سولّتان سەلیم.ل٢

چزرگەیەک وەک دولّ بچێ .ل٣

مەدرەسەیەک ٤٠میتر لە ژێر عەرز.ل٥

حەمام. ل ٧

ڕاستەی خەیابان .ل ٨/٧

منار .ل٨ -

نێو بەحر .ل١٠

باغێک وەک دەستکردی دێوان بچێت .ل٢٠

* مەڵبەندی ئەو ئەفسانە ئاوا هاتوتە

ئەستەنبوولّ .ل٢

دەمیشق . ل١٧

بەحری عومان .ل١٩

بارەگای ڕەحمان پاشای پەریان ./باغی کچی قەرالّـی فەڕەنـگ ./باغی کچی پادشای میسر ./بەحری موحیت ./باغی حامیدی مەلای. ل ١٣

دیوی پیرێژنی شاری دەمیشق. ل ٢٤

(٧) * ژومارە لە نێو ئەفسانەکەدا بەو جۆرە هاتوون .

چ شەوی مۆڵەت بۆ دانا .ل٢

٧شەو و ڕۆژان شایی و بەخشین و شیرینی و شەربەتخواردن بوو.ل٥

مەدرەسەیەکیان بۆ دروست کردن ٤٠ میتر لە بن عەرزیدا بێ .ل٥

هەر یەکەی ٢٠ میتریان درێژایی هەبوو.ل٦

حەوت شەو و ڕۆژان لەو دەشت و بیابانەی دابوون ل٩

ڕاوچیان دووڕۆژ بەرچەکیان کرد و ڕۆیشتن .ل١٠

دەنگی داو لە شارەی ٤٠هەزار نەفەری بەڕێ کردن.ل١٧

٤٠ شەو لە بەحریدا مانەوە .ل٢٠

حەفتا ئاشقی لە دەورەیە. هەر ئاشقیش بە خوی و بە ٧٠هەزار نەفەری دەگەڵە .ل٢٤

٤٠گوڵمیخیم بۆ ببری هەموویی ئەڵماسی خالیس بێ.ل٢٥

ڕادەی هێنانەوەی ژومارەی چل، حەفتا، دوو، سێ، حەوت ، چوارسەد، حەدسەد، دوسەد، هەزار و دوو هەزار؛ چەند هەزاریش زۆر بەرچاوە. کە لە تامی دەبردە دەر ئەگەر هەموومان هێنابان.

* لە نێو ئەو ئەفسانەیدا ڕادەی هێنانەوەی گوتەی زمانی زۆر جوان دێنە بەرچاو کە باشە سەیرێکیان بکەین .

وەلییە / وەلییە کیان بۆ ساز دەکەم.ل٢

بێ ڕیاسەت / ئەوانیش بێ ڕیاسەت سەریان بە سەر ئەو کتێبەی داگرت .ل٢

جزرگە / تووشی بەحر و چزرگەیەکی هاتن .ل٣

کووزکووز/شەوی جومعە کوزکوزی کەن. ل٤

نەغەمێدا/ ئەمما بە نەغەمێدا نان و تەعام و ئەساسیان بۆ بردن.

(٨)

ڕستێک/ ڕستێکی تاجی وەدووی خۆی دا. ل٩

گەرد/ بەوە دڵی گەردی نەگری. ل١٩

دایەنێک/ دایەنێکی لە لا بوو. ل ٢٩

حەمامیز/ (حەمام لە میش)* خۆی حەمامیزیکات. ل٣٩

سەرمەسەر / دەنگ و هەرا و سەرمەسەرێک پەیدا بوو. ل ٤١

ڕگز/ ئاو هەڵدەڕژاو و بە سەری بەردی بە ڕگزی ڕادەوەستا. ل ٥٠

کێوپارە/ لە کێو پارەیەکی بگرم. ل ٥٨

چرنۆق/ لە چرنۆقی زیاتر هیچی دیکەم زیاتر نییە. ل٦١

شەکەسۆ/ زۆر شەکەسۆی، ناڕاحەتی. ل ٦٩

ئازقایە/ فەتەق جێگایەکی چۆل و ئازقایە. ل ٧١

قونجە/ چوار قونجەی زێڕ بوو. ل ٧٤

هەوالّنامەی کتێب

تراژێدیایەکی هایپێر مۆدێرن !

چاوخوشاندنێکی زۆر خێرا بە سەر کتێبی (کراسێ نەماوە دووریتی تیا نەگریم)ی شوعەیب میرزایی

سولەیمان سۆفی سالّحی



بە درێژایی مێژوو تا ئێستاکە، بەپێی دیاردە ئەدەبییەکان بۆمان سەلماوە کە شێعر ڕووداوێکە لە زمانەوە ڕوو دەدا و بە چەخماخەی تراژێدی و کارەساتەکان، بەپێچەوانەشەوە چێژە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان چاوی بە ڕووی ژیانەوە دەپشکوێ! ئەگەر بڕوامان بەم پێناسەیە لە شێعر هەبێ، بۆمان دەردەکەوێ ئەو شاعیرەی کە داڕێژەری دەقە شێعرییەکەیە هەتا جەغزی وشەگەلی بەربلّاوتر و لە باری زمانەوە شارەزاتر بێت، بەرهەمەکەی پێکهاتەیەکی قایم و پتەوی دەبێت و وەک دەقێکی سەرکەوتوو دەکەوێتە سەر زاران، ئەگەریش بێجگە لەوە بێت، ئەوا لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا خۆی دەبینێتەوە و لایەنە سست و لاوازەکانی دەستنیشان دەکرێ و هۆکارەکانی ناپتەویکەری دەقەکە دەخاتە ڕوو و ئەگەرەکانی باشتربوونی وزەی زمانی و هۆکارەکانی تێکچندرانی پێکهاتەیی دەقەکە دەخاتە بەردەم خوێنەرانی شێعرەکە. پاش خوێندنەوە و وردبوونەوە لە کتێبی(کراسێ نەماوە دووریتی تیا نەگریم)ی زۆر بەڕێز شوعەیب میرزایی، کوتم هەر ئەوەندەی هەنگاوێکی بۆ یارمەتی قامووسی وەدواکەوتوو و لەتوپەتی کوردی هەڵێناوەتەوە جێی پێزانینە و سپاسێکی بێبڕانەوەی ئاراستە دەکەم و ماندوونەبوونێکی بەردەوامی پێدەڵێم، هەر چەند کە پێموایە بە وەبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە شێعرییە نە تەنیا خزمەتێک بە شێعری کوردی نەکراوە، بەڵکوو بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە خەیانەت بە ئەدەبیاتی کوردی دەکرێت و ڕەنگە بە هەندێ هۆ کە لە کات و شوێنی پێویستی خۆیدا، ئاماژەیان پێدەکەم، ببێتە کەڵکەڵەیەک بۆ زمان و تەنانەت بە هەڵەتێگەیشتنی تاقمێک کە یەکەم هەنگاوەکانیان لە ڕاستەڕێی زمان و شێعردا هەڵدەگرن. بەر لە چوونە ناو باسی سەرەکی ئەو کورتە نووسینە کە هەڵدانەوەیەکی خێرای لاپەڕەکانی کتێبی کاک شوعەیب میرزاییەیە، پێویستە باسی ئەوە بکەم کاتێک بەرهەمێک دێتە بازاڕەوە وەکی تا ئێستا باس کراوە لەگەڵ دوو شیمانە ڕووبەڕووین. یەکەم؛ یان ئەو بەرهەمە وەک هەموو بەرهەمەکانی هاوشێوەی پێشووی خۆی لە بواری فۆرم و ناوەرۆکەوە، تەریب و وەک یەک و ئەویش دەنگێکە لە پاڵ دەنگەکانی دیکە، بەڵام هیچ شێوازێکی تازەی لە واتا و لە دەربڕین نەخستۆتە سەر کۆی بەرهەمەکانی دیکە. ئەو بەرهەمانە ڕۆڵی دەوامەدەریی و ڕێخۆشکەرییان بۆ بەرهەمەکانی دیکە هەیە و زیاتر لە بازنەی لاساییکردنەوەیان دووپاتەی ڕابردوو ناویان تۆمار دەکرێ.

بەشی دووهەم ئەو بەرهەمانەن کە نایانهەوێ درێژەی ڕەوت و ڕاوێژ و دەربڕینیک بن کە پێشتر بووە یان لانیکەم دەیانهەوێ لە درێژەی ڕەوت و ڕاوێژەکانی پێشوودا، ئەوانیش شێوەیەکی تازەتر لە واتا و فۆرم پێشکەشی خەرمانی ئەدەبیات بکەن. من پێموایە دەقەکان تەنیا لەم دوو پۆلەدا نابەسترێنەوە و پێویستە باسی دەستەی سێهەمی "نووسراوەکان" بکەین کە نەوەک دەستەی یەکەم تەواو بێدەنگ و درێژەدەری ڕەوتێکی دروست و هونەرین و نەوەکوو دەستەی دووهەم داهێنەر و تەواوکەرن، بەڵکوو بە هۆی تێگەیشتنی نادروست لە پێشکەوتی هونەری و زمانی و تێنەگەیشتن لە داهێنان و فۆرمەکانی پێشوو و هەڵنەتاواندنی نوێگەری و داهێنانی دەستەی دووهەمیش لە زەینیاندا، بە زمانێکی ناکارامە و لێک بڵاو، بەرهەمێک دەدەنە دەرێ کە زمان و واتا و فۆرم، هەمووی هەم کۆپی و هەم سست و نایەکانگیرە و ئەوەش ئەگەر ڕاست و بیراز نەکرێ، ڕەنگە هەندێک کەس بە لاڕێدا ببات، یان لە هونەر و ئەدەبی ڕاستەقینە دوور



کاتەوە. لایەکی دیکەشی ئەوەیە ئەگەرچی ئەو بەرهەمانە ڕەنگە زۆر کەم بخوێندرێنەوە، بەڵام لە درێژماوەدا ئەگەر قسەیان لە سەر نەکرێ بۆی هەیە ببنە هۆی ئیفلیجیبوونی تەواوی زمانی لانیکەم خودی ئەو نووسەرە. ئەو تاقمە ئەزموونی "قرپۆقی ئارام کۆڵ" لە ئەدەبیاتدا دووپات دەکەنەوە. بەپێی ئەو ئەزموونەش هەر چەند پێککگرتنی ئەزموونێکی بواری زانستە غەیرە ئەدەبییەکانە لەگەڵ ئەزموونێکی ئەدەبی، بەڵام دوور لە ڕاستی نییە (***).

کەواتە ئێمەش بۆمان دەردەکەوێ بوونی دەستە بەرهەمێکی لەو بابەتە لە نێو هەر کولتوور و ئەدەبیاتێکی زیندووی دنیادا، دەتوانێ وەک خۆرکەیەک بێ بۆ هێور کلۆرکردنی فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە، هەڵبەت هەر چەند لەوانەیە بەرگەی لافاوی پێشەنگەکانی سەردەم نەگرن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانن لەمپەرێک بن لە بەردەم زەریای پێشڕەوییەکانی داهاتوودا و وردەورده وەک "دیارییەکەی ژاپۆن" و ئەزموونی"قرپۆقی ئارام کۆڵ" بەڵام بە شێوەیەکی تر، ئەدەبیات و زمانی نووسین فەلەج کەن.

ئەو خاڵەش بە جێی ئاماژە دەزانم بە هۆی کەمتر ئاوڕدانەوە لە کتێب و نووسینی کوردی لە لایەن ڕەخنەگرانەوە و جێ خۆشنەکردنی سیستمێکی چاودێری ئەدەبی لە بواری نووسینی کوردیدا، زۆر جار سنووری مابەین ژانرە ئەدەبییەکان لە خوێنەران دەشێوێ و ڕەنگە نووسەرانی تازەکاریش ئەو سەرەندەرنەکردن و ڕێ لێنەبوونە بە بەرهەمیانەوە دیار بێ. واتە لە نەبوونی سیستمێکی کارای ڕەخنەییدا، دەبێ چاوەڕوانی هەموو شێوە کتێبێکی عەجایەب و هەموو جۆرە پەلەقاژەیەکی سەیر بین بۆ بەناوبانگ بوون، نەک بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک کە نوێگەری بە ناوەڕۆک و بنەمایەوە دیار بێ!

بۆ پارێزکردن لە درێژدادڕی وتارەکە، ئاماژەیەکی کورت بە چەند خاڵێکی سەرەکی و پێویست و گرینگ لە بەرهەمهێنانی شێعردا دەکەم :

١ ـ هەر ئەو جۆرەی لە سەرەتادا، باسم کرد بە لای منەوە خاڵی سەرەکی لە دەق و بەتایبەت لە شێعردا زمانە و پاراستنی ئەو پێگە زمانییەی کە بەرهەمەکەی پێدەنووسرێ .

٢ ـ ناوەڕۆک و مانا، کە دەلاقەیەک بۆ پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق ساز دەکا و لە ئاکامیشدا شتێک بە ناوی نەبوونی سیستمێکی ئایدۆلۆژیکی یا بوونێکی دێمۆکراسی دەخاتە بەرباس، یان تراژێدیایەکی سەخت یا ئاشتییەکی بەردەوام دەخاتە بەرباس، یان...هەڵبەت لە هەندێ شێعریشدا دەکرێ مانایەکی تایبەت لە گۆڕێدا نەبێ و بە زمان و وێنەسازی و فۆرم و پێکهاتە و گەمە تەکنیکییەکان، بابەتەکە چێژێکی هونەری بە خوێنەر ببەخشێ. کەواتە ناوەڕۆک و مانا، نەوەک زەروورەتێکی گشتی. بەڵکوو بەپێی نیاز وەک کەرەستەیەکی گرینگ بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی پێکهاتەی شێعر، دەکرێ بخرێتە بەرباس .

٣ـ فۆرم، ئەو شتەی کە هزری خوێنەر گەمارۆ دەدا و مانەوەی سەقامگیر !

٤ ـ خوازە: خوازە لە سووچگەلی جۆراوجۆرەوە پێوەندی بە هەموو لێدوانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفییەکانی دنیاوە هەبووە و پێموایە ئەدەبیاتی نووسراویش لەو ئامرازە جوانکارییە بێبەش نابێ، جا لە باری جوانیناسی و ڕەوانبێژیشەوە بڵێین یەکێکە لە گڵۆپە ڕووناکەکانی نێو ژووری شێعر، جا چ خوازەی وێنەیی بێ یان خوازەی میتافۆری و ...

هەواڵنامەی کتێب

لێرەش بە دواوە سووکە لەنگەرێک لە سەر هەندێ لە شێعرەکان دەگرین !

سەرەڕای تـوێژینەوە و هەڵسـەنگاندنی شـێعرەکان بە ئەرکێکـی هاوزمـانیم زانـی، کـۆمەڵە وشـەیەک کە لە شـێعرەکانـدا، بـنچینەیەکـی فارسـییان هەیە و زەق و بەرچـاون، بخـەمـە بـەرباس و ئامـاژە بە بـوونی هاوسـەنگـی کوردییەکەیـان بـکەم کە بێگومـان دەتـوانێ ئاماژەیەک بێ بۆ کەمتەرخەمی یان دەستەوەستانی شاعیر لە بواری زمـانـدا : (بیمارسـتان ـ نەخۆشـخانە)، (جـاری ـ ڕەوان ، خـوڕ)، (پیادە بووم ـ دابەزیم ، داخۆزیم)، (وەسەت ـ نێـوان)، (عەکـس ـ وێـنە) (تەپخـاڵ ـ تێمیسـک)، (حـافزە ـ زەین،هـۆش)، (سـەندەڵـی ـ کورسـی)، (بێۆشـە ـــ لەبەرکە)، (گوناحبـار ـ تاوانبـار)، (مـونتەزیر ـ چـاوەڕوان)، (ئیـدامە ـ درێـژە)، (نەشوسـتووە ـ نەشـۆردووە)، (پیـادەڕەو ـ شۆسـتە)، (لە حیفـزە ـ لەبەرە) (عـاتیفە ـ سـۆز،دڵۆقانی)، (مەجبـوور ـ ناچـار)، (ئامادەبـاش ـ لەسـەرپێ)، (دەسـتمال ـ دەسرەدەست،دەسـرۆک)، (ئامۆزگـار ـ مامۆسـتا)، (مەوازی ـ هاوتەریـب،بەرانبەر)، (ڕووسـەری ـ لەچـکە)، (خەڵـوەت ـ تەنیـایی)، (ئاشپسـخانە ـ چێشـتخانە)، (حەمـاقەت ـ،گەوجێتی،کـەرێتی،حـوڵ بـوون)، (حیـف ـ مەخـابن ، بەداخەوە)، (نگابـان ـ چـاودێر ، پاسـەوان)، (لە عـان ـ لە حاسـت)، (عفـوونەت ـ چڵککـردن ، گەنـین)، (قەلـب ـ دڵ) (عـافیەت ـ ڕزگاری،سڵامەتی)، (خاتیرە ـ بیرەوەری) و ...

ئەو وشەو دەستەواژانە و زۆری دی وەک ئەوانە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە شاعیر لە ئاست زمانی شێعردا، دەربەستی پاراستنی چوراچێوە و سیستمی زمانیی کوردی نەبووە و ڕەنگە بە فارسی بیری کردبێتەوە و لە داڕشتنەوەیدا هەر ئەو بیر و تێگەیشتنەی لە قالبی شێعرەکانیدا گونجاندبێ. لایەکی دیکەی ئەو باسەش دەگەڕێتەوە بۆ پوختەنەبوونی شاعیر لە زمانی زکماکی خۆیدا و ئاگادارنەبوونی لە ئەدەبی نەتەوەکەی، ئەگەریش بمانهەوێ ڕاستی ئەو وتەیە بسەلمێنین دەبێ ئاماژە بە شێعری گەلانی دیکە بکەین. لە زمانی هیچ نەتەوەیەکدا شێعرێک ئاوێتە بە زمانێکی دی نانووسرێ. وێنەیەکی کە لێمان نزیکە، ئەدەبی فارسییە. کام شاعیری فارس لە نیماوە تا شاملوو و دوای ئەوانیش زمانێکی لەو شێوەیەی هەبووە.

کراسێ نەماوە دووریتی تیا نەگریم ...

لە پێڕستەکەی ئەم کتێبەدا کە لە پازدە شێعر پێکهاتووە وادیارە بە ئانقەست ئاماژە بە حەوت کورتە شێعریان بە شێوەیەکی جیاواز و بە ناو و سەردێڕی (١١١ و ٢٢٢ و ٣٣٣ و ٤٤٤ و ٥٥٥ و ٦٦٦ و ٧٧٧) کراوە، جا شاعیر ئەوانەی بۆ بەو ناوە سە ڕاستانەوە گوڵبژێر کردوون، نازانم ؟! ئایا بڵێی لە بەر ئەوەیە ئەو چەند کورتەشێعرە لەگەڵ شێعرەکانی دی جوداوازن و وەک ئەوان بۆ چڕوپڕکردنی کتێبەکە لە کۆتایی دێڕەکانـدا جووت Enter یان بۆ دانەگیراوە ؟ یان ....؟

شێعری " پاییز نەبزی قاڵاوەکان هەڵ ئەکا "

وتت: ئێوارەیەێ لە جلەکانما تەنافێ بە تەنیاییما

هەڵواسە من کراسەکەم

بە ناخی مردنا

ئاوێزانم *

پەردە بەسەر حەوسەڵەما ئەکێشم دەستەکانت لە من دوورە

ئوتوبووس خولیاکانمان جێ ئەهێڵێ *

کوڕەکانی جگەرە و تەپخاڵ

بەسەر لێوەکانما جاری ئەبن

کچەکانی پێنجشەممە و پرسیار

بە تاکسیا وەیلانن

ئامریکا و براکەم من پاڵتۆکەم چۆڕەی تێ لە سەر ما *

لە سەرەوە تا دەگاتە نێوقەد و بەرپێی شێعرەکە پێکهاتەیەکی بەم شێوە پەڕەوازەیەی هەیە کە بێدەسەڵاتی ناوەڕۆکی و زمانی شاعیر وەدەر دەخا، کە نە لە باری ماناوە دەتوانین پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بگرین، نە لە باری خوازەوە توانیوییەتی دەستەڵاتێکی باشی بە سەر ناوەڕۆکدا هەبێ و نە لە باری پێکهاتەوە توانیوییەتی دێڕەکان قۆڵ بە قۆڵ، ئەو زامەی لە سەرەتاوە لێی دەپەیڤێ تا کۆتایی شێعرەکە بهێنێ، کەواتە ئاشکرایە شاعیر لێرەدا ئەوندەی پەلەی سەپاندنی بیرۆکەکەی خۆیەتی، نیو ئەوندە لە بیری ئەوەدا نیە کە خوێنەرەکە بخاتە ئامێزی بەستێن و بواری دروستی بابەتەکەوە.

شێعری " برێ بووتیکی بێوەژنم حیفزە "

پەشیمانم لێت کە دەستەکانم ناگاتە چەتر
کە ویترینەکانی ئەم پاساژە حیزم ئەکا ❊
یەکێ نیە تەنیاییمی پێهەڵواسم
ئەم ئێوارە پڕم لە فەلسەفە و برێ بووتیکی بێوەژنم حیفزە ❊
نەرمتر برۆ تا خەونێکی ئامریکایی بە سەر عاتیفەتا بماسێ ❊

لەم شێعرە و بەگشتی لە هەموو شێعرەکانی شاعیردا، هەست بە پچڕانی دێڕەکان دەکرێ و دێڕی سەرەتای دەستپێک، هیچ پێوەندییەکی مانایی و فۆرمی لەگەڵ دێڕی کۆتایی بابەتەکە نییە و تەنانەت لە هێندێ شوێندا نەبێ بە دەگمەن دەبیندرێ کە دەمارێک بە هەموو پەلەکانی شێعرەکەدا بگەڕێ و بتوانێ وزە بە دێڕ بە دێڕی بدا. لەم شێعرەشدا، ئەوەی سرنجم ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئێمە تا چ ڕادەیەک بۆمان هەیە لە شێعردا قسەی زل و سەیروسەمەرە بکەین؟ لە خوێندنەوەی ئەو شێعرەی سەرەوە دیارە پێوەندییەکی گشتی کە بە پێوەندی ئۆرگانێکی لە شێعردا ناوی بردراوە، لە نێوان دێڕەکاندا نابیندرێ و شاعیر بە چەند کەڕەت یان بە چەند مانگ ئەم دێڕانەی جا بە زەینی خۆی بێ یان نا، پێکەوە ناوە و بێڕەچاوکردنی ساکارترین ڕێساکانی شێعرنووسی ئەم دەربیجە زێهنییە بۆ خوێنەر دەکاتەوە و دەیخاتە گۆڕەپانێکی شێواو و تاریکی شێعرەوە .

شێعری " کراسێ نەماوە دووریتی تیا نەگریم "

پۆستچیش دوو کۆڵان خوارتر، گرین کارت لە خەیاڵیا سەوز بووەو ... ❊ / پیاوێ بە سەر بەختیا شووتی قاش ئەکاو
/قامکەکانی قاڵاو ئەگرێ ❊ / ئوتووبان لە خاترەی سەگێکا ئەمرخنێ و ... ❊/ لە نێوان من و مرەبا و کامبیزدا /هەر چۆلەکە
پیاو بوو ئەویش باری کرد ! ❊ /خراو شیرزیاگە زەوین / لێرا سێویش بە ڕووسەریەو دانلوەد ئەبێ ❊ /ئەگەر هاتی کەمێ
ئەعساب لەگەڵ خۆتا بێرا ❊

پێموایە مودێرنخواندن (مدرن نمایی) و مودێرنبوون (مدرن بودن) جوداوازییان لەوە دایە کە لە دەقی مودێرنومادا، تەنیا ڕوالەتی دەق بە وشەی سەر بە دنیای مودێرن دەڕازێتەوە بەڵام لە دەقی مودێرندا، بیر و ئەندێشەی مودێرن و کەڵکەڵەی مرۆڤی مودێرن دەخرێتە بەرباس. لە دۆزخی یەکەمدا، مالّی زمان و شێعر کاول دەبێ و لە دۆخی دووهەمدا، واتای شێعر ئاوەدان دەبێتەوە بە مەرجێک لایەنی جوانیناسانەی شێعریش ڕەچاو بکرێ چون شێعر نە تەنیا هەر وشەی مودێرن بەڵکوو تەنانەت هەر بیری مودێرنیش نییە.

لەو شێعرەدا بۆ نوێکردنەوەی دەقەکە، کەڵک لە وشەی { گرین کارت، ئوتوبان، مرەبا، دانلەود و ئەعساب } وەرگیراوە کە نازانم ئەوە چ پەتایەکە کەوتووەتە نێو جەماعەتێکی شاعیرەوە و هەندە بوێرانە بێئەوەی پێویست بە دانانی ئەم جۆرە وشانە بێت بە کاری دێنن و بە زۆر دەیسەپێنن بە سەر دەقەکەدا و بەم شێوەیە دەرکەی شێعری کوردی لە ڕێسمە دەبەن! ئەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێ وشەکان قاموسی بکرێن و لەم تێزانە، کێشەی من ئەوەیە شێعرەکان و ڕوانگەکان و بۆچوونەکان دەبێ نوێ بکرێنەوە نەک وشەی گاسن و ئامووز بخوزێتە نێو شێعری کوردییەوە !

پێموانییە وربوونەوەیەکی لەوە زیاتری پێویست بێ و هەر ئاماژەیەکی بچووک بە دێڕی ئاخر دەکەم " هەر چەند هەوڵم داوە ناوی کەسایەتییەکی دووهەم نەهێنم و فاکت لە هیچ کەسێکی تریش نەهێنمەوە، هەڵبەت پێموانییە پێویست بە باس و توێژینەوەیەکی زۆر ورد و پسپۆڕانە و کارامەیی بێت بۆیە سەردانی هیچ سەرچاوەیەکم پێ گرینگ نەبووە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دەقانە و ئاوەها بە ستایلێکی ساکار و زمانێکی خۆمالّیەوە سەودام لەگەڵ کردوون. بەڵام دێینەوە سەر دێڕی کۆتایی:

ئەگەر هاتی کەمێ ئەعساب لەگەڵ خۆتا بێرا " کۆپییەکی نازیرەکانەی دێڕێک لە شێعری ' هدیه 'ی فروغ کراوە { اگر به خانەی من آمدی برای من ای مهربان چراغ بیاور } کە مەخابن سەرکەوتوو نەبووە .

شێعری " هەرچی دۆعا ئەکەی ئەبێتە جنێو لە باراندا "

بۆ هەر دیوارێ پەنجەرەیێ بنووسە *

کراسەکەم تا ئامریکا کامواپەکە بەش ناکەم *

من بێ تورموز ئەم دێڕانە سەرگەردانم *

خەوتبووم خەیاڵی پشیلەیەک قیژاندم *

ئەو دێڕانەی لەم شێعرەدا، سرنجیان ڕاکێشاوم ئەمانە بوون کە لە باری پێکهاتەییەوە ئاڵۆزن و لە پیت بە پیت و ئەستوونی و ئاسۆیی دێڕەکانیشدا، کێشەیان هەیە و هیچ مانایەک لە خۆ ناگرن، وەک چۆن خودی شاعیر دەڵێ: من بێتورموز ئەم دێڕانە سەرگەردانم ' بەڕاستی منیش بێتورموز ئەم شێعرانە سەرگەردانم مامە شوعەیب!

دیارە بۆ بەتاڵکردنی خودی ئەدەب لە واتا و نوێگەری لە بواری خۆی و هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر باشترین شێوە ئەو شێوەیە لە ئاڵۆز نووسینە. بەڵام ڕێزی خوێنەر حاشا هەڵنەگرە، ئەم شێوازەم پێ بە لاڕێدا ڕۆیشتنە و بەم ڕێباز و جۆرە نووسینە، نایەکانگیر و لەرزۆکە زمانییەوە شێعر لە بار دەچێ و دەقی نەزۆک لە دایک دەبێ !

شێعری " تەماشاکە هەمیشە وەمە خواحافزی "

باوکم هەمیشە لە عان پنالّتیەکا

دەس ئەکا بە گەمەو ... *

ئەگەر ئەم پنالّتیەم بۆ نەگرن

ئەگەر ساتە بکووژەکانی بۆ لە درەخت کەمتر بم

دەربایسی هیچ قاو و قالاوێکتان نایەم *

من لێرا هەر شۆفاژێ پێخەفمە و دڵم لەرەی پنالّتییکە *

ئافسایدمن دڵم لە گرەی لەچکەیەکا کەوتووە کوردی نیە *

تا ئێرەی شێعرەکە وەبیر شێعرێکی "عەبدوڵڵا پەشێو"ی خستمەوە کە لە سەرەتای ساڵی ٨٩ ی هەتاوی‌دا، لە کۆڕێکی شاری هەولێر خوێندیەوە و پاشان لە گۆڤارەکانی ئەو دیودا لەگەڵ چەند شێعری دیکەی، بڵاو بووەوە کە دەڵێ :

کوردستانم بە گۆڕەپان دێتە بەرچاو

سەربەخۆییش بە تۆپێکی باش فوودراو ...

جا شاعیر بە بیستن یا خوێندنەوەی ئەو شێعرە، هەستی بۆ هۆندنەوەی ئەم شێعرەی بزاوتووە یان نا، کارێکمان نییە و دێینەوە سەر پنالّتیەکە کە بزانین ئاخری بۆی گیراوە یان نا؟ ئاشکرایە کە شاعیر زۆری حەز لە تۆپانێیە و دوو ئەوەندەش لە پنالّتی، چوون پنالّتی فارسی گوتەنی ڕوودواوێکی (**ضعیف کشی**)یانەیە و قارەمانی ئەم شێعرەش زۆری کەیف بە زەعیفکوژی دێت و لێرەشدا تەواوی حەولی خۆی داوە کە بتوانێ وشەگەلێک کە لە نێو دنیای یاری و تۆپانێ دایە، بیهێنێتە نێو شێعرەوە، ئەوەش بە خوێنەران دەسپێرم کە بڕیار بدەن سەرکەوتوو بووە یان نا!

لە دوای کوتانی تۆپەکە و لێدانی پنالّتیەکە بەم لاوە، شاعیر سەر بە نەخۆشخانەدا دەکا و بە ئەو پەڕی تووڕەییەوە، کارەساتی شێعر بە عەڕش دەگەیەنێ ...

شێعری " هێڵەکانی ئەم جادە ، قالّاوتر لە بارانن !

دار دڵ ڕەقە بنووسە درەخت

ئەم ڕۆژانە جەرەسەقیل

کاری هەموومان ئەکاو

قالّاو لە بێکاریا

کلّاو ئەکاتە بەر باران !

بۆ ئەم شێعرە نە لە باری زمان و نە لە ناوەڕۆک و نە لە فۆرم و پێکهاتە و نە لە خوازەوە نامهەوێ بدوێم، تەنیا دەڵێم بە نووسینی ئەم شێعرە، شاعیر دوو دووژمنی بە هێزی بۆخۆی کڕیوەتەوە. ئەویش (تیرئاهەن و ئالّماتۆڕن) کە گلەیی دەکەن و دەڵێن بۆ نێوی هەموو ئامرازێکی هێناوە لە شێعرەکانیدا، تەنیا ئێمە نەبێ! بە کورتی چاوم بە چەند شێعرێکی شاعیردا خوشاند و بە غەدرم زانی کورتە باسێکیش لە سەر کورتە شێعرەکانی بەڕێز میرزایی نەکەم و چاوێکیش بە سەر ئەواندا نەخوشێنم، هەر ئەو شێعرانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن کە شاعیر بە نێوگەلێکی سەرڕاست ناوی بردوون.

٢٢٢

گومانت لێئەکەم /لە تەنیاییەکانت/ هێشتا تاڵی دەمم/ لە سینەتا .../ لێگەڕێ *

٤٤٤

لە گۆشەیەکی دڵتەنگیەکانتا دامبنێ / سەرشێتانە شاعیرێکم / لە خەڵوەتی خیابانا بە برێ هەرا ئەکەم / یەکێ ئەیوت : من پیاوێ بە ئاخری دنیام کێ بە کێیە *

٧٧٧

سەرەتا نە شار بوو/ نە دار نە درەخت / دیوار دڵتەنگ بوو / پەنجەرە کرایەوە/ کچ تەنیا بوو شار هەڵیگرد / چوار شەممەیە و / چوار گۆشەیەک هەمیشە شێت . ئەو یانەی کە لە سەرەوە بێوڵامم هێشتەوە ئێستا تا ڕادەیەک دەکرێ بەم شێوەیە وڵامی بدەمەوە کە ئەگەر لە کۆی کتێبەکەدا، ئەم کورتە شێعرانە نەهاتبایە ئاراوە، قەت باوەڕم نەدەکرد قەڵەم بە دەستی ئەو شێعرانەی دیکە هەر شاعیری ئەم کورتە شێعرانە بێت. هەر چەند نالّێم کە لەو کورتە شێعرانەدا بەتەواوی سەرکەوتوو بووە، مەبەستم ئەوەیە کە لە هەمبەر ئەرکی شاعیرانەی خۆی زیاتر وەستاوە. لێرەدا کاک شوعەیب مزگێنییەکی خۆشمان پێدەدا کە دیارە وزەی ئەوەی هەیە بە خوێندنەوەیەکی بەردەوام و پارێزکردن لە بە پەلەنووسین دەتوانێ ببێتە شاعیرێکی باش و بەئەزموون و بە دڵنیاییەوە یەکێک بێت لە شاعیرە باشەکانی ناوچەی ئەردەڵان !

پەراوێز:

*** بابەتی ئەزموونکراو بریتییە لە ئەزموونیک بە ناوی " قورباغەی آرامپز " کە فیزیۆلۆژیستەکان و پسپۆڕانی ئەو بوارە بە ئەزموونێک لە سەر قربۆق توانیان بە ئاکامێکی سرنجڕاکێش بگەن، تاقیکردنەوەکەش بەم شێوەیە دەست پێدەکا کە بۆ نموونە قربۆق لە هەستپێکردنی گەرمای پلەی ٢٠/١ لەو شوێنەوە بۆ شوێنێکی تر، جێگوڕکێ دەکا و پازد دەدا، کەچی لە گەرمای پلە ٢٠دا، لە شوێنی خۆی جوولّە ناکا! کەوایە دیارە لەشی ئەو قربۆقە هەندە هەستیار و هەستکەرە کە تەنانەت هەست بە هەڵچوونی یەک لە دەی پلەی گەرما دەکا. دواتر لێژنەی ئەو پشکنینە تەگبیرێکیان کرد کە ئەگەر ئەو یەک لە دەیەی بۆ بکەن بە دە بەش و هێدیهێدی پلەی گەرماکەی بۆ بەرنە سەرێ، بڵێی ئەمجار چ ڕوو بدا و لە چ پلەیەکدا، قربۆقەکە وەجوولّە دەکەوێ! قربۆقێکیان هێنا و خستیانە نێو شوێنێکی تایبەتی پڕ لە ئاو و لە سەرەتاوە پلەی تینەکەیان بۆ کز کرد و بە هێواشی پلەکەیان بەرەو سەرێ دەبرد، تا پاڵی بە ٢٠ وەنا و بەرە و ٢١ و دواتر ٢٢ دواتر ٣٥ و ... قربۆقەکە جوولّەی لە خۆی بڕیبوو، پسپۆڕانی ئەم ئەزموونە سەریان لەو کارە سووڕ مابوو کە ئەو بۆقە بۆ هیچ دژکردەوەیەکی نییە، تا وای لێهات خەریک بوو ئاوەکە بێتە کوڵ، کە قربۆقەکەیان دەرهێناوە و بینیان قربۆقەکە ئیفلیج بووە ! "

هەواڵنامەی کێڵ

خەیاڵ

جەلیل ڕەحیمی



کەریم لە ناو ماشێنەکەیدا، لە سەر چواررێیانێک، لە پشت چرای سوور مابۆوە، کە چاوی بە لاپەڕەی سەرەخۆشی کاغەلی کەوت. کەریم لە ناو فڕەفڕی ماشێنەکانداً لە هەموو لایەک دەیڕوانی و بە ڕێکەوت چاوی بەو پەڕە کاغەزە کەوت، کە لەو بەری پیادەڕۆ، بە لاشانی دارتێلێکدا قایم کرابوو. لە دووڕەوە ڕەسمێکی لێڵ و مەحوو، دیار بوو لەگەڵ ناوی کاغەلی و چەند دێر نووسراوەی دیکە کە هێچی بۆ نەدەهاتەوە سەر یەک. کە چرا کەسک بوو و ماشینەکان وەڕێ کەوتن و بڕێک چووە پێشتر، ئاورێکی تری وە لاپەڕەکە داوە و ئەو جار کە پەڕییەوە ئەو بەری چواررێیانەکە، هەر وا سەد میترێک ئەو لاتر بە حەپەساوی، سڕ و کاس لە ماشێنەکەی دابەزی و گەڕاوە بۆ لای چواررێیانەکە. شەقامەکان هەر لەو سەر، لە بەیانێەڕا ئاخندرابوون لە دووکەڵ. کەریم لەو ماوە کورتەدا، لە ناو خۆیدا هەستی بە بیدەنگێکی سەرسووڕهێنەر دەکرد. بە ئارامی هەنگاوی هەڵدێناوە و بزەیەکی تاڵی نیشتبووە سەر لێو، کە هی شک و گومانێک بوو کە داخوا بە هەڵەدا چووە یان نا. بیری لای کاغەلی بوو. زۆر جار کە باسی کاغەلی دەهاتە گۆڕ، کەریم گوتبوی:" کاغەلی ملی بە حەوت بیوران ناپەڕێ." لە بەرانبەر کاغەزەکەدا، کەریم پێ بە عەرزەوە ڕەق ببوو. سەر لە بەری کاغەزەکەی چەند جار خوێندەوە. ئەڕێ، کاغەلی مردبوو و ئێستا کەریم لەگەڵ ڕەسمەکەی کاغەلی چاویان لە چاوی یەک برِیبوو. کەریم زانی، کاغەلی دەبێ هەر دوێنێ شەو تەواو بووبێت. دەنا لە ناو ئەو شارەدا کە دەلاپەڕەکانی مەرگدا خنکاوە، هیچ مەرگێک ناتوانێ بێدەنگ و بێهەست بێت. کەریم لە ناو ماشێنەکەیدا بیری لەو ڕەستەیە دەکردەوە ئەوەی کە لە سەرەتای تەواوی لاپەڕەکانی سەرەخۆشیدا دەنووسرێ، گەرانەوەی هەموومان بۆ لای ئەوە. بزەیەکی نیشتە سەر لێو. هەستێکی سەیری بوو بە نیسبەت ئەوەی کە هەموو شت بە خێراییەکی زۆر، دوای ساڵیانێک، تیژ دەگەڕانەوە دواوە، بۆ ناو زەینی. ئەو بیرەوەریانەی کە هەستی دەکرد ساڵیانێکە لە ناو زەینیدا چاڵ کراون، لە بنەوە کەوتبوونە جووڵەجووڵ و دەیانهەویست لە ژێر قورسایی ئەو زەمانە دوور و درێژەدا، پشتڕاست کەنەوە و بێنەوە دەر. لەوە دەچێ هیچ شتێک فەرامۆش نەکرێ. کەریم بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخر جار لە کوێ و چۆنی کاغەلی دیتووە. خەمێکی لە خۆڕایی دەهات بەرۆکی کەریمی دەگرت. کەریم هەر وا بوو، لە بەرامبەر هەر هەموو لاپەڕەکانی سەرەخۆشیدا ڕادەوەستا. " ئەوەش مرد. نەمدەناسی، دەرفەتێک دەستی نەدا پێکەوە دوو قسان لە خۆڵێ وەردەین." هەر ئەو بیرۆکە لە خۆڕایانە ئەو خەمە لەخۆڕایانەی لەگەڵ خۆی بۆ دێنا. کەریم بۆ دەبوو خەمی کاغەلی با؟ واش نەبوو کەریم بۆ دەبوو خەمی کاغەلی نەبا. بە دەم ئەو بیرکردنانەوە کەریم گەیشتەوە دایەرەکەی خۆیان. پێش ئەوەی کارتی چوونە ژوور بە ئامێرەکەی بەر دەرگای چوونە ژووردا بکێشێ، یەکڕاست چوو بۆ لای ئاخری ڕارەوەکە و ڕووی کردە هۆدەی ژمارە شەش و چوو لە قەراغ مێزەکەی سمایل لە سەر کورسێک دانیشت و ڕووی کردە سمایل و گوتی:" کاغەلی مرد." سمایل ئێستا خەو بەتەواوی بەری نەدابوو و خەریکی کامپیوتەرەکەی بەر دەستی بوو. چاوی لە کەریم دەکرد و ڕامابوو. کەریم گوتی:" مالّتە کاغەلی، کاغەلی کوڕی حاجی ڕەسوڵ، جیرانی قەدیمان." سمایل لە قاقای پێکەنینی دا. کەریم بزەیەکی نیشتە سەر لێو. بۆ هات بە سمایلی گوت. ئاخر لە ناو ئەو دایەردا، سمایل تەنیا کەسێک بوو کە کاغەلی دەناسی. سمایل و کەریم و کاغەلی لە گەڕەکێکدا، کۆنە جیران بوون. کەریم هەستا تا بڕواتە دەر. سمایل سەری هەڵێنا و گوتی:" خەمتە کەریم؟ بە چی مرد؟ ڕاوەستە، هەڵدەستم و بە شانتدا دەگریم." کەریم لە هۆدەکەی سمایل هاتە دەر. ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕۆژەکانی تری کەریم، جیاوازتر بوو. بە ئەسپایی هەڵدەستا، بە ئەسپایی دادەنیشتەوە، بە ئەسپایی لەگەڵ خەڵک دەدوا، بە ئارامی وڵامی

تەلەفوونەکانی دەداوە. کەریم دەیهەویست بێلایەنگرانە، بڕوانێتە مەرگی کاعەلی. کەریم کە گەڕاوە ماڵ، زۆر بە ماتی نانەکەی خوارد و هەستا چوو لە قەراغ سەماوەرەکە وێستا و دوو چای بۆ خۆی تێکرد و هەڵیلووشین. بە ماتی چاوی لە سەر و گوێلاکی خۆی دەکرد کە سەری بە قەدرایی تێل بەرقێک لێدرێژ ببۆوە و ملی نەمابوو و ناو شانی بە قەدرای دەشتێک، لە ناو سەماوەرەکەدا لە بەر یەک کێشرابۆوە. لەوە دەچوو کەریم خەمی کاعەلی هەڵگرتبێ. ئەو شتانەی کە سەردەمانێک بوو لە بیری کردبوون بە خێرایی تەواو، لە سەر یەک و بە پەرتاو دەهاتنەوە بەر چاوی کەریم.

کاعەلی، مینیبووسەکەی لە بەر دەرگا دەشورد. کەریم دەیهەویست یارمەتی بدا و کاعەلی بە زۆر شیلانگەکەی لە دەست کەریم دەکێشاوە دەر.

کاعەلی لە بەرە بەیانێکی ساردی زستان، ماشێنەکەی هەڵنەدەبووە و کەریم کتێب لە بن هەنگڵ، پاڵی بە مینیبووسە کەسکە زەلامەکەوە دەنا و نەیدەزانی بۆ خودا، بۆ ئەو ساتە وەختە، هێزێکی جادووی پێنابەخشێ، تا بتوانێ مینیبووسەکە لە ناو قوڕ و قاڵ و بەفردا ڕادا و بیخاتە سەر دەور و بۆ کاعەلی هەڵکاتەوە.

کاعەلی لە بەردەرگای ماڵی خۆیان لە سەر تەختە سمیتێک دادەنیشت و لە ژێر بڕۆ ئەستوورەکانیدا، چاوی لێدەکرد کە لەو بەری کۆڵان، کەریم خۆی بە قەیتانی کەوشەکانیەوە دەخافڵاند.

کەریم ئەو نیوەڕۆیە، وەک ڕۆژەکانی تر کە باڵنجەکەی هەڵدەداشت و خۆی داویشتە سەری و بڕێکی دەخستە ژێر ملی و بەشەکەی تری باڵنجەکەی دەخستە ناو ئامێزی و خۆی دەدا دەست خەو، خەو بە چاوێدا نەهات. کەریم قامکە ئەستوورەکانی کاعەلی دەدیت، کە بەرامبەر بە گلێنەی چاوی ڕایداشتبوون و پێی هەرەشەی لە کەریم دەکرد. تەنانەت دەنگەکەشی لە ناو گوێدا بوو؛" هەتیوە دەورەی ماڵم بدەی تێت هەڵدەدەم."

کەریم نەیدەزانی داخوا کاعەلی بە چی تێدا چووە. نەخۆش بووە و بە زەلیلی مردووە، کتوپڕ دڵی لە لێدان کەوتووە، لە ڕووداوی هاتوچوودا گیانی لە دەست داوە. کاعەلی پیر نەبوو، چاک مابوو و دوو ژنی بوو یەک لە یەک خان و مانتر.

ڕۆژی دواتر کەریم چوو لە مزگەوت پاڵی داوە و تەواو دوو کاتژمێر دانیشت. لەو چەند ساڵەدا کە کەریم لە دایەڕەی شارەوانی کار دەکا، بۆتە ناسیاوی خەڵکانێکی زۆر. مەرحەبایان لێدەکرد. کەریم جوابی دەدانەوە و یەک پێ لە بەریان هەڵدەستا و هەودای خەیاڵاتەکانی دەپچڕا و هەر جارەش لە جەمسەرێکدا گرێ دەدانەوە. لەو دوو کاتژمێرەدا کەریم هەستێکی خۆشی بوو بە نیسبەت مەرگ و بەتایبەت مەرگی کاعەلی. جەماعەتێکی زۆر لە برا و کوڕ و خزم و زاوا و کەس و کاری کاعەلی، لە بەردەرگای ژووری مزگەوت، بەرانبەر بە وی ڕیز ببوون و بەخێرهاتنی خەڵکیان دەکرد. کەریم لە ڕۆژگارێکی دوورەوە بە نیسبەت هەر هەموو ئەو کەسانە، هەستێکی خۆشی بوو. جارێک کا عەولای برای کاعەلی لە هۆدەکەی کەریم، لە دایرە وەژوور کەوت. کەریم دەتگوت خوا خەنی کردووە. یەک پێ لە بەر کاعەولا هەستا و خێرا پەروەندەکەی لێوەرگرت و دەستی کرد بە چاولێکردنی لاپەڕەکان.

-کا عەولا، دەبوو زووتر هاتبایە لام. کۆڵەیان کووتاوی. بە ڕاستی نەمدەهێشت هێندەت خەرج بدەنە دەست.

کا عەولا بە سەرسوورمانەوە گوێی دابووە کەریم کە بە زەحمەتێکی زۆر دەیهەویست تێبگەیەنێ، کە کۆنە جیرانن. دەیهەویست حاڵی بکا ماڵەکەیان هەر تەنیا دوو کۆڵان ئەو بەرتر بووە. بە زەحمەتێکی زۆر دەیهەویست حاڵی بکا کوڕی کێیە. حەولێکی لە خۆڕایی بوو، ئاخر باوکی کەریم دانەیەک بوو کە قەت قەتی خوا کەس نەیدەدیت و نەدەهاتەوە یادی کەس، هێند بە ئەسپایی و بێدەنگی وەک سێبەریک بەری بەیان بە کۆڵاندا دەخووشی و ئێواران درەنگانێک گێچاوی و قووڕاوی و ماندوو و شەکەت، وەک تاپۆیەک دەخزاوە ناو چوارچێوەی دەرگای ماڵ.

کا عەولا لە بەر دەرگای ژووری مزگەوت، چەند جار دەستی لە کەریم هەڵێنا و کەریم هەر هەموو جار، یەک پێ هەڵدەستا و دادەنیشتەوە. کەریم بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئەویش یەکێک با لەو کەسانەی کە بە لاشانی ئەو دەرگایەوە پاوەستاون، خۆ عەرز وەئاسمان نەدەکەوت. چاوی بە سەر هەمووانداا دەگێڕا، وەک بیهەوێ ڕادەی خەم و پەژارەی مەرگی کاعەلی لە ڕوخساریاندا هەڵسەنگێنێ. زەمان زوو تێپەر دەبوو. ئەو دوو کاتژمێرە، لە دوو چرکە دەچوو، لە مەعبەینی هەستان و دانیشتنەوەیەک. کەریم بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەو یەکێک با، لەو کەسانەی کە بە لاشانی ئەو دەرگایەوە وێستاون، زۆر چاک سەرافەتی ولاتی دەکرد. کراسێکی

ڕەشی لە بەر دەکرد و دانە بە دانەی میوانەکانی بەخێرهاتن دەکرد. کەوشەکانی بۆ جووت دەکردن. چاپەزێکی باشتری دەهێنا و چاکترین چای دەکڕی و هەموو جاریش لە چاپەز دەخوڕی، تا ئیستیکانەکان جوان بشواتەوە و چای تازەدێم، بۆ ئەو کەسانە بێنێ کە هاتوونەتە پرسەی کاعەلی. کەریم لەو ساتە وەختە کورتانەدا کە بە ڕێکەوت، تێکڕای جەماعەت بێدەنگ دەبوون، دڵ و گوێی هەڵدەخست، تا لە ناو ژاوەژاو و گرمەگرمی دەنگی ژنەکانەدا، کە لە ژێرخانی مزگەوتەکەدا کۆ ببوونەوە، کە وەک کەندوویەکی بەکار و پڕ حەشیمەت، هەر جمەی دەدا. لە ناو زاق و زریقی منالانەدا، لە ناو لووڕەلووڕی گریان و دەنگی فاتیحا خوێندەکانەدا و لە ناو چەق و هەرا و زۆر وڕێکانی ژنانەدا، لە ناو تەواوی هەر هەموو ئەو دەنگانەدا، دەیهەویست دەنگی خەیاڵ بناسێتەوە.

کەریم تەخت پاڵی دابووە. لەگەڵ نوێژی جەماعەت هەستا و چوو دوای ساڵها دەستنوێژی هەڵگرت. کەریم لە کەلێنێک دەگەڕا، لە قوژبنێک، لە درزێک کە لە دیواردا نەبوو. کەریم لە سەفی جەماعەتدا بیری لای خەیاڵ بوو. زۆر هیوادار بوو کە بە یارمەتی خوا، پاش ساڵیانێکی دوور، چاوە جوانەکانی خەیاڵ ببینێ، کە پاش دوو ڕۆژ گریان، هەر خوا دەزانێ چەندە شەهلا دەبن. کەریم لە پاڵەوپەستۆی نوێژدا، هەستی بە بەختەوەرێک دەکرد، کە بۆ دوو کاتژمێری تەواو لەگەڵ خەیاڵ کەوتبوونە ناو چوارچێوەی بینایەکی گەورە. با پرپیش بێت لە قەرەباڵغی و لە ژێر قورسایی مەرگدا بێت.

کە جەماعەت بڵاوەیان کرد، کەریم یەکێک بوو لە ئاخر کەسەکان، کە بە نابەدڵی تەکانێکی دا خۆی و ڕۆی بۆ لای خزم و کەس و کاری کاعەلی و دانە بە دانە دەستی لە ناو دەستی نان و سەرەخۆشی لێکردن. کوڕەکانی کاعەلی دەیاننناسیەوە. مێردەکەی خەیاڵ وەک شێر نێوچاوانی تێک نابوو. کا عەولا خولقی ماڵێی کرد و پێی گوت:" کاکە میرزا گیان بۆ شام دەبێ بگەڕییەوە." تا بەردەرگای دەرێی مزگەوت، بەڕێی کرد و چەند جارانیش پرسیاری لێکرد، کە داخوا توانیوییەتی جەریمەکەی شارەوانی بۆ داشکێنێ. کا عەولا دەستبەردار نەبوو. کەریم دەیهەویست بچێتە دەرگای پشتی مزگەوت و لەوێش بە بیانووی ئەوەی کە چاوەڕوانی کەسێکە خۆ بخافڵێنێ و لە دەرفەتێک، کە خەیاڵ دێتە دەر، بچێتە پێش و سەرەخۆشی لێبکا و تێشی بگەیەنێ کە شەریکی تەواوی خەمەکانیەتی و پێی خۆش بووە کە بۆ خۆی سەد جار بمرێ و چاوی خەیاڵ بە گریانەوە نەبینێ. کا عەولا تا بەر ماشێنەکەی کەریم لەگەڵی چوو. کەریم لە ڕێگای گەڕانەوەدا، تف و لەعنەتی کا عەولای دەکرد و نەیدەزانی چۆن بگەڕێتەوە و ئەگەریش گەڕاوە، داخوا لە ناو ئاپۆرەی ژنانی تازیەباردا خەیاڵ پاشی بیست ساڵ دەیناسێتەوە یان نا.

شەوێ لە سەر جێگاکەی، ئەوەی خەو بوو بە چاوی کەریمدا نەدەهات. خێزانی لە پشتەوەڕا، ئامێزی پێداگرت. کەریم بە خێرایی وەک بیهەوێ لە داوی هەژدیهایەک خۆ ڕزگار کا، لێی دوور کەوتەوە. سەرانسەری شەو، کەریم لە سەر جێگا هەر تلی دا و بیری لە خۆی کردەوە کە چەندە بە زووبی تەسلیم بوو. کاتێک کەریم زانی خەیاڵی خۆش دەوێت، دەورەی ماڵیانی دەدا و لە سەری کۆڵانەکەی ماڵە خەیاڵ، مزڵی داکووتا و لەوێ گیرساوە و بوو بە بەشێک لە کەرەستەکانی سەری کۆڵان. بوو بە دارتێلی بەرق و تەنەکەی زبڵ، یان تانکێرە نەوتە ژەنگاوییەکەی کە دایم و سەعات پاڵی وێدابوو و لە وێڕا، کێشکی ماڵیانی دەکێشا. پاش ئەوەی کە زانی چەند کەسی تر وەک ئەوی دەکەونە شوێن خەیاڵ، ڕۆژێک وەک گوڵە سەگێکی دۆڕاو، کلکی وەبەر خۆی دا و بە ناهومێدی ویستی سەر لەو سۆز و خۆشەویستێیە بنێتەوە. هەر واش بوو. خەیاڵ تەواو نەیگوت برۆ لە کۆڵ بەوە، کە کەریم زمانی شکا و مەیدانی چۆل کرد و چەند حەوتوو دوایە بەدڵخوازی خۆی چووە سەربازی. لەو پادگانە گەورەدا، کاتێک لەگەڵ چەن سەد سەرباز، ڕۆژ هەتا شەو سەگ بە حەساریان پێدەکرا، هۆشی هەر لە لای خەیاڵ بوو. لە هەر پشوودانێکدا سەربازەکانی تر، بە ئیشتیا باسی کەسێکیان دەکرد، کە چاوەڕوانی گەڕانەوەیانە و تا چ ڕادەیەک، تاسەی خۆشەویستەکانیان کردووە. کەریم لە ناو زرمۆکوت و دەهۆڵکووتانی ڕێژەدا، لەگەڵ زوڕنای بەری بەیانی لە خەو هەستاندا، لە ناو ڕاوڕاوێن و شەپە شەپ و بێخەوی سەر بوورجەکەکاندا، لە خۆوە خەیاڵی کردە هی خۆی و شەو و ڕۆژ لەگەڵی دوا و باسی خەیاڵی کرد و خەیاڵی لێ وەڕاست گەڕابوو و هەر بۆیەش خۆی دا دەست دانەیەک لە سەربازەکانی تر و ژێر کراسەکەی داکەند و زۆر بە ئاسانی تاقەتی ژانی کووتانێکی کرد، کە لە سەر بەشێک لە شانە ڕەق و تەقەکەی، ناوی خەیاڵیان بە خەتێکی خێچوخوار بۆ کووتا. لە یەکێک لە پشووکاندا، کاتێک لە پادگانڕا گەڕاوە ماڵ و تێر بە دڵی خۆی دۆڵمەی گەلای خوارد و دیسان زگی تێری بە خۆوە دیت، هەستا و بەرگ و لیباسی گۆڕی و لەو تەنگی بانگی شێوانەدا وەک دیلاغێکی درێژ و چەماوە، قۆڵ و باسکی هەڵکرد و چووە سەری کۆڵان. ڕاست ئەو شەوە خەیاڵ مارەکردنی بوو. کەریم وەک گا دەیهۆڕاند و لە ناو شەقامە دوور و

چۆلەکانی قەراغ شار دەکرووزاوە. هەموو شت کۆتایی پێهات. کەریم گەڕاوە بۆ پادگان. لە ناو بوورجەکەکاندا، تفەنگ لە شان لە تاریکی ڕادەما. لەو ساکە دەشتەدا کە دەشتی دڕک و داڵ و درۆ وشترخۆرکە و درۆزەرکە بوو، لەگەڵ خۆی دەدوا و خەیاڵ لە دوورەوە بە شەکەتی دەهات بۆ لای و کەریم لەگەڵی دەیکرد بە شەڕ و تووڕە دەبوو و دەگریا.

کەریم بەری بەیان لە خەودا مابووە. وەک فیشەک لە سەر جێگاکەی دەرپەڕی. تیشکی خۆر لە پەنجەرەی هۆدەی خەوتنەکەی گەیشتبووە لای تابڵۆکەی سەر دیوار، کە ڕەسمی دوو دارە سنەوبەری ڕەق و درێژ بوو، کە لە ناو هەور و بەفر و مژدا، پشت بە خۆڕێکی بێڕوح و دوور، حاسێ ببوون. کەریم خۆ پیاوی خۆی نەبوو، دەبوو سەری سەعات و کاتی دیاریکراو لە دایرەکەی با. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستا، تیشکی ڕۆژ لەگەڵ ئەو تابڵۆ سڕ و ساردەدا دەبوو مەعبەینی زۆر با، دەنا وەدەرەنگێ دەکەوت. کەریم لە دایرەکەیدا، ڕۆژی وابوو کلکیان پێدەکرد بە فیشەک و هەر جارە بۆ لایەک ڕادەدرا. کەس حیسابێکی وای بۆ کەریم نەدەکرد و کەریمیش لە شارەدار تا دەرکەوانی بەر دەرگا، هەر هیچانی پێ پیاویش نەبوو. کەریم لە پشت مێزەکەی، لە هۆدەیەکی بچووکدا، بە تەنیا دانیشتبوو و بیری لە خەیاڵ دەکردەوە و سیغاری بە سیغار دادەگیرساند. کەریم خەیاڵی لە بیر چووبووە، بەڵام واش بوو کە خەونی پێوە دەدیت. هەر ئەو شەوە، بەرە بەیانی زوو، لەگەڵ مەلا بانگدان، لە خەو هەستا. کەریم پێی سەیر بوو، نە هیچ کۆێیەکی دێشا، نە کاری دەست بە ئاوی بوو، نە خەویشی لێدەکەوتەوە، پاش تاوێک هاتەوە بیری کە خەونی بە خەیاڵەوە دەدیت. خێزانی لە خەو هەستاند و دەستی کرد بە گێڕانەوەی خەونەکەی؛" لە پێش پەنجەرەیەک دانیشتبووم، لەو بەری پەنجەرەکە کۆڵانێک بوو، کە سەرم بە سەر داگرت و لێم ڕوانی، لە چاڵاوێکی قوواڵ و تاریک دەچوو. لەو بەری حەسارە چووک و باریکەکە، دیوارێکی بەرزی خشتچن بوو کە ڕاست بەرانبەر بە من پەنجەرەیەکی تێگیرابوو و خەیاڵیش لە بەر پەنجەرەکە دانیشتبوو. زیاتر لە نەقاشێک دەچوو. من دەستم کرد بە قسان و هەر چی لە دڵم دابوو و دانەبوو، بۆم گێڕاوە. ئازانم بۆ، خەیاڵ، هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەکردم." خێزانی کەریم خەواڵوو، پەتۆکەی کێشا سەر سەری و هەر چەند چرکەیەک دوایە، پڕخەپڕخی دەستی پێکردەوە.

کەریم لە مەرگی کا عەلیدا خەیاڵی دەدیت. خەیاڵ کە مێردی کرد، کەریم مێردەکەی باش دەناسی. زەلامێکی پێ پان و کەپۆ زەلام بوو کە قەزائەن هەر وا سالێک دەبوو لە دێهاتێکی دوورڕا ڕاست هاتبوونە ئەو گەڕەکە. هەتیوو خوشکی زەلام زەلامی بوو. دایکی کە لە نێو دەرگای حەوشە دادەنیشت پڕی چوار چێوەی دەرگا بوو، ڕەش و قەڵەو. کە بەر دەرگای حەوشەی دەمالّی، دەرپێکەی لە ژێر کراسە ژۆرژیاتەکەی دادەخزایە خوار و گۆشتێکی ڕەش هەتا سەر سمتی وەدیار دەکەوت و زیاتر لە ورچێکی نەحاملاو دەچوو، کە تەنانەت نەیدەتوانی دەرپێکەشی هەڵکێشێتەوە. ئەو کات کەریم کە لە پادگان دەگەڕاوە بۆ پشوودان، هەموو شت لە سەرراوە دووپات دەبۆوە، کەریم کۆنە بریتی لێدەکوولاوە و دەچوو دەیخواردەوە و تێک دەچوو. چەندین جار بە ڕاکێشڕاکێش خەڵک بردبوویانەوە ماڵ و لە حەوشەدا فڕێیان هەڵدابوو. کەریم ئاگا لەخۆبڕاو هەر هاواری خەیاڵی دەکرد و هەر وا کە بەرە و دم لە سەر سیمانی حەوشەکەیان، دەکەوت، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە؛" وەمدەزانی بە لانیکەم مێرد بە دکتۆرێک یان وەزیرێک دەکا، دەنا قەد دەستبەرداری خەیاڵ دەبووم." کەریم بە هەزار زمان و تکا و ڕجا دەناردراوە پادگان.

خەیاڵ وەک بەردێک کە لە گۆمێی هاوێی، ون بوو. ماڵە کەریم لەو گەڕەکە ڕۆیشت. کە سالّەکان و وەرزەکان دەهاتن و تێپەڕ دەبوون، کەریمیشیان لەگەڵ خۆ دەگۆڕی. لەوە نەدەچوو کەریم پیاوی خەم و خەفەتهەڵگرتن بێت. دەسووڕاوە و بەشی خۆی بێمنەت پەیدا دەکرد. بە پچڕپچڕ و ڕشوەتدان لە دایرەی شارەوانی، هەر وا لە پەنایەک و بە بێدەنگی قایمیان کرد. سالێکیش گووزەرابوو، کەریم بۆ خۆشی نەیدەزانی چ کارێکی لە ئەستۆیە. نانی بۆ ئەوانی تر وەردەگرت. دەیاننارد بۆ شوێنێک، دەڕۆیشت و خۆی ون دەکرد. کەریم ماشینێکیان دابوویە شەق و پەق، کە بە ئیشتیای دڵی خۆی بە قوواڵکانیدا دەکێشا. نیوەڕۆیان دەهاتەوە و هەتا ڕنگەی لێدەهات دەیخوارد و دوایە لە ناو هەرا و هەنگەمەی ماڵ و تلەقیزیۆن و شاتەشاتی دایکی، باڵنجێکی تووڕ هەڵدەداشت و لایەکی دەخستە بن ملی و بەشێکی گەورەشی لە ئامێز دەگرت و بۆی دەخەوت. چەند جار کەریم گوێبیست بوو کە دایکی لە لای کچە پوور و کچە خاڵەکانی بە فەخرەوە لە تاریفی کەریمدا گوتبووی؛" شکوور کەریم لە شارەوانی دایە." لەوە نەدەچوو هیچ ئافرەتێک لە دونیادا، حیسابی کەرێکی بۆ کەریم کردبێ و کەریمیش کە تووڕە دەبوو، دەیگوت:" سەگ و ژنم، لە لا یەکە."

دەیانگوت، مێردەکەی خەیاڵ دڵپیسی لێدەکا و ناهێڵێ بە تەنیا هەنگاوێک هەڵێنێتەوە. ئەوانەی کە کەریمیان باش دەناسی فشەیان لەگەڵ کەریم دەکرد، لە هەر شوێنێک کەریمیان دەدیت، لە خۆڕا باسێکی خەیاڵیان دێنا گۆڕ. کەریم هەر هەموو شتی لە بارەی خەیاڵدا دەزانی. بڕێکی لە خەڵک دەبیست بەشی زۆریشی بۆ خۆی لە خۆڕا بۆ ساز دەکرد. لە ناو زەینی کەریمدا، خەیاڵ سەیرێکی ناو قەفەس بوو. لە ناو زەینی کەریمدا خەیاڵ قەرەواشێکی بێپەنای، سەگبابێکی پێ پان بوو. کەریم خەیاڵی نەدەدیت، لە هیچ شوێنێک. تەنانەت ڕۆژەکانی گێژن، کەریم دەچوو لە سەری کۆڵانی ماڵە باوکی خەیاڵ دەچەقی. هەتا شەو وەک کەسێک کە ژانێ دەکا، بێقەرار دەهات و دەچوو، هەر هەموویان جار نا جارێک وەدەر دەکەوتن، جگە لە خەیاڵ. کە هەر وەک قەد نەبووبێ وا بوو.

هەر وا بە ڕێکەوت ژنیان بۆ کەریم هێنا. پووری بانگی کردە ماڵە خۆیان. بە تاریفاتی ئەو کچەدا هات کە دوایە بوو بە خێزانی کەریم. کەریم تەقەشی لە سەر نەدەهات و جار نا جارێک ڕوو بە پووری دەیگوت:" کوڕە، جوان بێ، جوان." پووری دەیگوت:" حەمرت نەمێنی، ئیدی بۆ خۆت هێنده جوانی." کەریم لە قاقای پێکەنینی دەدا و زیاتر پێی ڕابووارد‌نێک بوو لە ئێوارەیەکی درەنگی لای بانگی شێوان. کە پووری کەریم پێدادەهاتەوە بە تاریفاتی ئەو کچە، کەریم پێدەکەنی و دەیگوت:" کوڕە، هەر قوولێکی تووک بە سەرەوە بێت، تەواوە. ژن بێ و پیاو نەبێ. پووڕێ ئەو هەوایەت پێخۆشە." پووری دەیگوت: "هەی بەزیاد نەبی کەریم!" هەر وا چەند خوولەک دوایە ئەو کچە هاتە حەوشەی ماڵە پووری. کەریم لە بەر پەنجەرە بیری لە قسەکانی پووری دەکردەوە کە لە تاریفی ئەو کچەدا گوتبوی:" نە کوێرە، نە شەلە، ساغ و سەلیمە و زۆریش کچی چاکە." کەریم دوایە بە پووری گوت:" بڵێی تا ئێستا بە درۆش بێ، کەسێک چاوێکی لەو کچە هەڵتەکاندبێ؟ " هەر ئەو کچەیان بۆ کەریم هێنا. شایەیان بۆ کرد. خەڵک داوەتیان دەگێڕا و کەریم وێڕای ڕەفیقەکانی مەست، مەست، هەڵدەپەڕی و خۆی لە عەرز دەکوتا. دەرنگانی شەو، کاتێک کەریم چوو بۆ هۆدەکەی خۆی، گۆرەوییەکانی داکەند، کەوا و پاتۆلەکەی کردەوە و فڕێی دانە لایەک. تەواوی زرمەوکووت و هاتوهاوار و هەڵاوهەنگەمەی شایەکەی لە ناو سەریدا مابووە. دم و زاری وشک هەڵاتبوو، سەری دێشا. پشت بە بووک دانیشتبوو و هەر بە دەنگی ئەویش وەخۆ هاتەوە، کە گوتی:" ئەوە چییە لە سەر شانت کوتاوتە، خەیاڵ کێیە؟" کەریم خۆی درێژ کرد و گوێچکەی باڵنجەکەی خۆی هاتە بەر دەست و ڕایکێشا و بەشێکی خستە بن ملی و بەشی گەورەشی خستە ناو ئامێزی و سەری لە عەرز چەقاند.

کەریم سێ ڕۆژ دوای مەرگی کا عەلی، سەر لە ئێوارێ سواری ماشێنەکەی بوو و ڕۆیشت بۆ سەر قەبران. لە لای سەروو، قەراغ قەبرە تازەکان، ماشێنەکەی ڕاگرت و لە ناو قەبرەکان‌دا دەستی کرد بە سووڕانەوە، لە گۆڕی کا عەلی دەگەڕا. ئێوارەیەکی زوو بوو. گۆڕستان وەک مەنجەنیقێک، لە بەر سووڕەتاو گەرمای لێدەگەڕاوە. جارجارێک هەڵی دەکردە شەمالێک، گەرم و وشک کە لە ناو خۆڵ و خاکی قەبران‌دا باپێچی دەکرد. قەبرەکان تێکڕا بە یەک ئەندازە و لە قەراغ یەک ڕیز ببوون. هەر قەبرە و بە شتێک نیشانە کرابوو، شاڵێکی کەسک، ناوێک کە بە ڕەڕی یان گێچ، لە سەر کێلە سیمانێکە نووسیبوویان. لە بڕێک ئەو لاتڕڕا هەرایان لە کەریم کرد. کەریم کە لە وڵاتی ڕوانی، دیتی لە سەرتر، کەسێک لە قەراغ کۆمایەک گڵ دانیشتبوو، دەستی بەرز کردبووە و بانگی کەریم ـ ی دەکرد؛" ها، میرزا کەریم، هاتووی عەواریزی لە مردووەکان وەرگری." کەریم چووە پێشتر و کاک محەممەدی گۆڕهەڵکەنی ناسییەوە و پێکەنی. کاک محەممەد جغارەی دەکێشا و جار نا جاریک دمە پێمەڕەیەک وەدەر دەکەوت و بڕێکی گڵ فڕێ دەدا دەر. کریم گەیشتە لای کاک محەممەد و سەری بە سەر گۆڕەکە داگرت و کاک ڕەحیمیشی ناسییەوە و ماندوونەبوونی لێکردن و هەر لە ڕێیەوە پرسیاری لە کاک محەممەد کرد و گوتی:" ئەڕێ بە قەبری کا عەلی نازانی؟" کاک محەممەد گوتی:" کا عەلی کێ؟ وەرە دانیشە، سیغارێکی بکێشین." کەریم چوو لە لای کاک محەممەد هەڵتەروشکا. کاک محەممەد بە حاڵ تەکانێکی لە خۆی دا و گوتی:" یاڵڵا، کەریم گیان، بە خێر بێی." کەریم چاوی لە سەر و گوێلاکی کاک محەممەد کرد، کە لە بەر تاو، لە مەنجەڵێکی مسی کۆنی دووکەڵاوی دەچوو و گوتی:" کا عەلی کوڕی حاجی حەسەن قالوویە، خۆ دەبێ بیاننناسی." کاک محەممەد پێکەنی و گوتی:" سیگارێکت بۆ هەڵکەم." کەریم گوتی:" پێمە، تازەم کوژاندۆتەوە. ئەڕێ کاک ڕەحیم دەیبڕی یان نا." کاک محەممەد پێکەنی و گوتی:" کوڕە نەوەڵڵا نایبڕێ و کەڵەگایی لە خۆی دەکا. سەیزادە تۆپاندوویەتی!" کاک محەممەد هەر وا کە پێدەکەنی، ڕووی کردە کەریم و گوتی:" جا کا عەلی بە شارەداری قەرزدار بوو، یان پوولی قەبرەکەیان تێنەکردووە. بە سەری ئەو کەریمەی، مردووت بۆ دەرناهێنمەوە. دە قەرارداد‌ەکەمان‌دا نەهاتووە." و دەستی کردەوە بە پێکەنین و کۆخەش دایگرت. کاک ڕەحیم لە ناو قەبرەکەدا گوتی:" لە شان و شەپیلک کەوتووین. ئەو شاخە نابردرێ." کەریم

بە پێکەنینەوە گوتی:" هەڵقەنە یاڵڵا، زۆر ناقایلی، بەیانی وەرە شارەداری و حەق و حیسابت بدەمێ و دەرت کەم. چ زۆرە بێکاری بەڕەڵڵا!" کاک محەممەد پێکەنی و گوتی:" ڕاست دەکا ڕەحیم، ئەو کەریمە زۆر بێعاقڵە ها، ئێستا باشت نەناسیوە." کاک ڕەحیم پێمەڕەکەی فرێ دا دەر و بە چنگە کرکە لە ناو گۆڕەکەدا خۆی کێشا دەر و گوتی:" بریا زانیبام ئەتۆ لەو بە قۆڕێگیراوە چ کارەی." هەر سێکیان پێدەکەنین. کەریم گوتی:" کاک ڕەحیم چاک پیر بووی، دەبێ دەفکری خۆیشتدا بی. قەبرێکی دانستە بۆ خۆت هاڵقەنە." کاک محەممەد بە دەم پێکەنین و کۆخەوە گوتی:" جا ڕەحیم چ گوونی بە مردن دەچێ، ئەوە ڕۆژ هاتە ئێوارێ لە سەر قەبرانە. لە ئەوێدا تێرتێر دەحەسێتەوە. پێشم گوتووە، خەمی سەیزادەت نەبێ، خۆ ئەمن ئێستا نەمردووم." کاک ڕەحیم هەر وا کە عارەقەی سەر تەوێڵی دەسڕییەوە، گوتی:" نێو قەبرەکەی خۆشترە، ئەو گەرمایە ئەو ساڵ هەتا نەمانتۆپێنێ، خلاسی نایە. ئەو کا عەلیە، چەند ڕۆژ لە ئەوەی پێش مردووە؟" کەریم لە بەرە خۆیەوە گوتی:" سێ ڕۆژ لە مەوبەر." کەریم چاوی لە کاک ڕەحیم بوو کە ڕوو بە قەبرە تازەکان دەیڕوانی. کەریم چاوێکی لە کاک محەممەد داگرت و گوتی:" کاک محەممەد، کاک ڕەحیم قەد خوڵقی ماڵێت دەکا؟ ماڵەکەیان زۆر نزیکە." کاک محەممەد لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:" کوڕە نەوەڵڵا، ئەو هەموویەشی لە بەر دەپاڕێمەوە." کاک ڕەحیم پیاوێکی فەقیرحاڵە بوو، هەر وا کە بیری لە مردووەکانی سێ ڕۆژ لە مەوبەر دەکردەوە، ڕوو بە قەبرە تازەکان دەیڕوانی و لە بەرەخۆیەوە گوتی:" دیسان دەستی کرد بە گووخواردنێ. ئەی ئەتۆ بۆ نامبەیەوە ماڵە خۆتان؟" کاک محەممەد هەر وا کە پێدەکەنی، گوتی:" جا ڕەحیم بە سەری بابت کوا ئەمن ماڵم. بۆ خۆم ناوێرم بچمەوە ماڵ! دێڵە گورگێکم دەژووڕێ دایە، بە سەری ئەو ڕەحیم و میرزا کەریمەی، هیچ سەیەک ناوێرێ پێشی بوەڕێ." کەریم هەستا سەر پێ و گوتی:" لەوە دەچێ ئەو داوە بۆ من داندرابێتەوە. ئێوە ساڵهایە پێکەوەن و کلکتان لێک گرێ داوە. هەستە کاک محەممەد، تازە تەواو بوو. کاک ڕەحیم هەتا بانگی شێوان هەر ڕوو بەو قەبرانە دەچەقێ و تێیان دەفکرێ." کاک محەممەد پێکەنی و قونچکە سیگارەکەی فرێ هەڵدا و بە کووڕە کووڕە کەوتە شوێن کەریم. کەریم گوتی:" چۆن دەگووزەرێ کاک محەممەد؟" کاک محەممەد گوتی:" زۆر چاک." کەریم کە ئاوڕی داوە، کاک محەممەد بەری دەستی نیشان دا.کەریم گوتی:" پێمخۆشە. بۆ خۆت ئەو چیمەنانەت ئاو دەدا، پێی قایل نەبووی." کاک محەممەد گوتی:" کوڕە پێی بەڕێ نەدەچووم. ئەو گورگەی ماڵێم بۆ تێر نەدەبوو، چ بگا بە کچ و زاوایان، کە ماڵ وێرانیان کردووم. ئێستا باشترە. سەحەب مردووی وایە بە خێرا خۆی، پووڵێکمان دەداتێ." کەریم گوتی:" دەبێ قەبرەکەی لەو ڕیزەدا بێ." کاک محەممەد گوتی:" باشە قەبری کا عەلی ـ ت بۆ چییە، کەریم؟" کەریم پێکەنی و گوتی:" کارێکم پێیەتی، ئیدی." کاک محەممەد گوتی:" بە سەری بابت بۆ چیتە؟" کەریم گوتی:" نازانم چۆنت حاڵی کەم. چەند ساڵ لە مەوبەر شتێکم لێ دەئاوێ کەوت. ئەوە قسەی زوویە. ئەو نیوەڕۆیە، لە ماڵێ خەوم لێکەوتبوو و دەخەونمدا بوو، ئەو شتە ڕاست ئەو ئێوارەیە، لە سەر قەبری ئەو کا عەلی ـ یە، ڕەسەر ئاو دەکەوێتەوە." کاک محەممەد لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:" پەکوو، قەد نابی بە بەشەر!" و لە مەعبەینی دوو قەبراندا ڕاوەستا و پێمەڕەکەی لە سەر شان هێنا خوار و گوتی:" لەو دووانە یەکیان هەوە." کەریم گوتی:" فەرقێکی وا ناکا. دەستت خۆش بێ، کاک محەممەد." کاک محەممەد پێمەڕەکەی خستەوە سەر شانی و گەڕاوە بۆ لای کاک ڕەحیم کە هەر وا ڕوو بە قەبرە تازەکان، ڕاست ڕاوەستابوو. کەریم لە مەعبەینی هەر دووک قەبرەکەدا ڕاوەستابوو لێی دەڕوانین. هیچ فەرقێکیان نەبوو. بە قەدرای یەک بوون و بە قەرا یەکیان خۆڵ وێ هەڵدرابوو. کەریم لە قەراغ یەکیان هەڵتروشکا و دەستی بە سەر گڵ و خۆڵەکەی سەر قەبرەکەدا خوشاند. تەخت دانیشت و دەستی خستە گیرفانی و جغارەیەکی دەرهێنا و هەڵی کرد. هانیشکی خستە سەر کێڵە سیمانێکە و چاوی بڕییە ڕێگای گۆڕستان. تا دەهات بایەکە تووندتر دەبوو و لە ناو کێڵ و بەردەکانی سەر قەبرەکاندا، با پێچی بە خۆڵ و خاک دەکرد. کەریم هەر وا کە ڕوو بە ڕێگا دەیڕوانی، گوێی لە دەنگی قەڵەڕەشەکان بوو، کە تا دەهات، لە ئاسماندا زیاتر دەبوون...

ژن

بۆ ئەحمەد کایا

هیوا قارەمانی



نەک هەر لەو دەمەدا، بەڵکوو ئەو بە دایمە جۆرە ترسێک و خۆفێکی لەگەڵ خۆی پێبوو، بە جۆرێک کە لە دم بە دمی ڕەفتارەکانیدا، لە دەستوپێ لێ تێکەڵبوونیڕا، لە خاترجەمنەبوونیڕا، لە پەلە و هەڵەکانیڕا، لە وتاری لەتوپەت و بێسەرەنجامیڕا و... بە دایمە بە بێحەولێکی ئەوتۆ دەتتوانی ئەو ترس و خۆفە ڕێ پێبەری. هەڵبەت گەر هاتبا و تەنیا جارێک، هەر بە تەنیا جارێک، چاوت بە چاوی کەوتبا، یانی هەلێک ڕەخسابا هەتا چاوت لە چاوی ئاڵقابا، ئیتر پێویستیت بەوە نەدەبوو هەتا بۆ حاڵیبوون لەو ترس و خۆفەی لە دەروونیدا، بناغەی داکوتابوو، ڕەفتارەکانی دیکەی لێببینی. بەڵام ئەو جارەیان هەر وەک جیاوازییەکی مەزن لە ئارادا بێ، هەلومەرجێکی سەیر خەریکی ڕوودانە. هەڵبەت نازانم، چوونکە بۆی هەیە شتێکی زۆر سەیرتر لەوەی ئەمن پێم سەیرە، بەر لەو هەلومەرجەی ئەمن پێم "هەلومەرجێکی سەیرە" ڕووی دابێ.

لە نیوەشەو لای داوە، هێند درەنگە، کە شەو شەوبوونی خۆی لە بیر چووتەوە.

کاری بەدزی، بەر لەوە، زۆر ئەنجام دابوو. ئەوەندە زۆر کە لەو تێکەولێکەی ناو مێشکیدا هەموو، هروژمیان هێنابووە بەر دەرگای وەبیرهاتنەوە؛ هەر بۆیە بە چەشنێک تێکهاڵ بوون کە هیچیان دەرفەتی هاتنەدەر و کەوتنەوە بیریان بۆ نەدەڕەخسا. هیچی وەبیر نەدەهاتەوە. لە کاتێکدا، لەو دەمەدا پتر لە تەواوی تەمەنی هەستی بە وەبیرهاتنەوە دەکرد. شتێک بەر لە گشت شتێ خوازیاری وەبیر کەوتنەوە بوو. بەڵام ئەو ڕاست نەیدەویست ئەو شتەی وەبیر بێتەوە. کەچی بە دەست خۆی نەبوو، پتری لە دەست نەدەهات کە پێشی کەوتنەوە بیری پێبگرێ. ئەوە هەمان کاری بەدزی بوو کە ببوو بە هۆی ئەوە کە ئەو دواین کارە بەدزی بکا.

دەیگوت: " چ بکەم، بە دەست خۆم نەبوو، موسیقا تەواوی ژیانم بوو. تەنانەت بەر لەوەی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکبێنم، ئەوەی دەزانی و بە لایەوە شتێکی ئاسایی بوو. ئیدی چۆن بوو وای لێهات؟ بۆ دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و هەر کە مانگ و وەرز و ساڵەکان، دەڕوورەوە دەچوون، ئەو پتر لە سەر وازهێنانی من لە سازلێدان و موسیقا پێداگر بوو؟ جا ئەوە هیچ، من بۆ بە بیرمدا هات وا بنوێنم کە بە قسەییم کردووە و لەو پاشی ناچار بم بە دزی بچمەوە ناو کۆڕی دۆستانی موسیقاکارم؟ بۆ...؟"

ترس تەواوی لەش و هەست و هەناوی داگرتووە. لە نیوەشەو لای داوە، بە چەشنێک کە تەنانەت شەویش شەوبوونی خۆی لە بیر چووەتەوە؛

"درۆیە..."

ئەوە واژەیەکە، کە بۆتە سەربەندی تەواوی ئەو پەیڤانەی بە زەینیدا دێن. دەرگا دەکاتەوە و بە پرتاو دێتە ناو کۆڵان. هەر چەند تێدەکۆشێ دەنگی داخستنی دەرگاکە نەیە، بە خۆی نییە وای دادەخا کە دەنگی وێککەوتنی دەرگای ئاسن و چوارچێوەکەی لەو سەرەوسەری کۆڵاندا دەنگ دەداتەوە.

ساز لە دەستی ڕاستیدا و بە دستی چەپی چارشێوی سەری گرتووە و لە دوو پلیکانەکەی بەردەرگا دێتە خوار و پا دەنێتە سەر هەردی کۆڵان! لاقی تێکهەڵدەنگوێ و هەندێک وەخۆ دێتەوە. وەخۆهاتنەوەیەک کە لە خەیاڵی دێنێتەدەر. خەیاڵێکی کە لە پاشی

لە خەو ڕاپەڕینێکدا تووشی ببوو. ئەو لە خەودا بوو، خەوێک لە بە درێژایی تەمەنی هەتا چەند کات بەر لە هێستا تێیدا دەژیا؛ خەوێک کە هەر لە چەشنی کەسێکی کە دەم بەخەو ڕێ بپێوێ هەر کە وەخەبەر هات، بەر دەبێتەوە؛ ئەو بە دوای لە خەوڕاپەڕینێکدا نەیدەزانی لە کوێیە و چ ڕووی داوە و دەبێ چ بکا؟! تەنانەت هەتا بەر لە هەڵەنگوتنەکەی نەیدەزانی کە لە ناو کۆڵان دایە. لەو پاشی "ترسێک" و "خۆفێک" وەها بە سەریدا ڕووخا، کە ڕووخانی چەند کات پێشتری خۆی هەر لە بیر نەما. تاریکی لە دڵی کۆڵانی بەقەدرا درێژایی شەوی دوور و درێژی باریک و تەنگەبەردا جارناجارێک بە دەستی نووری کەمهێزی لامپی دارتێلێکی کۆڵان هەر وەک ئیستگای بازڕەسی پۆلیس پێشی پێدەگیرا؛

"درۆیە...!"

لەگەڵ خۆی گوتی.

" وا نییە! ئەمن هەر ئەو کەسەم کە بەر لە ژیانی هاوبەش، خۆشەویستیم لەگەڵ ئەو فام کرد، یادی بەخێر، یان نا بەلەعنەت بێ ئەو دەمەی بۆ یەکەم جار چاوم پێی کەوت لە بەر دەرکی مەیخانە. مەیخانەی سەری کۆڵانی ماڵە باوکم. سەرخۆش بوو کە لەگەڵ هاوڕێیەکانی هاتە دەر. سوورایی کوڵمی جوانتری کردبوو. سازەکەم پێبوو؛ لە تەمرین دەهاتمەوە، تەمرینی گرووپی تازەم" — غرورم هەر جوانچاکێکی ئاوای کەمە، چ بیرێک بوو، ئەو بیرە؟ چۆن بوو هاتە سەر ڕێگام؟ زۆر درەنگە، ئەوەندە درەنگ کە تەنانەت شەویش بە شەوبوونی خۆی نازانێ؛

"درۆیە،.."

لەگەڵ خۆی گوتی.

هیچ کات ئەوەندە بەپەلە و سەرلێشێواوی ترس و خۆفی بە دایمە هاواڵی خۆی لێ بار نەببوو. هیچ کات لەو دەمەی شەودا لە ماڵێ نەهاتبووە دەر، لە تەواوی تەمەنیدا. لقی دارەمێوی جیرانی چەند دەرک سەرتریان، لێی ببوو بە تاپۆی ڕێگرێکی سەهەندەی بێڕەحمی غولئاسا؛ ((ئەلعان نا ئەلعان خۆم پێدا دەدا، خۆ ناتوانم بگەڕێمەوە، چ بکەم؟)) بەو ترس و خۆفەوە دەگاتە ناو سنووری بێهێزی نووری لامپی دارتێلەکەی دی. لەو بەری دارتێل، سێبەرێک دیارە؛ دڵی تێکەڵاوە لە حەسانەوەی لە دارەمێو تێپەڕین و ترس و لەرزی سێبەری ئەو بەری دارتێل و ئەو خۆفی هەڵا ژیاو، کە سواری وجوودی بووە و لێی بارە، کەچی بە دەنگی پێکهەڵپڕژانی دوو پشیلە لەو بەری دارتێل، قیژەی هەناوی لە ترسان بە سەر زاردا نەهاتووی، وەها لە هەر چوار دااڵنی دڵیدا دەنگ دەداتەوە، کە دڵی خەریکە سنووری سینەی ببەزێنێ.

" بریا حەسەنەشێت مابا و وەک سەردەمی منااڵیم هەر لێرە لەو بن دیوارە دانیشتبا"، لە دڵی خۆیدا دەیگوت. هەر چەند وەبیری دێتەوە کە چەند لە حەسەنەشێت دەترسا و هێشتا ئاواتەخواز بوو بۆ شکانی ترسی هەناوی، حەسەنەشێت لێرەبا!

"دەنگی لاقی خۆمە"

لە دڵیدا دەڵێ.

"نا یەکێک بە دوامەوە"

"دووبارە لەگەڵ خۆی گوتی".

ناتوانێ ڕاوەستێ. وا بیر دەکاتەوە گەر هاتوو کەسێک بێ، دەیگاتێ. دەنگی وەعەرزی کۆڵانخشانی دەمپایی پێی، ئازاری دەدا. بریا کەوشەکانم لە پێ دابا"-، ڕیتمی ڕۆیشتنەکەی تووندتر دەکا، ئەوەی بە دوایەوەیە، بە هەمان شێوە تووندتر بە دوایدا دێ، "دەبێ چ بکەم؟"، هێندم نەماوە دەگەمە کۆڵانەکەی ماڵە بابم" — تووندتر دەڕوا، ئەویش تووندتر بە دوای دادێ." ئەلعان نا ئەلعان پڕم دەداتێ، دەقیژێنم، نا، گەڕەکم وەسەر دەگەڕێ"... هەڵدەنگوێ و بەردەبێتەوە، بەر لە هەر کارێ، هەر لە ئاستەخۆی ئاوڕ دەداتەوە؛ خۆف بە سەریدا ڕووخێ، بەڵام خۆ کەس دیار نییە! چی لێهات؟" خۆی شاردەوە؟ لێم خەفتاوە...؟" هەڵدەستێتەوە سەرپێ، سەرپاییەکەی تیتۆڵێکی لێهەڵبڕاوە و لە عەرز دەخشێ. وەبیری دێتەوە یەکەم جار کە دایکی دەمپایی بۆ کڕیبوو،

هەواڵنامەی کێبڕکێ



چەندەی شایی بە خۆی بوو:" دایکم دەمپایی بۆ کڕیوم، ئەوە واتاکەی ئەوەیە، شەوانە وەک ئەوان دەتوانم بچمە ناو کۆڵان" ... ڕادەچەنێ:"ئای کوا منالّیم؟ کوا دایکم؟"

" درۆیە...." لە گەڵە خۆی دەڵێ.

ساز بە دستی ڕاستییەوە و بە دەستی چەپیشی چارشێوەکەی بە چەنەیەوە گرتووە. دەگاتە ڕاستی کۆڵانە بۆنبەستەکەی ماڵە باوکی کە لە دەستی ڕاستی هەڵکەوتووە.

"دەچمەوە ماڵە بابم"

لەگەڵ خۆی دەڵێ.

"نا، نابێ، نابێ"

"بریا دایکم مابا!"

ئاخێک هەڵدەکێشێ و بە بێڕامان و بێئەوەی نەختێک لە خێرایی هەنگاوەکانی کەم بکاتەوە، لە ڕاستی کۆڵانی ماڵە بابی تێپەڕ دەبێ. باوکی پاش دایکی، دوو ژنی هێناون و لەو کاتیشەوە هەر بە مێردەکەیدا، جارناجارێک سڵاوێکی بۆ کچەکەی ناردووە.

" گەر بێتوو بچمەوە ماڵە بابم، بۆخۆی دەمکوژێ، دەڵێ ئابڕووم هەیە خەڵک دەمناسێ، چۆنت بپارێزم کەچی هەر بوویە مایەی نەنگ و سەرشۆڕی؟!"

"وا بیر دەکاتەوە"

کۆڵان نابڕێتەوە و شەو، شەوبوونی خۆی فەرامۆش کردووە.

"درۆیە...!"

"ئەو بۆخۆی پاش یەکتر ناسینمان بۆ دیاری ئەو سازەی بۆ کڕیم. وەک کادۆ، بەرزترین شتێک بوو کە لە تەواوی تەمەنمدا دابوویانمێ. چۆن وای لێهات؟

بۆ وام کرد؟"-،

ترس و خۆفی ڕووخاو بە سەریدا، دەمێکی کورت بوو جێی خۆی دابوو بە ئیستریسی پێوانی کۆڵان.

"ڕوو لە کوێ کەم؟"

لە خۆی پرسی.

" درۆیە...!"

" ئەمن خۆشبەختترین کچی گەڕەکێ بووم، بابم حاجی و تاجر، مێردم کوڕە مەلای دوکتور. ئەو بۆخۆی شەوانە بەشێک لە ساتوکاتی، بە گوێ هەڵخستنی بە موسیقا تێپەڕ دەکرد و بەتایبەت عاشقی دەنگی ویۆلۆن ببوو. دەیگووت بە ئیشقی تۆ..."

کۆڵان نابڕێتەوە و لەگەڵ شەو بڕیاریان داوە هەتا مەرگ بخایەنن. ساز بە دەستی ڕاستییەوە بە دەستی چەپیشی چارشێوی بە بەرچەنەیەوە گرتووە.

"یەکەم جار لەو ئاستە بوو یەکترمان دواند. لە مێژ بوو بە دوامەوە بوو، هەستم دەکرد، بەڵام وەڕووی خۆم نەدەهێنا؛ نفرین لەو دەمە. بریا قەت ڕووی نەدابا. دەست و پێم وەلەرزین کەوتبوون: داخوا سەر و ڕوخسارم تێک نەچووە؟ بریا بەر لە هاتنەدەر، جارێکی دیکە چووبامە بەر ئاوێنە. دەیجا چییە؟ باوکم تووڕەیش بووبا، قەیدی نەدەکرد، چوونکە دەمهەویست جوانتر بێمە

بەرچاوی؛ هات و گەیشتە ڕاستی من و سەبرێکی بانگی کردم. دڵم خەریک بوو لە کوتان بکەوێ و چاوم نەیدەدیت و زمانم لەنگ ببوو. وەخۆم هاتمەوە و ولاّمم داوە، هەر ئەوەم وەبیر دێ کە بە پێکەنینیەوە گوتی منی کوڕە مەلای دانیشجووی پزیشکی لە تاوانت شێت بووم و تۆیش هیچ لوتفێکت نییە! دەمهەویست بڵێم، منی کچە حاجیش، شەڕ و جنێوی باوکم بە گیان دەکڕم، ئەتۆیش هیچ مەرحەمەتێکت نییە؛ کەچی نەمگوت، چوون دەمزانی بەپێی داب، منی کچ نابێ خۆشەویستی بدرکێنم، دەبێ لێی گەڕێم خۆشیان بوێم و بەشی من نازکردنە."

"درۆیە...!"

بیرەوەرییەکەی لە خۆی بڕییەوە.

نسێی دیوارەکانی لای ڕاست کەوتبوونە سەر دیوارە ڕووخاوەکانی لای چەپ، چوونکە لە پشت دیوارەکانی لای ڕاست چەند پڕۆژۆکتۆڕی زۆر پڕهێز، نووریان دەخستە ناو حەوشەی پشت دیوارەکان. جا چوونکە بڵێندتر لێدرابوون، سێبەریان ساز دەکرد. هەمیشە ئێرەی پێناخۆشترین شوێنی کۆڵان بوو لە دڵیدا؛ گەر ئێرەی تێپەڕ کردبا، هێندەی نەدەما بۆ سەر شەقام.

"بڵێی کۆڵان تەواو بێ؟"

"بڵێی ڕۆژ بێتەوە؟"

لە خۆی دەپرسێ.

گەر زۆر بە لەسەرەخۆیی و بە کاوەخۆیی لە کاتی ئاسایی‌دا، لە شەقامڕا، بە کۆڵاندا، بەرە و ماڵێ ڕۆیشتباوە، ئەوپەڕەکەی، دە دەقیقەی پێدەچوو.

" بۆ نابڕێتەوە؟"

لە خۆی دەپرسێ.

ڕووناکایی لامپی دارتێلەکانی شەقام کە ڕاکشاوەتە ناو کۆڵان، وەدیار دەکەوێ. ترس و خۆفی بە سەری‌دا ڕووخاو پتر دەبێ. هەر دەڵێی لەو کاتەدا تازەی لێدەرکەوتووە کە پێی خۆش بوو ئەو کۆڵانە قەت نەبڕێتەوە و ئەو شەوە هیچ کات کۆتایی پێنەیە.

ساز لە دەستی ڕاستی‌دا و بە دەستی چەپیشی چارشێوی بە چەنەیەوە گرتووە. لە خێرایی هەنگاوەکانی کەم دەکاتەوە.

"درۆیە..."

"درۆیە..."

"درۆیە..."

"دەنگی لاقی خۆمە"

" نا یەکێک بە دوامەوە"

"درۆیە..."

"دەچمەوە ماڵە بابم"

"نا، نابێ، نابێ"

"بریا دایکم مابا"

"درۆیە..."

"درۆیە..."

"درۆیە"

"بڵێی کۆڵان تەواو بێ؟"

" بڵێی ڕۆژ بێتەوە؟"

حەوالنامەی کتێب

" بۆ نابڕێتەوە؟"

" درۆیە..."

لەگەڵ خۆی بوو.

کۆڵان بڕاوە. شەو بە تێهەڵکێشانی نووری لامپی دارتێلەکان، لە بیر شەقام چووبووە. دەستێک ئەملاو دەستێک ئەولا!

" دەبێ چ بکەم؟"

"دەچم بۆ لای مەیدانی شار.

بە خۆی گوت.

وەڕێ کەوت. لە ناو شەقام جگە لە سەگ و بێدەنگی، هیچ دیار نەبوو. هەڵبەت پاش ئەوەی بەو ئاکامە گەیشت، کەسێکی لە قەراغ پیادەڕۆ لە ناو کۆنە تەلیس و شڕەوبڕەدا خەتووی، چاو پێکەوت.

ساز بە دەستی ڕاستییەوە و بە دەستی چەپیشی لکی چارشێوەکەی بە چەنەیەوە گرتووە. دەگاتە مەیدانی شار. سەرلێشێواو و بێدەستهەڵات. دوو دەوری مەیدان لێدەدا.

"چم بە سەر دێ؟"

"دەبێ چ بکەم؟"

پرسە لە خۆی.

بێ ئیختیار بەرەو چوارڕێی سەروو دەڕوا. دیگاتێ. ترس و خۆف بەسەریدا ڕووخاوە. هەناوی پێنەماوە. ئەو سەرەوسەر بۆ هەر چوار لای چوارڕێ دەچێ. سەرلێشێواو ، ئەوەندە لە ژێر باری ئاواری ترس و خۆف دایە کە تەنانەت دڵیشی هێزی کوتانی نەماوە. ماشینێک دێ.

"ئەوە هیوایە کەوتە دڵم؟"

لە خۆی پرسی.

"نازانم چییە؟"

لە وڵام خۆیدا دەڵێ.

ماشینە دیارە هی زەنگین و دەوڵەمەندانە. هی خاوەن شکۆ و بەفەرهەنگانە!

"خودایە گەر لێشم قەومابێ، چاکت هێنایە سەر ڕێم. ئەوە دیارە هەر کەسە لێم تێدەگا. چارەیەک بۆ دەردی بێدەرمانم پەیدا دەکا". لە دڵە خۆیدا گوتی.

خاوەن ماشێن، شلی کردەوە و خێرایی ماشێنەکەی ئەوەندە دابەزاند هەر دەتگوت دەیهەوێ ڕایگرێ، تێر تێی فکری. لێی هەڵڕوانی. لەگەڵە خۆی وەخۆ هاتەوە و گوتی: " وریا بە، بە هەڵە نەچی، وا بە ساکاری نەگەیشتوویە ئێرە، هەر کەس و ناکەسێک، بە کاری چەند کاتی گوزەرا، خۆشگوزەرانی نایە. ئابڕووی خۆت لە بەرچاو بێ، چ زۆرە ئەوە، لێی بوگوزەرێ!!". پێدااڵی گازی داگرت و وەک با فڕێ.

"درۆیە..."

"دەبێ چ بکەم؟"

"ڕوو لە کوێ بکەم".

چوارڕێ غەرقی نووری لامپی دارتێلەکان، شەوی لە خۆیدا شاردۆتەوە. زولفی ژن هەناسەی شنەبای نیوەشەوی لە شەو ون بوو، ئاڵۆزی کردووە و چارشێوی لە لای چەپی لە سەر شەقام کەوتووە و لە دەستی ڕاستیشیدا چەقۆی ئاشپەزخانە، هەر وا دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێدەتکێتەوە.

ئاوارەیی سێ دەستی هەیە

سەدیق ڕەسوولی



دایکم بانگی کردم، سەرێک دێنێتە بن گوێم، بۆنی تووتن چەند تونـد لە زاری دێت. ددانە زێڕەکانی چۆن دەدرەوشێنەوە. بە سەر ڕەنگی ماتیکی لێوی، خەتی بـرۆ و لـووتی زلـیدا کوتی: «وەشوێن پوورت کەوە!»

دروستە پوورمە، بەڵام دوو ساڵ لە من چکۆلەترە، مـن بانگی دەکەم چنـار. نـا، لێـرەش نیـیە، چنار، تـۆ لە کوێی؟ نـا، لێـرەش نیـیە. چنـار بـۆتە دڵۆپێـک ئـاو و بە عەرزدا ڕۆچـووە. لە پـڕ تاکسـییەک بە پەنـامدا تێـدەپەڕێ. نەمتـوانی دەسـتی لـێ هەڵێـنم. بەڵام زۆر بە جـوانی چنـارم لەوێدا بینی، بااڵبەرز، پاڵی بە سەندەڵییەکەی پێشەوە داوە و کڵاوێکـی هـاوینی سـپی لە سـەر دا. دوا بە دوای ئەو تاکسییەکی دیکە هات. لە بەر دمم تورمزێکی لێدا و منیش سوار بووم.

ددانێکی زیوە و گوێیەکی کونە. هێڵێـک دەڵێـی بە هـۆی نـووکی چەقـۆ هەر لە گۆشـەی چـاوی ڕاستیڕا هەتا سەر چەناگەی هەڵدڕیوە. لاقی لە سەر گاز دادەنێ و دەڵێ: «خەمت نەبێ... دەیگرمەوە!»

وەشوێنی دەکەوین. کۆڵان و شەقام و گەڕەکەکانی میراوای کۆن و شەقامە چۆڵەکانی مەجبوورئـاوا... لە کۆڵانێـک لێمـان ون دەبـێ و کـابرا چـاوێکم لێـدەکا و بە دەنـدەی دواوە دەمبـاتە بەردەرگەی مزگەوتێکـی کـۆن و دەڵـێ: «لێـرەیە...» دادەبەزم و پـارەی بـۆ دەردێنم. چاوێکم لێدەکا و دەڵێ: «گەورەم، بە خاڵی پەنا لێوت قەسەم وەریناگرم...» دەستم لێ هەڵدێنێ و دەڕوا.

حەساری مزگەوت پڕە لە خەڵک و دێن و دەچن. لە بەر قرچەقرچی گەرمـای نیـوەڕۆ، لە ماشـێنێکدا هێنـدێک ئـاوارەی دیـکەش دێـنە خوارێ و بە دووی یەکتردا دەڕۆنە ژوورێ و منیش بە دوایاندا دەڕۆم.

دەچینە ژوورێ، ژنێک منداڵێکی چاوڕەشی بە کۆڵەوەیە و لە پەنا پیاوێکی درێژ ڕاوەستاوە. کچێـک لەگەڵ کـورێکی بـاریکەڵە پـێکەوە سرتە دەکەن. سێ ـ چوار کەسـم مـابوو بـگەمە بەر میحرابەکە، چنـارم بینـی کە لە سـەر کورسـییەکی دارینـەی بەگـوڵ نەخشـکراوی کۆن، دەفتەرێک بە دەستەوە و خودکارێکی شین بە دەستەوە و ئەنگوستیلەی زیو لە قامکیدا... سـەری هەڵێنـا و چـاوی پـێم کەوت و بە بزەیەکەوە کوتی: «مەلیک، تۆش ئاوارەی؟».

چوومە پەنای دانیشتم. کورێکی هەرزەکاری پاتۆڵفشی باریکەڵە لە پشت سەری منەوە کوتی:

«نێوم هەردیە...»

چنار چاوێکی لێکرد و کوتی: «هەردی سوێسن ئەتۆی؟»

کوڕە کوتی: «حەتمەن کتێبی ماچێ بەتاڵیت خوێندۆتەوە؟»

چنار لە بەری هەستا و کوتی: «شێعری مەلەیەک بە کاڵی؟»

کوڕە کوتی: ئەگەر ئەو تیرپارە نەدەبوو، هەردووک چاوتم دەردێنا.»

چنار کوتی: «شێعری ڕۆژە بەتاڵەکانی دەریا؟».

لە دوای کوڕەوە، کەسی دیکەی لێنەبوو. چنار کوتی: «بە خەونیش نەمدەدی!».

هەردی کوتی: «شەڕ، چی بە سەر پیاو دێنێ!»

چنار دەفتەرەکەی لێکنا. ئەو چەتیوە چاوی لە سەر ئەو کوڕە نەدەتروکاند. بـۆیە دایکـم ئاسـییە کچـی حـاجی تـاوس بە نێـو بـۆنی تاڵی شەڕابدا، پێی کوتم: «لەمەودوا وەشوێنی مەکەوە».

لەگەڵ چنار لە مزگەوتە کۆنەکەی میراوای کۆن، هاتینە دەرێ و لە سەر شەقام لە دەوری مەیدانەکە ڕاوەستاین. ئەرێ بە دایکم بڵێم چنار بە هەردی کوت ئەمشەو لێرە (مزگەوت) دەبێ؟ هەردی هەتا بەردەرگای لەگەڵ هات.

کوتی: «چاوەڕێم بن ئەی گوڵەزێڕینەکانی M١، من ئاوارەی ئێرەم...»

چنار هەروا بە دوای مندا لە مزگەوت هاتەدەرێ و کوتی: «چاوەڕێم بە ئەی ڕێژنە گوللەکانی CALI٥٠، ئەی شریخە بەردەوامەکانی خومپارە...»

هەردی ماڵئاوایی لێکردین و چنار کوتی: «بە خەونیش نەمدەدی!»

هەردی کوتی: «لاپەڕەی ٥٠.»

چنار کوتی: «نارنجەکیش لەگەڵ خۆت بێنە. نارنجەکی چل تیکە، ئەی شەوی بێئۆقرەی بەهاری.»

هەردی گەڕاوە و کوتی: «ئەی خەنەتیلکەی کۆڵانە باریکەکانی شەو...»

چنار کوتی: «وەی لە پەپوولەکانی ساتی تەقینەوەی مینێک لە ژێر پێی سێبەری بەتاڵی مانگ...»

یەکتریان بەر نەدا.

باوکم دەڵێ: «زۆر سەیرە... من هەر هیچ لە شێعرەکانی هەردی حاڵی نابم. سەر لە شێعری نوێ دەردێنم... شێعری زۆر کەسم خوێندۆتەوە. بەڵام شێعری ئەو هەتیوە... زۆر سرنجم ڕاناکێشێ.»

دایکم چاوێکم لێدەکا و دەڵێ: «دەزانی تۆ زۆری لێدەڵێی؟»

دەڵێم: «من خوێنەرێکم و هەردی سوێسنیش شاعیرێکە.»

هەتا درەنگانێک لە بەر مەیدان ڕاوەستاین. لای ئێوارێ، هەمان کابرای ددان زیوینەکە دێ و جگەرە دەکێشێ و سوارمان دەکا.

چنار دەبۆڵێنێ: «بۆ درەنگ هاتووی؟»

کابرا ددانزیوینەکە لە بنەوە چاوم لێدەکات و پێم پێدەکەنێ و بە چڵەشەمچەیەک ددانەکانی خاوێن دەکاتەوە. گازی دەداتێ و لە بەردەرگای ماڵی خۆمان ڕایدەگرێ و دادەبەزین. ماشێنەکە دەڕوا. دەڵێم: «چنار ئەی پارەکەی..! ؟»

چنار پێدەکەنێ و دەڵێ: «دایکت حیسابی کردووە!»

***

بە تڕپەی پێی لە خەو ڕابووم. هەتا بەر دەرگای مزگەوت سێبەریم بەر نەدا. پێموابێ کلیلی پێبوو. لە دەرگای نەدا و خێرا چووە ژوورێ و منیش بە سەر دیواردا.

باوکم کوتی: «بە سەر دیواری مزگەوتدا؟»

خاڵم هەر گوێی نەدامێ، بەڵام دایکم تۆزێکی گوێ کێشام. چاوێکم لە نێو مزگەوتەکە کرد. چۆل و تاریک... بە دەنگی قاقای پێکەنینی چنار، خۆم گەیاندە پشت دەرگا تەنەکەکەی مردووشۆرخانە. هەستم ڕاگرت هەتا گوێم لێبێ... چنار دەنگی هەڵێنا: «مەلیک وەرە ژوورێ!»

بە شەرمەوە دەرگام کردەوە. هەردی هەر دووک دەستی وەبەر چەنداگەی داوە و دەڵێ: تۆ سەر لە تیرباری دەردێنی؟»

چنار لە پەنای دانیشتووە. ئەویش دەستێکی وەبن چەنداگەی داوە و دەستێکی لە سەر شانی چنارە. جوان دەڕوانم. تریفەی مانگ لە دەلاقەی مردووشۆرخانەکەوە کەوتۆتە سەر شانی چنار و چناریش جار نا جار شانی بۆ هەڵدەتەکێنێ.



دەڵێ: «بەڕاستی سەر لە تیربار دەردێنی؟»

هەڵدەستێ و دەڵێ: «کەوابێ با برۆینەوە!»

هەردی دەڵـــێ: «بـــۆ چـــاپی کتێبـــی دووەم یاریدەم دە.»

دەڵـــێم: «مـــن لە کتێـــب و شـــێعر ســـەر دەرناهێنم.»

چنار دەگەڕێتەوە: «خەمت نەبێ، بە گیان و دڵ تێدام...»

دەســـتی دەگـــرم و لەگەڵ خـــۆم دەیکێشـــمە دەرێ.

دەڵێم: «بۆ بە گیان و دڵ لەگەڵی دای؟»

دەڵێ: «هەردی شاعیرێکە و دەبێ یارمەتی بدرێ.»

تاکسییەک دێ، ڕاست دێ و لە بەردمی ئێمە ڕایەدگرێ. چنار دەڵێ: «با سوار بین.»

سوار دەبین. چنار دەچێتە پێشێ و منیش لە ناچاری لە دواوە. هەمیسان هەر ئەو کابرا ددانزیوەی دەموچاو ڕووزەڵەکەیە. هەر بەو جێ دەمەچەقۆیە و زۆر شتی تر و پێی لە سەر گاز دادەنـێ و بە مـن پێدەکەنێ. ددانـی وەدەر دەخـا. مـنیش جـگەرەیەک دەردێـنم و ئەویش چەرخـم دەداتـێ و مـن وەری نـاگرم. پـوورم شـەمچەیەک دەردێنـێ و هەڵـی دەکـات. شـۆفێرەکە بـۆڵەیەک دەکـات و گـازی دەداتێ. دەگەینە بەردەرگا و دادەبەزین. شۆفێرەکە دەڵێ: «متمانەی پێدەکەی؟»

چنار پێدەکەنێ و دەرگا دەکاتەوە. وەپێشم دەکەوێ. ڕوو لە ئاودەست دەکا. دەرگاکە دەکـاتەوە و بـانگم دەکـات. ئاودەسـتەکە بڕێـک تەنگەبەرە. دەڵێ: «دەست بکێشە ئەو گەسکانە بێنە خوارێ.»

دەستیان بۆ دەکێشم. پێی دەڵێم: «تۆزێک واوە برۆ.» واوە ناڕوا، بۆیە بە زەحـمەت گەسـکەکانم بـۆ دێـتە خـوارێ. تۆزێـک قورسـن. چنار دەست دەبا و لە نێو گەسکەکاندا تیرباڕێک دەردێنێ. زۆر قورسە. دەڵـێ: «دەبـێ ڕۆنکـاری بکەیـت و بە جـوانی، دەرزیـیەکەی خاوێن بکەیتەوە.»

لێی وەردەگرم و دەڵێم: «باشە، بێنە... شتێکی لێدەزانم.»

دەڵێ: «هەر لێرە لە بەر چاوی من!»

دەڵێم: «ئەی گوللەکانی؟»

دەڵێ: «بڕیارە هەردی سێ گوللەم بۆ بێنێ.»

دەڵێم: «هەر ئەوەندە؟»

دەڵێ: «لەگەڵ کتێبە شێعرەکانیشی!»

دەستێک بە تیربارەکەدا دێنم و دەڵێم: «بۆ چیتە؟!»

پێدەکەنێ و دەڵێ: «پێم جوانە!»

هەولاڵنامەی کتێب

دەڵێم: «لە کوێت بووە؟... حەتمەن هەردی...»

***

باوکم دەڵێ: «ڕۆنکاریشت کرد؟»

خاڵم دەڵێ: «باوەڕ ناکەم...»

دایکم دوو چەپۆکم پێدا دەدا. باوکم دەڵێ: «خۆ تۆ لە ژیانتدا، دەستت بۆ چەک نەبردووە.»

***

زۆر بە نەرمی دەستم لە سەر پەلەپیتکەی دانا و کوتم: «خۆزگە تەنیا یەک فیشەکی تێدا بایە.»

چنار سوور هەڵگەڕا. زۆر سوور هەڵگەڕا. تیربارەکەم دایە دەستی و لە ئاودەستەکە چوومە دەرێ. دەنگی هەڵێنا و کوتی: «دەستت خۆش بێ!»

باوکم لە بەر هەیوان جگەرەی دەکێشا. گوێی نەدایە. دایکم خەو لە چاوی تۆرابوو. چاوی لە ئەستێرەکان هەڵنەدەگرت. منی هەر نەبینی. خاڵم لە ژوورێ باسوخواسی هەردی لێپرسیم: «... شێعری تازە چیت لێبیستووە؟»

چاوێکی لێدەکەم و جوابی نادەمەوە و لە جێوبانەکەم دەخزێم.

***

دایکم لە سووژن دەگەڕا و باوکم لە سێ - چوار میتر تەنافی سپی. خاڵم لە بەر هەیوان جگەرەی دەکێشا و منیش چوومە دەرێ. بە تاکسییەک خێرا خۆم گەیاندە مزگەوتەکە. وا دیار بوو ئاوارەکان بارگەوبنەیان دەپێچنەوە. هەر هەموویان کزومات دێن و دەچن. هەر بە منداڵ و پیر و جوانەوە دێن و دەچن و بە پەلە و بە تیژی لە هاتوچوو دان. خۆم دەگەیەنمە پەنا مردووشۆرخانەکە، دەرگا دەکەمەوە، چنار تووڕە دەبێ و بێلەچکە و کراس و گۆرەوی.

بە تووڕەییەوە کوتی: «بۆ وەشوێنم دەکەوی؟»

کوتم: «دەبێ بزانم کێ ئەو تیربارەی داوییەی. ئەو تیربارە نێوی منی بە سەرەوەیە. جگە لە من کەس ناتوانێ دەستی داتێ.»

چنار کوتی: «جارێ ئی منە!»

لێم هاتە پێشێ. کوتم: «نێوی منی لە سەر هەڵکەندراوە، بە دەستی خۆم دروست کراوە.»

هەردی دەڵێ: «ئەی کچی بەیانی، تەقینەوەیەکی گەورە، ئاگادار بە و بزانە بارانێکی زۆر تاڵ بە ڕێگاوەیە...»

دەنگی ویزەی فڕۆکە دێ. هەردی ڕوو دەکاتە چنار و دەڵێ: «من پێم کوتی ئەوە هاتیش.»

ڕوو لە منیش دەکا و دەڵێ: «عەیب ناکەی لەو سات و تەقینەوەیەدا؟ چاوەکانمت چنارێکی ڕووتن.»

ئاورێکم داوە دەرێ. ئاوارەکان لە هەڵاتن و گریان و هاواردا بوون. لە حەساری مزگەوت دەچوونە دەرێ.

چنار کوتی: «بۆ لەگەڵیان ناڕۆی؟»

فڕۆکەکان هەر دەهات و زیاتر دەبوون. هەردی لە بەردەرگا ڕاوەستا و گوتی: «تۆ دەرچوونت نییە هەتا سێ چرکەی دیکە، هێشوو هێشوو بۆمب دەبارێ، تۆ بۆ کوێ دەچی؟»

یەخەم گرت و چاوێکم لە چنار کرد و کوتم: «ئەو شێعرە نامۆیانەی تۆ پیس سەری لە من شێواندووە... دەمەوێ بیانسووتێنم.!»

کوتی: «فریا ناکەوی»

دەنگی تەقینەوە بەرز دەبێتەوە. دەچمە ژوورێ. بەڵام ئەوان ڕادەکەن. منیش بە دوایانداا.... بۆمبەکان هەر دێن و نزیکتر دەبنەوە. فڕۆکەکان، شان بە شانی یەکتر دێن و بۆمبێکی زۆر دادەبارێنن. چنار و هەردیم لێ ون دەبن. لە ترسان خۆ بە ئاودەستەکانی مزگەوتدا دەکەم. بە بەرد داندراوە. فێنک و شێدار و کۆن. دەنگی چۆڕەچۆڕی ئاوی شێرەکان دێن و هیچ دەنگی دیکە نایە. هەر دەڵێی لێرە بۆمبارانیش نییە.

لە گۆشەیەک سەرم خستە مابەینی دەستەکانم و بە قامکەکانم هەر دووک گوێچکەم گرت و دانیشتم و سەرم لە بن خۆم نا. پاش ماوەیەکی کورت، چاوم هەڵێنا و گوێم ڕاگرت. دەنگی چۆڕەچۆڕی شێرەکان دێت و دەنگی ورتەورتی دوو کەس دەهات. بە ترسەوە هەستامە سەر پێ. دەنگی گریانی ئافرەتێک بوو. بە ترسەوە چوومە پێشێ. چنار لە بەردەرگای دەرێ، بەرانبەر وێرانەی شار دانیشتووە و بانگم دەکا:

«وەرە دەرێ... شەڕ چۆنی پێک ئاشنا کردین!»

تازە خۆر هەڵدەهات و شار هەموو ڕووخاوە. بەڵام ئاودەستی ئەو مزگەوتە لە جێی خۆی نەترازاوە. چنار بانگم دەکاتە پەنای خۆی. سەری لە سەر شانم دادەنێ و بە دم گریانەوە دەڵێ: «گوێ بگرە من لە باڕووت ئاوسم!»

لە ناکاو، لە دوورەوە کابرای شۆفێرم بینی، بەو دەوچاوە ڕووزەڵە و شڵۆێیەوە کە هاتە پێشێ و دەستی چناری گرت و کوتی: «وەرە با بڕۆین چاک دەبیەوە!»

کابرا چاوێکی لە من کرد و گوتی: «هەر سااڵە دوو جار تووشی ئەو وڕێنەیە دەبێت.»

کابرای شۆفێر بە ئەنگوستیلە زیوەکەی دەستی، پیلی چناری گرت و ڕۆیی. چنار هەر دەستی بۆ هەڵدێنام و دەیکوت: «چوویە سەر قەبران، سڵاوی دایکت بگەیەنە...»

کابرای شۆفێر ڕوو لە من دەکات و دەڵێ: «گوێی مەدەیە... هەر وڕێنەیە... وڕێنەیەکی بەتاڵ، مێشکی پڕە لە شەڕ و تەقینەوە.»

هەروا کە دوور دەبوونەوە بە سەر وێرانەکانداا، هاواری دەکرد: «مەلێک تۆ مەترسە... تۆ مەترسە... تۆ مەترسە... وەرە پێشێ! تۆ لەگەڵ باڕووت ئاشنای!»

لە بەردەرگای ئاودەستەکە دادەنیشم، پاڵ دەدەمەوە. ڕوو لە خۆری بەرەبەیان دەکەم، دیمەنی بەرانبەرم تەنیا ئەو دوو سێبەرەن کە لە کەلاوە وێرانەکە دوور دەکەونەوە.

شێعرێک لە کتێبی دووەمی هەردی:

(چنارەکانی مانگ)

تۆ پیاوی ساتێکی تەسکی

لەگەڵ دووهەم فڕکەی گوللە

لە سەر سێرەی

چەکێکی قورس لە دایک دەبی....!

لە ژێر سێبەری

دیوارێکی ڕیوەڵەدا.

وای بۆ گێڕامەوە ژنێکی دووگیان!



موویان

زێنەب بابایی

به ئاسپایی خەریکی کاری مالێم. کارەکانی تایبەت به خۆم...

له خۆڕا چوومه بیری ئەو نێوه، ((موویان))! به مانای کەسێک که قسان ناکا...

بیری لێدەکەمەوه...

دەست دەدەمە ئاوێنە چکۆلەکەی کە زۆرم خۆش دەوێ. بە دەسرەی دوو سێ جاری دەسڕم و چاوێک لە خۆم دەکەم. ئەو ئاوێنەیەم خۆش دەوێ، چوون تێیدا جوانتر دیارم. چاوم تێیدا بەدفەڕتره. لێوم تێیدا بە بزەتره...! ئاوێنەکەی لە سەر جێگای خۆی دادەنێمەوه و کتێبەکانم له سەر یەک دادەنێم. دەفتەرە تازەکەم که پاکنووسی نووسراوەکانمی تێدایه...

هەموویان رێکوپێک دەکەم...

لەپڕ هەست به دوو سێ تەکانی بەقەوەت دەکەم. دەست بۆ گەروم دەبەم. دەڵێی ڕێی هەناسەم لێگیراوه...

له ئاوێنەکەدا خۆم بۆ ناناسرێتەوه...!

ئەو دەستانە ئەو نەبوون

چرۆ

چاوم له ئاوەکە بڕی، ئاوەکەم کەم کردەوه. گوێم له وریا بوو. دەیزڕاند، دەنگی هێندە بەرز کردبۆوه لەو سەری گەڕەکێ گوێت له زیڕەکەی دەبوو، کەلێنێکم دا به دەرگاکە، یەک - دوو جار هەرام کرد ولامی نەدامەوه، بەڵام زیڕەکەی خەریک بوو گوێی مرۆڤ کەڕ بکات !چوومەوه بەر ئاوەکە، دەوری ئاوەکەم زیاد کرد. زیادتر، به جۆرێک به لیزمه به سەر سەروچاوەمدا شۆڕ دەبۆوه له ژێر ئاوەکەش دەنگی هەرا و زیقەکەی هەر دەهات. ئاوەکەم کەم کردەوه. دەنگی تووندتر دەهات. ئاوەکەم گرتەوه. به پەلەپەل خۆم وشک کردەوه و هاتمە دەرێ.

له سەر موبڵەکە دانیشتبوو. دەستی به سەری گرتبوو، لێی چوومه پێشێ بەڵام تا دەستم به سەری‌دا نەهێنا، هەستی پێنەکرد.

- وریا... وریا...، تووندتر هەرام کرد: ئەرێ وریا...

داهێزابوو، سەری هەڵهێنا و چاوێکی لێکردم، سوور هەڵگەڕابوو، دەتکوت به مستی له چاویان داوه. ولامی نەدامەوه.

چاوی له سەر یەک دانا، بیری له چ دەکردەوه؟ خۆی وەرسووڕاند:

- نالێی چ بووه؟!

- دەستی بۆ موبایلەکە برد. چاوی لێکرد. وای فرێ دا هەر لەتەی بۆ لایەکی فرێ هەڵدرا.

- چاوم لێکرد. دەتکوت نایناسم!

له سەر تەختەکە درێژ بووم. چاوی لێکرد. بیرم بۆ هیچ شتێک نەدەچوو. دەبێ چ بووبێت. کات له دەستم دەرچوو. به دەنگی وریا وەخەبەر هاتم. گیانم قورس ببوو. دەتکوت کۆمەڵێک شت به سەرمدا هاتوونه خوارێ، زۆر به قورسایی چاوم هەڵهێنا، له تەنیشتم دانیشتبوو.

- پێم نەگوتی به سەری تەڕ مەخەوه؟

- خاولێکە هەر به سەرمەوه بوو.

چنگەکانی به سەر داگرتم، سەری به سەردا ڕۆگرتم، نەیدەهێشت جوولّە بکەم. هەرچۆنێک بوو خۆم له دەستی پچڕییەوه. ڕزگارم بوو. کەلاکی گوشیەکەشی هەروا لەوێ بوو، کۆی نەکردبووه. چاوم تێبڕیبوو. ئەویش چاوی لێبوو.

به تەنیشتی‌دا تیژ تێپەڕیم. پڕی دا دەستم. چی دەگوت؟ بەڕاستی چی دەگوت؟! وشەکانی.....!!! به سەر دەستی‌دا کەوتمە خوار. چاوم هەڵهێنا. چاوی تێبڕیم. قسەکانی.... وەک لیزمه، به لێشاو به سەر دمچاوەمدا دەهاتنه خوارێ. دەستی بۆ لام درێژ کرد. تا توانیم به خشکە خشک خۆم لێ دوور خستووه.

دەمزانی ئیدی ئەو دەستانە ئەو نەبوون.

گەشتی ئێوارانی بڵوار

ناسر وەحیدی



قەتم وەک ئەم ئێوارەیە نەدیتبوو، قەتیش باوەڕم نەدەکرد ئاوا بێ، تەنانەت ئێستاش کە بە چاوی خۆم دیتوومە. کابرایەکی دەستفرۆش و سێ - چوار کوڕە جحێڵە ئاگایان لێبوو، لەوانەی ئێواران خۆیان تیفتیفە دەدەن، بۆ چاوەچاو دێنە بڵوار. کابرای دەستفرۆش لەگەڵ هەرای شتومەکەکەی پێدەکەنی دم و فڵچی بۆ کۆ نەدەبۆوە. یەکی بۆزی چاوشین بوو لایەک لە خلێنەی خوارەوەی نەمابوو. ددانی تەنیشتی و خلێنەی سەرێی، کرمۆڵ بوون. یەکێک لە کوڕە جەحێڵەکان بارانیەکی بۆری دابوو بە سەر دەستیدا، بە پەنجەی پێی لە سەر ریتمی دەستی ئەو ئاهەنگەی لێدەدا. وەک ئەوەی ڕێبەری سەمفۆنی بێ و سیانەکەی تریش سەیریان دەکرد و دەتریقانەوە. پیادەڕەوەکانی بڵوار زۆر پان و بەرفراوانن. جامخانەی هەموو دووکانەکانی بە جوانترین شێوە و بە سەلیقە ڕازاونەتەوە. ئێواران دەبێتە قەرەبالّغییەکی سەیر، سەگ ساحەبی خۆی ناناسێ. ژن و پیاو لە ناو پیادەڕەوەکەدا شەپۆل دەدەن. دەبێ وەک مەڕ، سەربنێیەوە و وەدووی ئەوی پێش خۆت کەوی، ئەگینا دەرچوون مەحاڵە، شەپۆلی مرۆڤ وەبەر خۆت دەدا، ڕاتدەماڵێ. گەر بتهەوێ لە سووچێکەوە بچیە سووچێکی تری پیادەڕەوەکە، شانت وە دەیان شانی دیکە دەکەوێ و لاتراسکە دەبەستی. جەماوەر چەشنی مێش لەو پیادەڕەوەدا پووڕە دەدەن. جوانترین کچ و ژنی ئەم شارە بۆ سەودا و کڕین، ڕوو لەم شوێنە دەکەن. وەک ئەوەی بڕیارێکی نهێنی لە ئارادا بێ، ماڵبەدەریان کەن، دەڕژێنە ئەو پیادەڕەوانە. جوانترین لیباس لەبەردەکەن، وەک ئەوەی بچنە شایی. هەمە جۆر ئارایش، تۆخ ، سووک. بە مۆدی جۆراوجۆر، قژە سەری ڕەنگاوڕەنگ. ئافرەتی سوور، سپی، کاڵ، سەوز، ڕەشئەسمەر، گۆشتن، باریک، باڵابەرز، کورت، ناسکوتروسک، حەیا لە پیاو هەڵدەگرن. کوڕانیش بۆ خۆڕانان دانامێنن و چی وا لە ژنان کەم ناهێنن. سەر ڕەنگکردن، قژ درێژکردن و دانانی ڕیشی سەیروسەمەرە، هەڵواسینی مت و مووروی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر، تەنانەت دموچاوهەڵگرتن و سووراوسپیاویش. بە چەشنێ کە هەڵاواردنی نێر و مێ کارێکی ئاستەمە. پیادەڕەو دەبێتە تالاری فەشەن و خۆڕانان، پیادەش دەبێتە مانکەن. بۆنی عەتر و دەرمانی ژنان و ئارەقە و هاسکەهاسک بە کەلەبەرەکانی پیادەڕەودا کوولان دەکات.

چاوەکانی بەڵەکن و زەق بە قەرایی هەڵماتێک زل، بە کل دەیانڕژێژێ بۆیە گەورەتر دەکەونە بەرچاو. سەری کوڵمی خڕ و سوورە وەک تەماتەیەکی دەستەی تووڕت. کۆتێکی پەشمی شین، کڵاوی کاموا، جووتێک پێڵاوی چەرم کە چوار نمرە لە لاقی زلترە، لە پێ دەکا. لە ڕۆیشتندا دەیخشکێنێ. سمێڵی نییە، ئەغڵەب وردە ڕیشێک بە دموچاوییەوە دەبیندرێ. دەستەکانی چکۆلەن. لاوێچی دەکات و بەرەو ڕووت دێ، دەیهێنێتە بەر دمت. گنەگنێک دەکات، هەست دەکەی دمی یان لووتی دەبێتە شارە زەردەواڵە، وزەوزێکی لێدێت. ڕەنگە هەر لووتی بێ، چوون دمی ئەوەندە ناکاتەوە کە بزانی بە دم قسە دەکات. تەنیا چرکە ساتێک لە بەر دمت دەوێستێ و دەڕوا.

کوتە کاغەزێک، قونچکە سیگارێک لە هەر سووچێکی پیادەڕەوەکان بکەوێ، هەڵیدەگرێتەوە و دەیخاتە ناو سەتڵی زبڵ یان قاناوەکان. تەنیا ئیستێک لە بەر دمت دەوێستێ، هەر ئەوەندەی سپیایی چاوی ببینی. ملی بە لاڕەوە دەنێ، ڕوو دەکاتە کەسێکی تر. من ئەودەم و ئێستایش لام وایە دەتوانێ ببێتە هاوشارییەکی بەشەرەف، ئەرکی خۆی وەک سپوورێکی باش بەجێ بێنێ. ئەو

ئێوارەیە کۆتێکی پەشمی شینی لە بەردا بوو، دەستی لە ناو قۆڵەکانیدا وون ببوو. کڵاوێکی کاموا و پاتۆڵێکی مۆری لە پێدا بوو. لەپڕ چاوم پێی کەوت. بە سەر شانی ڕاستەیدا ڕوو لە باکوور ڕووخا و کەوتە سەر پشت. سێ ـ چوار کوڕە جحێڵە لە تەنیشتی بوون، سەیریان دەکرد. لەگەڵ ئەوەی قەتم بەم شێوەیە نەدیبوو، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد چاوەکانی سپی هەڵگەڕێ و بە مۆلەق بوێستێ. کەف هەڵخڕێنێ، وە لینگەفرتێ کەوێ. دەیزریکاند. ددانەکانی پێک دادەدا، ڕیچەی دەکرد. وەک ئەوەی بیهەوێ هێرش بەرێ. ڕووی لە باکوور بوو، دەیزریکاند. ڕەشایی کەلێنی ددانی و سپیایی ددانی هەر نیگایەکی کەمەندکێش دەکرد. چاوەکانی کل ئاوی دەتکاند، دەوری چاوی ڕەش هەڵگێڕابوو. دەستی ڕاستەی گرتبوو بە ناوگەڵیەوە دەیزریکاند. وەک ئەوەی شتێک لە ژێرەوە پێوەی بدا یان پشکۆیەکی ئاگر کەوتبێتە ناو نێفەکی پاتۆڵەکەی.

کابرایەکی بۆزەی چاوشین هێندێک وردە شتی لە سەر لێواری قاناوەکە دانابوو، هەرای شتەکانی دەکرد. زوو زوو سەری بۆ لای ئەو وەردەسووڕاند، پێدەکەنی. لایەک لە خلێنەی خوارەوەی نەمابوو، ددانەکانیشی ڕەش و کرمۆڵ بوون. سێ ـ چوار کوڕە جحێڵە لە تەنیشتی وێستا بوون، سەیریان دەکرد و دەتریقانەوە. یەکیان هەنگاوێک لەوانی دیکە نزیکتر بوو، بارانییەکی بۆری دابوو بە سەر دەستیدا، بە پەنجەی پێی لە سەر ریتمی دەستی ئەو بە پەنجەی پێی ئاهەنگی لێدەدا. وەک ئەوەی ڕێبەری سەمفۆنی بێ و ئەویش لە سەر ریتمی پێی ئەو ساز بژەنێ.

بەرێ لە سەر پشت کەوتبوو، دەیزریکاند. ددانی لە ڕیچەوە دەبرد وەک ئەوەی بیهەوێ هێرشئاوێکی ڕەش لە چاوی دەتکا. دەستی ڕاستەی گرتبوو بە ناوگەڵیەوە، دەیزریکاند. وەک ئەوەی شتێک لە ژێرەوە پێوەی بدا یان پشکۆیەکی ئاگر کەوتبێتە ناو نێفەکی پاتۆڵەکەی. ملی هەرامەکەی گرتبوو. زوو زوو دەیگوشی، دەیقوڕسکاند. کونە لوتی هەراو و هەراوتر دەبۆوە، دەیمشاند. خێراخێرا دەستی دێنا و دەبرد، مشە دەبووە پڕمە. دەیقوڕوسکاند. چاوی لە هیچ کوێیەک نەبوو.

دەیقوڕوسکاند، زووزوو ملی هەرامەکەی دەگوشی. کابرای دەستفرۆش هەرای شتەکانی دەکرد و لە بنەوە دەیوت ئای بۆ تۆزێک خۆڵەمێش. سێ کوڕەکەی تر سەیریان دەکرد، لیکیان دەچەکاند و چەپڵەیان لێدەدا. حەشامەت لە سەر سەکۆی فەشەن بەردەوام لە هاتوچوودا بوون، ئیستێک دەکەوتنە بەر چاو، دواجار لە ناو قاوەقاوی پیادەڕەوەکاندا ون دەبوون.

کەوتبووە لێوەلەرزە و لیک چەکاندن، سووکە موچوڕکێک و پاشان خاو بوونەوە. سووک بوون پاش خاڵیکردنی حەژمەتێکی تاقەتپڕوکێن. هەستا سەر پێ. گوێی نەدایە هیچ، هیچ کەس و هیچ شتێکیشی نەدی. ورد لە سەر پاتۆڵەکەیەوە سەیری ناوگەڵی خۆی کرد، بۆ دڵنیایی دەستی بە سەر پاتۆێکەیدا هێنا. پاتۆڵە مۆرەکە تەڕایی نەبواردبووە سەرەوە. بێئەوەی داوای سواڵ بکا، ملی لە ناو شانە کزەکانیدا حەشار دا، سەری بە لارەوە نا و لە ناو پیادەڕەوەکانی بلواردا ون بوو.

نامە نامۆیەکان

هۆمیلا خدر محەممەد "دانــەر"

نامەی یەکەم



دەکرێ هەر ڕۆژە و ژانێکی نوێ لە ساتێکی چاوەڕوانەکراودا، هەستەکانمان بلەرزێنێ و لە ناخی ڕوحمانـدا بە ڕیتمێکی خەمبـزوێن بەرجەستە بـێ ... وشـەکان لە زمـانی ئەو جـۆرە مرۆڤـانەوە کە خـاوەنی دەروونێکـی نەخـۆش و ئایـدیایەکی گـۆڕ و دڵێکـی بەردینن بە شێوەیەکی زۆر ئازاربەخشانە دڵمان دەپێکێ.

لەوانەیە تەمەن لەوە کورتتر بێ کە هەستی پێدەکەین ژیـانیش ئەوە نەهێنـێ کە ئـازار بچێژین و خەمە قوواڵەکان بە دیاری لە دەوروبەر وەرگرین.

لەوانەیە چیتـر پێویسـت نەکـا بیـر لەو سـاتانە بکەیـنەوە کە بە بینینمـان بێـزارن تـا ڕادەی خۆشاردنەوە.

لەوانەیە فرمێسـکە زیوینەکـانیش بەهـای خۆیـان لە دەسـت بـدەن ئەگەر زاڵ بـین بە سەر ناچارییەکاندا.

لەوانەیە تەنیـا ڕەوتەڕۆتینیـی و ئاسـایی‌یەکان بە شـێوەیەکی سـادە ببـنە هێمـا بـۆ ئەبەدییەت و بە واتای جیاوازتر کە هەر تێنەگەیشتن بەردەوام دەبێ لە هەموو بارەکاندا..

لەوانەیە گوتنی گۆرانییەکان هەمیشە هێمای ئەو پەڕی دڵتەنگیم بێ. بەڵام خەمباری ئاکارم هەر تیشک دەدا..

بمبەخشە هاوڕێ کە هەندێ کات بێدەنگیم دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو پەڕی دڵتەنگبـوونم..کە پرسـیاریش دەکەی بـۆچی وا بێهێـزی؟! هەر ناتوانم بێدەنگی وەک سـنوورێک ببینـم و لێـی تێپەڕ بـم.. ڕاستت دەوێ ئەو پرسیارەش پتـر ئـازارم دەدا چـونکە لە نـاخی خـۆمدا، وڵامت دەدەمەوە و وڵامەکانیش دەمخاتەوە ئەو واقیعەی کە هەرگیز بۆ من ناشێ و هەمیشەش لە ناوی‌دا دەژیم..

ببووڕە لێم هاوڕێ ڕەنگە نەمهەوێ بگریم و نەمهەوێ جـگەڕەیەک بکێشـم و نەمـهەوێ بیـرەیەک بخـۆمەوە، بـۆ لە مەودوا و نەشـتوانم قسە بکەم لەو ساتە ژەهراوییانەی پڕ پـڕم لە تـووڕەیی.. لە بێزاریـی، لە نـامۆبوون، لە تەنیـایی، لە خەفەت، لە فرمێسـک، پـڕم پـڕم لە ژان تا بیرکردنەوە لە کوشتنی هەناسەکان.. تا بیرکردنەوە لە تاڵیی هەستەکان..

ئاخر من خوێنی پەپوولە دەبینم و فرمێسکە ڕەنگاوڕەنگەکانی هەموو گوڵەکانی شار..

ئاخر من لە سێدارەدانی خەندە بێوەیەکان و توانەوەی یەک بە یەکی کلوو بەفرەکان دەبینم..

ئاخر هاوڕێ دڵەشووشەیی‌یەکان دەشکێنن و هەستەناسکەکانیش وەک پاشـماوەی ڕوحێکـی فریشـتەیی لە هەڵمێکـی ئەفسـوونئامێزدا بە خاک دەسپێرن..

ئەوانەی سەما دەکەن بێقاچیان دەکەن و ئەوانەی بە ئاسمانیشدا دەفڕن، بێبااڵیـان دەکەن.. ئەوان بەوە ئاسـوودەن کە پێشـانگا بـۆ قاچە بێناسنامەکان و پەڕەی باڵەشکاوەکان ئافەریدە دەکەن.

بۆیە هاوڕێ ئەگەر لەو ساتانەدا بینیمیت، کۆشش بکە تێبگەی لە بێدەنگییم.. ڕابێی بە تاسانەژەهراوییەکان. لەو کاتانەی کە مان دەگرم بەرامبەر، نە وەک هەموو جیهان بەڵکوو بەرامبەر بە تۆ و بە خۆیشم!


من جارێک هەڵفڕیوم

سۆما پەرویزنیا

تازە لە خەوی نیوەڕۆ وەخەبەر هاتبووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە بەشەر چۆن دەتوانێت زەمان بگۆڕێت، بەڕای دایکم من کچێکی ژاکاو و غەمگین و پەشێو بووم کە هەمیشە بیر لە بەدبەختی یا ئارەزووی ئینسانەکان یا هەر شتێکی تر دەکاتەوە. لە ڕاستیدا دایکم پێم دەڵێت: ئەتۆ زۆر زوو گەورە بووی و ڕووی ناحەزی ژیانت دی و ئەوە زۆر باش نییە. ئەم ئێوارەیەش هەموو بەرهەمەکانی بنکەی موکریانم لە پێش بوو، دایکیشم چای دەخواردەوە و جارجار چاوێکی لە داستانەکان دەکرد. چەند داستانم خوێندەوە و لەناکاو ئەو ڕۆژەم وەبیر هاتەوە کە لەگەڵ دایک و بابم دەچووم بۆ واکسەن لێدان بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی. حەوت ساڵ لەو ڕۆژە دەگوزەرێ بەڵام ڕۆژانێک دێنە پێش کە بیرێکی تازە لە مێشکتدا، چەقەرەی دەدا و پێتخۆشە تا ئەو ڕۆژەی کە هەی، لە یادی نەکەی. ئەو ڕۆژەش ئاسمان شین و سوور ببوو، ڕەنگێکی زۆر سەیری بە خۆیەوە گرتبوو.

ئەو ڕۆژە ئارەزووم کرد ئەگەر منیش توانیبامایە لەگەڵ ئەو باڵندە بچکۆلانە عومرێکی کەم بەڵام پڕ لە ئازادی و خۆشیم هەبایە و لەگەڵ ئەوان دەموچاوم لەگەڵ هەورەکان تێکەڵ ببن و تا ئەوپەڕی کێوەکان بڕۆم و بزانم لەو دیوی کێوەکان چ خەبەرە؟ هەموو ڕۆژێ ئەوەم لە دایکم دەپرسی و هەموو ڕۆژێ قسەی خۆشی دەبارەی باڵندەکان و ئەو دیوی کێوەکان پێدەگوتم. تا ئەوەی دایکم ڕۆژێک قەڵس بوو کوتی لەو دیوی کێوەکانیش شێتێکی وەکوو تۆ بیر لەوە دەکاتەوە بەڵام جگە لە ژیان، هیچی تری تێدا نییە. ئەو ئێوارەیەش وەبیر ئەو ڕۆژە هاتمەوە بیرم لە داهاتوو کردەوە. نازانم بۆ مازی و موستەقبەل و هەموو ڕۆژێک دەهاتە پێش چاوم! جگە لەو ئێوارەیە هێندەم فکر کردەوە هەتا چایەکەم سارد بووە و مەجبوور بووم چایەکی دیکە تێکەم. دەبا ژیان و ڕێگای خۆم دۆزیبایەوە، من لە ڕاستیدا هەموو شتێکم پێخۆشە، ئەگەرچی دەمهەوێ ببم بە پزیشک و ببمە هۆی شانازی دایک و بابم بەڵام...! بەڵام بیرم لەو کارەی خۆم کە لە داهاتوودا وا دادێ بەڵام نەمزانی کە لە فەرهەنگ و بنەماڵەڕا بگرە هەتا ناس و جن و عەرز و ئاسمان، دەستیان لە دەستی یەک نابوو تا من پێی نەگەم. ناتوانم بڵێم چییە بەڵام تەنانەت ئەوەش دەزانم کە ڕۆژێک دەڕۆم و پشت سەریشم چاو لێناکەم و ئەگەر یەک ڕۆژ، تەنانەت یەک ڕۆژ لە عومرم بمێنێ ئەو کارەی دەکەم و بە ئارەزووی خۆم دەگەم. ئینسان زۆر مەزنە، چاو لێکەن ئەوە ئەنیشتەین زەینکوێر بوو کە هەتا پێنج نەیتوانی قسە بکا بەڵام دوایە کارێکی کرد کە دوای چەندین ساڵان لە پاش مەرگی بە باوکی فیزیک یادی لێدەکەن، خودایە گیان دەمهەوێ خەبەرێکت پێبدەم ئەو بەشەرەی سازت کردووە بە دەستی خۆی، خۆی خۆشبەخت یان بەدبەخت دەکات. من چاک دەزانم ئاخری یان شەیتان کرنۆش بۆ بەشەر دەبا یا بەشەر ئەژنۆی لە فریوەکانی شەیتان دەشکێ. ئەگەر بیرم لەوە کردەوە فرمێسکەکەم کەوتە سەر دەفتەرەکەم. ئەی هاوار من کەنگێ دەگەڕێمەوە ئەو ڕۆژەی کە ئەو باڵندانەم دیت پێیان بڵێم: ئێوە واتان لێکردم زوو گەورە بم. ئێوە باڵندەن و بێپەروان بەڵام من... ئێوارەیەکی پڕ لە بیر و هۆش بوو بەڵام...! دیسان چایەکەم سارد بووە...!





مەڵبەندی نەخشاو

سوڵەیمان پیرۆتی

هۆ وێنەکێش، کەوێ، لە منت کەوێ، مەڵبەندم بە کێشە، کێشە بکێشە:
کاوەکاوە؛ زنجکاو، کورکانی دڵ فێرە چۆماو،
ژانەژانە بریەنی بەژانە، کوا ڕەکێشە، کێشە بکێشە ڕەکێشە.
سەری دوندانم هۆگری ئەستێرانە، کونبڕە خێوەتی زاڵم فرزە بڕاوە، پشوو نەماوە، تاوە، تاوە، کێشە بکێشە گزنگێ بێتە ڕەشانگێ
ها لەو کێوانە، بدە مزگێنی، بەهار جوانە، بۆنی خۆشی ئۆخژنی دڵانە، دەنگدانەوەیە، قاسپەی کەو پڕ بە دۆڵ و تەلانە، داوەتی
هەڵاڵە و بەیبوون، گەزیزە دەسرۆکە لە دەست، سووڕە سووڕە دەسووڕێ، چۆپیکێشی دیلانە، کزەکز شایەر شالووڕەی دڵ بە
خوێنی شیلانە.
بریقەی دەگواران، بۆنی مێخەک و بەرمووران، لە دەراوبانان، کەوێشکەی ڕەپستان، هۆنینەوەی پرچی کیفۆکان، باللۆڕەی بەسێ،
ئاسێ، خاسێ و خەجێ، بۆ چلدانە، دەک خوایە ئاواتیان بێتە بەجێ.
شریقەشریق هەوری دڵ پڕ بە شریقە دەبارێنێ، بەندەن و چیا دەڕازێنێ، خەم دەتارێنێ، سەرتۆپی هەموو شاران، مەهاباد
دەنەخشێنێ.

شێرزاد ڕۆستەم‌پوور "شاسوار"



١)
بە کچێنی باران لە تکانی حەیا
پاش ماوەن.....دەگرن شەرەف
بە پانیەی عیسمەت
ڕەنگە مەوداکان .....دەمان دەبڕن
لە حەرامخانەکانی لەش.....
بە دیدارێک....تا....دیدار
من چیم داوە لە چی....تا جارێک
شوێن دەگرێ لە من باران...تا کچانی حەیا
بە ڕوخسەت جەدەلێک بە باوەش هیچەوە
لە کوڕانەیی هەوەسی بارانەیەکدا.....تەرزەم!

٢

لە بازووکەی نهێنییەکان
بە سەیرانگای پاییزەوە دەچم
هێلێک لە ئاسۆ
بۆ چرا دابین دەکەم
لە سەر کورسی زەردەهەڵگەڕاوی
گەڵاکان هەڵکورماوم
چەن جگەرە تەم دەکێشم و بە گۆلاوی
خەیاڵدا، ڕادەژەنم
ژنێکی دۆم، لە فاڵی دڵ ئاگا دەکەم
زەنجیر و خاچی ملم
بە هەڵخەری، هەوری گەڕۆک هەڵدەواسم
زەردەبارانی چارەم
بە سەرسووتانی ڕێگادا دەبارێ
تارمای شار، لە سووچی تینوویەتیدا لێڵ دەبینم
نهێنییەکان بە نالەم بێدار دەبنەوە
باسکەکانی لە ژێر سەری مێژوو، تێک دەئاڵێن
لە ئێوارانی ئێوارەدا، نووقمی مەرگ و ژینم
پەڵەهەورێک، هێورهێور نەرمە تەرزە دەبارێنێ
بە سەر کاتدا
لە بوولێڵی ئێوارەدا، هەنگاوەکان بە بێگاری هەڵمدەگرن
سەرم هەڵدەگرم و شۆڕ دەبمەوە
بە نهێنییەکانی نابەڵەد و مەرگ و ژیندا
هەر منم و ناتەواوی ڕێگا و سێحری پاییز

هەولێر کتێب

سامڕەند ئەحمەدزادە(شڕێو)

دڵی بردم کە کـــردی هاتوچۆ هەشـــت
کچێکی قەد یەکوهەشتای برۆ هەشـــت

وتم با پێی بڵێـــــم، دیتم کە لێـــوی
کتومت هەر بە مـــۆدی ڕەنجەڕۆ هەشـــت

ئەگەرچی خۆپەرەست و لووت بڵیـــد بوو
بە تەعبیری ئەدیبـــانە کەپـــۆ هەشـت

قفڵ بوو ئاخـــــــــری قۆڵم لەقۆڵی
دروستن کرد لە دوو لا خۆبەخۆ هەشـــت

کە پرسیم بۆ خەمیـــــن و بێدەماخە؟
بە خـــۆی دادا گوتـــی: ئەی بابەڕۆ هەشت

لە دەرسی پێشنـــیاز گرتوومە چەند جار
کەوابـــێ من دەکەومـــە تێڕمی نۆ هەشت

وتـــم بێتە بە هەژدە سوێـــند بە نازت
بە زەنگێ گەر بڵێـــی ئوستا ئەلـــۆ هەشت

وتی ئـــــادی بە شالوولـــــەی زمانم
دەبێ دەرکەم لە چـــــاوی ئاوەڕۆ هەشت

وتم حاڵ لەو گەڕێ تۆ بووی بە دۆســـتم
کە لێی نێ بەر کەلێـــن پینەوپەڕۆ هەشت

وتی: موختـــــاری ئەمما باش بـــزانە
کە خۆم حەوتم هەیە و ئێستا بە تۆ هەشت

عەلی بایزیدی



گۆڕ

- پاڵەوپشتم دیوارێکە
بەرامبەرم گۆڕستانە
هەموو شەوێ کە جلەکانت فرێ دەدرێ
خۆم لە گۆڕستان دەبینمەوە
کە تۆ گۆڕ بی، منیش جەستەم
لە ئامێزتا ئەمێنمەوە..
-بەرامبەرم گۆڕستانە
کاتیش نادیار و
لە دیارێکم، کە،
جەستەکانی مردوو و
بێگۆڕ، لە گۆڕستانی
شاپووراا،' ئەنێژرێن..'
-بەرامبەرم گۆڕستانە و
ئاخ...
ئاخ کە نازانم
کام گۆڕ، بەگشتی گۆڕەپانی جەستەمە
و
لە کام ولاتا ئەبم بە گۆڕهەڵکەنی، تایبەتی
گۆڕی مانەوەم..
-بەرامبەرم بە ماوەی٢ خولەک شەوە و
ئیتر، یەک گۆڕ ئەمێنێتەوە
.. ئامێز..



مەحموود محەممەدیان

باران – نەفەس

زستان هاوینی لە لاشەی دڵەساردەکان بڕی
هاوارەکان هاوڕێی هەوای هەتاوی شین بوون
ئەمساڵ نەورۆزەکان هەرای هەوای بەهار بوون
دارەکان جلی سەوزیان بە دیاری دەبرد
و منااڵەکان گۆێیان لە دەنگی پێی ئاو بوون
باران تەز و تۆز و گەردی لە ماڵی دڵە ساردەکان دەسڕی
سەرەتای شیوەنی ساڵ بوون پەردەی لە هێڵانەی پردی یاران
دەدڕی
سێ شەقام، سێ شەقاو
بێشەقە و بێپێڵاو
لینگە گۆرەوییەکی بەجێماویان بۆ هەناسە ساردەکان دەکڕی
لە نیانی نەهێنی نەبوونی نەمان
گەرما پڕ بە دڵ پێڵاوەکانی دەدڕی
سەبا سەما بە سەنای سۆمای چاوەکانی بولبولێکی باڵشکاو
دەکەن
دەنگەکان نەگەیشتوو بە هاتن دەڕۆشتن
دەمامێک لە ڕووی هەڵۆپەکی جەنگاوەرا فڕی
خۆی کردە پاییز
وێنەی خەزانی کێشاوە
ڕۆستەم و زاڵ بە سەر سەرەکانی بێسەردا، دەفڕین
شاخی دێوە هەناسەکانیان دەشکاند؛
پێپەک پێ دەنێتە حەرز و دەوەرێ گەاڵیەک
هەاڵ ئاڵا دەکاتە شەو
شەو کەسی نێ بە فریای فەریادی بێ
نەوایەک خەم دەخوێنێ-شاخەیەک دەڕەقسێنێ-دەڕفێنێ-
دەکەوێنێ-

پاڵی وە داڕێک داوە و مۆمی
هیوای تاریکی دەکوژێنێ
گوێیەکان ئەقتاری زاکیرەی
نوورەکان دەبینن-دەبینن
چاوەکان گوێ لە دەنگی
شەقامە بێشەقاوەکان دەگرن-
دەگرن
شەوی ساماڵ بە سەر تەمی ماتەم تێدەپەڕێ
ڕۆژ، منااڵ بە شەوی ئەستەم دەسپێرێ
مانگ دوو منااڵ دەباتە سەر ئاو دەاوێنێ و دەنوێنێ
یەکیان دەباتە بن تەخت
یەکیان تەخت کەوتە سەر تەخت
دڵۆپە ئاوەکان بوون بە هاوڕێ
هەوری ڕەش.....
مەنتق خۆی لە ئەسڵی موعەممادا
تەخت بارانی لە نەسیبدا
ئاخرین نەفەسی نەفسی شاری خامۆشان
لینگە گۆرەوی شەقامە بێشەقاوەکان ڕێگای دڕی بڕی
بە چاو دیتی بە گوێ بیستی
بە ئومیدی نەسیم خۆی لە مونادام دا
نەسیبی بە نەسیبی بێنەسیبی ئەسڵی موسەممادا
دوو نەفەسی گەیاندە الی یەک
یەک لە الیەک و لە الیەک یەک
باران دەخۆن و باران دەخۆن و باران...

هەوڵنامەی کتێب



هادی تیتە

"ڕاسانێک بەرەو کات"

ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە
سەردەمێک پێیان دەکوت....سبەی
کەوابوو
ناسکتر لە شەڕ بۆت دەدوێم
بێبایەختر لە خوێن...لە شەهید
بەر پێی شۆستەچییەکان دەڕازێنمەوە
با لۆچی جەستەیەک...ژنێک...
لەم هزرە نەهامەتییە
لەم چەکە سپییە
ڕزگارم کا....
***
چم لە سەردەمی بوون!
بمبەوە ئەشکەوتەکان و
بێبەریم کە لەو ماچە
کە بە گۆنای مۆبایلەکەتیدا دەدەی....
وە دڵی من حیز حیز دادەخورپێ.
داگیرم کە...
بەمەیان ڕاهاتووم،
لەتلەتم کە

ئەمەیان تیا ژیاوم،
بگرمێنە بە گوێما
کە خۆشترین موزیکە
بە درێژایی سەد و هەزار و ملیۆن...نۆتی خۆشە
ویستی
***
ئەمڕۆ
خێراتر لە گوللە
هەنیەت دەتەنێتەوە...لێوم
پێشێلم کە
با یاسایەکی بنەڕەتی بم
یان مافێک بم لە مافەکانی مرۆڤ!
ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە
پێیان دەکوت داهاتوو
کەوایە
سبەی سبەی با چاوەڕێ بین
من لەم بەر و
تۆش لەو بەری هێڵە سوورەکانەوە

محەممەدئەمین قازی

سەیزادە

خاڵی تۆ سەرتۆپە بۆیە دڵ بە خاڵی تۆ دەدەم
تاڵی تۆ هەنگوینە بۆیە دەم لە تاڵی تۆ دەدەم

تاڵبەتاڵی پرچی پڕچینت وەکوو گەوهەر دەچێ
بۆیە شەش دانگی ژیانی خۆم بە تاڵی تۆ دەدەم

هەر لەبەر بێرەحمی تۆیە لەش بەرەو پاییز دەچێ
با پچێ تاکوو بەهارێکی بە ساڵی تۆ دەدەم

من کە بیستوومە نەخۆشی هیچ لە دەستم نایە بۆت
بۆ ئەوەی هاودەردی تۆ بم خۆ لە حاڵی تۆ دەدەم

شەرتە بۆ مەقسوودی دڵ بەردێ لە کێڵی کەس نەدەم
بۆ مرادی ئەو دڵەی خۆم دەس لە شاڵی تۆ دەدەم

بێتوو ڕازی بی بەمن مەیلت هەبێ سەیزادەکەم
لێوی بێ ئاوم لە نێوی لێوی ئاڵی تۆ دەدەم

تۆ کە فەرمووت من کە سەیدم غەیری خۆم بێ نامهەوێ
جومعە سەیدم ڕۆژی جومعەی دێم لە ماڵی تۆ دەدەم

بێ سنوورە، بێ حیسابە، جوانی تۆ خۆی کووشتووە
من تەواوی عەقڵ و هۆشم بۆ جەماڵی تۆ دەدەم

بەینی دوو مەم ژێری گەردن چەشنی چاڵی قوڵە، من
دێم و پەرژینی بە گوڵ بێ دەس لە چاڵی تۆ دەدەم

بێتوو دوور بی نازەنین لەم شارە جێ بێڵی دڵم
دێم بە دواتدا شانبەشانت باڵ لە باڵی تۆ دەدەم

قەت مەڵێ لاچۆ برۆ چاکچاک لە من حاڵی بە تۆ
تاڵی تۆ هەنگوێنە بۆیە دەم لە تاڵی تۆ دەدەم

نیعمەتە ئاسیابان (ڕۆئیا)

لە بازاڕی بەخۆزانی وەهام زانی کە شازادەم
لە پێش چاوی عەزیزێکم عەزیزێکی پەریزادەم

لە شایی عەشقی ئەو عەشقەم لە شانی شاپەڕم هەروا
لە ئەعزایی بەنی ئادەم وەها شایانە خۆ لادەم

شەوارەن شەککەر و شیرین، غەوارەن زوهرە و پەروین
بڵاّ بمرن پەریلەی چین، ئەمن ئەو سەروە ئازادە

نەنازن بولبول و قومری، قەناری حەقیە با بگری
ئەمن ئەو شاتەواری دەس ئەمیرزادێکی بەگزادەم

بە دوو لەعلی شەککەرێزم، بە دیدەی فیتنە ئەنگێزم
بە باغی سێوی شەرخێزم، منم وەسواسی بابادەم

لە چەوتی چەپگەڕی گەردوون، پلەو پێگەم لە دەس دەربوون
بە لاساری لە خۆ دەرچوون، لە شانی هەرچی ناشادەم

بە دەم سەردیم گوڵی عەشقم، بە دەم سەردی خەزانێ چوو
گەڵۆ ئێستا منەتباری نیگاهێکی سڕوسادەم

ئەگەر ڕۆژێ هەموو غەمم خەیاتەی زوڵفی خاوی بوو
بڵێ ئێستا بەنی مەیلی بە کام شانە و شەنا دادەم

لە من وابوو زەمان هەروا هەتا سەر ڕەوڕەوەی دەڕوا
دەچەرخێ چەرخی ئاواتم، چراخانە هەموو جادەم

لغاوی ئەسپی خۆشڕەوتی زەمانم هەر لە دەس دایە
بەڵام ئێستا بەڵام لێدا، زەمانە سوار و من پیادەم

بە دەستی خۆم دەسم شەق کرد، شەقم هەڵدایە بەختی خۆم
شەقی هەڵدایە تەختی من، تەخت کەووم و ئوفتادەم

مەکەن مەنعم کە مونعیمی سەفای جەمعی نەعیمان نیم
لە سووچێکی خەراباتا، خەرابی ساغەر و بادەم

لە وێنەش ناڕوێ داخم لە ناخم دایە تا مردن
دەبێ ئەم ناخ و داخانە بە دەم بادی سەبا دادەم

بەرەو پیری مورادم بم بڵێم دەستم بە دامانت
لە بۆ تەسلیمی سەر سەروەر، ئەمر کە یەکسەر ئامادەم

بڵێم پیرم، بڵێم میرم، بڵێم شاهم، شەهەنشاهم
ببووره سووچ و تەقسیرم ئیزن دە ئەو خەمە ڕادەم

ئەگەرچی ژینی ڕۆئیایە بەقیمەت پووشی دەم بایە
بە هیممەت بێ نەجاتم دە گەدایی تۆ بە شا نادەم

هەواڵنامەی کتێب

هاوار تەیب

گەڕیدەیەک لە با



١

لە گەڕیدەیەک دەچم
کە ماڵی نەبێ
هۆشی وێران وێران بێ.
٢
لە گەڕیدەیەک دەچم
کە سەراپای جەستەی

ئەنجن ئەنجن کرابێ
٣
گەڕیدەیەک
هەموو ڕۆژێک
بە تاوانی ماڵوێرانی
لە خاچ دەدرێ.
٤
گەڕیدەیەک
نزاکانی لای خوداش
گیر نابن.

٥
گەڕیدەیەک
ماڵی لە باران و

ڕوحی لە هەور
٦
گەڕیدەیەک

دەکرێت بە قوربانی کەوا و

سەڵتەنەیەکی دۆگما دۆگما
٧
تۆ لە جنسی بای،

لە نەسیمی بەیانیان‌دا

وەک شنەبایەک

بە شەقامەکانی تەنیایی‌مدا
هاتوچووتە*.
٨
گەڕیدەیەک

لە شەقامەکانی تەنیایی‌مدا

خەریکی یاری کردنە

بە چارەنووسی ئاو
٩
گەڕیدەیەک
لە ڕۆژگاری ئاودا

خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕە
ڕەشەکانی

کەوا و سەڵتەنەتی دۆگمایی ئایینە
١٠
گەڕیدەیەک
لە تەنیاییمدا شەپۆل دەدات و

هێندەی تەنیاییش تەنیایە.
١١
گەڕیدەیەک
دەیویست لەگەڵ ژنێکدا

جێژوانێک لە دڵی بەرددا

دروست بکات.
١٢
گەڕیدەیەک
لەگەڵ خێڵ و نەریتدا

لە ململانێ دایە،

تا ببێتەوە بە خۆی.
١٣
گەڕیدەیەک
دەیەوێ لەگەڵ بادا

تۆفانێک هەڵبکا.

*کۆپلە شێعرێکی خاتوو شیلان جەبارە، بە کەمێک دەستکارییەوە

قەقنووس

گەلاوێژ بەیگنیا



وا دەگەڕێم بە دوای حەقی ژیانەوەی باران
لە نێو هەنیسکی پیاوێک کە بە تاڵانی دا فرمێسکەکانی
هەموو ڕۆژێک ئاواتەکانم دە بێدەنگی‌دا
پڕ بە باڵی پەپوولەکان دێنە فڕین
بە گورانی و تینووی پاییز شاعیری شێت
بگری بە سەر وشە وشەی شێعرەکانتدا
کەوا پڕ بوو لە بۆنی گەندەڵی شەقام و کۆڵانی شار
بۆ نازانی ئەوین لەم دەڤەرە کۆچی کردووە
چووەتە پشت کێوی قاف
دڵتەزێنە دڵتەزێنە ئەم شەو، شەوی مەرگی شێعرە
لە نێو دەفتەری شێعری شاری ئاڵۆز دووپات دەبێتەوە
قەقنووس
دەرفەتێک بۆ تاوانی باران دوای تەڕبوونی دار بەڕووەکان
دڵۆپدڵۆپ بۆنی مردن بووەتە زوقم، سارد و بێهەست
دەنێو قەڵشەکانی پیادەڕۆی شاری شوعار
من هەناسەی خوا هەڵدەمژم بۆ ماچێکی پڕ لە کفر
شاعری شێت پینووس بۆ گەڕانەوەی شێعر دەوروژێنێ
یادگاری گوناه لە سەر کوڵمەکانی ژنێکی شۆخ
توخوا تا کەی جەستەی وشەکانت
لە تابوتی خەیاڵاوی باران‌دا، سەرخەو دەشکێنن بۆ بەهار
شێعر لە دایک بوو هێندەی باڵای برینە کۆنەکانی شار
بە تەمەنتر لە ئازاری پیرە پیاوێکی چەماوە
شاعری شێت من لە تۆ شێتتر
[شێعر دەکەمە منداڵێکی چاوگەشی کورد کە لە برسان مرد]
شێعر دەکەمە کیژێکی لێوئاڵی کورد کە لە ترسی بێئابرویی مرد
من خۆم دەبمە شێعرێک بۆ ڕوحی خودا

هەوالنامەی شێت

ژاکا

چاویلکەی عەشق
ئەمشەو تۆیی و چاویلکە پاکیەکانی ڕوحم
نەمدەتوانی بێچاویلکە بتبینم و
هەستت پێبکەم
ئەمڕۆ مرۆڤایەتیم دیت
لە پێناو هەوەسێکی سپڵەدا
چۆن لەتلەت دەبێ
چاویلکەکەکانم داناں و
دیتم چلۆن وەهمێکی تەڕ
وشکایی ڕوحمی نم دایە
دیتم چلۆن خۆشەویستی
درۆ درۆ تێک دەشکا
چاویلکەکانم داناں و
دیتم وەها بێدەستەڵات
ڕووتی کردم عیشقێکی پووچ
پاکیم دیوە لە حەوت ئاسمان
کە چەندە بێئەستێرەیە
چاویلکەکانم داناون
تابلۆیەکی پڕ تەڕحی مێژووم دیتەوە
لە خۆم وایە بێدرۆیە
بەڵام ئەوە مێژووە باوان، مێژوو
درۆ مێژوویەکی تاڵی بۆ ساز کردووی
دنیا زیندانە زیندان
دیسان من مام و چاویلکە عەشقاویەکەم
(بۆ دواجار چاویلکەکەم دانا)
منێکی ڕووت ، ڕوحێکی تێکشکاو
وەهمێکی تاڵ / تۆیەکی پڕ درۆم بینی
هەزار تۆیە لە چاویلکە



ئەنوەر بەهرامیپوور

شەوانی دوای سەفەرت
بۆ وا تاڵە؟
تەنانەت گەر لەجەستەشم ساڕێژ بێ،
بارانیش تامی گوناە ناسڕێتەوە...
پاش ئاوابوونی چاوەکانت
ڕۆژی من
بە خۆر هەڵدێ...!

ئیبراهیم قادری "فریا"

هەور

زۆر جار حەز دەکەم
ببم بە هەور
هەورێکی ئاوس...
بە ١٠٢٤ گیگا بایت یادەوە ,
سەرڕێژی هاتەی مرۆڤ،
لیپاولیپی بیرەوەری عەشق،
لە ناکاو سەر لە ئێوارەیەک
ببارێم،
ڕێژنەڕێژنە،
پێمەوە چەندە جوان دەبێت حاڵی لاوانی دڵدار



ناسیۆنالیزمی شێتی"

قادر نیازی

لە سەرەتای هەڵوەرینم بە سەر پلانی ڕاوی‌دا
تا کۆتایی ڕەوایەتی گوللەکانی فرمێسکت
کە نیگات لە پەنجەرە دەسڕنەوە
ژنێک لە زمانمدا لاڵە
هێشتا لەو شەقامەدا کە پرسترین ئاژاوە خاڵی نادیاری یارە
من لە هەرێمێکی بێنوقتەدا دێم و
دەچم و
کۆڵان پڕ بە هەناسەم دەنەوەسانی پرسیاردا؛
هاوین لە ڕوالّەتمدا پاڵ خەوتووە
باس لە مان کەی یا مانگرتن؛
دەبێ پاساوێک بۆ دوا هەناسەم بێنمەوە
- بە کاتی قەرەبووکردنەوەی ئاکواریۆمی نیگات یا حەنجەرەی باکرەبوونی بڕینت -
...دەقی سەرەکی کە بخوێنمەوە؛ لە یەکەم نیگادا تازە دەمرێی
بە کاتی تەشەننوجی مەیلە و ئەفسوردەی "با"
یا
مێژووی داس و مانای قەیسی
.....
تۆ سادەتر لە هەمیشەی مەزرای لێچکەت
یا
پێچاوپێچی تەبعیدی جاددەکانی مانا
بەر لەوەی کۆڵان لە پشووم‌دا بژمێرم بە باوێشکی کەوشەکانمەوە درەنگ بووی
تەنانەت لەتێ دەنگم لە "زوو"یەکتدا لە بیرچوو
مانگم دەوێ تا لە کۆڵان‌دا تیکرار بمەوە؛
خانم؛
کەمێک ئەو بەرتر لە مێژوو من"سابلاغ"م
لەپڕ بەتاڵتر لە مێژوو
ئەوجار مە جبووڕم تاران بم
دوێشەو کە بە تینوویی نووستم
خەشخاشی نیگات دەنگێک بوو
ڕاوەستا و لە ناوەندی خەونم‌دا

هەولاڵنامەی کتێب



من بووم به شار
تۆ له لابەلای لەشمدا موحافزەکارتر لە دوگمە
پیادەڕۆت ڕووت کردەوە
- بۆ ئەوەی هەڕێمی نیگا پاساوی سەربەخۆیی بێ -
.....
ڕەسەنایەتی بڕینت وەکوو پێستی پرسیار دەچێ
گرینگ ئەوەیە کۆڵان لە چاوم دەبارێ و
من بێزار لە هەرچی چوارڕێ دەڕژێمە شار؛
سەرم شێتی لێدەڕوێ
کاتێ ئاسمان لە مەزرای لێچکەکەتدا کەرۆشکەی نیگام دەماسێ
من نۆبەری باڵندەکانم
بەر لە کەشفی لۆژیکی خوێن
تاکوو چەند چەمک بە دەرفەتی چوارڕێیەکمدا دەردەچن
لە دەستبەسەرترین نوقتەی
نیگاتدا
بە خۆم و ئەو شێعرە دەڵێم:
کە قەرەبووت بکەنەوە بە کاتی
هەوەس و شۆڕش
.....
مانگ لەو ڕەوایەتە کە سرکە
لە خەونی لێچکەکەتدا شەهیدێک جێماوە
من بە پێخواس لە چوارڕێیەکدا ئازادم
ئێرەت ڕووتایی منە و
گرینگ ئەوەیە "سابڵاغ"
لە "با"ی پرچتدا ویترینی حەڕاجکراوی ڕاوی...
خووساو لە بەر ڕێژەی باران نسێکانمان بە بلووغی سەربازانی کۆڵان
/ تفە نگ/
.....برین دەڕژێتە خەوی خۆێن
چوارڕێیەک مۆعتادی منە
لە سەر باوێشکی تاران بمقیژێنە!:
ئێرە نوقتەی سیفری شێتییە لە کۆماری دوگمەکان‌دا

وەرزی پێنجەمی وشەکان

یوونس ڕەزایی



مەمخوێنەوە خاتوون من ڕستەیەکی دژوارم
لەو شەقامەی دەستی گریانی تێدا هەڵوەری...
وێڕای خوێنم
کە وەرزی پێنجە
می شێعرە
لە سەر پێستی با ناوم داتاشە
با بمێنمەوە بە مێژووی نیشتمانێدا ... سارد و تەزیو
کە فێرم بی؛ کاڵ دەبمەوە بە سیمای وەرزەکانتەوە
ئاوارە بەزمانتەوە... پیاوێک
بە ئەوینتەوە دوور و بێکۆتایە تەمەنی بە
فرەکانی
وەسنووری زستان بەشێک لە نیشتمانی
تەنیایی
لێڵە سەرچاوەکانم
با سۆمایەک بە ڕۆچنەکانی پاییز ببەخشێ دەنگم
وەچاوم بە پیتەکانتەوە کاڵ نەبنەوە
کە میراتی هەناسەتن...سەوز و وەڕەز
بەشێک لە ڕستەکانت بم
ئەو کاتانەی دەقی دۆزەخ لە نیگاتدا واتایەکی بەخشەندەیە
وە کتێبێک لە شەقامەکانت
کە لاپەڕەی هەموویانم پڕە لە چرا سووڕەکان
پڕە لە ئاماژەی وەستان

وە سێگۆشەیەک کە مەترسی ڕابردنی تۆم...
ڕابردووی پاییزە سەرشێتەکانی خۆم...
ڕای تۆم لە یەکەم وێستگەکان...
چ قاقڕ دەبێ ئەو شێعرە لە ڕەنگەکان
لە وێستگەی پاییزییەدا ... دابەزە
چ سەخڵەتە ئەو ڕستەیەی دوورتر بێ لە شەقامی من
لە سەر لەشی بڵێسەکان ... ئاماژەی کامە ڕاوەستان؟
کە نە پیتێک... نە بەڵگەیەک بۆ مانەوەم
کتێبی هەمیشەت سەوزە... لە ژووانی دیوارەکانێدا
من دەلاقەیەکی ماندوو لە شووڕەی وەرزەکانتەوە
بمدوێنە!
ڕستەیەکیش لە هەمیشەت
مەمخوێنەوە!
دژوارە خوێنم لە کۆڵان
با هەزارن واتام لە تۆدا هەڵوەدا...

هەوالنامەی کتێب

جەلال پوورحەسەن



ئەوڕۆ بە باوەڕێکی هەتاوی
دەمهەوێ گەرمە هەناسەیەک لە زستان وەردەم و
تامی سپیتان بۆ بگێڕمەوە
لە سێبەر زامی درەختەوە
تا ڕۆحانەتی زریان
سێبوریمت دەنێرمە تکا
دەزانم ئەو دێتەوە
ڕێگا بە کۆڵ و چاو بە میوان
لە دەشتان بە تەرازوو دەڕوا و
لە لێژان نەوی
دێتەوە و گریانم لە باوەش دەنێ
بە خەمانی دا شۆڕش بالای کردووە و
تفەنگ لە سینگی دا دەلورێنێ
ئاخ، یادی دەکەم
چۆلە ماچێک بە قەد ئەبەدیەت

سەلاحەددین حەمزی "باهۆز"

« ... »
پەلکە گەڵایەکی نەمری
ژێر کۆلکەزێڕینەیە
تەڕتەڕ،
چارەنووس!
ئەسپی «با»ی زەمانە
یا لە کانیسەما دەکەن و
بە چوار ناڵەوە، پێشم دەکەوێ
هەر ناهایەک، هەر چپەیەک
لە دنیای تاریکی بە چاوانی ببینرێ و
بە گوێچکەیدا بچەپێنرێ؛
ڕەگاژۆی هەرێمی زێرە و شانم دەبێ و
دەستبەجێ کلیل دەخوا!
هەر دوێنێ شەو
دابەزیبوو فیلمێک
لە سەر پشتی پەردەی خەو؛
مانگ ددانی هەڵوەریە سەر جەستەی
شەکەتی ڕەشی شەو!
قەتاری هەتاو،
ئێستگەی نووری هەناوی خۆی
لە جێگا جیا جیاکانی جیهانا ڕێک نەخستووە
ئاوی تەڕ،وێشک و خاکیش نەزۆک!
لە ڕێرەوی دونیای ڕاستەقینە و ڕووناکیمدا؛
تاقانە گوڵی باغچەی دایکم هەڵوەرا
لەو ڕۆژەوە بوومە تژی یەقین و شک
منی دەستوپێ کوێر؛
کەوتوومەتە؛
گۆمی ڕاستی و گومانی نەخوازراو
پەلەقاژەیەک لە گۆمی مەند و
گەلێک جاریش شەپۆلدار.

ئیبراهیم عومەری(ئارام)
بەڵێنی دووری

هێندە بێزارم دەڵێم قەت ڕوو لە ئەهلی دڵ نەکەم
پەیکی ڕامااڵی هەناسەم قەت دەمێ ماتڵ نەکەم

کەی نەدیتن بۆ نەبوون وەک بەڵگەیەک هاوار ئەکا؟
شەرتە تا هەم خۆنەزان و پڕ هەڵەو سەرچڵ نەکەم

ڕۆژپەڕی ئێوارەکانم سوجدە بۆ شەوگار ئەبەن
بۆیە شەرتە بەو شەرارەی ماتەمەی مێمڵ نەکەم

دەی وەرە وەک کۆچی دوایی پاییزی ماتەم بڵێ
شەرتە مەیلی تینی تاوی هاوینی پڕ کوڵ نەکەم

گوڵ بە دەم "با" پێکەنی بولبول بە جارێ هەڵفڕی
شەرتە دنیا وا گوزەر کا دڵ بەدیلی گوڵ نەکەم

گەر لە سوجدەی عاشقانەم ڕوو بە خۆت، بێشک نەبی
شەرتە ساتێ دڵ لە وەسڵی دیتنت غافڵ نەکەم

وا دیسان پشکۆی هەناسەی ملکی جوانان دامرا
بەس بەڵێن بێ تا دەژیم قەت فوو لە پێلووی کڵ نەکەم

باوەشی دووری شەوانم مەحشەری ناو پێخەفن
شەرتەحۆریش بۆ بەتاڵی جێ خەوت داخڵ نەکەم

بگرە عەهد و بەردە وەعدەت با منیش!!
خۆ بە خۆفی تاریکانی مەرگەخەونێ سڵ نەکەم

کەی گڵی دوور سوورمە بوو بۆ چاوی پڕ ئێشی ئەوین
عەهدە تا هەم خۆ مریدی دووری ئاو و گڵ نەکەم

وا لە سەر هەودای شەوانی ژینی بێمەیلیم کەوا
هێندە بێزارم دەڵێم قەت ڕوو لە ئەهلی دڵ نەکەم.

هەوڵنامەی کتێب

ئارەزوو ئەحمەدی

تاوانی کامە وەرزە
قژەکانم ئەیدەنەوە
لە ناو تابڵۆی بە یەکبوونمانەوە
کە خۆمااڵی چڕژی دەبرد
دڵنیام و
ئەرخەیان بە
خۆ شەوەکی نەڕۆیشتم.

***

پڕ بە هەنیسکێ فووی گەرم
مانگ هەڵدەدەی
سرنجم لە ئاسمان کەیتەوە
دەیکەیە ئابلۆقەی ناسک
بڵقی سەر ئاوێم بۆ چێبکەی
تیابینین
ئاوەژوو تێی خزاوین بە دوو
لە کەناری حەوزەکەمان
مانگە هەڵدڕاوەکان دەچنی
چاوم لە ئاسمان کەیتەوە.



حوسێن کامکار

ژیلا

هەموو دوونیا دەکەم ژیلا
هەر بەیانی دەست پێدەکەم
دانامێنم و
پلانەکانم دێنمە دی
هەموو شەوێ
شێعرێکت بۆ دەنووسم و
چوارشەممەی هەر حەوتەیەک
لە کۆڕی شاعیرانداو
دەیخوێنمەوە
دەنک بە دەنکی شێعرەکانی کە بۆم نووسیوی
لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانداو
لە پەڕی یەکەمدا چاپیان دەکەم
هەموو دونیایە دەکەم ژیلا
گلێنەی چاوی هەموو خەڵکی شار
هەک دەکەم و
وێنەی ناوی تۆی داوێمە سەر
تا هەموو شار بتناسن
لە بەر دەرگاکەتان
من و تەواوی خەڵکی شار
مان لە خواردن دەگرین
بۆ کاتێکی نادیار
هەتا تۆ بێیەوە
واز نەهێنی، نەکشێیەوە
هەموو دونیای دەکەم ژیلا
هەر منالێک لە دایک بوو
لە هەر چوار گۆشەی زەوی
لەوەی بۆ ئەولاوە
نێوی دەنێم ژیلا
هەموو دنیایە دەکەم ژیلا

دەچمە کۆمپانیای پارە سوییس
نێوی دۆلار، پۆند، یۆرۆ، فرانک، یەن، دینار...
وێنەی سەر پارەکان
لە فراکلین هەتاکوو
...!
دەیانگۆڕم دەکەم بە ژیلا
هەموو دنیایە دەکەم ژیلا
نێوی هەر وڵاتێک
گەورە بێ یا بچووک
گرینگ نییە
ئاڵمان، ئیسپانیا، ئیتالیا،
ڕووس، چین، ئامریکا
ژاپۆن، هێند، کووبا
ئێراق، وێنێزوئێلا
دەنێم ژیلا
هەموو دنیایە دەکەم ژیلا
نێوی تەواوی زەریاکان
دارستان و ڕووبارەکان
زنجیرەکێو و پێدەشتەکان
نێوی ئێوەش
نێوی خۆیشم دەنێم ژیلا
هەموو دنیایە دەکەم ژیلا
دەچمە فەزا
مانگ، مێڕیخ، هەموو
هەسارەکان
دەنک بە دەنکی مانگەدەستکردەکان
نێو دەنێم ژیلا
هەموو دنیایە دەکەم ژیلا
واز ناهێنم...!

یاسر مینا "ئاسۆ"

سێحری سەحەر
هەموو ڕۆژێ بەیانیان
لەگەڵ شەبەنگی سپێدەدا،
تەوژمی یادی تۆ پەلکی چاوم ئەتروکێنێ
هەموو ڕۆژێ بەیانیان
لەگەڵ تریفەی سەحەردا
یادی تۆ نێزەک لە مەیلم دەدا
هەموو ڕۆژێ بەیانیان
لەگەڵ تروسکەی سەحەردا
دا وێنەی خەیاڵت لە ئەلبومی چاوم
پاڵۆش دەبێ
بۆیە هەموو ڕۆژێ بەیانیان
بە یادی تۆ
ناوی تۆ
لە سەر کاغەزێ بە ڕەنگی گوڵ دەنووسم
ئەو کاغەزە دەیان جار ڕادەموسم

مەحمود نەجمەدین

بۆ ئازاد سوبحی

لە سەر زەمینی تاریکییەوە،
ئەستێرەیەکی غەمگینی شێعر دەبینم
بە نێو دڵی گەردووندا هاتوچوو دەکا.
ئەم شەو لە وەختێکا
پاییز بە گەڵای زەردی خۆی
بناغەی سەدەیەکی غەمگینی لە دڵی تاریکییا لێدەدا
لەو وەختەیا
تەنیاترین موسافیری دنیا
بە سەر پشتی ئەسپی تاریکییەوە
لە دووتوێی تابووتێکی پاییزییەوە
کۆتایی بە گەشتی حوزن و حەسرەت و شێعر هێنا
ئەوەی مرد، جەستەیەکی شەکەت بوو
ئەوەی چووە گەردوون
ڕوحێکی پەڕەوازە بوو
ئەوەی مرد
سوبحی غەمگینی بوو
شێعرێکی درێژی ئەم چاخە ڕەشە بوو...
شەمەندەفەری شێعرێکی بەلەنگاز
خێراتر لە ڕەشەبای سلێمانی
خاکیتر لە خۆڵبارینی کەرکوک
دڵی تاریکی شەوی بڕی و
نەوەستا و
نەوەستا تا چەقی گەردوون...

هەوالنامەی کێبڕکێ

پێشهاتەکانی ٢٤ کاتژمێری با

کەژاڵ عەلی

ئاسمان خۆی داتەکاند،
خەمەکانی بوون بە باران،
ئەستێرە بە تاقی ئازارەوە
کەوتنە درەوشانەوە.
گومان دەکەم
قەدەر پێش بەو بایە بگرێ
وەک سیخورێکی نالەبار،
سەر بە کۆشی باخچەدا شۆر دەکاتەوە
کراسی گەلا هەڵدەکا.
دەم لە شلکەی عەشق دەکوتێ و
دەست بۆ مەمکی هەنار دەبا.
بایەکە لەگەڵ خۆی
ئافاتی خستۆتە سەر دوو باڵ.


بە هەموو پێوەرەکانی
ئەنتیمۆمەتری پیاوەتی،
کەوتۆتە وێزەی پایز ،
بە فەریکی پاکیزەیی
دەخاتە بن کەلێنێکی
تام لە بەفر
بەر لە بێبەر دەرنێ.
کە ئەو دێ
زەوی لە بەهەشتەوە
دەگوازێتەوە بۆ دۆزەخ.
سەوزایی بە درەختەوە
دەگۆڕێ بە تەختە.
ژنێتی لە پشکۆیەکی گەرمەوە
بۆ تۆپەڵێک ئاسنی سارد.
گومان دەکەم
بروسکە وەک شمشێری داد
سینگی واقع بکوتێ ،
درز بخاتە دڵی شەو
کەللەی تاریکی
بە ئاسماندا بەرێ.
وا مەزەندە دەکەم
هێشتا کە بروسکە تەوقە بێ
تەوقەی بێئومێدی ،
لە نێوان زۆرانی شەو و
ئاشتەوایی ڕەشەبادا.
تەنانەت
مانگیش دووڕوو دەرچوو
ئەو دەمەی با
ناو دمی بەفری
پڕ کرد لە قرمژنی تەرزە
ئەو دەسماڵی تەمی پۆشی ،
چڵێک هەوری دا بە خۆیدا.
گوێ بگرە
هێشتا هەر گڤەی دێ ،
بە بەرۆکی باخچە و
شەوکەتی شەوەوە.
تۆ بڵێی تاکەی بێ

گڤەی با..

ڕۆژێک وەکوو ڕۆژانی دیکە

نووسەر: گابرییەل گارسیا مارکێز

وەرگێڕ: زانیار قادرزادە



دووشەممەیەکی گەرم و بێباران بوو. ئۆرلیۆ ئێسکوار، دانسازی ئەزموونی کە بەیانییان زوو لە خەو هەڵدەستا، ڕێک کاتژمێر شەشی بەیانی چووە مەتەبەکەی. تاقمێک دانی دەستکردی کە هێشتا لە قاڵبە گێچڵدا دابوون، لە قوتوویەکی شووشەیی دەریهێنان. ئەوسا هێندێک کەرەستەی کاری لەسەر میزی دانسازییەکەی خۆی دانا و وەکوو ڕاخەری دەستفرۆشان بەپێی گەورەیی و قەبارەوە لە پەنا یەکی دانان.

کراسێکی خەتخەتی و بێیەخەی لەبەر کرد کە قۆپچەیەکی زێڕینی پێوە بوو؛ دوولینگێکی دە پێ کرد و بە کێشێک کە بە سەر شانیدا دەهات، قایمی کرد. پیاوێکی جیددی و ڕەقەڵە بوو؛ وەکوو کەڕان بەدەگمەن لەگەڵ بارودۆخی دەوروبەری دەسازا.

دوای ئەوەی کە کەرستەکانی بە دڵخوازی خۆی لە سەر میزەکە دانا، چرای موتاڵاکەی تا نزیک میزی کارەکەی هێنایە پێش و لە بنی دانیشت. دەیهەویست دانە دەستکردەکان کە دە گێچی گیرابوون، بکرێنێ. دەتگوت هۆشی لەوێ نییە، بەڵام واش کارەکەی بێپسانەوە دەکرد و ئامێری فێرێزی تەنانەت کاتێک کە پێویستی پێی نەبوو، نەدەکوژاندەوە.

پاش دوو کاتژمێران کاری بەردەوام، دەستی لە کار هەڵگرت تا لە پەنجەرەوە چاو لە ئاسمان بکا. دوو داڵاش لە سەر هەیوانی ماڵی جیرانیان لەو بەرتاوە هەڵنیشتبوون. دیسان دەست بە کار بۆوە و پێی وابوو بێگومان بەر لە نانی نیوەڕۆ، باران دەبارێ.

بە دەنگی ناسکی کوڕە یازدە ساڵەکەی وەخۆ هاتەوە.

- «بابە گیان!»
- «گیانی بابەی؟»
- «شارەدار دەیهەوێ لێی ڕوون بێتەوە دانی دەکێشی یان نا؟»

دیسان ئامێری فێرێزی هەڵکردەوە. دانە دەستکردەکەی دە دەستی نایەوە و لە بن چراکە بڕێکی واوە برد و بە چاوانی نیوە کراوە و زانایانە چاوی لە کارەکەی خۆی کرد. کوڕەکەی دیسان لە هۆڵی چاوەڕوانیڕا هەرای لێکردەوە: «ئەو دەڵێ، دەزانم لەوێی؛ چون دەنگی کار کردنەکەت دێ.»

دانساز هەروا خەریکی دانەکان بوو. پاشان دەستە دانەکانی لە پەنا کارە تەواو کراوەکانی، لەسەر میزەکە دانا و بە کوڕەکەی گوت: «زۆر باشە، گرفتێک نییە!»

دیسان ئامێری فێرێزەکەی هەڵکردەوە. لە قوتوویەکی چکۆڵە و مقەبایی‌دا کە کاری تەواوکراوی موشتەرییەکانی لەوێ دەنا، ئامێری پێلی دەرهێنا و دوایی دەستی کرد بە رێک و لووس‌کردنی ڕووکاری زێڕینی ددانەکان.

- «بابە!»
- «ئەو جار چت دەوێ؟» هێشتا ڕاوێژی قسەکردنی نەگۆڕابوو.
- «دەڵێ ئەگەر ددانم نەکێشێ، گوللەیەکی لێدەدەم و دەیکوژم.»

بێسێودوو لەو پەڕی ئارامی‌دا فێرێزەکەی کوژاندەوە و لە شوێنی دانیشتنەکەی خۆی، دووری خستەوە. کەشەوی خوارەوەی مێزەکەی کردەوە. دەمانچەیەکی تێدا بوو.

- «دەی باشە .... پێی بڵێ بێ و بمکوژێ!»

لە حاڵێکدا دەستێکی بە لێواری کەشەوەکە گرتبوو و بە دەستەکەی دیکەشی، سەندەڵیی ددانپزیشکییەکەی پاڵ پێوە نا تا دەرگاکەی بە جوانی لێ دیار بێ.

شارەدار وەژوور کەوت. لایەکی ڕدێنی تاشی بوو، بەڵام لایەکەی دیکەی نا، کە زۆر پیس ئەستوور ببوو و ژانی دەکرد؛ دیار بوو لانیکەم پێنج ڕۆژێک دەبێ نەیتاشیوە. ددانپزیشک لە چاوانیڕا زانی، زۆری شەونخوونی چێشتووە. بە سەری قامکانی کەشەوەکەی پاڵ پێوە نا و بە ئارامی گوتی:«دانیشە!»

شارەدار گوتی: «بەیانی باش بێوەفا!»

ددانپزیشک بە بێتاقەتی وڵامی داوە: «بەیانیی تۆش باش، پیاوکوژ!»


لەو ماوەی کە ددانپزیشک خەریکی کوڵاندنی کەرستەکانی کار بوو، شارەدار سەری لە سەر باڵنجە چکۆلەکەی سەندەڵیی ددانپزیشکی دانا و هەستی کرد کە بەرەو باشییە. زاری بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات. مەتەب، زۆر بچووک و هەژارانە بوو؛ سەندەڵییەکی دارینی لەقوتەق، مەکینەی کڕاندن، قەفەزەیەکی پڕ لە گلێنە و لە بەرانبەر سەندەڵیی تایبەتی نەخۆشیش، پەنجەرەیەکی تێدا بوو کە پەردەیەکی سادەی پێوە بوو و هێندەش درێژ نەبوو. کاتێک شارەدار هەستی کرد ددانپزیشک لێی نزیک دەبێتەوە، پانییەی پێڵاوەکانی زۆر بە تووندی ڕێک خشاند و زاری داچەقاند.

ئۆرلیۆ ئێسکوار سەری شارەداری بۆ لای چراکە خوار کردەوە و چاوی لە ددانە خوراوەکەی کرد. دوایی بە پارێزەوە، زاری شارەداری بە سەری قامکانی وێک نایەوە و گوتی: «سڕ نابێ ... دەبێ هەر ئاوا بیکێشم!»

- «بۆچی؟»
- «کیسی کردووە.»

شارەدار بە ڕوانینێکی مانادارەوە، چاوی دە چاوی ددانپزیشک بڕی و گوتی: «چۆنت پێ باشە، وا بکە!» هەوڵی دا پێبکەنێ. ڕوخساری ئۆرلیۆ ئێسکوار نەگۆڕدرا و کەرستەکەشی کە دە نێو لەگەنێکی کوڵاو دابوو، لە سەر مێزەکەی دانا. بە پەنسێکی دڕگەنی[1]کراو، یەکەیەکە دەریهێنان و بە لەسەرەخۆیی، کاسەی تایبەتیی تفڕۆکردنی بە پەنجەی پێی هێنایە پێش. پاشان چوو بۆ لای دەستشۆرییەکە تا دەستانی دڕگەنی بکا. بێئەوەی چاو لە شارەدار بکا، هەموو ئەم کارانەی کرد. نەخۆشیش بە وردی ئاگای لە کارەکانی بوو کە چ دەکا.

[1] دەرمانێ کە گەنیو لە نێو بەرێ، (ضدعفونی).



ددانە خوراوەکەی، ددانی عەقڵ بوو. ددانپزیشک لاقی لێک بـــڵاو کـــردن و ددانە خـــوراوەکەی بە گـــازێکی گەرم داگـــرت. شارەدار بە هەر دووک دەستانی، تونـد دەسکی سـەندەڵییەکەی گـرت و بەتەواوی هێـزییەوە لاقـی ڕێـک خشـاند. مچـورکی بە تیغەڕەی پشـتیدا دەهـات، بەڵام نەیدەگوت، وەی. ددانپزیشک تەنیـا دەسـکەکەی جووڵانـد و بە بـێزەوق، بە ڕاوێژێکـی پـڕ لە گلەیـی، بەڵام بە دڵۆڤـانییەوە گـوتی: «ئـاوا تـاوانی بیسـت مردووانمان دەدەیەوە!»

شارەدار هەستی بە شکانی ئێسکێکی شـەویلکەی خـوارێی کـرد. بێئیرادە فرمێسک بە چاوانیشارەداردا دەهـاتە خـوار؛ بـێئەوەی دەنگـی لێـوە بـێ. وەختێـک دڵنیـا بـوو ددانە خـوراوەکەی کێشراوە، تـازە زانـی فرمێسـکی هـاتووە. ددانە کێشراوەکە لێـی نەدەهـاتەوە پێـنج شـەو و ڕۆژان لە بەر ئـێش و ژان جـارێی کردبێ.

لەشی وەسەر ئارەقەیەکی سارد گەڕابوو، داهـاتەوە بـۆ سـەر کاسـەی تـایبەتیی تـفڕۆکردن. لە حاڵێکدا قۆپچەکـانی کراسـە نیـــزامییەکەی دەکـــردەوە، وەکـــوو کـــوێران لە گیرفـــانی دوولیـنگەکەیدا بە دەسـتەکوتە لە دەسـرۆکە دەگەڕا. ددانپزیشـک دەسـرۆکەیەکی خـاوێنی دایە و گـوتی: «فرمێسـکەکانت بسڕەوە.»

شارەداریش بە قسـەی کـرد. حەلەمـی لێبڕابـوو. کاتێـک ددانپزیشـک دەسـتەکانی دەشـۆرد، شـارەدار زەق چـاوی لە قەڵشـی میچی مەتەبەکە و تۆڕی جاڵجاڵۆکەی پڕ لە تۆزوخۆڵ و مێشە تۆپیـۆ و گەڕای جاڵجاڵۆکـان بـڕی. ئۆرلیـۆ ئێسـکوار لە حاڵێـکدا دەسـتانی بە دەسـرۆکەیەک وێشـک دەکـردەوە، بـۆ لای هـات و گـوتی: «ئێسـتا دەتـوانی هەسـتی و بـڕۆی، بحەسـیەوە و چەنـد کەڕەتان خوێواوکی دە زارت وەردە.»

شـارەدار هەسـتا و لە جیـات مـاڵاوایکـردن، بە شـێوەیەکی ساردوسـڕی نیزامـی ڕێـزی بـۆ دانـا و لاقـی شـل کـرد بـۆ ئەوەی بحەسیەتەوە. بێئەوەی قۆپچەکانی کراسەکەی دابخا، چوو بۆ لای دەرگاکە و گوتی: «چەندی تێچـووە، بـۆم بـکە بە فاکتۆرێـک و بۆم بنێرە!»

– «بینێرمە ماڵێ یان شارەداری؟»

شارەدار چاوێکی لێکرد و وەدەرکەوت. لە پشت تۆڕی دەرگاکەوە گوڕاندی: «هەر وێرانبوویەکی پێت خۆشە، بینێرە!»

سـەرچاوە: کتێبـی "هجـدە داسـتان کوتـاە" گابریـل گارسـیامارکز، ترجمـەی: سـیدحبیب گـوهریراد، چـاپ اول،١٣٨٩ , نشـر جمهوری.

شێتی گوند

نووسەر : کامیلۆ خۆزێ سێلا

وەرگێڕ لە ئینگلیزی بۆ کوردی : کەیوان مەولوودزادە



نێوی شێتی گوندەکەی بێلاس بوو. بێلاس هێرێرۆ مارتینێز. بەر لەوەی شێتی پێشووی گوندەکە بمرێ بێلاس، کۆرپێژگەیەکی گێل و حۆل و چارەڕەش بوو کە هەر کەسێک لە ڕێگاوە دەگەیشتێ شەپەلاغەیەکی لە تەپڵی سەری ڕادەکێشا. ئیشەکەی هەرمێ دزین بوو. شێتی پێشوو پارالۆندۆ لە بیری کردبوو کە ناوی ڕاستەقینەی ئێرمانالّدۆیە.

گوندەکە نەیدەتوانی پتر لە شێتێکی تێدابێ واتە چکۆلەتر لەوە بوو کە زیاتر لە شێتێکی تێدا بگونجێ. بێلاسیش لەم بابەتە ئاگادار بوو و بۆ دابونەریتەکانی گوندەکە ڕێزی دادەنا. هەر لە بەر ئەوەش لە ناو سەوزەلاّن و باغەکانی دەوروبەر، دەسوڕاوە و هەر شتێک هاتبا بەر دەستی، دەیقاپاند. بە خۆڕاگری و حەوسەلەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە پارالۆندۆی پیر لە ناو تابووت باوێن و لەگەڵ کەشیشەکان بچێت بۆ سەر گۆڕەکەی. هەر چۆنێک بێت پیاو ئەگەر هات و شێتیش بێ، دەبێ بۆ دابونەریت ڕێز دانێت. جێگای دابونەریتەکان لە پاشا و یاساش بەرزترە.

خەڵک وایان دەگوت و ڕاست و درۆکەشی لە ئەستۆی خۆیان. بێلاس هێرێرۆ مارتینێز لە ڕووی سرشتەوە ژیانی بەرەو پێش دەبرد. ڕێک وەک تاژییەک بوو کە لەو شوێنانەی بۆنێکی لێهاتبایە، دەگەڕا. دەیزانی هێشتا نۆرەی نەهاتووە و دەبێ چاوەڕوان بێت. گەرچی لەوانەیە هیچ کات نۆرەی نەگاتێ، بەڵام هەر کارەی کاتێکی بۆ تەرخان کراوە.

بێلاس هێرێرۆ مارتینێز، سەرێکی چکۆلە و خڕی هەبوو و هەروەها کەچیلّیش بوو، قەڵافەتە لاواز و لاقە درێژەکانی، پیاوی وەبیر لاقی جالّجالّۆکە دەخستەوە.

دەموچاوێکی ناحەز و نەموس، ددانە خێچ و خوارەکان، چاوە چەپ و چیرەکان و زاری دایمە داچەقاوی، شێتێکی تەواو عەیاری لێساز دەکرد. دایمە چڵم و لیکاوی شۆڕ ببۆوە. پیاو گەر بە تێبینی سەیری بکردایە، بۆی دەردەکەوت کە پلەی شێتی گوند پڕ بە پێستییەتی.

ئەو شێت بوو بەڵام نەک ئەو شێتانەی پزیشک لە شێتییەکەیان سەر دەردەکا، ئازاری بۆ کەس نەبوو، ڕووخۆش و لەسەرەخۆ بوو، دایمە وەکوو گوێلکێکی نەخۆش، چارەڕەشی لە سەر و پۆتراکی دەباری. تەنانەت کاتێک بەردیشیان تێدەگرت وستەی نەدەکرد. دایمە کەسێک هەبوو بەردی بهاوێ. خەڵکی گوندەکە زۆریش دڵسۆز نەبوون. بێلاس هێرێرۆ مارتینێز دەیتوانی گوێچکەکانی ببزوێنێ. لەو دەمەدا کە لە برینە کۆنەکانی لەشی خوێن دەتکاوە، ئەو پێدەکەنی. وێدەچی بە پاڕانەوە لەوانەی ئازاریان دەدا، دەیهەویست کە بەردی دواهەم بە شوێنی برینە کۆنەکەی دانەدەن.

ئەو سەردەمەی کە پارالۆندۆ هێشتا زیندوو بوو، بێلاس تەنیا ڕۆژانی یەکشەممە ئیزنی هەبوو لە ناو کۆلانەکانی گوندەکەدا پیاسە بکات. شێتی گوند، دوای ڕێوڕەسمی نزای ڕۆژانی یەکشەممە، لە بن دەرگای مەیخانەی لووییس دادەنیشت تا ئەو دەمەی کە کرپارەکان دوای سەرخۆشبوون، هاتبانە دەرێ.

کاتێک کە مەیخانەکە چۆڵ دەبوو، بێلاس دەم بە پێکەنین کەلێن و قوژبنی مێزەکانی دەپشکنی تا قونچکە جغارەی کۆ بکاتەوە. هێندێک جار بۆی دەهات و کۆلێک جغارەی کۆ دەکردەوە.

ساڵی پار لە ڕێوڕەسمی جێژندا، حەوسەد قوونچکە جغارەی لە ناو قوتووی بەتاڵی کۆنسێروودا خرکردەوە. قوتووە کۆنسێروەکەی کە شانازی پێدەکرد، وێنەی سەدەفێکی لە سەر بوو و هەروەها چەند وشەی ئینگلیزیشی لە سەر نووسرابوو کە لێی حاڵی نەدەبوو.

بێلاس ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنا و بە غاردان خۆی دەگەیاندە لای پارالۆندۆ. پارالۆندۆ نەیدەتوانی لە جێی خۆی ببزوێ. بە پارالۆندۆی دەگوت: ((چاو لێرە بکە پارالۆندۆ، پێت چۆنە؟؟))

پارالۆندۆی پیر بە دەنگێک کە سەروخواری هەبوو، وڵامی دەدایەوە ((باشە...باش)). بە چاوی برسی سەیری جغارەکانی دەکرد و شەش دەنکی هەڵدەگرت و دەیدا بە ئەو))

بێلاس لێی دەپرسی: ((کاری چاکم کردووە دەنا؟! بە کەیفتە؟))

پارالۆندۆش وڵامی دەداوە: ((ئەرێ... ئەرێ...))


بێلاس هێرێرۆ مارتینێز، قونچەکە جغارەکانی هەڵدەگرت و دەیکردنەوە و دواتر تووتنەکانی تەکووز دەکرد و جغارەیەکی بۆ خۆی ساز دەکرد. جاری وایە جغارەکە ناقۆڵا دەردەهات. بێلاس بە دووکەڵەکەی خەنی دەبوو؛ هێندێک کەپەتیش ئەو جغارەی پێچابوویەوە بە کەڵک نەدەهات. بێلاس بەردەوام جغارەکانی مەیخانە لووییسی بۆ پیرەپیاو دەهێنا. هەر چۆنێک بێت ئەو وەک شێتی گوند خاوەنی تەواوی قونچکە جغارەکانی گوندەکە بوو. بە هەر حاڵ لە خۆڕا ناوبانگی دەرنەکردبوو. کاتێک نۆرەی بێلاس بگاتێ خۆی دەزانێ چۆن جغارەکان بەکار دێنێ؛ ئیزن نادات کەس کڵاوی لە سەر نێت. جا کوا ئەو ڕۆژە؟! بێلاس بە تەواوی شێتایەتییەکەیەوە ڕێزی بۆ ڕستەکان دادەنا. شێتی یاسایی گوندەکە پارالۆندۆ بوو. ڕۆژێک کە پارالۆندۆ مرد، بێلاس نەیتوانی پێش دەرخستنی کەیفخۆشی خۆی بگرێت. لە سەوزەڵانەکانی قەراغ گوند هەڵپەڕداپەڕێکی تەواوی کرد. بەڵام دوای ماوەیەک زانی کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە هەر بۆیە لە بەر داوای گەردنئازایی ڕۆیشتە سەر گۆڕی پارالۆندۆ لە گۆڕستان و تێر گریا.

لە سەر گۆڕی ئەو نە قەت کەس گریابوو و نە بڕیار بوو کەس بگری. هەتا چەند حەوتە دوای مردنی پارالۆندۆ، قونچکە جغارەکانی دەهێنا سەر گۆڕەکەی و شەش دەنکی بۆخۆی هەڵدەگرت و پاشماوەکەشی لە تەنیشت گۆڕی پارالۆندۆ چاڵ دەکرد.

وردەوردە و دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک لەو کارە پاشگەز بووە. ئیتر خۆی زەحمەت نەدەدا کە هەموو قونچکە جغارەکان کۆ کاتەوە. تەنیا ئەوەندەی پێویستی با، کۆی دەکردەوە و پاشماوەکەشی بۆ کاتێکی تر جێدەهێشت. دوای ماوەیەک پارالۆندۆی لە بیر کرد بەڵام تێگەیشت کە ئاڵوگۆڕێکی سەیری بە سەر داهاتووە. هەر کات دەیهەویست دابێتەوە تا قونچکە جغارەیەک هەڵگرێتەوە، هەستێکی نامۆی بە سەردا زاڵ دەبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە لەو ناوەشێتەوە بۆ قونچکە جغارەیەک دابێتەوە.

چیمان لە دەست دێ؟

چارڵز بوکووسکی
وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە: عەتا میرەکی



لە باشترین دۆخدا
لە ئینسانداً، میهرەبانی بەدی دەکرێ
کەمێک تێگەیشتن
بڕێ بوێری
بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە
کۆمەڵێک خەڵکی بێشێوازن
وەک ئاژەڵێکی گەورە
لە خەوێکی قوواڵدا کە
کەس بۆی نیە خەبەری کاتەوە
بەڵام کە خەبەر بۆوە
لە دڵڕەقی و خۆپەرستیی و زوڵم و کوشتندا
هاوتای نیە
لە ئاست ئینسانداً
چیمان پێدەکرێ؟
هیچ
لێی دوور کەونەوە
وەک چۆن لە ژەهراوییەک، دڕندەیەک، شێتێک
بەڵام هوشیار بن
چەندین یاسای بۆخۆی داناوە
هەتا خۆی لێتان بپارێزێ
لەوانەیە لەسەر هیچ بتانکوژێ
تەنیا بە هوشیاری ڕزگارتان دەبێ
چەند کەسێک نەبێ
کەس ڕزگاری نەبووە
لە سەر خۆتانە پلان بۆ هەڵاتنتان دانێن
کەسم پێ شک نایە دەرچووبێ

گەلێ مرۆڤی بەناوبانگ و گەورەم دیوە
بەڵام کەسیان دەرچوونیان بۆ نەبووە
لە بەر ئەوەی تەنیا لە نێو مرۆڤایەتیدا گەورە و ناودار
بوون
من نەمتوانیوە هەڵێم
بەڵام لە تێکۆشان ڕانەوەستاوم
هیوام وایە
بەر لە مردن ژیانم وەدەست بێنمەوە .

هەزارویەک گۆرانی بۆ ژنان



سەیدعەلی سالّحی

وەرگێڕانی: حسێن جەوانشیر

لەو دیو کراسێکی
دووراوەی هەزار عەتری ئاسکەکوژ
هەزاران نهێنییت لە شاخە فێنکەکان حەشار داوە
دەنا سەرپەنجەی تینووی تامی بنچکە لیمۆکان
چۆن بە سانایی واز لە هەلّگلّۆفینی بلووری ڕووت دێنێ؟
هاوخەوی هەور و
خورمای پێگەییو، تۆی
کەشی باکوورترین نێوکی قامیشە
لێکئالّاوەکانی تینوویەتی، تۆی
خەزەلّوەری هەرچی بانەمەڕی بەفرانبار!
تۆ...کچی بە حەوت ئاسمان شۆڕاوەکەی من
ئەم چەشنەنهێنیانە
دەریاوانی چاوەکانمن
کەوا هێشتا
شاعیرترین شەوبێژی بەیانیانی ماچم.
زۆری قوولّ مەکەوە
من قەت ولّامی ئەوانەی پرسیار لە چرای شکاوی خۆیان دەکەن
نادەمەوە
وەرەواز بێنە!
دەرگای داخراو چووزانێ
لەو دیو کراسی ئەم هەمووە ڕووتپۆشەوە،
ئەو دوو کۆترەباریکە شەرمنە
پەشۆکاوی ئاوازی کام خۆشەویستین!

هەوالّنامەی کتێب

وەرگێڕانی شێعرێکی سۆهراب سپێهری

ئەمیر ئیسماعیلی(ڕازان)



ئاو نەکەین قوڕاوی
ئەوێستا لەخوارەوە
کۆترێک ئاو دەخواتەوە
یان لە وڵاتێکی دوور
چۆلەکەیەک باڵ دەشواتەوە
یان لەئاوەدانییەک
گۆزەیەک پڕ دەبێتەوە،
ئاو نەکەین قوڕاوی
وێدەچێ ئەم ئاوەڕەوانە بچێتە بن دارێک
تا بسڕێتەوەتەمی دڵێ
دەستی دەرۆیشێ، وبشکەنانی بردۆتە ژێر ئاو
پەریزادێ بە ڕووی خۆشی هاتۆتە دەم ئاو
ئاو نەکەین قوڕاوی
بۆتە وێنەی ڕوخساری جوان
چ پاراوە ئاوێ
چ ڕوونە ڕووبارێ
چ خۆش مامەڵەن ئاوایی سەرێ
کانیاویان پڕ ئاو و ئاژەڵیان بە شیر بێ
دێی وام نەدیوە
بێگومان شوێنی سەر جێگەی کەپریان جێ پێی
خودایە
تەزانی تیشکی مانگ شوێنی ڕوونی ڕەوایە
بێگومان ئاوایی سەرێ حەوشەی بێدەروازەیە
خاشخاشک گوڵی ناسیاوی وانە و
ئەوێ گوڵچینی ئەم جیهانەیە
لە پشکووتنی خونچەیێ ئاوایی بێهەواڵ نین
چ جۆرەگوندێ دەبێ بێ
شەقامی ڕەزی پڕ چریکەبێ
قوڕاونەکردنی ئاو دەزانن ئەوان
ئێمەیش چەشنی وان
ئاو نەکەین قوڕاوی.

ئاشتی نێوخۆیی

چینۆوا ئاچێبێ(Chinua achebe)

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: عەلیرەزا قەدیری

وەرگێڕ لە فارسییەوە بۆ کوردی: غەفوور پیرزادە



جاناتان ئیگبۆی یەکجار هەستی بە بەختەوەری دەکرد. لە ڕۆژە تاڵ و پێوارەکانی دوای شەڕ باو بوو کە کۆنە هاوڕێیەکان بە یەکتر بڵێن ((زیندوومانەوەمان پیرۆز)).

مانای ئەو ڕستەیە لە لای ئەو زیاتر لە پیرۆزبایی‌یەکی ئاسایی دەهاتە ئەژمار و هەتا قوواڵیی ناخی ڕۆدەچوو. ئەو بە پێنج شتی بە بایەخ ڕۆژە تاڵەکانی شەڕی تێپەڕاندبوو. لەشساغی خۆی و هاوژینەکەی و سێ منداڵ لە چوار منداڵەکەی. هەروەها دووتەگەرەکەشی بۆ مابۆوە کە ئەوە لە خۆیدا وەک موعجیزەیەک دەهاتە بەرچاو، گەرچی لە بەرامبەر موعجیزەی تەندروستی پێنج کەس بۆ بەراورد نەدەبوو. ئەو دووتەگەرە، خۆی خاوەن مێژوویەکی تایبەتە. لە گەرمەی شەڕدا، فەرمان دەرچوو هەتا بۆ جەولەی سەربازی بەپەلە بیگەیەنە سوپا. نەمانی دووتەگەرە بۆ جاناتان زۆر دژوار بوو، بەڵام هێشتی لەگەڵ خۆیان ببەن، بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە چەند لە شیاوی ئەو فەرماندەرە دوودڵە. ئەو گومانە لە بەر جلە دڕاو و کۆنەکانی فەرماندەرەکە نەبوو. هەروەها لە بەر ئەو قامکانەش نەبوو کە لە سەر پێڵاوە پەڕۆکەی کە تایەکی شین و تایەکەی تری بۆر بوو، سەریان وەدەر خستبوو. یا لە بەر ئەو دوو ئەستێرەیە کە بە پەلە و هەڵەباشانە لە سەر شانی بە پێنووس کێشرابووە بۆ پێشاندانی پلەکەی لە سوپادا. نا، ئەو دەم زۆربەی سەربازە ئازا و بەجەرگەکان بە سەر و پۆتڕاک ئاوەها بوون و تەنانەت لەوەش خەراپتر. ئەو گومانە زۆرتر لە بەر نەبوونی زەبر و زەنگ و ویشکەڕۆیی تایبەتی سەربازیی لە هەڵسوکەوتی ئەودا بوو.

جاناتان کە دوودڵ بوو لەوەی بتوانێ ئەو گوێڕایەڵی خۆی بکات، جانتاکەی گەڕا و ئەو دوو پۆندەی بڕیار بوو بیدا بە ماڕتا، بۆ کڕینی ئاوردوو و ئاردووەکە بۆ وەرگرتنی ئاردی زێدەبەشی سەربازان ببا بۆ ئۆردوگا، پێشکەشی فەرماندەرەکەی کرد و دووتەگەرەکەی وەرگرتەوە. شەوێش دووتەگەرەکەی لە شوێنێکی دیاریکراو و لە دەوەنێک کە مردووەکانی ئۆردوگا و یەکێک لەوان گریختینی کوڕی لێناشترابوو، چاڵ کرد. دوای ساڵێک و پاش گرێبەستی ئاشتی دووتەگەرەکەی دەرهێناوە و دیتی تەنیا شتێک کە دووتەگەرەکە پێویستییەتی، کەمێک ڕۆنکارییە. ئەو بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ((کەس لە کاری خودا ناگات)) و بەردەوام دووتەگەرەکەی وەک تاکسی بەکار هێنا و هەندێک پارەی لە گواستنەوەی سەربازانی ئۆردوگا و بنەماڵەکانیان بۆ مەودایەکی چوار مایلی هەتا شوستە وەدەست هێنا. نرخی کرێی بۆ ئەو سەفەرە، شەش پۆند دانابوو. ساماندارەکان لە ئەوەی کە بەو شێوازە لە چنگ ئەو ڕێگا ئەستەمە ڕزگاریان دەبوو زۆر کەیفخۆش بوون.

دوای تێپەڕبوونی دوو حەوتە، توانی لەو ڕێگایەوە سەدوپانزدە پۆند کۆ بکاتەوە. دوایە گەڕاوە بۆ ئۆنگۆ و لە ئەوێ موعجیزەیەکی تری بینی کە نە چاوەڕوانی بوو و نە جێی باوەڕیشی بوو. ئەو چاوەکانی گوشی و دیسان لێی ڕوانی. موعجیزەکە دیسان بەرامبەری وێستابوو. پێویست بە باسکردنە کە ئەو موعجیزەش لەگەڵ ئەوەی شتێکی سەرسوڕمێنەر و پڕپایەخ بوو بەڵام لە چاو لەشساغی پێنج کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی شتێکی مەزن نەبوو. ئەو شتە سەمەرەیە خانووچکەکەی لە ئۆنگۆ بوو. تەنیا دوو خانووبەرە ئەو بەرتری مااڵی ئەو، بینای مەزنی کۆنسێرتێک دەدیترا کە پێش دەستپێکی شەڕ، چەند کەس لە بەڵێندەرە ساماندەرەکان چێیان کردبوو و ئێستا ببووە کۆگایەک لە بەرد و لەتکەخشت و ...

هەروەها لێرە خانووچکەی جاناتان بە بنمیچێکی تەنەکە، وەبەرچاو دەهات کە تەواو ساغ و دەستلێنەدراو مابووە، بۆ ئەوەی جاناتان لە سازنەکردنی خانووەکەی بە خشت، پەشیمان نەبێتەوە.

بەڵام ئەوە چ گرینگییەکی هەبوو؟ هەر چۆنێک بێت ئەو ئەوەندە زوو گەڕابووە هەتا لەتکە تەنەکە و پەردووی مقەببای تەڕ، کە لە دەوروبەر کەوتبوون کۆ بکاتەوە. پێش لە ئەوەی هەزاران کەس لە کونەکانیان لە نێو لێرەواڕ وەدەرکەون و لەو شتانە بگەڕێن.

ئەو دارتاشێکی هەژاری وەگیرخست کە لە جانتاکەیدا، تەنیا تەوڕێک و کۆنە ڕەندەیەکی کول و هەندێک بزماری خێچووخوار و ژەنگاوی پێبوو. ئەوی هێنا هەتا لە بەرامبەر پەنجا شیلینگی نیجێریەیی یان پەنجا پۆندی بیافرا لە تەاڵشەکان و ئەو شتانەی دۆزیبوویەوە، دەرکە و پەنجەرە بۆ خانووبەرەکی ساز بکات.

پارەکەی پێشکەش کرد و لە خانووچکەکەدا، نیشتەجێ بوون و لەگەڵ بنەماڵەکەی یەکجار کەیفخۆش بوون لە ئەوەی ئێستا سەریان بە لەشیانەوە ماوە.

لە نزیک گۆڕستانی سەربازەکان، منااڵەکانی ئەنبەیان دەڕنی و بە نرخێکی کەم بە خێزانی سەربازەکانیان دەفرۆشتەوە. هاوژینەکەشی بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان بە خێرایی دەستی کرد بە سازکردنی شیرنی بەرچایی بۆ دراوسێکان. جاناتانیش لە سەر داهاتی بنەماڵەکەی و بە دووتەگەرە، شەڕابی تازەی خورمای لە گوندەکانی دەوروبەر دەهێنا و بە دڵفراوانییەوە لە نێومااڵەکەیدا و بە ئاوی ئەو شێرە گشتییەی خوارەوەی شەقام کە تازە وەکار کەوتبوو، دەیگرتەوە و دەیفرۆشت و بەو شێوازە شەڕابفرۆشییەکی گچکەی بۆ خەڵکە بەختەوەرەکانی خاوەن پارە، ساز کردبوو.

سەرەتا هەموو ڕۆژێ و دواتر ڕۆژنارۆژێک سەری لە کۆمپانیای خەڵووز کە پێشتر کاری لێدەکرد، دەدا هەتا بزانێ چ باسە. لە کۆتاییدا، تەنیا شتێک کە بۆی دەرکەوت ئەوە بوو کە مااڵ بچکۆالنەکەی زۆر بەنرخترە لە ئەوەی بیری لێدەکردەوە. هەندێک لە کۆنە هاوکارەکانی لە کارگای خەڵووز دوای ڕۆژێک چاوەڕوانی شۆێنێکیان بۆ حەسانەوە وەگیر نەدەکەوت و ناچار بوون لە پشت ژووری کارەکەیان بخەون و بۆ خواردن بنە قودولکە و کونسێر و شتی تر کۆ بکەنەوە. دوای چەند حەوتە هامووشۆ و بێوڵامی پتر، هاتوچووی بۆ نورینگە ڕاگرت و دەستی کردەوە بە شەڕابفرۆشی. بەڵام ((کەس لە کاری خودا ناگات))، ئاخری جەنگەی قازانی بەالش گەیشت: ئەو کاتەی دوای پێنج ڕۆژ تەنگژە و حەولی بێوچان لە ڕیزەکانی دووردرێژ و لە بەر خۆرەتاوی پشت دەرگاکانی خەزێنەداریدا، توانی وەک قازانج بۆ پارەیەک کە پاشەکەوتی کردبوو، بیست پۆندی لە مستدا بێ.

ڕۆژی دابەشکردن بۆ ئەو و زۆرێکی تر وەک ڕۆژی کریسمەس وابوو. ئەوان بەو پارەیان دەگوت تۆێکڵی هێلکە، چوون هەندێکی کەم لە ئەوان ناوە فەرمییەکەی ئەو جۆرە پارەیان دەزانی. هەر لەگەڵ ئەوەی پارەکەیان لە مستی جاناتان هاویشت بە تووندی مستی قوچاند و مستی لەگەڵ پارەکان لە گیرفان ئاخنی. ئەو دەبوو زۆر وشیار بێ. چوون دوو ڕۆژ پێشتر زەالمێکی دیتبوو کە لە بەرامبەر ئاپۆڕای حەشیمەتدا هەتا ئەوپەڕی شێتی ڕۆیشتبوو. هەر پارەکەیان دابوو بە کابرا دوو دزی بێناموس لێیان قاپاندبوو. لەگەل ئەوەشدا، جاناتان پێی باش نەبوو سەرکۆنەی پیاوێک بکرێ کە لە کێشەیەکی ئاوا کەوتووە. گەرچی زۆربەی ئەو خەلکانەی لە نێو ڕیزەکەدا وێستابوون ئەویان لە بەر بێهۆشوگۆشی سەرکۆنە دەکرد، بەتایبەت کاتێک کابرا گیرفانەکەی هەڵتەکاند و دیتی کەلەبەرێکی وای تێدایە کە دزێکیش دەتوانێ لێی تێپەڕ بێت. پیاوەکە ئەو جار پێداگری دەکرد پارەکەی لە گیرفانەکەی تری

هاویشتووە و گیرفانەکەی تریشی هەڵتەکاند هەتا دراوییەکی هاوچەشنی گیرفانەکەی تری خۆیا بێت. بۆیە ئەو پۆژانە خەڵک دەبێ بە دووقات وریا بن. جاناتان بە تووندی پارەکەی بۆ گیرفان و دەستی چەپی گواستەوە هەتا بەو شێوەیە دەستی پاستی ئازاد بێت، نەکا لە پێگادا کەسێکی ناسیاو دەستی لێهەڵێنێ و لەو بابەتەوە گرفتێک بێتە پێش. هەر چەند بە خورتبوونەوەی لە سەر دەرپەڕاوی گیرفانی ئەرخەیان بوو کە تەنانەت ئەگەر تووشی کەسێکی ناسیاویش بێت چاوی پێی ناکەوێت و هەتا دەگاتەوە ماڵێ ئاتاجی دەستهەڵێنان نابێت.

بە هێوری خەریک بوو خەو دایدەگرت. ئەوێ شەوێ هەستی کرد کە هەموو هاتوهاوارەکانی دەوروبەریان خەریکە کپ دەبێت و تەنانەت حەسساسی شەویش کە لە شوێنێکی دوورەدەستڕا، تەقەیەکی لە ئاسنێک دەهێنا و کاتژمێر، یەکی شەوی ڕادەگەیاند لە بێدەنگی ڕۆچوو. ئەوە دوایین خەیاڵێک بوو کە دەیتوانی پێش لە نووستن بە مێشکیدا گوزەر بکات. بەڵام ماوەیەکی زۆر لە نووستنی تیپەڕ نەببوو کە دیسان کەسێک بە سەرلێشێواوی لە خەوی ڕاچڵەکاند.

هاوژینەکەی کە لە سەر زەوی لە پەنای ڕاکشابوو بە ئارامی گوتی: ((کێیە لە دەرگا دەدات؟)). ئەو بە هەناسەبڕکەوە گوتی: ((نازانم)). کەڕەتی دووهەم کە دەرگایان کوتاوە دەنگەکەی ئەوەندە بەرز بوو کە هێندەی نەمابوو ئەو دەرگا تەنگەشکاوە لە بەریەک هەڵوەشێ. ئەو بە دەنگێکی کزەوە گوتی ((کێی؟)) دەنگێکی گڕ گوتی: ((درێک لەگەڵ داروەدستەکەی، زوو بیکەوە)). جارێکی تر کە زرمۆکوتی دەرگا بەرز بووە، سەرەتا مارتا دەستی کرد بە هاتوهاوار و داخوازی یارمەتی و بە دوای ئەویشدا جاناتان و منالّەکان، ((پۆلیس... دز هاتۆتە سەرمان... هۆ جیرانەکان... ئێمە پێوە بووین...خەریکن دەمانکوژن...بەخەبەرن؟ هەستن. پۆلیس...)).

هاتوهاواریان بۆ ماوەیەک درێژەی هەبوو و دوایە پچڕا. بەشکەم توانیبیان دزەکانیان ترساندبێت و ڕاویان نابن. بێدەنگی هەموو شوێنێکی داگرتبوو، هەڵبەت بۆ ماوەیەکی کورت. درێک لە دەرێڕا گوتی: ((ئێستا ئیزن بدەن ئێمە تۆزێکتان، یارمەتی بدەین. پۆلیس... دز هاتۆتە سەرمان... هۆ جیرانەکان... ئێمە پێوە بووین... خەریکن دەمانکوژن... بەخەبەرن؟... هەستن... پۆلیس!)).

دەنگی لانیکەم پێنج کەس لەگەڵ سەرۆکەکەیان دەبیسرا. لە ترسان جاناتان و بنەماڵەکەی شەکەت ببوون. مارتا و منالّەکان بە نووزەنووز لە پڕمەی گریانیان دا و جاناتان بەردەوام بۆڵەبۆڵی دەکرد. بێدەنگی دوای هاواری دزەکان زۆر ترسێنەر بوو. بۆیە جاناتان لە بەر سەرۆکی دزەکان پاڕاوە هەتا قسەیەکی بکات. دوای ماوەیەک دزەکە گوتی ((چاو لێکە برا، بۆخۆت دەزانی ئێمە ئەوەی لە دەستمان دەهات کردمان هەتا ئەوان بۆ ئێوە بانگ بکەین بەڵام پێمواببێ زۆر پیسیان خەو لێکەوتووە. ئێستا دەبێ چ بکەین؟ نەکا دەتانهەوێ کاکتووسەکانتان بۆ بانگ بکەین؟ ئەوان چاکتر لە پۆلیسەکان پاسەوانی دەدەن... وا نیە؟)) دزەکان تێکڕا وڵامیان داوە ((وایە)).

جاناتان هەستی کرد لە دوایین کەڕەتدا، دەنگگەلێکی زۆرتری وەبەر گوێ کەوت. لاقەکانی لە بن خۆی نا. ئەوکی وەک زووڕە، گڕنی و ویشک ببوو.

((بۆ هیچ نالّێی؟ پرسیم دەتهەوێ کاکتووسەکانت بۆ بانگ بکەم؟))

((نا)).

((ئەو جار بوو... ئێستا لێمگەڕێ با بچمە سەر باسی سەرەکی... بڕوانە، ئێمە دزگەلیکی دزێو نین.... نامانهەوێ گیروگرفتان بۆ ساز بکەین.... سەردەمی کێشە و گرفت تەواو بوو. شەڕ کۆتایی پێهاتووە. بەڕەڵا و پیس و گلاوەکان هەموو وەدوای کاری خۆیان کەوتوون. ئێستا شەڕی نێوخۆیی تەواو بووە و سەردەمی ئاشتی نێوخۆییە. وانیە؟)). دیسان تاقمەکە تێکڕا هاواریان کرد ((وایە)).

((چیتان لە ئێمە دەوێ؟ من پیاوێکی چارەڕەشم. شەڕ هەموو شتێکی لێهەستاندووم، بۆ هاتوونە سەر ئێمە؟ ئێوە خەڵکێکی زۆر دەناسن کە...)).

((زۆر باشە..... ئێمە دەزانین کە ئێوە پارەیەکی زۆرتان نییە..... بەڵام مەڵێ هیچ و لە دەستوبالّدا نییە. جا ئێستا وەرە ئەو دەلاقەیە بکەوە و سەت پۆندمان بدەیە هەتا برۆین و لەو ناوە نەمێنین.....دەنا ناچارین بێینە ژوورەوە و گیتارەکەمان و پێ نیشان بدەین. ئاوەها...)).

ئینجا تریشقە و دووکەڵی دەستڕێژی فیشەک، وڵاتی داگرت و مارتا و منالّەکان دەستیان کردەوە بە زیقە و هاوار.

((ئەە، دیسان خاتوون لە پڕمەی گریانی دا..... پێویستی بەو کارانە نییە. گوتم کە ئێمە دزگەلێکی بێبەزەیی نین. هەر ئەو پارە کەمەی گوتم وەری دەگرین و ون دەبین. شتێکی زۆرترمان ناوێ. کوڕینە زۆرترمان دەوێ؟)). بە تێکڕایی گوتیان ((بە هیچ شێوەیەک)). جاناتان بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: ((برایان من قسەکانتانم بیست. زۆر شووکرانەبژێر دەبووم گەر خاوەنی ئەو پارانە بام کە باستان کرد)).

((چاو لێکە ئەگەر بتهەوێ گالّتەمان پێبکەی، ئێمەش گالّتە بە خانووبەرەکەت دەکەین، ئەگەر لە کەللەمان بدات و بێینە ژوورەوە، بەو جۆرە نامێننەوە کە ئێستا هەن، بۆیە باشترە.....)).

((بە خودا گەر هاتنە ژوورێ و سەد پۆند و دۆزییەوە نەک هەر پارەکان و دەدەمێ بەڵکوو ئیزنتان دەدەم تەقە لە هەموومان بکەن. بە خودا هەرچی هەمە هەر ئەو بیست پۆندەیە. ئەو تۆپکلّە هێلکەیەی ئەوڕۆ پێیان داوم)).

((زۆر باشە کاتی ئەوە هاتووە برۆین. وەرە ئەو دەلاقەیە بکەوە و ئەو بیست پۆندەمان بدەیە هەتا برۆین)).

لە نێو دزەکان‌دا، ورتەورتێک ساز بوو کە نیشاندەری نێوانناخۆشی ئەوان بوو ((ئەو کابرایە درۆیان دەکات. پارەیەکی زۆرتری هەیە و دەیشارێتەوە. دەبێ بچینە ژوورەوە و باش بگەڕێین. ئەخە بیست پۆند بە کاری چی دێ؟)) دەنگی سەرۆکەکەیان وەک گرمەیەک لە وڵاتی کەوت: ((وست بن)) و لە ناکاو هەموو ورتە و بۆڵەکان بوو بە بێدەنگی. دواتر دیسان گوڕاندی: ((چوویە چ وێرانبوویەکی؟ ئەو پارەیە زوو بێنە)). جاناتان لە کاتێکدا ئەو قودوولکە چکۆلەی شەوان لە پەنا خۆی لە سەر حەسیرەکەی دادەنا، بە دەستەوەی بوو بە ماتەمات هەنگاوی هەڵێناوە و گوت: ((ئەوە دەیهێنم)).

لە یەکەم هێماکانی گزینگ لە بەرەبەیان‌دا ، کاتێک دراوسێکان بۆ دەربڕینی پەژارەیان سەبارەت بە ڕووداوی دوێشەو سەردانی بنەماڵەی جاناتانیان کرد، جاناتان خەریک بوو خیگەیەکی پێنج بەرمیلی شەڕابی بە گوریس لە پاشتەرکی دووتەگەرەکەی دەبەستەوە و ژنەکەشی کە لە بەر تینی ئاگر شەلاّلّی ئارەقە ببوو شیرنییە تایبەتەکانی بەرچایی لە سواڵّەتێکی پڕ لە ڕۆنی قاڵبوودا، سوور دەکردەوە.

جاناتان لەگەڵ گرێدانی گوریسەکە گوتی: ((ئەو شتانە بۆ من گرینگ نییە. مەگەر ئەو تۆپکلّە هێلکەیە چ بایەخێکی هەیە، مەگەر حەوتەیک لە ئەوە پێش، ئۆگری بووم. دەلّێم لێی گەڕێن با ئەو تۆپکلّە هێلکەش وەک شتەکانی تر لە نێو ئاگردا بسووتێ. لێی گەڕێن با ئەویش بچێتە ئەو بە قوڕێگیراوەی شتەکانی ترمان چوونە ئەوێ. کەس لە کاری خودا ناگات)).

مەنقەڵ

لوئیجی پیراندێللۆ

وەرگێڕان لە فارسییەوە: زانکۆ خەلیفە



ئەو دوو ڕیزە دارانەی کە لە دەورانەدوری گۆڕەپانە چوارگۆشە گەورەکەیان چەقاندبوون و لە وەرزی هاوینەدا نیسێیان دەکرد، زستانان بە کەڵکی چی دەهاتن؟ بە کەڵکی ئەوەی دەهاتن کە دوای بارانبارینێک، ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە سەر لکوپۆ و گەڵاکانی دەرختەکان مابوونەوە و بە هەڵکردنی بایەک بە سەر دموچاو و سەروسەکوتی ڕێبوارەکانیدا بپڕژێنێ و دواتریش دووکانە هەژارەکەی "ڕیزدار" زیاتر بخووسێنێ.

بەڵام هەر چۆنێک بێ، دەکرا لەو زەردە کەمەی کە لە زستانەدا دەهاتە پێش، چاوپۆشی لێبکرێ، تۆ بڵێی لە هاوینیش بەڕاستی ئەوێیان فێنک دەکردەوە؟ نا. کەوابوو؟ مرۆڤ ئەگە شتێک بە قازانجی تەواو بێ، سپاسی کەس ناکات و ئەوی بە مافی ڕەوای خۆی دەبینێ بەڵام ئامان ئەگە کاتێک شتێکی بە زەرەد تەواو بێ، دەیکاتە هەراوهوریا و ئەم و ئەوی تاوانبار دەکات، مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیروسەمەرەیە، کەم جیکەڵدانە و ناشکورە.

هەر ئەوەندە وەختێک باران لێی دەکاتەوە با بە بن دارەکانەدا نەڕۆن.


لە لایەکیشەوە، ڕاستییەکە لە ئەوەدا بوو کە "ڕێزدار" لە وەرزی هاوینەدا، بەهرەیەکی لە سێبەری دارەکان نەدەبرد، ئەوەش بەم هۆیەوە بوو کە ئەو هەرگیز لە ماوەی ڕۆژ نە هاوینان و نە زستانان لە ناو دووکانە تەنەکەکەیدا نەدەماوە، کەس نەیدەزانی لە ماوەی ڕۆژدا دەچوو بۆ کوێ و چی دەکرد. لە ماوەی ڕۆژدا دووکانەکەی بەردەوام قەپات بوو و ڕێزدار باجەکەی دەدا. باجی دارایی نەگوێزراوە.

زۆر قۆڕە کە دووکانەکە وەک ملکێکی نەگوێزراوە دابنێی، چون بەجێی خاوەنەکەی پڕپڕ بوو لە مێروولە و هێندەی نەمابوو دووکانەکە وە جووڵە خەن و ببێتە بە گوێزراوە!

بەڵام بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتکاری بە مێروولەکان نییە تەنانەت ئەگە دووکانەکەیان وەجووڵە خستبا و لە شەقام و کوڵانەکان گێڕابایان، گرینگ نەبوو، دەبێ باجی ئەو دووکانە بدرێ بەڵێ هەر وەک گشت دارایی‌یەکانی نەگوێزراوە.

هەندێک ئەولا تر، پشتەوەی دووکانە تەنەکەکە، نادییەکی دارینی لێبوو کە بینا هەژارانەکەیان ڕەنگی شاد لێدابوو تا چاکتر خۆ بنوێنێ، نادییەکە دەستکردانە خۆی دەنواند، شەوانە تا دەرنگانێک دەنگی گۆرانیوتن دەبیسرا لەگەڵ ژەنینی پیانۆ کە فالشی لێدەدا و هاوڕێیەتی دەکرد. کلیتە سپییەکانی پیانۆ، زەرد هەڵگەڕابوون ڕێک وەکوو ددانەکانی پیرەپیاوێکی سوالکەر کە نانی شەوێی نەبوو بیخوا، ئەو کلیتانەی دەیانزریکاند. نا تەنانەت نەیاندەزریکاند چوون تەنانەت ڕوحیان دەبەردا نەبوو بڵێن: برسیمانە.

بەو حاڵەشەوە، هەموو شەو پڕ بوو لە کەسانێک کە دەیانکردە هەڵوهەنگەمە، بە دەنگێکی کپبوو لە دووکەڵی جگەرە، دەیانگوڕاند، دەتگوت ئەوە لە کارناڤاڵێکدا بەشداری دەکەن، ژنەکان بۆگەنیان لێدەهات، بۆگەنیوێک لە چەشنی بۆگەنیوی ئەو مەیموونە ترشاوانەی تووشی نەخۆشی سیل ببوون. ژنانێک کە ئیتر دەنگیان دەرنەدەهات و بە دەست و بە لاق و بە چەپڵەلێدان پشتیوانیان لە ژنانی گۆرانیبێژ دەکرد تا جارێکی تر سەر لە نوێ گۆرانی بخوێننەوە. شەڕ و هەڵلا ساز دەبوو. زۆر جاران چەند کەس پاسەوان هێرشیان دەکردە سەر ئەم شوێنە، تاکوو خەڵکی هێور بکەنەوە.



"ڕێزدار" هەموو شەوێ لە وەرزی زستان تا درەنگان لەو دووکانە ساردوسڕەدا دەمایەوە و بەرامبەری شتگەلێکی وەکوو، جگەرەی بەرگ، شەم، شقارتەی چێشتخانە، شقارتەی جگەرە و چەند ڕۆژنامەیەک کە دوای فرۆش لە دەوروبەری گەڕەک بۆی دەمایەوە.

سەرەتای شەو دەگەڕاوە دووکانەکە و چاوەڕێی کچۆلەیەک کە نەوەی بوو، دەماوە تا مەنقەلەکەی بۆ بێنێت. مەنقەلێکی گلێنە بوو، وەکوو تاوەیەک، دەسکی هەبوو. دەسکەکەی دەگرت و ڕایدەتلەکاند هەتا پەژییەکان باشتر بگەشێنەوە، پاشان خۆلەمێشی پێدادەکرد و لە دووکانەکە بەجێی دەهێشت. تەنانەت دەرگای دووکانەکەشی قەپات نەدەکرد. ڕێزدار کە ئیتر پیر و کەنەفت ببوو بەبێ ئەو مەنقەلە بەرگەی سەرمای نەدەگرت.

قاچەکانی ئیتر هێزێکی وایان نەمابوو. دەنگیشی هێزی جارانی نەمابوو، هەر بۆیە ئیتر نەیدەتوانی بە دەم گەڕانەوە، ڕۆژنامەفرۆشی بکات، بەڵام کەنەفتییەکەی تەنیا هی تەمەنەکەی نەبوو، ڕوحیشی پیر ببوو، ئەوەندەی چەرمەسەری کێشابوو. مردنی هاوسەرەکەی، پاشان مەرگی تەنیا کچەکەی لە نەخۆشخانەیەکی بەدنێو، دوای ئەو هەمووە ڕیسوایی و ئابڕووچوونە. بەڵێ، بە دنیا هاتنی ئەو کچە چکۆلەیە کە ئێستا گشت ژیانی وی بوو، بەڵێ بە هۆی ئەو منالە بێتاوانە بوو کە درێژەی بە ژیان دەدا، بۆ ئەوەی خەرجی ژیانی ئەو دابین بکات.

ڕۆژ ئاوابوون، نەوەکەی، پێخواس دەگەیشتێ. کچە بەدبەختەکە سیپاڵە کۆنێکی لە بەردا بوو لەگەڵ شاڵێکی کۆنی خوری، کە جیرانەکەیان پێشکەشی کردبوو. ڕێزدار تەنانەت دڵی نەدەهات کە پارە لە مەنقەلەکە خەرج بکات کە بۆ ئەوی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو. لە ژیانیدا تەنیا ئەو نەوە و مەنقەلەی هەبوو و تەواو، کاتێک دەیدیت کە هەر دووکیان بۆ لای دێن، لە دوورەوە دەستی لێک دەخشاندن و بزەیەکی دەهاتێ. ناوچاوانی نەوەکەی ماچ دەکرد و مەنقەلەکەی ڕادەتلەکاند تا پەژییەکانی بگەشێنەوە.

بەڵام چەند شەو لەوە پێشیان بە هۆی ئەوە کە هۆشی ڕۆیشتبوو یا زۆر ماندوو ببوو لە کاتی ڕاوەشاندنی مەنقەلەکە لە ناو گۆڕپان لە دەستی دەرپەڕی و بەربووە عەرزی و وردوخاش بوو. ئەو کەسانەی بە ئەوێدا تێپەڕ دەبوون قاقا پێی پێدەکەنین کە چۆن پیرەپیاو مەنقەلی لە دەستی ترازا و وردوخاش بوو و ئەو کچەی بە دوویەوە بوو و غاری دابوو، مەنقەلەکە بە خەیاڵی خۆی لە هەوادا بیگرێتەوە!

باپیرە و نەوەکەی بە سەرسوورمانەوە چاویان لە یەکتر دەکرد، ڕێزدار حەپەسابوو و هەر وا دەستی لە هەوادا درێژ کردبوو، دەتگووت مەنقەلەکەی ڕادەوەشاند، بەڵێ لە ڕادەبەدەر ڕایوەشاندبوو، پەژییە گەشاوەکان ئێستا لە نێوان ورکە گلێنەکانی مەنقەلەکەدا لە سەر گۆڵە ئاوە بارانەکانی سەر زەوی کووڵابوونەوە.

پاشان، هەر ئەو جۆرەی کە سەری دەلەقاند، گوتی:

بە جەحەندەم شکا! هەر دەبێ پێبکەنی! ئەرێ، نێنا، ئازیزەکەم، منیش دەمهەوێ ئەم شەو قاقا پێبکەنم، بەڵێ، ئازیزەکەم، بڕۆ. بە جەحەندەم مەنقەلەکە شکا، بە قوربانی خۆت بێ.

وەڕێ کەوت تا بچێ ڕۆژنامەکان بفرۆشێ.

ئەم شەوە بە پێچەوانەی شەوەکانی دیکە کە کاتژمێر لە دە، هاتەوە ناو دووکانەکە، تەمای گرت درەنگتر بڕواتەوە، چوون ئەم حاشارگایە سارد بوو و ئەگە لە ئەوێدا، بێجوولّە دانیشتبا ئەوە زیاتری سەرما دەبوو بەلاّم ئاخری لە پیاسەکردنی شەوانە ماندوو بوو. بەر لە ئەوەی بچێتە ناو دووکانەکە چاوێکی بە گۆڕەپانەکەدا گێڕا لەو شوێنەی کە مەنقەلّەکەی لێ بەربووە و شکابوو، دەتگووت دەیهەوێ بەو ڕوانینە تینی مەنقەلّەکە بە شێوەیەکی سێحراوی بێنێتە ناو دووکانەکە، لە نادییەکەڕا، دەنگی پیانۆ دەبیسرا و جارجارەش دەنگی چەپڵەلێدان و فیتوولێدانی ئامادەبووان.

"بەڕێز" یەخەی کۆتە بارانییەکەی تا بناگوێ هەلّکێشابوو، دەستە ساردوسڕبووەکانی بە چەند ڕۆژنامەیەک کە نەیتوانیبوو بیانفرۆشی بە سینگییەوە دەکوشین، چاوێکی لە ئاسمان کرد، ساو بوو و دەتگوت ئەستێرەکانیش لە سەرمان هەلّدەلەرزین.

لە ناکاو کەسێک لە ناو دووکانەوە هەرای لێکرد.

پیرەپیاو هەلّبەزیەوە و سەری بردە ژوور تا بزانێ کێی لێیە:

- کێی لێیە؟
- منم، ڕۆزئالّبا. کوا مەنقەلّەکەت؟
- ڕۆزئالّبا؟
- بەلّێ، منت لە یاد نییە؟ ڕۆزئالّبا وینیاس[1].

"بەڕێز" خەریک بوو گشت گۆرانییێژەکانی نادییەکەی وەبیرە خۆ دەهێناوە، چ ئەوانی کۆن چ ئێستا.

- بۆ بەو سەرمایە هاتوویە دووکانەکەی من؟ دەبوایە چووبایە شوێنێکی گەرم.
- چاوەڕێی هاتنەوەی تۆ بووم. بۆ نایە ژوورەوە؟
- بوەستە بتبینم. چت لە من دەوێی؟
- نا، نامهەوێ خۆمت پێنیشان دەم. لێرە، لە ژێر ئەو مێزە بچووکە هەلّکووڕوشماوم. وەرە ژوور.

بەڕێز سەری دانواند و هاتە ژوورەوە.

- کوای؟

ژنەکە ولّامی دایەوە:

- ئەوەتا لێرەم.

وەها لە ژێر مێزە بچووکەکە هەلّکووڕوشمابوو کە وەبەر چاو نەدەهات.

"بەڕێز" لە سەر ئەو مێزە، ڕۆژنامە، جگەرە، قوتوو شەمچە و شەمی دادەنا. ژنە لە شوێنێک دانیشتبوو کە پیرەپیاو کاتێک لە سەر چوارپایە بلّیندەکە دادەنیشت قاچەکانی بە ئەوێدا هەلّدەپەساردن.

ژنەکە دیسان لەو بنەوە پرسی: کوا مەنقەلّەکەت؟ ئیتر هەلّی ناکەی؟

- خەریک بووم ڕامدەوەشاند کە لە دەستم دەرپەڕی و کەوتە سەر عەرز و شکا.
- پەکوو! جا خۆ لە سەرمان دەمری، بەو هومێدە هاتبووم بە مەنقەلّەکەت، خۆم گەرم کەمەوە. کێشە نییە.

بەڕێز دانیشە، بۆخۆم گەرمت دەکەمەوە.

- ئەتۆ؟! ئەتۆ، من گەرم دەکەیەوە؟ بڕۆ بڕۆ کچە گیان، لە کۆلّم بەوە، من پیر بووم.

ژنەکە، قاقایەکی لێدا و توند بە لاقێکی دانووستا.

پیرەپیاوە خۆی کشاندەوە دواوە و گووتی: لە کۆلّم بەوە. بۆگەنیوت لێدێت. خواردووتەوە؟

[1]. Rosalba Vignas

- نەختێک. وەرە ئێرە دانیشە. دەبینی کە هـەر دووکمـان جێگامـان دەبێتـەوە، ئێسـتا قاچـەکانت گـەرم دەکەمـەوە، لەوانەیە تۆ پێویستیت بە مەنقەڵێکی تر بێ، زۆر باشە، منیش ئەو مەنقەڵەت دەدەمێ.

شتێکی وەکوو بووخچەیەکی گەرم لە سەر قاچەکانی دانا.

پیرەپیاو گووتی:

- ئەوە چییە؟
- ئەوە کچەکەمە.
- کچەکەت؟ منداڵەکەشت هێناوە؟
- بەڕێز منیان لە ماڵەوە وەدەر ناوە، منی جێهێشتووە.
- کێ جێی هێشتووی؟
- ئەو، چێزارە، بەڵێ، لەگەڵ زاروکەکەم لە شەقام ماوینەوە.

پیرەپیاو لە چوارپایەکە هاتە خوار، لەو تاریکاییەدا بۆ لای ژنەکە خوار بووە و منداڵەکەی بۆ لای پاڵ پێوەنا.

- هانێ، کچۆڵەکەی من، منداڵەکەت دەست دەیـە و بـڕۆ. مـن بـە قەدرایـە پێویسـت، بۆخـۆم دەردەسـەرم هەیـە، لـە کۆڵم بەوە.

ژنەکە بە نووزەوە وڵامی دایەوە:

- هەوای ساردە. ئەتۆش وەدەرم دەنێی؟

پیرەپیاو بە گفتێکی تاڵ پرسیاری لێکرد:

- ناکا بتهەوێ لێرە ماڵ دانێی؟ یان شێت بووی و یان مەستی و ئاگات لە خۆت نییە.

ژنەکە وڵامی نەدایەوە و لە شوێنی خۆشی نەبزووت. لەوانەیـە خـەریک بـوو دەگریـا. لـە دووڕەوە دەنگـی ژەنینـی گیتارێـک دەبیسـرا کە وردەوردە نزیک بۆوە و دیسان لە دووڕەوە، کپ بوو. پاش هەندێک، ژنەکە بە دەنگێکی خەمگینەوە گوتی:

- داوات لێدەکەم. ئیزن بدە لێرە چاوەڕێی ئەو بکەم.
- چاوەڕێی کێ؟
- خۆ پێم وتی...چاوەڕێی چێزارە، لە ناو نادییەکە دا، بۆخۆم لە پشت پەنجەرەکە لە ئەوێم دیت.
- زۆر چاکە ئەدی بۆچی بۆ بینینی ناچییە نادییەکە؟ ئەتۆ خۆ دەزانی لەوێیە؟ ئەدی چت لە گیانی من دەوێ؟
- بەو کچە چکۆلەمەوە نـاتوانم بچمـە ئەوێ، ئـەو منـی بـەجێ هێشـتوە. لـە ئەوێ، لـە نـاو نادییەکـە لەگـەڵ ژنێکـی دیکەیە. دەزانی لەگەڵ کێیە؟ لەگەڵ مینیۆن. ئەو گـۆرانیبێژە ناسـراوەی کـە سـبەی شـەو لـە ئەوێ گـۆرانی دەڵـێ، چێـزارە بۆخۆی دەیناسێنێ، داوای لە مامۆستاکە کردبوو کە گۆرانیوتنـی فێـر بکـات، منـیش هـاتووم تـا کاتێـک لێـرە وەدەر کـەوت دوو ـ سێ قسەی لەگەڵ بکەم، هەم لەگەڵ ئەوی و هـەم لەگـەڵ ئـەو ژنـە. ئیـزن بـدە لێـرە بمێنمـەوە، خـۆ مـن زەرەدێکـت پێناگەیەنم، بە پێچەوانەوە، گەرمیشت دەکەمەوە، لە دەرەوە هەوا زۆر ساردە، منداڵـە چکۆلەکـەی مـن، سـەرمای دەبـێ. بـە هەر حاڵ، نیو ساعەت زیـاتری ناخایـەنێ، بـەڵێ بـەڕێزی مـن، دانیشـە و منداڵەکـەش لـە سـەر لاقـەکانت دانـێ، نـاتوانم لـەو بنەوە ڕابیگرم، لە لای تۆ بێ، هەر دووکتان گەرم دادێن، منداڵە خۆشەویستەکەم خەوتووە، ناڕاحەتت ناکا.

پیرەپیاو دانیشت و منداڵەکەی لە باوەش گرت و لە سەر لاقەکانی دانا.

بە پرتەوبۆڵەوە گوتی:

- مەنقەڵێکی دیکەم لێرە بۆخۆم دیتۆتەوە! دەتهەوێ چ بەو کابرایە بڵێی؟

ژنەکە دووپاتی کردەوە:

- قسەکەم هەندە گرینگ نییە، بەس دوو سێ وشەی پێدەڵێم.

هەر دووکیان ماوەیەک بێدەنگ بوون، لە ئێزگەی شەمەندەفەر لەو نزیکانە، فیتووکێشانێک دەبیسرا، شەمەندەفەرێک وەڕێ دەکەوت و یان شەمەندەفەرێک لە ڕێیەوە دەهات. سەگێکی بەڕەڵا خەریک بوو لە مەیدانەکە دەپەڕییەوە. لەم دوایانەش دوو پاسەوانی شەو لە سەرمان خۆیان خڕ کردبۆوە و هەڵکووڕمابوون. بێدەنگییەکی وەها قووڵ بوو، دەنگی وزەوزی گڵۆپەکانی کارەباش دەبیسرا.

ژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- ئەتۆ نەوەیەکت هەیە؟ کچۆڵەیەک. وایە؟
- بەڵێ ناوی نێنایە.
- دایکی نییە؟
- نا، نییەتی.
- چاو لە منداڵەکەی من بکە، چاو چەندە جوانە؟ وایە؟

پیرەپیاو ولامێکی نەدایەوە.

ژنەکە دووپاتی کردەوە: بە ڕای تۆ منداڵەکەم جوان نییە؟ ئێستا دواڕۆژی ئەوی چی لێدێتەوە؟ منداڵە بێتاوانەکەم. من ئیتر ناتوانم بەم جۆرە، درێژە بدەم. دەبێ کەسێک پەیدا بێ و ڕوحمم پێبکات، من منداڵێک بە باوەشەوە، ناتوانم کار بدۆزمەوە، لە کوێ بەجێی بێڵم؟ جگە لەوەش کەس کارم ناداتێ، تەنانەت بە قەرەواشیشم ناگرن.

پیرەپیاو جوولەیەکی کرد و کۆخی و گوتی:

- دەمت داخە.

خەریک بوو کچەکەی خۆی وەبیر دەهاتەوە کە کچۆڵەیەکی وەک ئەو کچۆڵەیان لە سەر قاچانیان بەجێ هێشتبوو، خەریک بوو وردەوردە ئەو منداڵەی لە باوەشیدا بە خۆیەوە دەکوشی. بەڵام لاواندەوەی ئەوی بۆ ئەو منداڵە نەبوو، بۆ نەوەکەی خۆی بوو، کاتێک کە ئاوا گچکە و شیرین بوو.

لە نادییەکە دەنگی چەپڵەلێدان و هەراوهوریا دەهات.

ژنە، کە ددانی دەچیرەوە بردبوو گوتی:

- پیاوەگولەی بێشەرەف! چۆن لەگەڵ ئەو ژنەتیوە خۆشی ڕادەبوێرێ. دا پێم بڵێ بزانم ئەو، هەموو شەوێ دێتە ئەو نادییە؟ دوایە کە دەردەکەوێ و دێ، جگەرەیەکی بەرگ لە تۆ دەکڕێ؟

پیاوەکە شانەکانی هەڵاویشت و گوتی:

- نازانم.
- چۆن نازانی؟ چێزارە، خەڵکی میلان، هەر ئەو پیاوە باڵابەرز و چوار شانەیە و قژی ئاڵتوونییە، ڕدێنیشی خورمایی‌یە، بەڵێ زۆر جوانە. بۆخۆشی دەزانێ و خەراپ کەڵک لەو جوانییەی دەبا. لە بیریت نییە پارەکانە منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

پیرەپیاو عاجز ببوو گوتی:

- نا، لە یادم نییە. خۆ ئەتۆ خۆت نیشانی من نادەی. چۆن دەتهەوێ لە یادم مابێتەوە؟

ژنەکە بە دەنگێکی خەمگینەوە گوتی:

- ئەگەر بشمبینی، نامناسییەوە، کێشە نییە، چون هەرچی بێ، من ئەو ژنەی پێشوو نیم. ئەو، منی وێران کرد، لە ماوەی ساڵێکدا ژیانی ڕووخاندم، سەرەتا دەیگوت بە تەمایە زەماوەندم لەگەڵدا بکات! کەچی هەرگیز بڕوام بە

هەواڵنامەی کێب

قسەکانی نەکرد و بە خۆم دەگووت هەر ئەوەی لە لای بمێنمەوە بۆ من بەسە، ئەویش لە بەر ئەم منالّە بێتاوانە. خوا دەیهەویست بەم جۆرە تەنبێم بکات، هاوڕێیانم دەیانگوت منالّەکە بەجێ بهێڵە، بەڵام چۆن دەکرێ منالّی خۆت بەڕەڵا کەی؟ ئەو تەنانەت بەو پەڕی بێشەرمییەوە پێی گوتم منالّەکە لە ئەو ناچێ، سەیری بکە، هەر دەڵێی ئەوە، وەک سێوێک کە لە نیوەڕاستەوە لەت کرابێ، ئەو باش دەزانێ منالّی خۆیەتی، دەزانێ من لەگەڵ کەسێکی تر ناخەوم. تەنیا لەگەڵ ئەوی بووم، عاشقی بووم، وەکوو قەرەواشێک لە ئەمریدا بووم، تێی هەڵدەدام و قسەیەکم نەدەکرد، لە برسانی دەگووشتم و دیسان قسەیەکم نەدەکرد، ئای کە چەندە ئازارم دیت. لە بەر ئەو منالّە، لە برسان و هەژاری شیری مەمکم ویشک بوو، نەمدەتوانی شیری بدەم بە منالّەکەم و ئێستایش.....

درێژەی بە قسەکانی دەدا بەڵام پیرەپیاو ئیتر قسەکانی نەدەبیست. بە هۆی تینی ئەو منالّە، کە جێی مەنقەڵەکەی بۆ گرتبووە لە بێحاڵییەکی خۆشدا خەریکی سەرخەوشکاندن بوو. کاتێک دەرگای نادی کرایەوە و ئامادەبووانی بە هەراوهووریا وەدەر کەوتن، لە ناکاو ڕاچەنی، ئەو ژنە بۆ کوێ ڕۆیشتبوو؟

پیرەپیاو، خەواڵوو پرسیاری لێکرد: ئەوە چ دەکەی؟

ژنەکە لە ژێر ئەو کورسییەی پیرەپیاوەکە لە سەری ڕۆنیشتبوو، هەڵتروشکابوو، بە دەستێک دەربیجەی دووکانەکەی لێکردبۆوە، وەکوو ئاژەڵێکی درێندە کاژەی گرتبوو. بەڕێز دیسان لێی پرسی:

- ئەوە چ دەکەی؟

دەمانچەی ژنەکە تەقایەوە و لە ئاسمانەدا دەنگی دایەوە.

ژنەکە بە پەلە لە دووکانەکە هەڵاتە دەر و دەرگاکەی لە سەر خۆی پێوەدا.

بە سەر پیرەپیاوەکەدا قیژاندی:

- دەنگت دەرنەیە! دەنا تۆش دەستبەسەر دەکەن!

پیرەپیاو سەری بە سەر منالّەکە داگرت کە بە هۆی دەنگی تەقەکە ڕاچڵەکیبوو و هەر ئەم جۆرە کە سەرتاپای لەشی دەلەرزی، منالّەکەی لە باوەش گرت و بەخۆیەوەی دەکوشی. کالیسکەیەک خێرا بەرەو نەخۆشخانە دەچوو.

پیرەپیاو گوێی هەڵخستبوو و لە جێی خۆی جوولّەی نەدەکرد، دەترسا لە ناکاو منالّەکە بگریت، هەندەی پێنەچوو کە یەکێک لە گاڕسۆنەکانی نادییەکە هات تا جگەرەیەکی بەرگ بکڕێ.

- بەڕێز دیتت چ ئاخیر زەمانێک بوو؟

پیرەپیاو بە لاڵەپەتە وڵامی دایەوە:

- بەڵێ.... گوێم لە دەنگ و هەرایەک بوو....

گاڕسۆن پێکەنی و گوتی:


- سەرەڕای ئەوە لە جێگای خۆت جوولّەت نەکرد؟ هەروا لە لای مەنقەڵەکەت دانیشتووی. بە باشی گرمت دادێنێ یان نا؟

پیرەپیاو زاری بێددانی کردەوە و بزەیەکی لێدا:

- ئەرێ، مەنقەڵەکەم بە باشی گرمم دەکاتەوە ....

وتوویژ لەگەڵ شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەری مەهابادی؛ مامۆستا سەید نەجمەدین ئەنیسی

ئامادەکردنی: بەرهەم



پ: ئوستادی بەڕێز، کاک سەید نەجمەددین ئەنیسی، پێمخۆشە پرسیارەکانی خۆم لە پرسیارێکی گشتیڕا کە "ژیانی تاکەکەسی" جەنابتان دەگرێتەوە، دەست پێبکەم. تکایە لەو بوارەدا لە ڕێکەوت و شوێنی لە دایکبوونڕا، هەتا باسی خوالێخۆشبووانی دایک و باوکی بەڕێزتان و لە پاشان، بوارەکانی خوێندن و دامەزران و کار و چالاکییەکانتان لە سەردەمی ئیداریدا لە ڕادیۆ و تلەڤزیۆن، بۆمان بدوێن.

و: من ناوم سەید نەجمەددین کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید محەممەدم و شۆڕەتم ئەنیسی - یە. لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە مەهاباد لە گەڕەکی مەرحومی "وەفایی" لە دایک بووم، لە تەمەنی حەوت ساڵی چوومە مەدرەسە و دیپلۆمم وەرگرتووە و ماوەی چوار ساڵێک لە خوێندنگای ئایینی لە خزمەت خوالێخۆشبوو؛ مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەرهەنگ، قورئانی پیرۆز و سەرف و نەحوی عەرەبیم تا موختەسەر خوێندووە، پاشان بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئیدارەی سەددی مەهاباد دامەزراوم و دەست بەکار بووم، لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە ڕادیۆ و تلەڤزیۆنی مەهاباد دەست بەکار بووم و خەریکی نووسینی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تلەڤزیۆن بووم، وەکوو بەرنامەی خاووخێزان، ئێمە گوێگرەکان، بەرنامەی ڕۆژانی هەینی بە ناوی کۆلکەزێڕینە و "شاعران کرد" بە زمانی فارسی، بەرنامەکانی ڕۆژانی تایبەتی وەکوو "دەهەی فەجر"، حەفتەی وەحدەت، جێژنی مەولوود، جێژنی قوربان و جێژنی ڕەمەزان و ...

بۆ ماوەی بیستودووساڵیش، هەموو ڕۆژێ ساعەتی ٣ی نیوەڕۆ بەرنامەی کاروانی شێعر و گۆرانیم بلاوکردۆتەوە و هەر ڕۆژەی باسی مەبەستێکم کردووە و پێشەکی پەخشانێکی ئەدیبانەم بۆ مەبەستەکان نووسیوە و پاشان شێعری خۆم، شاعیرانی کوردم لە بارەی ئەم مەبەستەوە خوێندۆتەوە و مەبەستەکان بریتی بوون؛ لە خودا و ستایشی خودا، پێغەمبەر(س.د) و ستایشی پێغەمبەر، وە هەر ڕۆژەی بەرنامەیەکم لە بارەی ئەو مەبەستانەدا نووسیوە و خوێندۆتەوە، دڵ، ڕوح، عیشق، عیشقی حەقیقی، ئەوین، زوڵف و پەرچەم، چاو، برۆ، ڕوخسار، لێو، کوڵمە، ماچ، فرمێسک، بەهار، نەورۆز، گوڵ، گوڵ و بولبول، شەم و پەروانە، ئاوێنە، خاڵ، خۆشەویستی، دڵداری، جوانی، مانگ و مانگەشەو، گەردەن، کوتم کوتی"پرسیار و وڵام"، ساقی، ویسال، مەیگێڕ، مەیخانە، وەفایی و بێوەفایی، یۆسف و زولەیخا، شیرین و فەرهاد، و بێستوون، لاس و خەزاڵ، مەم و زین، لەیلی و مەجنوون، خەج و سیامەند، بەژن و باڵا، مەست و مەستی، ناز و عیشوە، دەردی دووری و جودایی، شێتی و شەیدایی، خدر و ئاوی ژیان، ئیبراهیمی ئەدهەم، شمشاڵ، میهر و وەفا، بەهار و جوانیی سروشت، نیشتمان و نیشتمانپەروەری، جوانیی و جەوانی، پاییز و خەزان، زستان و بەفر، پیری، مەرگ، پیر و مورید، پیری تەریقەت و سۆفی، گوناح، شەو، ڕۆژ، گوڵزار و گوڵستان، ئاوی ژیان، پەیمان و بەڵێن و پەیمانشکێنی، چاڵی چەنە، زەنەخدان، بزە و پێکەنین، گریان، باران، نامە، سوبح"بەیان"، دەردی هیجران، خوداحافیزی و

مالاوایی، خەو و خەون، ڕاز و نیازی عاشقانە، خەلیل و ئاگر، جنێو، یۆسف و یاقووب، ڕوخسار، دایک، جێژن و جێژنەپیرۆزە، ئەسکەندەر و ئاوی ژیان، خەیاڵ، ژوان، گوارە، عەتروگوڵ، شێعر و شاعیر، مەمک، نەی و ناڵەی نەی، زیندان و زیندانی، غەزەل، بادە و بادەپەرەست، مەست و مەیپەرەست، وەسیەتنامە، پیری موغان، نەورۆز و ئاگری نەورۆز، ڕەقیب، خانەقا، دوعا، ڕۆژی ئەلەست، کاغەز و نامە، دەرویشم خەون و خەیاڵ، پاڕانەوە، فیراق، بەخت، ئاخ و داخ، سەبری ئەییوب، شێخ و مورشید،قاسید، قەفەس، سینە، موتریب، غەوسی بەغدا، خانەقا، میحرابی برۆ، ئینتیزار، دەردی جودایی، کێوی تووڕ، دیدار، خۆزگەخواستن، شەیدایی، لاوی و گەنجی، یەدی بەیزا، حۆروغیلمان، حەریف، چین و ماچین، سووتان، ڕەند و خەرابات و ئاشتی و شەم و شەمزین، زەمبیلفرۆش، عارف و عیرفان و ...

پ: ئوستاد پرسیارەکەمان بە پرسێکی سەرەکی دڕێژە پێدەدەین، ئەو گرینەگانەی لەو سەردەمەدا، بوون بە هۆی ئەوەی کە پا بنێنە مەیدانی فەرهەنگ و هونەرەوە، چ بوون و لە کەیەوە ئەو هەنگاوە مەزنەتان لە ژیانی خۆتاندا هەڵێناوە، هەروەها سرنجتان لە سەرەتاوە پتر لەوە بوو کە ببن بە شاعیرێک یان هەر لە سەرەتاوە چاوتان لە کاری زانستی و لێکۆڵینەوە و گرداری بووە؟

و: هەر لە سەرەتای لاوی و جەوانییەوە عەلاقەیەکی زۆرم بە نووسین و کوتنی شێعر هەبوو، زۆر جار شێعرم دەنارد بۆ ڕادیۆی کرماشان و خوالێخۆشبوو شوکرووڵڵا بابان دەیخوێندەوە لە شێعری مەسنەوەی و غەزەل و پێنجینە، پاشان کە تەمەنم بوو بە بیست ساڵ هەستم کرد بەوە کە کاری زانستی و لێکۆڵینەوە لە کوردستان نەکراوە و ئەگەر کرابێش، زۆر بە کەمی، ئەمجار کەوتمە سەرکاری لێکۆڵینەوە و کاری زانستی و جاروباریش شێعرم هەر دەنووسی و دەستم کرد بە کۆکردنەوەی دیوانەکان لە چاپکراو و چاپنەکراو، بەشی زۆری دیوانی شاعیرانمان چاپ نەکرابوون و ئەوەی چاپیش کرابوون زۆر بە غەڵەت و هەڵەوپەڵە بە خەتێکی زۆر ناخۆش و ناسەحیح چاپ کرابوون.

پ: بەگشتی باسی کاریگەرایەتی شێعر لە سەر ژیان و بیر و هزری خۆتان بفەرموون و بەتایبەتی بفەرموون چ جۆرە شێعرێک پتر کاریگەرایەتی لە سەر ئێوە هەبووە؟

و: شێعر بەگشتی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ژیان و بیروهەست و هۆش و هزری من بووە بەتایبەت غەزەل.


پ: چۆنە سەرەڕای ئەوە کە شێعرێکی زۆرتان هەیە، هەتا هێستا دیوانی شێعرتان لە خۆتان بڵاو نەکردۆتەوە؟

و: من هەر لە سەرەتاوە کە شێعرم نووسیوە، پێمواببووە کە شێعر دەبێ زۆر بەرز و پڕ ناوەرۆک و ڕێکوپێک بێ، تەنانەت شێعرێکی زۆرم نووسیوە و زۆربەشیانم دڕیون و لەناوم بردوون، جگە لەو شێعرانەی کە لێیان دڵنیا بووم بە کاری خۆم و و کۆمەڵ و بەتایبەت نەسل و تۆرەمەی داهاتوو دێن و وەک شێعری باش وەریان دەگرن و دەمێننەوە، هەر بەو هۆیەوە پێمخۆش نەبووە دیوانی شێعرەکانم بە چاپ بگەیەنم بەڵام ئەگەر خوا یارمەتیم بدا بە هیوام ئەمساڵ دیوانی شێعرەکانم بە چاپ بگەیەنم.

پ: لە دیوانی شێعرەکانی خۆتاندا پتری شێعرەکان و خاوەنی چتۆ ناوەرۆکێک و لە بواری قالبدا هۆنینەوەیان لە چ قالبگەلێکدا زۆرتر خوڵقاوە؟

و: لە دیوانی شێعری خۆمدا شێعرەکانم پتر ناوەرۆکی عیشقی و عیرفانی و کۆمەڵایەتییان هەیە، لە زۆربەی قالبەکاندا شێعرم گوتووە و دیوانەکەم بریتییە لە چامە و غەزەل و پێنجینە و پێنج خشتەکی و تەرجیعبەندی عیرفانی و خوداناسی و تەرکیببەند (دەستەبەستە) و مەسنەوی و دووبەیتی و چوارینە، بەڵام شارەزایی زۆرترم لە غەزەلدا هەیە و نووسین و گوتنی غەزەلم لە چەشنەکانی تری شێعری پێ خۆشترە، بەتایبەت غەزەلی عاشقانە و عارفانە و جاروبار لە هەندێ دێڕی غەزەلەکاندا ناوەرۆکی کۆمەڵایەتیشیان تێدایە.

پ: شێعرەکانتان پتر بە چ زاراوەیەکی زمانی کوردین؟ ئاخۆ جگە لەو زاراوەیە بە زاراوەی تریش شێعرتان نووسیوە؟ یا بە زمانی تر وەک فارسی و...؟



و: شێعرەکانم پتر بە زاراوەی سۆرانی موکریانین و جاروباریش غەزەلم بە زمانی فارسی داناوە و یا تێهەڵکێشم بە کوردی و فارسی نووسیوە.

پ: لە بواری پەخشانnووسیدا چالاکیتان هەبووە؟

و: لە بواری پەخشاننووسیدا هەر وەک گوتم لە بەرنامەکانی شێعر و موسیقیدا، پێشەکی پەخشانێکی جوان و ئەدیبانەم سەبارەت بە مەبەستەکان دەنووسی و پاشان شێعری خۆم و شاعیرانی کوردم دەخوێندەوە، هەروەها لە زۆربەی کۆنگرەکاندا کە بۆ شاعیرانی کوردیان داناوە وتارم نووسیوە و خوێندوومنەتەوە.

پ: لە بارەی نازناو یان نازناوە شێعرییەکانتان بفەرموون.

و: لە بارەی نازناوی شێعرییەوە بە سێ نازناو شێعرم نووسیوە، لاوێن، بەهار، شەیدا، نازناوی لاوێن خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی بۆی هەڵبژاردبووم، بەڵام من ئەو نازناوەم پەسەند نەکرد و پێم خۆش نەبوو، هەر بە نازناوی "بەهار" و "شەیدا" شێعرم نووسیوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا هەر بە یەکجاری نازناوی بەهاریشم وەلا نا و بە نازناوی شەیدا شێعرم نووسیوە و زۆربەی شێعرەکانم نازناوی"شەیدا" یان تێدایە، شایانی باسە کە "ئەمانوڵڵابەگی شەیدا"ش هەر بەو نازناوە شێعری نووسیوە واتە"شەیدا".

پ: لە سەرەتاوە هەتا ئێستا بەکورتی و بەگشتی باسێک لە پێوەندی خۆتان لەگەڵ گۆڤارەکان و دنیای ڕۆژنامەوانی بکەن، تکایە بفەرموون.

و: من هیچ کاتێ لەگەڵ هیچ کام لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان پەیوەندیم نەبووە و تەنیا ساڵێک لەمەوبەر پارچە شێعرێک و باسێکم لە سەر شاعیر و عارفی پایەبەرزی کورد خوالێخۆشبوو "شێخ بابای مەهابادی" لە گۆڤاری مەهابادا بڵاو کردۆتەوە.

پ: ئاخۆ لە بواری شێعرنووسیدا هەر بەردەوام شێعر دەنووسن؟ گەر ئەو کارە ناکەن، هۆیەکەی چییە؟

و: بەداخەوە ئێستا زۆر بەکەمی شێعر دەنووسم، هۆیەکەشی ئەوەیە کە پتر خەریکی لێکۆڵینەوە و کاری زانستیم.

پ: بیروڕاتان لە سەر شێعری ئەمڕۆ بەتایبەت شێعری لاوەکانی کوردەواری چییە؟ بڕواتان وایە شێعری کوردی بەرەو کوێیە؟

و: بەختەوەرانە ئەمڕۆ شاعیرانی گەورە و هەڵکەوتوومان هەیە کە بە شێوەی نوێ شێعر دەنووسن و نووسیویانە و مایەی شانازی گەل و نەتەوەکەمانن وەکوو کامیل ژیر، غەریب پشدەری، پیرباڵ مەحموود، جەماڵ شارباژێڕی، کامەران موکری، سالح دیلان، حەسیب قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو، بەڵام بەداخەوە شێعری ئەمڕۆی بەشێک لە لاوەکان زۆر کرچ و کاڵ و بێناوەڕۆک و بێکێش سەروا و بێبایەخن و لاوەکان پێویستە حەول بدەن خەریکی خوێندن و خوێندنەوە بن و باسەواد و زانابن و لە هەموو جۆر و بوارەکانی شێعر و عەرووزدا، شارەزایی پەیدا بکەن و شێعری کوردی بەرەو شێعری جیهانی بەرن.

هەولێر کتێب

پ: ئاخۆ بەرهەمێکتان بە ناوی ژیاننامەی خۆتان نووسیوە؟

و: نەخێر تا ئێستا بەرهەمێکم بە ناوی ژیاننامەی خۆم نەنووسیوە، بەڵام بەتەمام لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم کارە بکەم.

پ: چۆن بوو دەستتان کرد بە کاری کۆکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کورد؟ لە چ تەمەنێکدا؟ چۆنتان ئەو کارە کرد؟

و: لە تەمەنی نۆزدە ـ بیست ساڵیدا بووم، کاتێ دیوانی چاپکراوی شاعیرانی کوردم دەخوێندەوە، دەمدی زۆربەیان بە غەڵەت و هەڵە چاپ کراون و ژیاننامە و سەرەتایەکی پڕ لە کەموکوڕییان بۆ نووسراوە و بە خرابترین شێوەش چاپ کراون، بێجگە لەوەش دیوانی زۆربەی شاعیران چاپ نەکراون، کەوتمە ئەم بیرە کە ئەم دیوانانە بە شێوەیەکی عیلمی و ئاکادیمی کارییان لە سەر بکەم و بە بێهەڵە و ڕاست و دروست چاپیان بکە، هەروەها ئەم دیوانانەش کە چاپ نەکراون لە ئێران و ئێراق و تورکییە دەستییان بخەم و کۆیان بکەمەوە و ڕێکوپێکیان بکەم و بە چاپیان بگەیەنم و بۆ ئەم کارەش زۆربەی شاروئاوایی‌یەکانی کوردستان گەڕاوم و بەختەوەرانە بەشی زۆری دیوانە چاپنەکراوەکانم دەست خستوون و کارم لە سەر کردوون و ئەگەر خودا یارمەتیم بدا بە چاپییان دەگەیەنم.

پ: پەس ئەو کارە دژوارەتان لە نۆزدە ساڵییەوە دەست پێکردووە؟

و: بەڵێ، کاری کۆکردنەوەی شێعر و دیوانی شاعیرانی کوردم لە تەمەنی نۆزدە ـ بیست ساڵییەوە دەست پێکردووە و ئێستاش کە تەمەنم گەیشتۆتە ٦٨ ساڵ، خەریکی دەستخستن و کۆکردنەوەیانم.

پ: گرینگایەتی ساغکردنەوە و تەسحیحی شێعری شاعیرانی کورد پتر لە هەر شتێک لە چیدا دەبینن؟

و: گرینگایەتی ساغکردنەوە و تەسحیحی شێعری شاعیرانی کورد پتر لەوەدا دەبینم کە شێعری شاعیرەکانمان بە بێغەڵەت و هەڵەوپەڵە و ڕاست و دروست دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کوردەوە و شێعری هیچ شاعیرێکیش بە هەڵە و بە نێوی شاعیرێکی ترەوە چاپ ناکرێت.

پ: یەکەم دیوان کە کۆیتان کردەوە و پێیدا هاتنەوە چ دیوانێک بوو؟ هەروەها بفەرموون، چەند دیوانتان هەتاکوو ئێستا کۆ کردۆتەوە و کاری زانستیتان لە سەر ئەنجام داون و لە ئەوانە چەندیان بە ناو بڵاو بوونەتەوە و کەوتوونە بەردەست لایەنگرانەوە بەگشتی و چەندیان بڵاو نەکراونەتەوە و هۆیەکەی یا هۆیەکانی چییە؟

و: یەکەم دیوان کە کۆم کردۆتەوە و پێیدا هاتوومەوە دیوانی"حەریق" بووە کە بیستودوو ساڵ لەمەوبەر چاپەمەنی محەممەدی لە شاری سەقز چاپی کردووە، هەروەها تاکوو ئێستا سەدوبیست دیوانێکم لە شاعیرانی کورد کۆ کردۆتەوە و کاری زانستیم لە سەر ئەنجام داون و لە ئەوانە، دەیانیان لە چاپ دراون و بڵاو کراونەتەوە و کەوتوونە بەردەست خوێندەواران و لایەنگرانی شێعر و ئەدەبی کوردییەوە ئەم دە دیوانەش بریتین لە ١. دیونی حەریق ٢. دیوانی شەهید یا چاوەش ٣. دیوانی شێخ ئیسماعیلی بەرزەنجی ٤. دیوانی ئەحمەدی کۆر کە سێ جار لە لایەن چاپەمەنی و ئینتیشاراتی محەممەدی سەقز چاپ کراوە و ئێستاش بە شێوەیەکی کاملّتر و جوانتر لە لایەن چاپەمەنی کوردستان لە سنە لە چاپ دەردێ، شایانی باسە کە دیوانی حەریق جارێکیش لە سلێمانی چاپ کراوە.٥. دیوانی شێخ نەجمەددین"سابیری" ٦. دیوانی شێخ حەسەنی شاهۆ ٧. دیوانی حەمدی بەگی ساحیبقران ٨. دیوانی زێوەر ٩. دیوانی ئەسیری ١٠. دیوانی ئەحمەد موختاربەگی جاف، ئەم سەدوده (١١٠) دیوانەکەی تریش بەختەوەرانە کارەکانیان تەواو بووە و بە هومێدی خودا و پێغەمبەر، بەم زووانە ئەگەر خودا یار بێ، دەیانخەمە ژێر چاپەوە و دەکەونە دەست خوێندەواران و لایەنگرانی شێعر و ئەدەبی کوردییەوە، هۆی چاپنەبوونی ئەم دیوانانەش زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ بێئیمکاناتی و بەتایبەت بێئیمکاناتی ماڵی.

پ: گەر دەگونجێ تکایە هێندێک لە بواری شێواز و ستایلی کاری کۆکردنەوە و پێداهاتنەوە و کاری زانستی کردن لەسەر دیوانێکی شێعری بەلای خۆتانەوە بۆمان بدوێن.

و: لە هەر دیوانێکدا بەتایبەت دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکان، بە تەرتیب چامە (قەسیدە) و غەزەل و پێنجینە و پێنجخشتەکی و تەرجیعبەند (دەستەبەستە) و مەسنەوی و چوارینە و تاکەکانم بە رێنووس و ئیملای کوردی ئەمڕۆ نووسیوەتەوە و پاشان لە سەرەتادا ژیاننامەی شاعیرەکەم بە دوورودرێژی نووسیوە و نەقد و تەحلیل و "لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی" تەواوم لە سەر شێعرەکانی نووسیوە لەگەڵ نموونەی شێعرەکانی، وێنەی شاعیرەکەشم بۆ یادگار لە دیوانەکەیدا داناوە و لە ژێر وێنەکانیش شێعرێکی شاعیرەکەم لە بارەی وێنەکەیەوە و نووسیوە و بە جوانترین شێوە بە بێهەڵە تایپم کردووە و ئامادەم کردووە بۆ چاپکردن.

پ: بەشێکی گرینگ لە تێکۆشانەکانی جەنابت وەک ئێمە ئاگادار بین کاری فەرهەنگنووسی بووە، گەر بلوێ لەو بابەتەوەش هێندێکمان ئاگاداری پێبدەن.

و: من تا ئێستا، دوو فەرهەنگی گەورەم نووسیوە؛ یەکێکیان "فەرهەنگی شاعیرانی کورد" لە پێنج جڵددا بەپێی حروفی ئەبجەد وەک ئاوات، ئارام، ئاوارە، ئاهی، ئەدەب، ئەدیب، ئەهوەن ئەحمەد، ئەسەد، بابا، شێخ بابا، بێکەس، بابە و هتد. لەو فەرهەنگەدا، لە پێشدا ژیاننامەی شاعیرەکەم لە دە ـ دوازدە دێرێکدا نووسیوە و پێنج دێرێکیشم لە بابەت شێوە و شێوازی شێعرەکانییەوە نووسیوە و پاشان دوو نموونە لە شێعرەکانیم نووسیوە. فەرهەنگی دووەمم، فەرهەنگێکە بە ناوی "شێعر و پەندی پێشینیان" ئەویشم بەپێی حروفی ئەبجەد نووسیوە، لە (ئا) وە بۆ (ئەلف) و بۆ (ب) و (پ) و (ت) و تا ئاخر، لە هەر پیت و حەرفێکدا لە ئەوانەیە سەد تا سەدوپەنجا شێعری تێدا بێ و لە هەر تاکە شێعرێکیشدا پەندێکی پێشینیانی تێدا گونجاوە و ئەو فەرهەنگەش جڵدێکی گەورە دەبێ کە نموونەکەی بەو شێوازەیە:

ئەوەی بەزمی منی شێواندووە بێدەستییە خەڵکە "بە یەک دەست نادرێ چەپڵە" لە تەپڵی سەرم و سینگی دەف

من لە ڕیسوایانی عەشقم بانگی بێپەردە ئەکەم "ئاشکرا بانگی محەممەدی خۆشە" گەر بیدا بیلال

لە پەندی پێشینیانەوە "بە یەک دەست چەپڵە لێنادرێ" یا دەڵێ "بانگی محەممەدی بە ئاشکرا خۆشە" کە ئەم دوو شێعرە ئەم دوو پەندەی لەخۆ گرتووە.

پ: با باسەکە بێنینە سەر لایەنێکی یەکجار گرینگی دیکەی زەحمەتەکانی ئێوە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەو دەستە بااڵیەی کە لە مەیدانی شێعر و هونەر و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی هەتانە. گەر دەکرێ بەگشتی لەو بەشەی کارەکانتان بۆمان بدوێن.

و: من هەر لە دەورانی جەوانییەوە بەهۆی ئەوەی کە باوکی بەڕێز و خۆشەویستم خوالێخۆشبوو سەید عەلی ئەنیسی دەنگی خۆش بوو وە زۆربەی بەیتەکانیش لە یەکێک لە گەورەترین و دەنگخۆشترین بەیتبێژانی کورد واتە کاک "ئەحمەدی کاپەسووی" فێربببوو، عەلاقەم بەو بەیتانە پەیدا کرد، ئەو کاتی لە کوردستانی خۆماندا کەس نەیدەزانی بەیت چییە و پێیان وابوو ئەوەش خۆی حیکایەتە، جگە لە ئەوەش زۆربەی بەیتبێژانی کورد وەک خوالێخۆشبووان "هەباسە خرەی کامەم" و "حوسێن کەنیلە" و "ڕەسووڵ باڵەکی"، "سۆفی ڕەحیمی بەیرەم" و "محەممەدی خاڵەی" و "محەممەدی بەیتان" و "کوێخا عەبدوڵڵای دەرماناوێ" و "عەلی کەردار" و "مەحمەڵ" و "کاک خدری سالح جوامێر" و "کاکەسوار ئاغای جەنگەڵی" و "کاک مامەندی جەنگەڵی" و "فەقێ عەولای کاولان" و

"سەید فەتاحی کامەمی" و "کاک خدری تووان" و زۆر بەیتبێژانی تریش هاموشۆی مالّی ئێمەیان دەکرد، من زۆری ئەو بەیتانەم بە زەبتی سەوت تۆمار کردوون و وێنەی بەیتبێژانم کێشاون و ژیاننامەیانم نووسیون و بەیتەکانم هێناوەتە سەر کاغەز و تایپم کردوون و ئامادەی چاپم کردوون، ئەو بەیتانەش بریتین لە ١. مەم و زین ٢. لاس و خەزاڵ ٣. شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی٤. مێهر و وەفا٥. بەیتی حەتەم٦. بەیتی محەممەد حەنیفە٧. عەبدولڕەحمان ٨. ناسرومالّماڵ ٩. مەحمەڵ و برایمی دەشتیان١٠. برایمۆک١١. ئاوڕەحمان پاشا١٢. بەیتی هەمزە ئاغا و باپیر ئاغا١٣. دمدم ١٤. خەج و سیامەند ١٥. سەیدەوان ١٦. کاکەمیر و کاکەشێخ ١٧. سەعید و میرسێوەدین١٨. لەشکری،١٩. خەلیل پاشا، ٢٠. بەیتی جوولەکان، ٢١. ئەمەر پاشا،٢٢. سەنجەرخان،٢٣. سێوەخان، ٢٤. شێخ مەند و شێخ ڕەش،٢٥. بەیتی دووبرالان، ٢٦. خوز و کانەبی، ٢٧. خواز و نەعمان،٢٨. ئەحمەدی شەنگ ٢٩. شەم و شەمزین، ٣٠. بەیتی ئەشکەوتی گەوهەر ٣١. زەمبیلفرۆش، بۆ هەر کام لەم بەیتانە سەرەتایەکیشم لە بابەت بەیت چییە و چەند جۆرن و چۆن پەیدا بوون و گرینگایەتی ئەم بەیتانە چییە، نووسیوە و لە خودای گەورە و مەزن داوا دەکەم یارمەتیم بدا بۆ ئەوەی بتوانم لە داهاتوودا، ئەوانەش بە چاپ بگەیەنم.



پ: ئوستاد گەر دەکرێ بەگشتی باسێکمان لە سەر حیکایەت و ئەفسانە و حیکایەتخوانی و حیکایەتخوانە گەورەکانی قەدیمی مەهاباد و کوردستان و شێوەی بەڕێوەچوونی حیکایەتخوانی بۆ بفەرموون لە کۆندا.

و: لە بابەت حیکایەت و ئەفسانەی کوردییەوە لە کوردستانی خۆمان زۆر حیکایەتبێژی گەورە و بەناوبانگمان بوون وەکوو "میرزا عەبدوڵڵای حیکایەتخوان" کە سالّەها لە قاوەخانەی خوالێخۆشبوو " قادرەسێڵە" حیکایەتی دەکرد، هەروەها حیکایەتخوانی بەناوبانگ "مام ئەحمەدی لوتفی" کە لە قاوەخانەی ئێمە حیکایەتی دەکرد، شایانی باسە ئەو کات قاوەخانەی باوکم ڕووبەڕووی کتێب فرۆشی سەیدییان بوو، شەوانی زستان هەتا زستان تەواو دەبوو مام ئەحمەد و میرزا عەبدوڵڵا لە هەر دوو قاوەخانە حیکایەتییان دەکرد، هەروەها مەرحوومی "عەزیز قولّی بەگ" لە یەکێک لە قاوەخانەکانی سەربەرداش، حیکایەتی شانامە و ئەسکەندەرنامەی دەکرد هەروەها "میرزا عەبدولخالەقی خالەقزادە" ی خوالێخۆشبووش ماوەیەک لە قاوەخانەکان حیکایەتی دەکرد، دیارە لە شارەکانی وەکوو سەقز و سنەش ئەو سەردەمەی حیکایەتخوان زۆر بوون شایانی باسە کابرایەک بە نێوی" کاک محەممەد" کە خەڵکی گوندی "کیتکە" بوو وە بیست سالّێک لەمەوبەر مالّی هاتبوو بۆ مەهاباد حیکایەتخوانێکی نێوبەدەرەوە و بەناوبانگ بوو، وە حیکایەتێکی یەکجار زۆری دەزانی و زۆر جار لە کچ و کوڕەکانی خۆی دەپاڕاوە و دەیگوت: هەتا نەمردووم بە شریت و نەوار ئەو بەیتانەم تۆمار بکەن بۆ ئەوەی بۆ پاشەڕۆژ بمێننەوە و نەیانبەم بۆ بن گڵ کاتێ مردم. دیارە زۆربەی ئەو حیکایەتانەش بەشێک لە مێژووی کوردستان و کوردەوارین و پێویستە بنووسرێنەوە و نەفەوتێن، شایانی باسە پەنجا ـ شێست سالّ لەمەوبەر حیکایەتخوان لە زۆربەی شار و ئاوایییەکان بوون و شەوانە حیکایەتیان بۆ خەڵکەکە دەکرد.

پ: ئەرکی ئەوڕۆییەکان لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو سامانە پڕ بایەخ و نەتەوەییە بە بڕوای ئێوە چییە؟

و: پێویستە لاوان و گەنجانی ئەمڕۆ بەتایبەت ئەوانەی عەلاقەیان بە شێعر و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردییە ئەم بەیت و حیکایەتە فۆلکلۆرییانە کە سامانی کوردەوارین کۆیان بکەن و بەم جۆرە خزمەتێک بە گەل و وڵاتەکەمان بکەن بۆ ئەوەی سامانی نەتەوەییمان ساماندارتر و دەوڵەمەندتر بکەن و لەو بارەوە هیچ کەمتەرخەمییەک نەنوێنن.

پ: ئوستاد پێمخۆشە بزانم تا ئێستا بەگشتی چەند کتێبتان لە بابەت فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژووی کوردییەوە نووسیوە؟ هەڵبەت گەر کەمێک بە وردی نێوی کتێبەکانیشمان بۆ بفەرموون سپاسگوزار دەبین.

و: من تا ئێستا ئەم کتێبانەم لە بەبات فەرهەنگ و مێژووی کوردەوە نووسیوە. ١. فەرهەنگی شاعیرانی کورد، پێنج جڵد ٢. ناودارانی کورد، پێنج جڵد ٣. فەرهەنگی پەندی پێشینیان، یەک جڵد ٤. فەرهەنگی زاراوەی خواناسی عیرفانی، یەک جڵد ٥. قورئان و حەدیس لە شێعری کوردیدا، دوو جڵد ٦. ژنەشاعیرە کوردەکان، یەک جڵد ٧. شاعیرانی نوێخوازی کورد، یەک جڵد ٨. ئاوێنەی مەهاباد (مێژووی مەهاباد)، پێنج جڵد ٩. شاعیرانی خواناسی کورد"شاعیرانی عارفی کورد"، دوو جڵد ١٠. لێکۆڵینەوە لە سەر دیوانی شاعیرانی کورد، سەدوبیست جڵد (سەرجەمی دیوان) ١١. زەمبیلفرۆش، یەک جڵد ١٢. خەییام لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی فەلسەفەی خەیام ١٣. لێکۆڵینەوە لە سەر بەیتە کوردییەکان، سی جڵد ١٤. شاعیرانی مەهاباد یا شاعیرانی موکریان، پێنج جڵد ١٥. دیوانی شێعری لاس و خەزاڵ، یەک جڵد ١٦. دیوانی شێعری دمدم، یەک جڵد ١٧. فەقێ ئەحمەدی دارشمانە، (شیعر) ١٩. غەزەل و غەزەلی کوردی، یەک جڵد ٢٠ داشۆڕین لە شێعری کوردیدا، یەک جڵد.

پ: وێڕای ڕێز و پێزانین لە ئەوەی کە کات و زەمانتان پێدایین، لە کۆتاییدا گەر وتەیەکی ترتان هەیە کە پێتانخۆشە ئاماژەی پێبکەن، بیفەرموون و هەروەها پێمانخۆشە گەر ئیمکانی هەبێ شێعرێکی خۆتان و نموونەیەک لە بابەتی شاعیرانی مەهاباد یا موکریان وەک دیاری پێشکەش بە ئێمە و خوێنەرانی گۆڤاری بەرهەم بکەن.

و: بۆ شێعر و باباتەکە باشە بە چاوان، پارچە هەڵبەستێکی خۆم کە هی سەردەمی گەنجیەتی منە و هەروەها بابەتێک لە سەر یەکێک لە شاعیرانی موکریان لە کتێبی "فەرهەنگی شاعیرانی مەهاباد"، وەک دیاری پێشکەشتانی دەکەم بەڵام لە بابەت وتەی کۆتایی هیوادارم لاوان و گەنجانی ئەمڕۆی شارەکەمان و وڵاتەکەمان بخوێنن و باسەواد و زانا بن و ئەوانەی عەلاقەیان بە وێژە و ئەدەبی کوردییە، خەریکی موتاڵا و لێکۆڵینەوە و کاری زانستی بن و عومر و ژیانی خۆیان لە پێناو بەختیاری و سەرکەوتنی گەل و نەتەوەکەیاندا بەخت بکەن و ژیانی خۆیان بە نەخوێندەواری و نائاگایی سەرف نەکەن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵ بە خۆشی و خۆشبەختی و سەرکەوتن و کوڵنەدان، ژیانیان ڕابوێرن و هەر کامەران و بەختیار و سەرکەوتوو و گەشبین بن سەبارەت بە ژیان و داهاتووی گەل و نەتەوەکەیان و خۆیان، ئینشاڵڵا خوا یارمەتیدەریان بێ.

پ: سپاس هیودارین هەمیشە تەندروست بن و سێبەرتان بەردەوام بێ.

و: سپاس بۆ ئێوەش.

هاوڵاتیانی کتێب

١.کوتم کوتی

سەید نەجمەدین ئەنیسی(شەیدا)

کوتی ڕۆژێ کە لێم دووری بڵێ پێم چۆنە حاڵی تۆ — کوتم زیندووم، دەژیم، ماوم بە ئاواتی ویسالی تۆ
کوتی تۆ ڕاست بڵێ توخودا چ دەم بەختت دەبێ بێدار — کوتم پێی ئەو شەوەی بینیم لە خەونمدا جەماڵی تۆ
کوتی ناوت چییە بیڵێ لە ناو گشت عاشقانمدا — کوتم ئەی گوڵ شەهیدی نازوعیشوە و لەعلی ئاڵی تۆ
کوتی پێم وایە ڕۆژی تۆ لە زولفم ڕەش بوو شەیدا؟ — کوتم ڕووناکە وەک ڕۆژە لە سای نووری جەماڵی تۆ
کوتی خۆ ڕەنگی خوێنی تۆ لە لەعلی لێومەوە دیارە؟ — کوتم وەک شیری دایکم با ببێ یاخوا حەڵاڵی تۆ
کوتی بۆچی هەموو مانگی ئەبێ کۆم بەژن و باڵاکەت؟ — کوتم سوور گوڵ بە یادی دوو برۆی هەروەک هیلالی تۆ
کوتی هەتبوو دڵێ بیڵێ کە ئەم بێچارە چی لێهات؟ — کوتم ئەو دیلی زولفت بوو، گرفتارە بە خاڵی تۆ
کوتی پێم وایە سۆزی عیشق ئەوێستاش هەر لە دڵتایە؟ — کوتم تا هەم لە دڵمایە ئەوینی تۆ و خەیاڵی تۆ
کوتی بۆچی هەمیشە دڵپەشێوی ڕەنگەکەت زەردە؟ — کوتم ئەی گوڵ لە تاوی لەعلی لێو و چاوی کاڵی تۆ
کوتم پێم خۆشە جارێکی لە جاران بێیە ماڵی من — کوتی بەختونەسیب گەر بێ ئەمن هەر دێمە ماڵی تۆ
کوتم خۆ ئارەزووی دڵمە کە تۆ ببیە حەڵاڵی من — کوتی گەر چارە نووسرابێ ئەوا دەبمە حەڵاڵی تۆ
کوتم ئازیز بە عیشقی خۆت دڵت پاک ئاوەدان کردم — کوتی سەرمەستی بۆنی عەتر و بەیبوون و هەڵاڵی تۆ
کوتی بیستوومە تۆراوی لە پەیمانی بەتاڵی من؟ — کوتم شیرینە وەک هەنگوین هەموو ژاراوی تاڵی تۆ
کوتم من لاسم و گۆچانی شوانی عیشقی تۆم هەڵگرت — کوتی ئەمنیش لە سوێناسی ئەوین بوومە خەزاڵی تۆ
کوتم ئەی گوڵ ئەتوو جوانیت، بدە ماچێ لە ئەم لێوە — کوتی ماچێ بە کەس نادەم "سەید نەجمە" بە شاڵی تۆ

٢.((سەعید))

حاجی سەید محەممەد نووڕانی

حاجی سەید محەممەد سەعید و باوکی سەید محەمەد لە بنەماڵەی بەڕێزی سەیدەکانی کولیجە بوون، گوندی کولیجە کەوتۆتە سیوپێنج کیلۆمێتری مەهاباد و بنەماڵەی سەیدەکانی کولیجە لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ناوچەی موکریان بوون و لە ناو خەڵک و کۆمەڵدا زۆر بەڕێز و هێژا بوون. سەید محەممەد سەعید کوڕی سەید محەممەد لە ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی لە گوندی کولیجەی سەر بە مەهاباد لە دایک بووە و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکی ناردوویە بۆ خوێندنگە و سەید محەمەد سەعید لە خوێندنگەی گوندەکەیان دەستی کردووە بە خوێندنی ئایینی و پاشان چووە بۆ ئاوایی "وەتەمیش" لە خوێندنگەی زانای پایەبەرزی کورد مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب دەستی کردووە بە خوێندن و بەر لەوەی خوێندن تەواو بکا ئەو خوێندنگەیەی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ شاری هەولێر و لە خوێندنگەی مامۆستا مەلا عومەری ئەفەندی باوکی مەلا ئەبووبەکری ئەفەندی"مەلا گچکە" دەستی کردووە بە خوێندن و ماوەیەکیش لەو خوێندنگەیە و لە لای مامۆستا مەلا عومەر ئەفەندی درێژەی بە خوێندن داوە و سەرئەنجام لە کاتێکا هەموو زانستەکانی ئایینی و ئیسلامی شارەزا بووە ئیجازەی مەلایەتی لەو مامۆستا پایەبەرزە وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی موکریان. سەید محەمەد سەعید هەر لە سەردەمی خوێندنیدا، تەریقەتی لە شێخ یوسفی بورهان وەرگرتبوو وە دوای گەڕانەوەشی لە هەولێر، بە یەکجاری لە ئاوایی بورهان نیشتەجێ بووە و هەموو پلەکانی سەلووکی پێواوە و لەگەڵ هەموو وردەکارییەکانی نەقشبەندییە ئاشنایەتی پەیدا کردووە و لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی مانگی لەگەڵ شێخی بورهان چوو بۆ حەج و دوای

گەرانەوە شێخ زۆری خۆش ویستووە و تەنانەت دوای کۆچی دوایی حاجی سەید حەمەسەعید شێخ سەبارەت بە پایەی مەعنەوییەتی، فەرموویەتی سەید حەمە سەعید قوتبی تەریقەت بووە، ئەوە یەکەمین جار بووە کە شێخ لە بارەی پلەوپایەی مەعنەوی یەکێک لە موریدەکانی بەم جۆرە بیروڕای خۆی دەربڕێ. هەموو موریدان و مەنسوبانی شێخ، زۆریان خۆش ویستووە و ڕێزیان بۆ داناوە و هەر چەند حەزرەتی شێخ بەپێی خووڕەوشتی خۆی کەسێکی نەکردووە بە خەلیفە و جێنشینی خۆی، بەڵام مریدان و مەنسووبان حاجی سەید حەمەسەعیدییان بە یەکەمین خەلیفەی حەزرەتی شێخ داناوە. سەید حەمە سەعید ئەو خواناسە پایەبەرزە و پاک و پارێزگارە، سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٠٦ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە جەنازەکەیان بە فەرمانی حەزرەتی شێخ لە شەڕەفکەندەوە ڕاگوێستووە بۆ گۆڕستانی خانەقا و هەر لە ئەوێ بە خاکیان ئەسپاردووە.

شێعری سەید حەمە سەعید

سەید حەمە سەعید یەکێک لە شاعیرانی گرانمایە و ناسکخەیاڵ و پایەبەرزی کوردە. بە کوردی و فارسی شێعری داناوە و دیوانەکەی بریتییە لە غەزەل و مەسنەوەی و چوارینە، ئەوا بۆ نموونە غەزەلێکی کوردی زۆر بەرز و شاکار و شاعیرانەی بۆ یادگار تۆمار دەکەین، لە گوندی شەڕەفکەند چەند بنەماڵە و خێزانی دۆم ژیانیان بەڕێوە بردووە و سەید ئەم غەزەلەی لە حاڵی جەزبەدا گوتووە، بە سرنجدان بەو کەرەستە و ئامرازەی کە ئەم دۆمانە لە کاروپیشەی خۆیان سوودیان لێوەرگرتووە.

شێعری دۆمانە

پەرگەمای قەلبم بە ڕشتەی مێهری مەولا ڕێزا ... ئیدی غەم ناخۆم کە مشتەی غەم پەڕۆی دڵمی کوتا

خولخولەی قەلبم کە سەرگەردانی غەم بوو ئەم هەڵە ... چاک لە سەحرای عیشقی مەولا هەر وەکوو مەزرەق چەقا

گەر دڕێشەی غەم دڵم کون کا چ باکێکم دەبێ ... تیرەیی عیشقی دەکێشێ پێکەوە چەسپی دەدا

بۆ میساڵە گەر لە خەرمان تاوەکوو خەرمانی دی ... سەعیی لێبکەی دڕووی غەم کارێکی هەرگیز لێنەکا

هەرچی حەشوی "ماسواک"ـە بوو بە شفرەی پیری خۆم ... وا بە لووسی ڕامبڕی ئەسڵەن سەری تاری نەما

قەلبی کونکون وەک کەوم قەت ئاوی غەم ڕاناگرێ ... چوونکە سیرمەی تاروپۆی وی توند بە دوولایی تەنا

ئاسمان بێژینگ و هێڵەگ بوو لەبۆیە فەیزی حەق ... بۆ مریدی شێخی بورهانی بە باران ڕۆڕژا

با حەواڵەی پاشی مونکیر بێ، سەری نووکی کەڵاش ... چوونکە عەوعەو وا لە شوێنی پادشاهی دین دەکا

شێعری دۆمانەی (سەعید) هیچ عەیبێکی نییە ... چوونکە دۆمی دەرکی مەولای من دەبن هەر پادشا

سەرچاوە: فەرهەنگی شاعیرانی موکریان یا مەهاباد، سەید نەجمەدین ئەنیسی، چاپ نەکراو.



گوتوبێژ لەگەڵ حافز موسەوی
(شاعیر و ڕەخنەگەری بەناوبانگی ئێران)

وەرگێڕان و ئامادەکردن: بابەک سەحرانەوەرد

دەسپێک:

یەکەم جار ناوی (حافز موسەوی)م وەک شاعیرێکی جیددی دوای وەرگرتنی (پێنووسی زێڕینی گەردوون) لە ساڵی ١٩٩٤بیست کە خەڵاتێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بوو. کۆمەڵە شێعری (دەستێک بە شووشە تەمگرتووەکانی دونیا) بە جۆرێک لەو سەردەمە هەراوهەنگامەیەکی بەرپاکرد و وایکرد خوێنەرانێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام چ شتگەلێک بوونە هۆی سەرکەوتوویی ئەم کتێبە کە شاعیرەکەی دوای بیست ساڵ ئەزموونی شەخسی و ئەدەبی و لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا لە چاپی دابوو. حافز موسەوی توانیبووی لەم کتێبەدا زمانێکی چڕ بخوڵقێنێ و مانای جۆراوجۆری لێبوروژێنێت. هەر چەند بەم کارە قایل نەبوو، بویە بە سەریدا پازدی دا و ئەزموونی تازەی تێپەڕاند و لەم گۆڕەپانە بووە شاعیرێکی خاوەن دەنگ و تایبەتمەند بە خۆی. شێعری ئەو وەک هەر شاعیرێک لە کەرەستەگەلی هەست و خەیاڵ وەدیهاتون کە زۆر خەللاقانە بەرەوڕووی بەردەنگەکانی بوونەتەوە. هەر شاعیرێکی جیددی لە تلاش دایە ڕەهەندێکی جیاواز لە ڕەهەندە پێشووەکان بە مانا و چەمکەکانی بوون و ژیان ببەخشێت و ئەمە شتێکی ئەستەمە و لە جورعەتی هەر کەسێکدا نییە و بزێوییەک و گۆشبوونێکی فرە زۆری پێویستە. بەرهەمە چاپکراوەکانی حافز موسەوی بریتین لە :

دەستێ بە شووشە تەمگرتووەکانی دونیا، ١٩٩٤، تاران

ڕستە نەهێنییەکان،١٩٩٩، تاران

شێعرگەلی کۆمار، ٢٠٠١، تاران

ژن، تاریکی، وشەکان، ٢٠٠٧، تاران

وردەواڵەی یادەوەری و شێعرەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،٢٠٠٩، تاران

حافز لەم چەند ساڵەی دواتردا دوو کتێبی دیکەیشی بڵاوکردووە کە یەکەمیان کۆمەڵە وتارێکە لەسەر شێعرەکانی (مەهدی ئەخەوان سالس) کە بڵاوگەی پەیڤ لە چاپی داوە و کتێبی دووهەم، کۆمەڵە وتارێکی ڕەخنەییە.

لەم هاوینەدا بە هۆی ئەم وتووێژە چوومە لای. وەک جاران بە ڕووخۆشییەوە بەرەوپیرم هات و لە ئامێزی گرتم. داوای لێکردم، دانیشم و لە پاش مانەوەیەکی کەمخایەن حافز بە دوو چا دێتە لام و بزەکەی هەر بە لێوییەتی و لە بارودۆخی کوردستان لێم دەپرسێ و منیش دوای ماوەیەک، پرسیارەکانی ئاڕاستە دەکەم و ئەویش بە لەبزێکی هێواش و کاوەخۆییەوە دێتە وڵام.

بابەک سەحرانەوەرد: دۆستی ئازیز، وێڕای سپاس لە ئێوە بۆ ئەم گفتوگۆیە، بۆ دەسپێک باشتر ئەوەیە کەمێک لە خۆتان بدوێن. لە واقیعدا پێمخۆشە ناسنامەیەکی خۆتانم هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بۆ باس بکەیت .

حافز موسەوی: من لە ١٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٥٤ی زا) لە شاری ڕوودبار سەر بە باکووری ئێران لە بنەماڵەیەکی مامناوەند لە دایک بووم و هەتا قۆناغی دیپلۆم لەو شارە ماومەتەوە. دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بەشی زمان و ئەدەبی فارسی لە زانستگای میللیی ئەو سەردەمە (شەهید بەهشتی ئێستا) چوومەتە تاران. لە نێوان ژیانی تاران و خوێندکاری، لە ڕەوتی شۆڕشی فەرهەنگی و کلتووری گەلی ئێران لە زانستگا دەرکرام و بڕوانامەی خوێندەواریەکەم بۆ هەمیشە داخرا. لە ساڵگەلی مێردمنداڵیدا، واتە لە ساڵی ١٣٥١ هۆگری خۆم بە پارتی مارکسیزم نیشان دا و شان بە شانی چالاکییە ئەدەبییەکەم، لە بواری سیاسیش فرە چالاک بووم. لە کۆتایی

شەستەکان‌دا، دوای کوتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق فەزای ڕامیاری و کلتووری ئێران کەم تا زۆر ئاوەڵاتر بوو و چەند گۆڤارێکی سەربەخۆی ئەدەبی سەریان هەڵدا و بڵاو بوونەوە. منیش لەم هەڕەتە بە کەڵکوەرگرتن لەم جۆر دەرفەتە لەگەڵ بڵاڤۆکەکان هاوکاریم دەکرد و سەرئەنجام، لە ساڵی١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٤ز)یەکەمین کۆمەڵە شێعرم لە تەمەنی ٤٠ساڵی‌دا بە ناوی (دەستێک بە شووشە تەمگرتووەکانی دونیا) بڵاو کردەوە. ئەم کۆمەڵەشێعرە، هەڵگری خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی گەردوون بوو، سەرجەم پێشوازییەکی فرەباشی لێکرا. دەیەی حەفتا بۆ شێعری فارسی دەیەیەکی موبارەک و زۆر باش بوو و شێعری فارسیی خستە ناو قۆناغێکی تازەوە. لە سەرەتای ئەم دەیە من و هاوڕێکانم کە پتر گەنج و زۆر شەیدا بووین، ڕێکخراوەیەکمان سازاند کە پۆڵێکی کارای لە گۆڕانکارییەکانی دەیەی حەفتا لە ئەستۆ گرتبوو. دوو کتێبی (ڕستە نەهێنییەکان) و (شێعرگەلی کۆمار)ی من دەستکەوتی ئەم قۆناغە بوون. دوا ئەم دوو نامیلکە شێعرییە دوو کۆمەڵە شێعری دیکەیشم بڵاو کردەوە و کۆمەڵەیەکی تریشم هەبوون کە ئیزنی چاپی پێنەدرا و یەک کۆمەڵەی دیکەشم هەن کە لە لای دەزگایەکی چاپەمەنییەوە چاوەڕێی ئیزنی چاپە.



بەر لەم کتێبانە، کتێبی (پانووسەکان)م لەم ساڵانەی دواییدا چاپ کردووە و کۆمەڵێکە لە چەند زنجیرەوتار و باسە هزرییەکان، بەتایبەت بیرۆکەی شێعری نیمایە. لە بواری چالاکییەکە ڕۆژنامەوانییەکەشمدا، دەبێ لێرەدا ئاماژە بە گۆڤاری (کارنامە) بدەم کە یادەوەریی زۆر خۆشم لەگەڵی‌دا هەیە، بەڵام بەداخەوە لە قۆناغێکدا کە من بەڕێوبەری نووسینی ئەم گۆڤارە بووم، ڕێی بڵاوبوونەوی لێبەسترا و بۆ هەمیشە داخرا. دوا کارنامە لەگەڵ قوتابیەکانمدا ،گۆڤارێکی ئەدەبیمان ڕەخساند بە ناوی (وازنا) کە گەشەی زۆری سەند بەڵام ئەمەیش ناپایار بوو، چوونکە دوو سێ ساڵە ئەویشیان داخستووە.

بابەک سەحرانەوەرد: ئەگەر دەکرێ پێمخۆشە کەمێک باسی ئەو شاعیرانە بکەیت کە خۆشت ئەوێن. چ کەسێتی‌گەلێک ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر ئێوە تەئسیری هەبووە؟

حافز مووسەوی: من بە هۆی هەلومەرجی خێزانەکەم لە هەڕەتی مێردمندالییەوە تا ڕادەیەک ڕمووەی شێعری کلاسیکی فارسی ببووم بەڵام دوا خوێندنەوەی شێعرەکانی شاملوو و فروغ فەڕۆخزاد بەتەواوەتی چوومە ژێر پەنجەی دەستەڵاتی ئەم دوو کەسێتییە. دواتر هۆگرایەتییەکی خەستاوخۆڵم لەگەڵ شێعری ئاتەشی و ئەخەوان سالس پەیدا کرد و منیان بە دوای خۆیان‌دا ڕاکێشا. هەندێک درەنگتر هۆگری شێعری (نیما) بووم هەتا ئەوەی کە لە کۆتایی شەستەکان‌دا (نیما)م هەمدیس بۆ خۆم دۆزییەوە و هەر ئەم دۆزینەوەیە بووە هۆی ئەوەی کە ڕەوت و ڕێچکەی شێعری منی بەرجەستە کردەوە.

بابەک سەحرانەوەرد: بەڕای ئێوە کۆمەڵگای ئەدەبی خاوێن و تەندوروست چ پێوەرگەلێکی لەبۆ خۆی تەرخان کردووە. دەبێ لە چۆن دۆخێکدا بێت و ئەم کۆمەڵگەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ شاعیران و نووسەرانێکی وەک ئێوە بە چ شێوەیەک بووە؟

حافز مووسەوی: ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم یەکێک لە ڕەخنەگرە ڕۆژئاوایییەکان لەمەڕ شوێنگە و پێگەی شاعیران لە سەدەی نۆزدەهەم وتوویەتی کە ئەوان پێغەمبەرانی ڕۆژگاری خۆیان بوون، بەڵام بەداخەوە ئەوان لە ڕۆژگارێکدا سەریان هەڵدابوو کە کەسێک نەیدەهەویست بۆ پیشەی موبارەکی پێغەمبەرئاساکەی دەستخۆشانە بنێرێ. من وا بۆی دەچم هەلومەرجەکان کەم تا زۆر هەروەک چاخە پێشووەکان ماوەتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین شاعیران گیانلەبەرانێکی بێکەڵک و نەپێویستن. بەپێچەوانەوە، بە بڕوای من شێعر لە ڕۆژگاری ئێمەدا زۆرتر لە هەموو کاتێ پێویست و بەنیازە. شێعر لە سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێکی گەورە و کارا دەبینێت. ئەگەر ڕۆڵی ڕێگاریکەری بەشی شێعر نەبووایە، دیار نەبوو چارەنووسی مرۆڤ لە سەدەی بیستەم بە کوێ دەگەییشت. مەبەستم لە شێعر، مانا فرە ڕەهەند و پانتاییە بەشگەلێکی هەر زۆر

هەوالنامەی کتێب

گرینگ له هونەر و ئەدەبی لەخۆ گرتووە. ئەوەشی کە دەسەلاتداران، شێعر وەک تۆخمێکی ئازاردەر و پڕ دەردیسەر دەبینن، بەڵگەیەکی لە پشتەوەیە. شێعر هەر ئێستایش ئەرکی هەڵخراندن و وروژاندنی لە ئەستۆگرتووە. ئێستایش هەر بڵندپایەترین پایەیە لە دڕەوشانەوەی هەست و عاتیفەی مرۆڤدا. مەسەلەی شێعر لە ئێراندا، بەر لەم شتگەلە لە زۆر لایەنی ترەوە هەر گرینگ و هەستۆکە. کەواتە ئەو شتەی کە بە سەر شاعیران و شێعری ئێمە لەم سی ساڵەدا هاتووە، لەگەڵ ئەم هەستۆکییە زۆر پەیوەندیدارە. شاعیرانی هاوچەرخی ئێمە بە درێژایی ئەم سی ساڵەدا- لە قۆناغگەلێک کەمتر و لە قۆناغگەلێک زیاتردا- ڕەت کراونەتەوە، زوڵمیان لێکراوە، کەتوونەتە بەر سانسۆر، سەرکوت و قۆڵبەست کراون، بەڵام لە پلەوپایە و شوێنگەی خۆیان لە کلتووری ئەم وڵاتە نە تەنیا نووشوستیان نەهێناوە، بەڵکوو گەورەتر بوون و زۆرتریش پەسەند کراون.


بابەک سەحرانەوەرد: ئایا لە ڕووی دۆخی ئەم چەند ساڵەی دوایی‌دا، بارودۆخی فەزای ئەدەبیی ئێران چۆن لێک دەدەنەوە؟

حافز موسەوی: لە ئێراندا بەر لە ئەدەبی فارسی، ئەدەبی (کوردی،تورکی، تالیشی،گیلەکی، تەبەری)یش بەرهەم دێن. هەتا ئەو جێگایە کە من شارەزام لە حەفتاکانەوە کاری هەرە باش لەم بەشانە کراوە. لە ئەدەبی فارسیش‌دا بەر لەوەی کە لە ناوەوەی وڵات هەندێک کاری گرینگ بەرهەم هاتوون، بەشێکی دیکەیش لە دەرەوەی ئێران بەرهەم دێت کە زنجیرێکی نەپچڕاوە لە ئەدەبی ئەمڕۆی ئێران و بەتەواوی ئەو هەمووە کۆسپ و لەمپەرانە، لە ناو وڵاتدا دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی هەیە. لە ناو وڵات، ئەدەبی فارسی لە دەیەی حەفتا بە دواوە چووەتە نێو قۆناغێکی تازەوە کە دەستکەوتەکانی ڕەنگە هێشتا زۆر نەکەوتبێنە بەرچاو. لە شێعر، چیرۆک، شانۆنامەدا، کەسێتی‌گەلی تازە سەریان هەڵداوە کە هەر چەند لە ژێر سێبەری ناوە گەورەکانی دەیەی چل ماونەتەوە، بەڵام بێگومان لە داهاتوودا بە کارنامە و دۆسیە ئەدەبییەکان، ئەدەبی ئەم نەوە نوێیە سەرکەوتووانە دەردەکەون. ئەمەش بڵێم کە جێگەی بەختەوەرییە پشکی ژنان لە ناو ئەم نەوەیەدا ، زۆرتر لە قۆناغەکانی تر لە بەر چاون. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەدەبی ئێمە لە دۆخێکی زۆر پڕ مەترسی دایە. دەزگای سانسۆر بەتایبەت لەم چوار ـ پێنج ساڵەی دوایی‌دا، بە ڕاستی زوڵم وزۆرێکی گەورەی کردووە. زۆربەی شاعیر و نووسەرانی سەربەخۆی ئێمە، بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیان لە ئیدارەی سانسۆردا ماونەتەوە و خۆلل دەخۆن. ڕۆمانی (سەرهەنگ)ی مەحموود دەولەت‌ئابادی، بەر لەوەی کە بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیش بڵاوبووەتەوە و ساڵی پاریش کاندیدی دوو خەڵاتی نێودەوڵەتی بوو هێشتا لە خودی ئێران‌دا مەجالی چاپی پێنەدراوە. هیچ کام لە کتێبە تازەکانی خۆم لەم چوار ـ پێنج ساڵەدا، ئیزنی چاپیان وەرنەگرتووە. ئەو کتێبانەیش کە چاپ دەبن بە زۆری بەشێک لە هێز و وزەی خۆیان لە ژێر تیغی سانسۆر لە دەست داوە.

بابەک سەحرانەوەرد: لە دۆسیەی ئەدەبی ئێوەدا، بەر لە شێعر چاومان بە وتارە ڕەخنەییەکانتان کەوتووە. ئەگەرچی ئێمە لە چلەکان‌دا ر ڕەخنەگرێکی گەورە وەک (دکتۆر ڕەزا بەراهەنی)مان هەبووە و یەکەمین کۆڵەکەکانی ڕەخنەی جیددی و مۆدێرن لە بەرهەمگەلی ئەون، بەتایبەت لە کتێبی (ئاڵتوون لە مس‌دا) کە بونیادتنەری کارێکی گەورەی ئەوتۆ بوو و بە جۆرێ دەستی دایە سرینەوەی پیرۆزییەت لە ئەدەب و وێژەوانی دا، ئەی ئایا بۆچی ئەمڕۆکە ڕەخنە وەک جاران نەیتوانیوە ئەو کارکردەی هەبێ. ئاخۆ ئێوە بە قەیرانی ڕەخنەی ئەدەبی لە شێعری هاوچەرخی ئێران‌دا، باوەڕتان هەیە؟ لاوازەیی ڕەخنە چ کارتێکەرییەک ئەکاتە شێعر و دەتوانێ چ کاریگەرییەکی هەبێت؟

حافز موسەوی: ئەمە ڕاستە کە ڕەخنەی ئێمە لەگەڵ شێعر و ئەدەبەکەمان پێکەوە هەنگاوی نەناوە و پەرەی نەسەندووە، بەڵام ئەمەیش لە یاد نەکەین دکتۆر بەراهەنی بەشێکی گرینگ لە وتارە ڕەخنەییەکان خۆی لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ نووسیوە. خوالێخۆشبوو(محەممەد حقوقی)ش هەر وەتر. بەڵام لەمەڕ کارتێکەری ڕەخنەی ئەدەبی لە دەیەی چل و پەنجای هەتاوی، لەگەڵ ئێوە هاوبیر و کۆکم. هۆی کارتێکەریی دکتۆر بەراهەنی لەم چاخە بەر لە زانست و توانایی و بزێوی تاکەکەسیی و شەخسیی خۆی، ئەوە بوو کە ئەو ڕەخنانە بەگشتی لە ژێر دەستەڵاتی گوتارێکی سەرتری جیهانی‌دا بوون کە لە نێوان ڕۆشنبیرەکانی ئێران کڕیاری زۆری هەبوو. لە واقیع‌دا ئێمەی ئێرانی لەو سەردەمە بێجگە لەوەی کە لە ڕوانگەی تێفکرینی فەلسەفی بە نیسبەتی ئەمڕۆ زۆر هەژار و دەستەنگ بووین، بەڵام هەستمان بە دەستەنگی نەدەکرد. ڕەخنەی ئەدەبی بە هەر چەشن لە ژێر سێبەر و کارتێکەری ڕێکوپێکانەی فەلسەفی، بیچم دەگرێت. زاڵبوون و سەرکەوتوویی فیکر و ئەندێشەی مارکسیستی لە فەزای ڕۆشنبیری ئێران لەو سەردەمەدا، ڕوانگە و نیگایەکی نوێی بە ڕەخنەی ئەدەبی و تەنانەت بەرهەمگەلی ئەدەبی ئێمە بەخشی، هەر ئەم ڕوانگەیش

بووە هۆی یەکگرتوویی ئەدەبەکەمان و ئەم یەکگرتوویییە لەگەڵ ئەو باکگراوەندە کە باسم کرد بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی سەند. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەو یەکگرتوویییە جێگەی خۆی بە پەشۆکاویی و بێسەروبەرەییەدا. بێ سەروبەرییەک کە لە شێعر و ڕەخنە ئەدەبییەکانی دکتۆر بەراهەنی ڕەنگێکی ئەوتۆی گرتووە. من نەفسی ئەم پڕش و بڵاوییە بە شتێکی باش دەزانم . یەک لەشکری یەکگرتوو، ئەگەرچی زووتر بە ئاکام بگات بەڵام لەو لایشەوە مەترسی دیکتاتۆریشی لەگەڵ دایە. ئەتوانین بەم شێوەیە قسەکەمان خڕکەینەوە کە هەر چەند توند و خێرایی کارتێکەریی ڕەخنەی ئێمە بە نیسبەتی ڕابردوو، کەم و لاواز بووە بەڵام قووڵتر بووەتەوە. هەڵبەت لەم نێوانەدا، نابێت ڕۆڵی نەبوونی گۆڤارە ئەدەبییە سەربەخۆ و بەردەوامەکان لە یاد کەین. ئەگەر ئەم گۆڤارانە وەک (ادینە)، (گردون)، (دنیای سخن)، (تکاپوو)، و (کارنامە) هێشتایش هەر هەبوونایە، دیارە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمە لە دۆخێکی زۆر باشتر لە ئێستادا ئەبوو. کتێب و ڕۆژنامە، کەرەستەگەلێکی لێهاتوو و پەسەند نین بۆ ڕەخنەی ئەدەبی. یەکەمیان زۆر درەنگ دێتە بەر چاوی خوێنەر و دووهەمیشیان زۆر زوو چاپ دەبێ. ئەگەر گۆڤارێک وەک (فێردۆسی) نەبوونایە بەدڵنیاییەوە بەشێکی گەورە لە وتارە ڕەخنەییانەی دکتۆر بەراهەنی هەر بوونی نەدەبوو .



بابەک سەحرانەوەرد: بەردەوام باسی سادەیی و جیاوازبوون لە شێعردا لە ئارادا بووە و خۆی بەرجەستە کردووەتەوە. بەپای ئێوە شێعری سانا و جیاواز چۆنە؟ ئەم سانایی و جیاوازییە لە هەر چاخێکدا، بە نیسبەت چ پێوەرگەلێک هاتۆتە ئاراوە و چ نرخێکی هەبووە؟

حافز موسەوی: شێعری سانا دەتوانێ جیاواز بێت. مەبەستم ئەوەیە کە سانایی بەتەنیایی جێگری جیاوازی نییە. ئەگەر سانایی کاردانەوەیەک لە بەرانبەری دەستکرد بزانین، لەگەڵ ئەم پرسە کۆکم. باسێک کە ئەم سااڵنە لەمەڕ سانانووسین هاتۆتە ئاراوە، ڕەگەزەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی شەست. پێش ئەم دەیە، زمانی پێوەر لە شێعری فارسیدا، زمانێک بوو لە جنسی زمانی شاملوو، ئەخەوان، ڕۆیایی و هتد. لە زمانی ئەم شاعیرانە جۆرە سەنعەت و زمان پاراوییەکدا بوونی بوو کە ئەگەرچی لەگەڵ جیهانی شێعرەکانیان بەتەواوەتی هاوشان بوو، بەڵام نەیدەتوانی ولامدانەوەی ئەزموونگەلی نەوەکانی دوای ئەوان بێت. بەم هۆیە نەوەکانی دوایی واتە نەوەیەک کە لە کۆتایی دەیەی ٦٠ قەڵەمی دەست گرت و هاتنە گۆڕەپانی شێعرەوە، دژ بەم زمانە ڕاوەستان و ڕوویان کردە زمانێکی چڕوپڕ و خاوێنتر.هەڵبەت ئەم نەوەیە داهێنەری ئەم زمانە نەبووە. ئەم زمانە لە شێعر و کانگای داهێنانی شاعیرانێک وەک فروغ، سوهراب، ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی و لە هەموو گرینگتر لە شێعر و بیرۆکەگەلی نیما هەڵقوواڵاوە و پێشینەیەکی کۆن و تیشکەدر و دیاری هەبووە. زمانی شێعری نیما یووشیج هەر چەند دژوار دێتە بەر چاو، بەڵام دەستکرد و ئاڵۆزاوی نییە. ئامانجی نیما، هەروا کە خۆی چەندین جار ئاماژەی بۆ کردووە، بووەتە هۆی ئەوەی زمانی فارسی لە پەخشان نزیک بکاتەوە. نیما دەیگوت شاعیر دەبێ شێعرەکەی هەر بەو زمانە بنووسێ کە خەڵک پێی ئەدوێن. دیارە کە مەبەستی نیما ئەوە نەبووە کە زمانی شێعر دەبێ بەتەواوەتی وەک زمانی جەماوەر بێت. بەم هۆیە لەو بیروبڕوایە بوو کە دەبێ زمانی (ئاپرگۆ) لەگەڵ زمانی (ئێروس) ئاوێتە بکرێ و لە ئاوێتەی ئەم دووانە، زمانێک بێتە ئاراوە کە لە جنسی زمانی خەڵکە، بەڵام لە پلەوپایەکی بانتردا. لە کۆتایی شەستەکان نەک تەنیا شاعیرانی نەوەی نوێ، بەڵکوو شاعیرە ناوداراە بەرەو پێشووەکانیش لە زمانی ئەدەبی و بەگشتی حیماسی و پاڵەوانانە و عیرفانییەوە ڕوویان کردە زمانێکی ئاسایی و ساکارتر. ئەم ڕەوتە لە گەورەترین و بەربڵاوترین بەشە لە شێعری ئەمڕۆی ئێراندا و گەشەی سەندووە و بووە بە زمانی زۆربەی شاعیرانی ئێمە. بەڵام لە لایەکی ترەوە

هەوالنامەی کتێب

هەر ئەم ڕەوتە دەستکەوتگەلێکی نێگەتیڤیشی لەخۆ گرتووە، گرینگترینیان بڵاو بوونەوە و پەڕەسەندنی زمانێکی سست و لاواز و شێواوە لە ناو گروپێک لە شاعیرە گەنج و کەمتر گەنجەکان کە لەو لای بانەوە کەوتوونەتە خوار دەبیندرێت. تا ئێرە من تەنیا بە نیوەی پرسیارەکەی ئێوە وڵام داوەتەوە. نیوەکەی دیکە پەیوەندی بە ڕەوتێک و گروپێکی دیکەوە هەیە کە هەر چەند زمانی شێعری شاملوو و ئەخەوان سالس پەسەند ناکەن و ئامانجیشیان لە واقیعدا ڕووهێنان بە قسەزانی و سەنعەتە ئەدەبییە کۆنەکان نییە، بەڵام لە سەر ئەم بیرە سوورن کە شێعر دەبێ تەنیا و تەنیا (زمان)بێت. واتە (شێعری زمان) یان هەر ئەو زمانەی کە دکتۆر بەراهەنی باسی لێکردووە. ئەم ڕەوتە لە یەک لاوە لە پۆستمۆدێرنیزم کە بە ڕای من زۆریش تیشکدەر و ڕوون نییە، تەئسیری وەرگرتووە و لە لایەکی تریشەوە ڕەگوڕیشەکانی لە زمانی عیرفانی ئیسلامی و میراتی (هۆشەنگ ئێرانی) داکوتاوە. من نە تەنیا لەگەڵ نەفسی جیاوازدا کێشەم نییە، بەڵکوو لەو بڕوایە دام کە هەر بەرهەمێکی هونەری ڕەسەن لە زاتی خۆیدا، دیاردەیەکی نوێ و تازەیە کە دووپات نابێتەوە و لە ئاکامیشدا جیاوازە. بەڵام بەم حاڵەیش نەفسی جیاوازی و تەنانەت نوێ بوونەوە ناتوانێت لە سەر چارەنووسی بەرهەمی هونەری مسۆگەر بێت و بەتەواوی خۆی بسەلمێنێت.

بابەک سەحرانەوەرد: تاقمێک لە ڕوناکبیران لەو باوەڕە دان کە نووسەر دەبێ لە زاتی خۆیەوە، بەردەوام بەرهەڵست و ڕەخنەگر بێ و دائیمە دەنگ هەڵبڕێ چوونکە نووسەر لە واقیعدا بشێوەخواز (ئانارشیست)ە. ئەمەیە لایەنی مەسەلەیە. لە لایەکی ترەوە دەبینین بڕێک لە ڕۆشنبیران لە هەر کۆمەڵگە و لە هەر چاخێکدا بۆ حوکومەتە دیکتاتۆرەکان دەستی دۆستایەتییان درێژ کردووە و تەنانەت پێوەرگەلی ئەو حوکومەتە بەجۆرێ لە بەرهەمگەلی خۆیاندا بەرجەستە دەکەن. ئاخۆ ئێوەیش لەو بڕوایە دان کە بەرهەڵستی دەبێ لە زات و کانگای ئەدەبەوە هەڵقوواڵێت؟

حافز مووسەوی: بەڵێ. من لەگەڵ ئەم بیرە کۆکم کە هونەر لە زاتی خۆیدا جۆرێک بەرەنگاری و بەرهەڵستییە. بەرەنگاری بە تەکووزی پڕ لە ناتەبایی جیهان و بەرەنگاری بە بێعەداڵەتی، بەرەنگاری بە هێز و دەسەڵات. هونەر تەنانەت لە چەشنە ئەقیندارانەکەشیدا ئەم خسوسییەتەی هەیە. هونەر جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جیهاندا ڕەخساندووە. جۆرە ناسینێکە لە سەر کۆڵەکەی ئەزموونی شەخسی و لە سەر ئەم کۆڵەکەیە کە لەگەڵ ئایدئۆلۆجیدا سەری سازیاری نییە و دژبەرایەتییان تێدا ڕەخساوە. (ئالتۆوسێر) لەو بڕوایە دایە کە تەنیا لە ڕێگەی هونەرەوە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی ئایدئۆلۆجی خۆی قوتارکات. مەبەستی منیش لە ئایدئۆلۆجی، هەر چەمکی زانیاری و ئاگایی درۆینەیە کە کەسێک وەک (ئادۆرنۆ) لە سەری زۆر دواوە. کەواتە باشتر ئەوەیە کە ئێمە حیسابی هونەر لە هونەرمەند جیا بکەینەوە، ئەگینا چلۆن باوەڕ بێنین کە خاوەن هونەر لەگەڵ خاوەن هێزێکی دیکتاتۆڕی هاوکار و هاوقۆڵ نەبێت ؟

بابەک سەحرانەوەرد: بە ڕای ئێوە گۆڕانکاری و نوێخوازی لە زاتی ئەدەب لە هەر چاخ و دەورەیەکدا شتێکی پێویستە یا ئەوەی لە بنەڕەتدا، گۆڕان و نوێخوازی هەڵقووڵاوی گۆڕانکارییە سیاسی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگەیە ؟

حافز مووسەوی: هەروا کە لە پەراوێزی پرسیارە پێشووەکان ئاماژەم پێکرد، مەیلی نوێخوازی و نوێهێنان لە زاتی هونەر و ئەدەبدا هەمیشە بووە. هونەرمەند بەردەوامە لە جەختکردن بۆ ئەوەی شتی نوێ بخوڵقێنێ کە بەر لە چرکەساتێک هەر بوونی نەبووە. بەڵام ئەو کاتەی لە مەڕ گۆڕان و گۆڕانکاری کە دیاریکەری قۆناغە ئەدەبی و هونەرییەکانە ئەدوێین، ئەم گۆڕانە وەک کارێکی شەخسی خۆی دەرناخات، بەڵکوو دەستکەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین لە مەڕ قۆناغی ڕۆمانتیزم بدوێین، لە حاڵێکدا کە هەڵومەرجە کۆمەڵایەتی، ئابووریەکەی ئۆروپای سەدەی نۆزدەهەم نەخەینە بەر دید. یان بۆ نموونە ئەگەر بمانهەوێت ئەدەبی مۆدێرن لێک بدەینەوە دەبێ پێش ئەویش لە بواری کۆمەڵایەتییەکان کە دەگاتە ڕەتکردنەوەی ڕۆمانتیزمیش، ئاوڕێک بدەینەوە. لە وڵاتی ئێمە سەرهەڵدانی ئەدەبی مۆدێرن دەستکەوتی زەوق و سەلیقەی تاکەکەسیی (نیما یووشیج) و (سادق هیدایەت) نەبوو . ئەم دووە بەتەواوی بزێوی و گەورەییان تەنیا لەو هەڵومەرجە دیاریکراوە مێژوویییە، و نەک سەد ساڵ لە مەوبەر، دەیانتوانی بنیادنەری ئەدەبیی نوێ بن.

بابەک سەحرانەوەرد: موراد فەرهادپوور (لێکۆڵەر و نووسەر) لە وتووێژێکدا وتبووی کە شێعری ئێمە (ئیران) لە چوارچێوەی ڕۆمانتیزمی عیرفانی گۆڕاوە، لە حاڵێکدا، ئێمە شاعیرانێکی تریشمان وەک شاملوو، فروغ و ڕەحمانی هەبووە کە ڕوانگەیەکی زۆر جیاوازیان لەگەڵ سوهراب لەم ڕوویەوە هەبووە. ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە شێعری هاوچەرخ بەو پێشڕەوتگەلە گرینگە گەیشتووە یا نا؟

حافز موسەوی: قسەی فەرهادپوور لە مەڕ بەشگەلێک لە شێعری هاوچەرخی فارسی ڕاستە. هەروا کە دەزانن لە پاڵ ڕەوتی سەرەکی شێعری نوێی فارسی کە (چاوگەکەی لە نیمایەوە دەست پێدەکا، بزاڤ و بزووتنەوەی دیکەیشی بۆ ڕەخساوە کە هێشتایش بەردەنگ و خوێنەری زۆری هەیە. یەکەمین کەسێک کە لە ڕوانگەیەکی بەڕواڵەت مۆدێڕن لە بەرانبەر نیماوە وێستا و خۆی بەرز کردەوە، (هۆشەنگ ئێرانی) بوو. یەکێک لە بەرەنگارییەکانی هۆشەنگ بە نیسبەت نیما ئەوە بوو کە بۆچی نیما و شێعری نیمایی لە دابونەریتی عیرفانی شێعری کلاسیکی فارسی خۆی دوور کردۆتەوە و ئاوڕی لێنەداوەتەوە. ئەو دەیهەویست ئەم دابونەریتە هەم دیسان زیندوو بکاتەوە و هەمیش بهێنێتە ئاراوە. ئەو لە یەکێک لە وتارەکانی گەیشتن بە عیرفانی (سەنایی) وەک تڕۆپکی شاعیرانەبوون و بەرزی و هەڤیازی هەر شتێکی باش لە شاعیردا دەبینێت. بەشێ لە میراتی ئەندێشەی هۆشەنگ ئێرانی لە لایەن سوهراب سپێهرییەوە و بەشێکی دیکەیش لە لایەن بزاڤی شێعری باڕستایی (حجم) هەتا بە ئەمڕۆ زیندووە. من تەنانەت بیرۆکەگەلی عیرفانخوازانەی دوایی دکتۆر بەراهەنی پەیوەندیدار بەم مەسەلە دەبینم. ئەوەی کە بۆچی ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە لەم دابونەریتە عیرفانییە ڕوانگە و هەڵوێستێکی دیار و ڕوونمان هەبێ، خۆی هەوێنی باسێکی چڕوپڕ و جیاوازە و دەبێ لە کاتێکی دیکە ئاوڕی لێبدەینەوە. لێرەدا بە خراپی نازانم هێمایەک بەم مەسەلە بدەم کە بەرخوردی ڕەخنەگرانەی ئەو دابونەریتە عیرفانییە لە ئەدەبی ئەمڕۆی ئێمە، ئەویش بەم هەموو جوانکارییە ئاوانگاردیزمییە بووەتە یەکێک لە بابەتە ئەسڵی و سەرەکییەکانی ڕەخنەکانم کە لەم دە- پازدە ساڵەی دواییەوە نووسیومن و لە نێوان خوێنەران و لایەنگرانی ئەم ڕەوتە، دوژمنانێکی زۆرم بۆ خۆم دروست کردووە. بەڵام ئەگەر مەبەستی فەرهادپوور ڕەت کردنەوەی تەواوی شێعری هاوچەرخی فارسییە، ئەمن لەگەڵ ئەم قسەی ئەو نیم. هەروا کە لە وڵام بە یەکێک لە پرسیارەکانی ئێوە، وتم شێعری فارسی لە دەیەی حەفتا بە دواوە، گەشتۆتە مۆدێڕنیزمێکی قووڵ و بەنرخ. شێعری ئەمڕۆی ئێمە لە چاو شێعری کۆن لە ڕوانگەی منەوە لەگەڵ شێعری ئەمڕۆی جیهان هاوئاستۆترە.

بابەک سەحرانەوەرد: لە کۆمەڵگەی ئێمە (ئێران) بەتایبەت دوای شۆڕشی گەلان، خوێنەران و بەردەنگانی شێعر ماوەیەک لە شێعری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاوڕیان ئەدایەوە و ماوەیەکیش لە شێعری ئەڤیندارانە. هۆکاری ئەم ئاوڕدان و ئاوڕنەدانەوە لەم دوو جۆر شێعرگەلە لە چی‌دا دەبینن؟

حافز موسەوی: بێگومان دەبێت لە هەلومەرجە جیاجیا و بارودۆخە جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت. هەڵبەت من خۆم هاوڕا نیم لەگەڵ ئەم جۆر پۆلێنکردنانە. لەم دۆخەدا کە ئێمەی تێداین و لە ڕووی ئەوە کە حوکومەتی ئایینی لە ئێران لە سەر کۆڵەکەی ئایدئۆلۆجی بیچمی گرتووە و سیاسەتمەداران بەم ئایدئۆلۆجییە پشتیان ئەستوورە، شێعری ئەڤیندارانە زۆر لە شێعری سیاسی و کۆمەڵایەتی مەترسیدارترە. تەنگژە و لەمپەرەکانی داموددەزگای سانسۆر لە ئێران لە مەڕ شێعری ئەڤیندارانە و ئەم هەمووە هەستۆکییە کە لە مەڕ وشە و زاراوەکان لەم بەشە لە خۆیان نیشانی ئەدەن بەڕای من دەتوانێت ماناداریش بێت. ئەگەر ئامانجی شێعری ئەڤیندارانە پاراستنی هەڕێمی تاکەکەس و شەخسیی تەواوی خەڵکانی کۆمەڵگەیە بێت، ئیدی کاری یەکسانسازی کۆمەڵگە کە ئامانجی هەموو حوکومەتە تۆتالیتەر و ئایدئۆلۆجییەکانە، هەرە دژوار دەبێت.

بابەک سەحرانەوەرد: لە چلەکان وسەرەتای پەنجاکانەوە سەرەکیترین نوێنەرە شێعرییەکانی شاعیرە دیارەکان میناکی (شاملو) و (ئاتەشی) هەڵوێست و ڕوانینێکی ئارامانخوازانە بوو. ئێوە وەک کەسێک کە لەو سەردەمە شاعیرێکی گەنج بوون بەڵگەکانی ئەم نیگا و هەڵوێستە چۆن لێک دەدەنەوە و بەر لەم شتەیش چەند نوێنەری گرینگی دیکەتان لە شێعری ئەو سەردەمەدا بەدی کردووە؟

حافز موسەوی: ئەم ئارمانخوازییە لە یەک لاوە زایەڵەی پتر لە پەنجا ساڵ شۆڕش و خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکانی ئێران بووە کە هیچ کاتێک بە سەرکەوتوویی‌یەکی ئەوتۆیش نەگەیشت و یەکێک لە نموونەگەلی ئەوانە ڕێکخراوەی میللی بە سەرۆکایەتی (دوکتۆر محەممەد موسەدیق) بوو کە لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکووت کرا. لە لایەکی ترەوە ئەو ئارمانخوازییە خسووسییەتی هاوبەشی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران بوو لە تەواوی جیهان‌دا. ئارمانەکانی عەدالەتخوازانەی سۆشیالیستی، پاراستنی ڤێتنام لە بەرانبەر ئەمپریالیزمی ئەمەریکا، پاراستنی ماڤی خەڵکانی فەڵەستین، دژایەتی لەگەڵ سیاسەتە نوێیەکانی ئیستعماری ڕۆژئاوا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و ...هتد شت گەلێک بوون کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی جیهانی لەگەڵ یەکدی‌دا هاوبیر و یەکگرتوو کردبوو. ئەو بەشە ئارمانخوازانە کە لە شێعری شاملوو و

ئاتەشی و زۆربەی شاعیرە گەورەکانی ئێمەدا سەری هەڵدابوو، لە شێعری نێرۆدا، نازم حیکمەت، ڕیتسوس و زۆر لە شاعیرانی گرینگی سەدەی بیستەم، بوونی هەبووە. لە مەڕ نوێنەرە هاوبەشەکانی شێعری ئەو چاخە دەتوانین بەم خاڵە هێمایەک بکەین کە ڕوحی گشتی شێعر لەو چاخە کەمتر تووشی گومان ببوو. ئەگەر تاقمێک وەک نیما لە دواییەن شێعرەکان و فروغ لە دوو کتێبی دواییدا بخەینە لاوە، شێعری ئەو چاخە شێعرێکی قایم و تۆکمە بوو. ئەم ڕوحە گشتییە هەڵبەت لەگەڵ ڕوحی گشتی کۆمەڵگە و ئەو شتەی کە لە شاعیرانی دەویست، لێک نزیکن. ئەم جۆر ڕوانگەیە ئەگەرچی زیانێکی زۆری وەک گشتیخوازی لەگەڵ دایە بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی کە شێعر لەگەڵ ژیانی خەڵک و دۆزەکانی کۆمەڵگە ئاوێتە بێت. لە وڵاتێک کە شاعیرانێکی وەک حافز و سەعدی و خەیامی هەیە کە وتەکانیان کرۆکی عاتیفە و ڕوحی بەکۆمەڵی جەماوەرکەیەتی، چوونەوە ناو زەین و کلتووری کۆمەڵگە و دزەکردن لە جەماوەر، کارێکی ساکار نییە، بەڵام شاعیرانی ئێمە لەو سەردەمە ئەم کارەیان لە ئەستۆ گرت و سەرکەوتووش بوون.

بابەک سەحرانەوەرد: لە شێعری هەندێک لە شاعیرانەدا، ئێمە بە جۆرێ دەگەینە ناڕوونی و پرش‌و بڵاویی‌یەکی سەیروسەمەرە کە نیشاندەری ملکەچی لە پۆستمۆدێرنیزمە. ئێوە چۆن ئەم مەسەلە هەڵدەسەنگێنن؟

حافز مووسەوی: ئەمەیش نیشانەیەکی دیکەیە لەو قەیرانەی کە تووشی بووین. بەڵام ئەم شەپۆلە لە کاتی نووشوستهێنانی دایە. ئەو تاقمەی کە ئێستایش بە ناڕوونی و بێسەروودەرەیی نووسین شانازیی دەفرۆشن، زۆر کەم بوون. لەم ساتەوەختەدا هەواداران و لایەنگرانی بیرۆکە زێدەڕۆیی یەکانی دوکتۆر بەراهەنی کە لە حەفتاکان سەری هەڵدابوو لەو هەڵوێستە زێدەڕۆییەیە، خۆیان جیا کردۆتەوە. ئەو کتێبانەی کە ئەم گرووپە چاپیان کردووە ئەم وەرچەرخانە بە جوانی نیشان ئەدات. بەم حاڵەیش من هەبوونی جۆراوجۆری لە شێعری ئەمڕۆی ئێران بە ڕەوت و پرۆسەیەکی پۆزیتیڤ دەژمێرم. بەشێک لەم جۆراوجۆرییە بەڕێکەوت بە هۆی فەزای پۆستمۆدێرنیستی جیهانی هاوچەرخە کە چ بمانهەوێت و چ نەمانهەوێت، سێبەرە پان و پۆڕەکەی خستۆتە سەر ژیانی ئێمەیش.

بابەک سەحرانەوەرد: ئێوە بۆ شێعر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕەچاو دەکەن یاخود لەو باوەڕن کە شێعر ئەو کاتە چووە نێو ئەم گۆڕەپانە بەرینە لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی، واتە شێعربوون، خۆی قوتار دەکا؟

حافز مووسەوی: من بە کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی شێعر زۆر باوەڕمەندم. شێعر دەبێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە کارتێکەری خۆی بسەلمێنێت. شێعری ڕاستەکی، شێعرێکە کە لە باسە ئێستاتیکییەکان بانتر بڕوات و لە کلتووری میللەتێک و تەنانەت بۆ ناو کلتووری مرۆڤیش دزە بکات. بەڵام ئەم جۆر شێعرە، بێگومان شێعرێک نییە کە تەنیا لە جڤاک و ڕامیاری بدوێ. شێعری ئەڤیندارانەیش دەتوانێ ئەم جۆر کارکردەی هەبێ. بەم حاڵەیش من لەگەڵ ئەم وتەی ئێوە نیم کە دەبێ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بۆ شێعر دابنین بکەین، چوونکە بەیانگەری جۆرە سنوور و بەستێنێکە کە شێعر و شاعیران لەوە وەڕەزن.

بابەک سەحرانەوەرد: شێعر لە هەشتاکان زۆرتر لە دەیەی پێش خۆی لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکاندا بوونی هەبووە. ئاخۆ لە شێعری ئێوەدا ئەم کارتێکەرییە بە چەشنی ڕاستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆدا بوونی هەیە؟

حافز مووسەوی: بەڵێ. هەڵبەت بۆ من سیاسەت بەر لە هەشتاکانیش، بەردەوام کەڵکەڵەی شەخسیم بووە. ئێوە ئەم کەڵکەڵەیە لە خودی ناوی کۆمەڵە شێعری (شێعرگەلی کۆماری) کە زۆربەی شێعرەکانی لە نیوەی ئاخری دەیەی حەفتا نووسراون، دەتوانن ببینن.

بابەک سەحرانەوەرد: کەمێکیش لە ئەدەبی مەنفا و تاراوگە بدوێن. هەندێک لە ڕەخنەکاران لە سەر ئەم باوەڕن کە لەم سێ دەیەی دواییدا، شاعیرە ئێرانییەکان نەیانتوانیوە لە تاراوگە بەرهەمێکی پەسەند و بەنرخ بەرهەم بێنن. ئاخۆ ئێوە لەگەڵ ئەم باوەڕە کۆکن یان تێڕوانینی ترتان بۆی هەیە؟

حافز موسەوی: تا ئەو جێگایە من شارەزام، چیرۆکنووسانی تاراوگەنشین لە شاعیرەکانمان گەلێ سەربەرزتر خۆیان نیشان داوە. هەڵبەت لە شێعری تاراوگەیش نەوەیەکی جیددی لە شاعیران سەریان هەڵداوە کە لە کلتووری رۆژئاوادا پەروەردەبوون و کەمتر خەمخۆری دابونەریتە ئەدەبییەکانی خۆمان بوون. لە کاری ئەم شاعیرانە هەندێک جار تریشکەیەک دەبیندرێت و بەدی دەکرێت کە دەتوانێت مزگێنییەک بێت بۆ تەواوی شێعری فارسی.

بابەک سەحرانەوەرد: تێڕوانینتان بۆ بەرهەمی بەرەی نوێ لە بواری شێعر چییە؟ ئاخۆ فریا دەکەوی شێعرەکانی ئەم نەوەیە بخوێنیتەوە؟ یەکێک لە شاعیرە گەنجەکان وتبووی کە نەوەی من (مەبەست نەوەی نوێ و گەنجە)، نەوەیەکی تایبەتە کە لە نەوەی پێش خۆی زۆر جیاوازتر لە شێعر هاتۆتە ئارا. ئاخۆ ئێوە ئەم جیاوازییەیە لە شێعری نەوەی گەنج دەبینن یان ئەمەیش لەو دروشمانەیە کە هەندێک لە شاعیران هەر دەیڵێن و دەیڵێن و لەو لایشەوە زووش لە یاد دەچن؟

حافز موسەوی: من لەگەڵ هەندێکی زۆر لە شاعیرە گەنجەکان پەیوەندی و دۆستایەتیم هەیە و پتر دەفتەرە شێعرەکانیان کە بڵاو دەبێتەوە و دەگاتە دەستم دەیانخوێنمەوە. ئەو ڕێیە گشتییەی کە نەوەی نوێ بە سەریدا هەنگاو دەنێ، بەڕای من ڕێگەیەکی پەسەندە. بەتایبەت شێعری ژنان لە بواری چۆنایەتی و چییەتی زۆر پەرەی سەندووە. بەڵام ئەمە بە مانای دامەزراندنی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ و ناوەکی لە چۆنایەتی شێعردا نییە. هەڵبەت من هێشتا هەبوونی ئەم جۆر کارەم هەست پێنەکردووە. ڕەوتێک کە لەم دوو دەیەی دواییدا، لە شێعری فارسی دەست پێکرابێت، تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستێکی پڕبوون و ئێستاکەیش زۆری ماوە بەو گەشەسەندنە بگات کە باسم لێکرد.

بابەک سەحرانەوەرد: بۆ کۆتایی پێهێنان بەم دیمانە کەمێک لە دواین بەرهەم و نووسینەکانتان بدوێن. ئاخۆ ئێستاکە سەرقاڵی نووسینی بەرهەمێکی تایبەتن؟

حافز موسەوی: ڕاستییەکەی، ئێستاکە سەرقاڵی کۆکردنەوە و داڕشتن و سەروسامانی وتارەکانم کە لەم ٦٠-١٥ساڵەدا نووسیومن ، هەم بەشی یەکەمی ئەم وتارگەلە کە لە واقیعدا بەرگی دووهەمی کتێبی (پێنووسەکان)ی گرتووەتەوە، ئامادەی چاپە. وتارەکانی تریشم کە دەقگەلێکن لە بواری کلتوور و ئەدەب لە یەک بەرگدا، پێکهاتوون و بە زوویی چاپ دەبن. هەڵبەت شێعرنووسین هەروەک جاران یەکەمین دالّغەی سەرەکیم بووە. بڕیارم داوە دوا سەروساماندان بە کۆوتارەکانم، زۆربەی کاتم لەبۆ شێعر تەرخان بکەم. ئەم ڕۆژانە و ڕەنگە لەم تەمەنەدا کە من تێیدا ئەژیم چ کارێکی دیکە بە قەد شێعر بۆ من بەنرخ و پەسەند نەبێت و ڕازیم ناکات.

بابەک سەحرانەوەرد: دۆستی ئازیز، بۆ ئەم هەڤپەیڤینە بەنرخە گەلێک سپاس.

حافز موسەوی: منیش بەش بەحاڵی خۆم هیوای سەربەرزیتان بۆ دەخوازم.

وتوویژ لەگەڵ سینەماکار، وێنەگر و بەرپرسی ئەنجومەنی سینەمای جەوانی مەهاباد؛ ڕەحیم بایزیدی

ئامادەکردنی: عەلی بایزیدی



پ: وێڕای سڵاو، بەڕێز پێمخۆشە سەرەتا خۆتان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری بەرهەم بناسێنن.

و : سڵاوت لێبێت و ماندوو نەبن و لە ئەوەی کە ئەو دەرفەتەتان و بۆ من ڕەخساندووە، سپاستان دەکەم. من ڕەحیمی بایزیدی لە دایکبووی شاری مەهابادم و هەر لەو شارەدا لە بنەماڵەیەکی سوننەتی گەورە بووم. دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دەستپێکی دەهەی شێست لە لایەن دایک و بابمەوە نێردراومە قوتابخانە و لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی‌دا، دیپلۆمی ئەدەبیات و علوومی ئینسانیم وەرگرتووە، ئەگەرچی باوکم پێداگر بوو درێژەی بە خوێندن بدەم بەڵام من لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی چوومە سەربازی و دوای تەواوکردنی سەربازی وێستم درێژە بە خوێندن بدەم بەڵام تەمبەڵیم کرد و وەدوای کار و ئیش کەوتم کە پارووبەک نان وەدەست بێنم و ئێستاش خوێندکاری زانکۆی پەیامی نوورم لە بواری (علم اطلاعات و دانش شناسی). ئەو درێژەپێدانەش بە خوێندن زۆرتر لە بەر فشاری بنەماڵەیە. لە ساڵی ١٣٨٢ پا زەماوەندم کردووە و منداڵێکیشم هەیە.

پ: لە چ ساڵێکەوە دەستت کردووە بە فیلمسازی و تا ئێستا چەند فیلمت ساز کردووە و نێوی فیلمەکانتان چییە؟

و : لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بۆ فێربوونی خولی فیلمسازی هاتمە ئەنجومەنی سینەما جەوانی مەهاباد و لە ماوەی خولێکی یەکساڵەدا توانیم بەو کەموکوڕییانەی کە هەمبوو تەکانێک لە خۆم بدەم و زۆرتر خۆم پەروەردە بکەم و بە یەکەم کاری بەڵگەیی بەرهەمی خۆم کە نێوی گەنج و ڕەنج بوو خوانی خۆم پەرە پێبدەم. ئەو خۆپێگەیاندنەم زۆرتر لە سەر پێداگری دایکم بوو چوون دایکم زۆری حەول دەدا کە من بێمە نێوی ئەو بواڕە. دەستی ماچ دەکەم چوونکە دەیزانی من زۆرتر هۆگری چم و ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەو گەرچی خوێندەواری نییە بەڵام بۆ منداڵەکانی ئایندەبینێکی زۆر کارامەیە و بابیشم پاڵپشتێکی زۆر باشە بۆ ئێمە.

من زۆرتر لە چوارچێوەی ناوەڕۆکە بەڵگەییەکان‌دا کار دەکەم و فیلمی بەڵگەیی قەومنیگارانە و نەریتی. حەولەکانی من زۆرتر لەو بواڕەدا بووە و تا ئێستا دەرهێنەری ١٤ فیلمی کورتی بەڵگەییم کردووە، وەک فیلمەکانی ئاش (آسیاب) و زەماوەندی بەران (عروسی قوچ) و پاسەوانی تاریکی و پیرمحەممەد و هەموو پیاوانی ئیبڕاهیم و هەڵووچەی ترش و نیگای پەشیمانی و دوور بەڵام نزیک و ...

پ: لە بواری فیلمسازی‌دا زۆرتر حەزت لە چ شێواز و ستایلێکە و کارەکانی خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

و : هەر وەک لە ولّامی پرسیاری پێشوودا، ئاماژەم پێکرد زۆربەی فیلمەکانی من بەڵگەیی قەومنیگارانە و نەریتییە و من هەمیشە نمرەیەکی باش دەدەم بە کارەکانی خۆم لەمەڕ ناوەرۆک و تێمەوە. بەڵام لە لایەن تکنیکییەوە کەموکوڕییان هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە من زۆربەی کارەکانی خۆم بەتەنێ ئەنجام دەدەم.

پ: تا ئێستا لە چ فستیوالّ گەلێکدا بەشداریتان کردووە و چ خەلّات و پلە و پایەیەکت وەدەست هێناوە و بە کام لە فیلمەکانتان، ئەو خەلّاتانەت وەرگرتووە؟

و : من لە بەشی فیلمی زۆربەی فستیوالّە نەتەوەی و نێونەتەوەییەکاندا بەشداریم کردووە و ئامادە بووم. لە زۆرێک لە فستیوالّەکاندا هەر ئەوەندەی فیلمەکەت بگاتە بەشی کێبەرکێ، خۆی لە خۆیدا وەک سەرکەوتن و وەرگرتنی خەلّات حیسابی بۆ دەکرێ هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەتایبەت لە فستیوالّە نەتەوەی نێونەتەوەییەکاندا جاری وایە نزیکەی پێنج هەزار فیلم دەنێردرێت و ئەوەش گرینگە کە فیلمەکەی ئێوە لە بەشی کێبەرکێدا بێت.

کورتە فیلمی بەڵگەیی ئاش لە ساڵی ١٣٧٧ گەیشتۆتە فستیوالّی نێونەتەوەیی فیلمی کورتی تاران

و هەروەها جەشنەوارەی نێونەتەوەیی ئاڵمان و وەرگری خەلّات بووە لە بەشی فیلمی بەڵگەیی ناوچە و پارێزگا و شارستان.

فیلمی نیگای پەشیمانی لە ساڵی ١٣٨١ هەتاوی‌دا، خەلّاتی باشترین تەدوینی لە فستیوالّی پارێزگا و شارستانی مەهاباد وەرگرتووە و هەروەها گەیشتۆتە بەشی کێبەرکێی نێونەتەوەیی ژینگەی تاران.

فیلمی بەڵگەیی (آبی تر از آبی) لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی گەیشتۆتە فستیوالّی نێونەتەوەیی فیلمە وەزیشی و تلەڤیزیۆنییەکان و براوە ڕێزنامە لەو فستیوالّە بووە.

فیلمی بەڵگەیی هەڵووچەی ترش لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی گەیشتۆتە فستیوالّی نێونەتەوەیی فیلمی کورتی تاران و ڕێی بردۆتە بەشی کاندیدی خەلّات.

کورتە فیلمی بەڵگەیی دوور بەڵام نزیک لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی گەیشتۆتە فستیوالّی نێونەتەوەیی فیلمی زەیتوونی سوور لە ئیسفەهان و هەروەها فستیوالّی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران و فستیوالّی فیلمی کورتی لوبنان و هەروەها ئیماڕات و فەجری تاران و ...

پ: ئاستی کاری هونەری بەگشتی و بواری فیلمسازی بەتایبەتی لە مەهاباد چۆن هەڵدەسەنگێنی یا بیر و بۆچوونت سەبارەت بە ئاستی هونەر و فیلم لە مەهاباد چییە؟

و : شارستانی مەهاباد یەکێک لە شارە بەتواناکانە لە بواری فیلمسازیدا و ئەو هێزە ماوەی پێنج دەهەیە کە بوونی هەیە. ئێمە کەسانێکی نێوبەدەرەوەی وەک ئیبڕاهیم سەعیدیمان هەیە کە بەڕاستی جێگەیەتی لێرەوە سپاسی بکەم چوون بەڕێزیان هەمیشە پەیژەی پێشکەوتنی خەڵک بووە و هەروەها دوکتور خوسرەو سینا و ئاغای هەژاری نووڕانی و ئاغای کەیوان فەهیمی و خانمی شیلان سەعدی و خانمی مونیرە کەریمی و ئاغای حەسەنی سونبولی و بەختیار پەنجەیی و لەوانەیە گەر هەموویان بڵێم لە لاپەڕەیەکیش‌دا جێگای نەبێتەوە. هەڵبەت ئەگەر نێوی کەسانێکیشم لە بیر چووە نابێ زوبر ببن، چوون من دەستی یەک بە یەکیان ماچ دەکەم و ئێستا هەر کامیان لە گۆشەیەک لەو خاکە خەریکی چالاکین و خەریکن بەردەوام ئیعتیباری هونەری مەهاباد دەبەنە سەرێ.

پ: کێشەکانی سەر ڕێگای جەنابتان و فیلمسازانی تر، لە مەهابادێ وەک ئاگادار بیت چییە؟ ئەسڵەن گرفتتان هەیە؟

و : ئەنجامدانی هەر کارێک گرفتی تایبەتی خۆی هەیە و لە بواری فیلمسازیش‌دا بەتایبەت فیلمسازی کورت پەیوەندی بە جۆری کار و گەڵاڵەکە هەیە. دەبینین زۆر جار فیلمسازی ئێمە شوێنی وەبەرهێنانی کارەکەی ماڵێکە بە سێ پایەیەک و کامێرایەک و

هەندێک کەرەستە و پێشی پازییە. زۆر جاران سەرکەتووش دەبێت. هەندێک کەپەتیش فیلمساز، هەندێک شتی دەوێ کە بۆی دەستەبەر نابێت و بەگشتی پشتیوانی مادی و مەعنەوی بەرپرسان پێویستە.

پ: هیچ کەس یا کەسانێک لە بواری هونەریدا یارمەتیدەر و هاندەری جەنابتان بوون؟ وە ئەگەر بوون چ کەسانێکن؟

و : لە وڵامی پرسیارەکانی پێشوودا ئاماژەم پێکرد کە زۆرتر دایکم رێگای بۆ خۆش کردم و ئەو پێداگر بوو لە سەر ئەوەی، من بێمە نێو ئەو بوارە و هەڵبەت حەول و بەردەوامبوونی خۆشم گرینگ بووە چوون گەرچی هاندان گرینگە بەڵام ئیرادەی مرۆڤ لەویش گرینگترە.

پ: وەک ئاگادار بین ئێوە لە بواری فۆتۆ و وێنەگریشدا کار دەکەن، چۆن بوو ڕووتان لە وێنەگریش کرد و زۆرتر هۆگری چ شێوازێکن لە وێنەگریدا؟

و : بە بۆچوونی من وێنەگری بناغەی فیلمسازییە. چوونکە گەر فیلمساز لە دەستنیشانکردن و بەستنی کادر و گۆشەنیگا و ناوەرۆکدا لێهاتوو بێت دەتوانێ فیلمسازێکی باش بێت یانی ئەو دووانە برای یەکترن. کاتی دەستپێکردنی وێنەگریی من، پچڕپچڕ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی. وردەورده کە خەریکی کاری فیلمسازی بووم بۆم سرنجراکێش بوو کە جگە لە فیلم جێگای تایبەتی خۆی هەیە بەڵکوو پێویستە بۆ تۆماری چرکەساتەکان، وێنەش شانبەشانی فیلم بەرەو پێشەوە بچێت. بەپای من وێنە هێزێکی زۆرتری هەیە و کتێبێکی وێنەییە کە هەموو کەس دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ ساز بکات. هەڵبەت بۆچوونەکان سەبارەت بە وێنە جیاوازە، چوونکە هەر کەس بۆچوونێکی جیاوازی سەبارەت بە وێنە هەیە. بۆیە ئێستا دووربین (کامێرا) دەستی سێهەمی منە و لە هەر کوێیەک کە من هەبم، ئەویش لە ئەوێ حازرە. سەرەتاکان لە چوارچیوەی ئینتیزاعیدا کارم دەکرد بەڵام دواتر دیتم کە زۆربەی ئەو وێنانەی من تۆماری دەکەم بەڵگەییە، بەڵام لە وێنەکانی منیدا، تێکەڵییەک لە بەڵگەیی و ئینتیزاعی هەمیشە حوزوری هەیە.

پ: لەو بوارەدا چ کارگەلێکت کردووە و ئەگەر خەڵات و پلەی تایبەتیتان و لەو بوارەشدا هەیە پێمانخۆشە بیزانین؟ وە هەروەها وەک وێنەگر لەگەڵ هیچ کوێ هاوکاریتان هەیە وەک سایت و هەواڵنێری و...؟

و : وێنەکێشان گرینگ نییە گرینگ ئاکامی وێنەیە. یانی وێنە دەبێ وەک فیلم لە کۆڕوکۆبوونەوە هونەرییەکانیدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت کە بەختەوەرانە وێنەکانی من کە نوێنەری منن، توانیوییانە ئەو پرۆسەیەی تێپەڕ بکەن. من کەمتر لە فستیوالەکانیدا مانۆڕ لێدەدەم و هەمیشە لە فستیوالّ گەلێکدا کە بایەخی هونەرییان لە سەرێ بێت و بڕواپێکراو بن، بەشداری دەکەم. هەندێک لە خەڵاتەکانم بریتن لە:

وەرگرتنی ڕێزنامە لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوەی توێژینەوە ئیستراتژیکییەکانی مەجلیسی ئیسلامی لە بەشی وێنەدا.

وەرگرتنی ڕێزنامە لە ڕێکخراوەی نێهزەتی سەواد ئاموزی لە بەشی وێنەدا

دیپلۆمی شانازی و پلەی سێهەمی کشوەری لە بەشی وێنە لە تاران بە مژاری ژن.

گەیشتنی یەک وێنەم بۆ فستیوالّی نێونەتەوەیی ئێدینبۆرگی ئینگلیز لە ساڵی١٣٨٥

گەیشتنی یەک وێنەم بۆ فستیوالّی نێونەتەوەیی کونک هائیستی بێلژیک لە ساڵی ١٣٨٦

گەیشتنی یەک وێنەم بۆ فستیوالّی نێونەتەوەیی تیونێلی فەرانسە لە ساڵی ١٣٨٧

گەیشتنی سێ وێنەم بۆ فستیولّی نێونەتەوەیی توریسمی جیهانی لە تاران لە ساڵی ١٣٩٠

وە بەشداری زیاتر لە بیست جەشنوارە جۆراوجۆری ئێران.

هەڵبەت من لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی تا ئێستا خەریکی کارم لە هەواڵنێری کۆماری ئیسلامی ئێران (ایرنا) و سپاسی گشت هاوکارانم دەکەم کە لەو بوارەدا بە موحیبەتەکانی خۆیان، منیان یارمەتی داوە.

پ: جگە لەو چالاکییانە، جەنابتان بەرپرسی نووسینگەی سینەما جەوانی مەهابادیت و وەک مامۆستا و بەرپرس لەو ناوەندە کار دەکەیت، لە کەنگیەوە لەو شوێنە کار دەکەیت و چۆن بوو ڕێت لێرە کەوت؟

و : کەس بەتەواوی ناتوانێ لە چارەنووسی ئینسانەکان تێبگات و ئەوەی کە چ کەسێک و لە کوێ لە سەر سەندەڵی چەرخدار دادەنیشێ...! من لە ساڵی حەفتاونۆوە وەک کارمەند و بەرپرسی فێرکاری ئەنجومەنی سینەما جەوان، هاتمە ئەو شوێنە و با کەوانەیەک بکەمەوە (پێویستە سپاسی برای بەڕێزم جەنابی ئاغای مەسعوودی کەریمی بکەم کە فەزای ئیداری بۆ ئامادە کردم هەتا من بتوانم توانایی‌یەکانی خۆم بسەلمێنم) و لە ساڵی نەوەدەوە تا ئێستا وەک بەرپرسی ئەنجومەن کار دەکەم.

پ: گەر بکرێ بە کورتی ئاماژەیەک بە مێژووی دامەزراندی ئەنجومەنی سینەما جەوانی ئێران و نووسینگەی مەهابادیش بکەیت سپاسگوزار دەبین، هەروەها بەرپرسانی پێشووی دەفتەری مەهابادیش چ کەسانێک بوون لەگەڵ کورتەیەک لە چالاکییەکانی ئەنجومەنی سینەما جەوانی ماهاباد لە دەورەی ئێوە و دەورەکانی پێشوودا.

و : ئەنجومەنی سینەمای جەوانانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە تاران دامەزرا، کە ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە، فێرکردنی سینەما بە گەنجان بوو هەروەها بەرهەمهێنانی فیلمی کورت و پەروەردەی توانای گەنجان لەو بوارەدا. بەو پێیە ئەنجومەنی سینەمای جەوانی مەهابادیش لە ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی دامەزرا کە بەرپرسیارەتییەکەی لە سەرشانی بەڕێزان ئاغای مەدەنی، ئاغای عەباس‌پوور و ئاغای مەسعود کەریمی بووە. هەڵبەت هەر کامیان بۆ ماوەیەکی تایبەت.

ئێستاکە ئەنجومەنی سینەمای جەوانی مەهاباد، یەکێک لە شێست نووسینەگەی چالاکی ئێرانە کە لە بەشەکانی فێرکاری و بەرهەمهێنان‌دا چالاکی هەیە. لەو نووسینەگەیەدا خولی فیلمسازی درێژخایەنی یەکساڵە و کلاسەکانی تەک دەرسی پێشەکانی سینەمایی وەک وێنەگری و وێنەهەڵگرتنەوە و مۆنتاژ و سێناریۆنووسی و دەرهێنەری و چیرۆکنووسی و... بە شێوازگەلی فێرکاری دەگوترێتەوە کە دوای تەواوبوونی خولەکانی بڕوانامەش بە بەشداربووانی سەرکەتوو دەبەخشرێت.

سیاسەتی ئەنجومەنی سینەمای جەوانانی ئێران وەک چوارچێوەیەکە، کە پێناسە کراوەتەوە و پەیوەندی بە بەرپرسەکەی هەیە کە چ کارگەلێک ئەنجام بدات، جودا لە پڕۆگرام. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە چەندە زەمان بەرەو پێشەوە دەچیت جیهانی سینەما و فیلمسازیش دەگۆڕدرێت و ئەوە بەرپرسە، کە دەبێ چارەیەک بدۆزێتەوە هەتا لە ڕەوڕەوەی پێشکەوت وەدوور نەکەوێت.

پ: کێشە و گرفتەکانی سەر ڕێی ئەنجومەنی سینەما جەوانی مەهاباد لە ئێستادا چییە؟ ئەسڵەن کێشەتان هەیە لەو بوارەدا؟

و : سینەما جەوانی مەهاباد بەو هەموو توانایەی هەیەتی جێگایەکی تایبەتی لە نێو تۆڕی گەنجدا هەیە. خۆی ستادی ناوەندی هەیە و یەکێک لە چالاکترین نووسینگەکانە کە باشووری پارێزگای لە ژێر چاوەدێری دایە. مامۆستایانی ئەو نووسینگەیە، خاوەنی بەرزترین ئاستی زانستیینە کە بڕوا ناکەم لە هیچ کام لەو شارانەی نووسینەگەیان هەیە وەها دۆخێک هەبێت. هەروەها فێرخوازان و دەرس تەواوکردووان لێرە یا جەزبی بازاڕی کار دەبن یان جەزبی ناوەندە فەرهەنگییەکان و زانکۆکان. هەروەها ئەنجومەنیش بەو ئیمکانەتەی کە لە ڕادەی پێناسەکراو و لە چوارچێوەی یاسادا هەیەتی، یارمەتی دەرس تەواوکردووان دەدات. ئاماژە بە کێشە و گرفتەکان، هیچ شتێک چارەسەر ناکات، دەبێ چارەکەی خۆمان بدۆزینەوە.

پ: حەز دەکەم باسێک لە پلان و پڕۆژەکانی خۆت لە بواری فیلمسازی و وێنەگری و هەم لە بابەت کاری ئەنجومەنی سینەما جەوانی مەهاباد بۆ ئایندە بکەیت. چتان بە دەستەوەیە و چ دەکەن بۆ داهاتوو؟

و : ئەو پرسیارەی بە دوو بەشی ئیزنپێدراو دابەش دەکەم، چوونکە هەست دەکەم دەتانهەوێ بزانن کە زۆرتر کارەکانی خۆم دەکەم یان هی ئەنجومەن (بە پێکەنینەوە).

لە بەشی یەکەمدا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە پرۆژەی کاری من ئێستا لە سەر مێزی تەدوین دایە، پرۆژەیەکە سەبارەت بە کچەکانی شیناوێ کە ئەو کارەم زۆر خۆش دەوێ چوونکە بە ئیدەیەکی نوێ کارەکەم ئامادە کردووە و لە بەشی وێنەشدا بەردەوام خەریکی چالاکی هەواڵنێریم.

لە بەشی دووهەمدا، چوونکە من لە ئەنجومەندا بەتەنێم، ئیتر هیچ دەرفەتێکم بۆ کاری شەخسی خۆم نییە، لە بەیانیڕا، تا شەوێ لە ژوورێکی چکۆلە بە نێوی نووسینگەدا، بێئەوەی ئاگام لە هیچ جێگایەکی تر هەبێت کار دەکەم. بەیانان کاری ئیداری و ئێواران کاری فێرکاری و زۆربەی کاتی خۆم بۆ فێرکاری تەرخان دەکەم هۆیەکەشی ئەوەیە کە نووسینگەی مەهاباد خوازیاری زۆری هەیە بۆ فێرکاری. کە لەو نێوەدا لایەنەکانی تری ئەنجومەن ون دەبێت هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ناڕەزامەنی هێندێک کەس لەگەڵ ئەو هەموو پاڵەپەستۆیە، نەمهێشتووە هیچ شتێک بقەومێ کە لایەنێک زۆر تووشی لاوازی بێت.

ئەوەندەی توانیومە پلەی ئەنجومەنی سینەما جەوانی مەهابادێ لە ڕەدەی ((ج)) ڕا تا ((ب)) بەرز کەمەوە خۆی پەیژەیەکی پێشکەوتە. بۆ یەکەم جار دوای ٢٧ ساڵ، توانیم فێرکاری نووسینگەی مەهاباد لە دەرەوەی مەهاباد ئیجڕا بکەم کە بۆ یەکەم جار ڕووی دا و ئەویش کە بەڕێوەبردنی کلاسی فیلمنامەنووسی بوو لە بۆکانێ بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی بۆکان و بە ماوەی دوو مانگ بە چاوەدێری نووسینگەی مەهاباد کە ئەو کارە لە شارەکانی تریش بەڕێوە دەچێت لە داهاتوودا، گەر گرفتێک نەیەتە پێشێ.

پشتیوانی لە فیلمسازانی مەهابادی و شارەکانی تر، پرۆژەی کاری ئایندەی ئەنجومەنە. بە تەوافوقێک کە لەگەڵ فیلمسازی لاوی مەهاباد؛ خانمی شیلانی سەعدیم کردووە ئەو قەولەم لێوەرگرتووە کە کارگایەکی فیلمسازی یەک حەوتەیی دانێین. خانمی شیلان سەعدی دەرس تەواوکردووی فیلمنامەنووسییە و هەروەها خولی یەکساڵەی فیلمسازی لە قوتابخانەی موستەنەدی دانمارکدا، تێپەڕ کردووە. هەروەها لەگەڵ ئاغای ئیبڕاهیم سەعیدی قسەم کردووە و کە کارگای فیلمی موستەنەد، وەڕێ خەین و چەندین پرۆژەی تریش کە هەر کام جێگای تایبەتی خۆیان هەیە.

پ: لە کۆتاییدا گەر وتەیەک یا شتێک کە ئێمە لە بیرمان چووبێت باسی بکەین و ئێوە حەز بکەن ئاماژەی پێبکەن، کەیفخۆش دەبین، بیبیستین.

و : ئەو شتەی ئاماژەی پێدەکەم لەوانەیە کۆتاییەکی کەمێک ناخۆشی هەبێت هەڵبەت پێویستە هەندێک جار کۆتاییەکە وەک فیلمی هیندی خۆش نەبێت، سینەما، کارێکی گرووهییە و تەکڕەوی لە سینەمادا، قەت ولامی نەداوەتەوە، هەموومان پێویستمان بە پشتگری هەیە. یەکەم بە پشتگری خۆمان و دووهەم بە پشتگری ئەوانی تر. وەبەرهەمهێنان وەک زەوییەک دەبێ لە نەزەر بگرین کە هەر کەس بە ڕادەی هێز و توانای خۆی بەرهەم هەڵدەگرێتەوە، یەکێک زەوییەکەی دەکێڵێت، یەکێک تۆوی پێدادەکات، هەندێکیش دەیدروونەوە، کەسێک کە کەمی دروودەوە، پێوسیت نییە ڕەخنە لە خەڵک بگرێت و ببێتە بەربەستی پێشکەوتنی خەڵکی تر. ئێمە دەزانین زێڕ، گەرچی بچووکە بەڵام هەر بایەخی خۆی ڕادەگرێ. گەر وایە ئێمە دەبێ ئەوەندە تێگەیشتووییمان هەبێت کە ئەگەر خۆمان ناتوانین لانیکەم مانیع نەبین و شوێنگەی ڕکابەرایەتی لەگەڵ ئێرەیی بزانین گەر وایە نیعمەتەکانی خودا زۆر و زەوەندن بەڵام ئێمەین کە قاپەکەمان بەراوەژوو گرتووە.


پ: سپاست دەکەین کە کاتت بۆ ئێمە دانا و هیوای سەرکەوتنی زۆرترت بۆ دەخوازین لە گشت بوارەکانی ژیاندا.

و : منیش دووبارە سپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی بۆتان ڕەخساندووم، ئەوە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ڕێزگرتن و بەرزنرخاندنی هاوڕێیانی فەرهەنگ و هونەر.

---

١. بەشێک لەو دیمانەیە لەگەڵ زمانی بەرهەم هاوسەنگ کراوەتەوە.

شانۆگەری (سروودی سەد هەزار ئۆفیلیای ئەویندار) چوار ڕۆژ لە سەر تەختەی شانۆی مەهاباد



هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئەم شانۆگەرییە کە بەرهەمی گرووپی شانۆی ئەهووڕای مەهاباد بوو پاش بەشداربوونی لە فستیوالّەکانی پارێزگا (خۆی) و ناوچەیی (کرماشان) و سەرتاسەری (کوردی سەقز) و نێونەتەوەیی (فەجری تاران) و وەرگرتنی خەڵات گەلی بەنرخ، لە ڕێکەوتی ٨تا١١ی ڕەشەممە ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی لە شاری مەهاباد و لە سالّۆنی ئامفیتەئاتری ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی مەهاباد هاتە سەر تەختەی شانۆ و پێشکێش بە هۆگرانی هونەری تەئاتر کرا. ئەو شانۆگەرییە کە بلّیتفرۆشیشی بۆ کرابوو، زۆر بە گەرمی لە لایەن لایەنگرانەوە پێشوازی لێکرا.


بەڕێوەبەرانی ئەم شانۆگەرییە بەگشتی بریتی بوون لە بەڕێزان؛

١.نووسەری دەق؛ دوکتور قوتبەدینی سادقی ٢. دەرهێنەر: ئومیدی خاکپوور ٣. ڕووناکی و نوور: سامان ئیرەمی ٤. دەورگێڕان: لەیلا مەولوودی و ئومید خاکپوور ٥. موسیقی: شۆڕش مالمێ و سۆران پوورعەلی موکری ٥. پۆستێر و بڕۆشور: باران محەممەد ڕیحانی و...

جێی ئاماژەیە کە بۆ ڕێزگرتن و پێزانین بۆ تەواوی ئەو زەحمەت و ماندووبوونەی کە بەرپرسانی شار لە ماوەی بەشداربوونی ئەو شانۆگەرییە لە فێستیوالّە ئاماژەپێکراوەکاندا کێشابوویان، گرووپی ئەهوورا بە ئەرکی خۆی زانی بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە دواییندا ڕۆژی شانۆگەرییەکەدا ڕێزیان لێبگرێت.

گرووپی شانۆی ئەهووڕای مەهاباد کە لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لە لایەن شانۆکاری مەهابادی ئومید خاکپوور دامەزراوە و لە ساڵی ١٣٨٩ هەتاوی بە شێوەی فەرمی بە پلەی (ب)ی نیشتمانی تۆمار کراوە یەکێک لە چالاکترین گرووپە شانۆییەکانی کوردستانە و تا ئێستا نزیکەی ٢٠ کاری شانۆیی ئەنجام داوە و دوو جار پێشینەی بەشداری لە فستیوالّی نێونەتەوەیی فەجری تارانی هەیە.

ئێوارەکۆڕێک بۆ فۆلکلۆر



ڕۆژی پێنجشەممۆ ڕێکەوتی ١٦ ی ڕێبەندان، بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئێوارەکۆڕێکی بۆ فۆلکلۆر پێک هێنا. لەم کۆڕەدا پێشکەشکاری بەرنامە؛ محەممەدئەمین قازی بە ناوی بنکەوە، بەخێرهاتنکردنی میوانان و بەشداربووان و لایەنگرانی هونەر و فۆلکلۆری کرد و دواتر نووسەر و لێکۆڵەر، مودیر مەسئوولی گۆڤاری مەهاباد؛ بەڕێز کاک ئەحمەد بەحری بە نوێنەرایەتی لە لایەن بنکەوە، پەیامی ئەم ناوەندە و هەروەها چەند وتەیەکی بەنرخی سەبارەت بە فۆلکلۆر و بایەخەکانی گرینگیدان بە بەیت و حەیرانی پێشکەش کرد و لە درێژەدا گرینگایەتی ئەم بابەتەی هێنا بەرباس و شرۆڤەکردن و خوێندنەوە و سرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆر بە هەموو لایەنەکانیەوە بە یەکێک لە ئەرکەکانی پێویستی بەرەی ئێستای هۆگر و توێژەرانی زانی کە هاوکات دەگەڵ بایەخدان بەو ئەرکە، لایەنە زانستیەکانی ئەم بەشە لە وێژەی کوردی هەڵدرێتەوە و بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەگەری زانستیانە.

شمشاڵ کە یەکێ لە هونەرە ڕەسەنەکانی فۆلکلۆر دەناسرێ، یەکەم بەشی بەرنامەی پێکهێنا کە بە ژەنینی هەستی هونەرمەندی گەنج و لاوی ناسراو؛ بەهەمەن مەولوودی سرنجی بەشداربووان بەرەو بیستنی زایەڵەی بەیت و حەیران ڕاکێشا و دواتر کەسایەتی ناسراوی بەیت و حەیران؛ کاک کەریم چاوشین هاتە سەر سێن و بە حەیرانێکی هەستبزوێن و بە هاوڕێیەتی مامۆستای باڵابان؛ کاک مستەفا ئەحمەدپوور بوون بە بلاوێنەرەوەی ئەو بەشە لە بەرنامە. لە درێژەدا هونەرمەندی لاو و بەتوانای شارەکەمان؛ شۆڕش مەحموودی بە هاوڕێیەتی شمشاڵژەنی ژیر؛ بەهەمەن مەولوودی و هاوڕێ شاهینپوور بە ئامێری زەرب بۆ ماوەی چەند خولەکێک سرنجی بەشداربووانی، ڕەوانەی دنیای جوانی بەیت و حەیران کرد. ئەمجارە بۆ ئاوێتەبوونی دنیای جوانی موسیقا و هونەری هەڵپەڕکێ، ئەم بەشە لە بەرنامە تەرخان کرا بۆ گرووپی هەڵپەڕکێی سابڵاغ بە سەرپەرستی هیوا جاف و بە هاوڕێیەتی ژەنیارانی ڕەسەن؛ هاوڕێ شاهینپوور بە ئامێری تەپڵ و مستەفا ئەحمەدپوور بە ئامێری تووزەلە، تینوگوڕێکیتایبەتیان بە سااڵون بەخشی. دواتر بۆ زاخاوی مێشک چەند خولەکێک پشوو ڕاگەیەندرا و ئەم جارە بەشداربووان گوێبیستی حەیرانی هەستبزوێنی کەریم چاوشین و هونەرمەندی شمشاڵژەنینی بەهەمەن مەولوودی بوون. بەشێکی تری بەرنامە تەرخان درابوو بە بەند کە بەندبێژی بەناوبانگ؛ ڕەحمان حاجیمامیان بە ئامێری زەرب لایەنگرانی هونەر بەتایبەت لایەنگرانی بەندیان، لێورێژ کرد لە هەستی هونەری ڕەسەنی ئەم بەشە لە فۆلکلۆر. دوابەشی هونەری ئەم بەرنامەیە، تەرخان درا بە هونەرمەندی دەنگخۆش؛ شۆڕش مەحموودی کە بە هاوڕێیەتی ساسان سەمەدی بە ئامێری کەمانچە، هاوڕێ شاهینپوور بە ئامێری زەرب و شەماڵ چەرخئەنداز بە ئامێری گیتار،

جوانییەکی بێوێنەیان لە هونەری بەیت و بەند پێشکەشی بەشداربووان کرد. بە هێنانەوەی تێکێستی هەوای دەشتی دەژێران، یادێک لە هونەرمەندی بەرزەناو؛ مامۆستا قالەشێن کرا و ئەم بەرنامەیە پێشکەش بە هونەرمەندانی ڕێزدار؛ قالە مەڕە و خلە دەرزی کرابوو کە هەر بەو ناوەوە ڕێز دەگێرێ لە هەموو ئەم بەڕێزانەی کە لەم پێناوەدا خزمەتیان بە هونەری موسیقی و بێژەری و گووتنەوەی بەیت و حەیران و بەندی کوردی کردووە.

لە کۆتایی‌دا خەڵات و نامەی ڕێزلێنان لە سەر دەستی بەڕێزان بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد؛ جەنابی ئەڕشەد هەنارە، عەزیز وەلیانی بە نوێنەرایەتی لە گۆڤاری مەهاباد، خاتوو فەوزیە یاهوو بە نوێنەرایەتی لە بنکەی موکریان، سەلاح پایانیانی بە نوێنەرایەتی لە شووڕا و شارەداری مەهاباد، نووسەر و لێکۆڵەر بەڕێز سەید نەجمەدین ئەنیسی و هەروەها کاک مەناف ئیرانپەناە پێشکەشی هونەرمەندان کرا.

پێویست بە ئاماژەیە سپاس و پێزانینی بنکەی فەهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد پێشکەشی هەموو ئەو بەڕێزانە بکرێ کە لە پێکهێنانی ئەم بەرنامەدا، یارمەتیدەرمان بوون. بەتایبەت بەڕێوەبەر و کارمەندانی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، خاوەن شیرینیسەرای تەشریفات، هونەرمەندی زەحمەتکێش شۆڕش مەحموودی ڕاوێژکاری لێژنەی بەڕێوەبەر، لوقمان ڕەحمانی بەشی دەنگ و وێنەهەڵگرتنەوە، سامان ئێرەمی بەشی دێکۆڕ و نوور، ئومید خاکپوور و هەروەها یارمەتیدەرانی بواری مالّی؛ حاج سالّح شیردڵ ، ڕەحیم بەشیری، ئومید ڕاهەوی، خاتوو فەوزیە یاهوو، خاتوو ماهپارە لاهیجانی، کاک ڕەزا کاڕەشی و خاتوو گەلاوێژ بەیگنیا و هەموو ئەندامانی دڵسۆز و زەحمەتکێشی بنکەی موکریان.









ڕوونمایی لە کتێبی "شکۆی ئەوین"



بنکەی فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبی موکریانی مەهاباد لە ڕێکەوتی ٢٨ ی ڕەشەممەی ٩٣ ی هەتاوی‌دا، ئێوارەکۆڕێکی بۆ ڕوونمایی لە کتێبی "شکۆی ئەوین" وەڕێخست. لەم ئێوارەکۆڕەدا سەرەتا پێشکەشکاری بەرنامە؛ سەید محەممەدئەمین قازی هاوکات دەگەڵ بەخێرهاتنکردنی میوانان و بەشداربووانی کۆڕەکە، بە ناوی بنکەوە پیرۆزبایی هاتنی ساڵی نوێ و نەورۆزی کرد و دواتر شەویار گولابی‌ئازەر بە نوێنەرایەتی لە لایەن بنکەوە پەیامی ئەم ناوەندەی پێشکەشی بەشداربووان کرد. ناوبراو سەرەتا ئاماژەی بە هاتنی نەورۆز و ساڵی نوێ کرد و دواتر پیرۆزبایی لە دەستەی دامەزرێنەران، بەڕێوەبەران (پێژمان ئیسماعیل‌نژاد - ڕەسوڵ ئامادەپوور)، ئەندامان و لایەنگرانی بنکەی فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبی موکریانی مەهاباد کرد کە ئەمساڵ بە هۆی هەوڵ و چالاکییەکانی فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبییەوە پلەی یەکەمی چالاکترین بنکەی لە سەر ئاستی پارێزگا بە دەست هێناوە. لە درێژەی باسەکەی‌دا قەیرانی هاتنەدەری کتێب و کتێبخوێندنەوە و هەروەها ڕێژەی ئاستی دابەزینی موتالەعەکردن کرد و دواتر پەردەی لە سەر ژیان و هەوڵ و تێکۆشانی ڕەسوڵ ڕەشئەحمەدی هەڵداوە کە خاوەنی زیاتر لە حەوت بەرهەمی چاپکراوەیە و بە پێویستی زانی کە دەبێ ئاوڕێکی ئەمەگناسانە لە نووسەر و بەرهەمەکانی نووسەران بدرێتەوە. پاشان سەید ڕەسوڵ نەبەوی بە نوێنەرایەتی لە لایەن شووڕای ئیسلامی شارەوە چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد و تێبینییەکانی خۆی لە سەر چۆنیەتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی نووسەر لە هەمبەر کێشەکانی مرۆڤایەتی و ووروژاندنی بابەتەکانی ڕۆژ و کۆمەڵگا کرد و هەروەها لە درێژەدا باسی لە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی نووسەران و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت لە بەشی کۆمسیونی فەرهەنگی شووڕای ئیسلامی شار بۆ ئەو کتێبانەی کە وەک کتێبی سەرچاوەیی و کتێبی مێژوویی دەخرێنە بەر دەستی خوێنەران کە بتوانرێ وەک کتێبی ژێدەری و سەرچاوەیی کەڵکی لێوەربگیرێ.

دواتر کاک ڕەحیم سوڵتانی باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر قەیرانی ئەمرۆی دنیای مەجازی و کتێب و کتێبخوێندنەوە هێنایە بەر باس و شرۆڤەگەری و لە بەشێکی تری وتەکانی‌دا ئاماژەی بە دووبەیتیەکانی نووسەری شکۆی ئەوین کرد و لایەنەکانی ئەدەبی ئەم بەشەی هێنانە بەر باس و خوێندنەوە.




لە درێژەدا سەید سمایل بەرزەنجی باسێکی کورتی لە سەر نووسراوەکانی هەڵوەدا کرد و چەند وێنەیەکی لە کارەکانی ناوبراو خستە بەر شرۆڤە و تێبینیەکانی خۆی و دواتر بە خوێندنەوەی چەند شێعرێک وەک دیاری ڕێزی گرت لە نووسەری شکۆی ئەوین.

لە درێژەدا پێشکەشکاری بەرنامە بە دەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی خۆی، چەند دوو بەیتیەکی لە شکۆی ئەوین خوێندەوە و دواتر تریبونی ئەسپاردە دەستی نووسەری کتێبەکە؛ کاک ڕەسوڵ ڕەشئەحمەدی، بەڕێزیان سەرەتا باسی لە هەندێ بیرەوەری و هەوڵ و چالاکیەکانی خۆی کرد و پاشان بە خوێندنەوەی چەند شێعرێک لە بەرهەمەکانی، ڕێز و پێزانینی خۆی پێشکەشی بنکەی موکریان و هەموو بەشداربووان کرد کە بە پێشوازیکردنیان بوونەتە هۆی سەرفەرازی و دڵگەرمی هەرچی زیاتری ناوبراو. لە کۆتاییدا خەڵاتی ڕێزلێنان و دەستەگوڵی دیاری لە لایەن بنکەوە بە هاوڕێیەتی بەڕێزان؛ کاک ئەحمەد قازی(نووسەر و لێکۆڵەر)، سەید ڕەسوڵ نەبەوی(نوێنەری کۆمسیونی فەرهەنگی شووڕا)، محەممەدیانی(بەرپرسی ئەنجومەنەکان)، کاک سەردار قازی (هاوڕێی بەردەوام و هاوکار و پشتیوانی بنکە)، خاتوو ماهپارە لاهیجانی (نوێنەری بنکەی موکریان) پێشکەشی نووسەری بەڕێز کاک ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی کرا. هەروەها خەڵاتی تایبەتی و دەستەگوڵی ڕێزلێنانی بەشی فەرهەنگی شووڕا لە لایەن سەید ڕەسوڵ نەبەوی پێشکەشی ناوبراو کرا و دواتر لە سالۆنی نیگارخانە لە ناو ئاپۆرای گەرمی بەشداربووان، پەردە لە سەر کتێبی شکۆی ئەوین لادرا کە لایەنگران، هۆگران و پشتیوانانی کتێب و کتێبخوێندنەوە بە کڕینی کتێب و واژۆوەرگرتن لە نووسەری کتێبەکە، ڕێزی تایبەتیان بەخشی بەم ئەرکە پیرۆزە.

شایانی باسە سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی هەموو بەشداربووانی خۆشەویست بکەین کە جارێکی تر بە دڵێکی فراوانەوە بە پێشوازی ڕاگەیاندراوی بنکەوە هاتن، هەروەها سپاس بۆ سامان ئێرەمی (نوور و دێکۆڕ)، بێهرۆز جولفایی‌ئازەر (وێنەگر)، پۆلا ئاغاز (ئەرکی فیلمهەڵگرتنەوەی خستە سەر شان)،هەرمان وەتمانی، هادی تیتە، غەفوور پیرزادە، ئومید خاکپوور و هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ڕێکخستنی ئەم بەرنامەدا، هاوڕێمان بوون.

هەواڵنامەی کتێب

وێنەگرێکی مەهابادی بەشێوەی ئیسلایدشۆ بەرهەمەکانی یەکسالّی ڕابردووی نومایشت کرد.



لە ڕۆژی ١٩ی ڕەشەممەی سالّی ١٣٩٣ی هەتاوی یۆنس جولفایی‌ئازەر هونەرمەند و وێنەگری مەهابادی لە سالّۆنی ئامفی‌تەئاتری ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی مەهاباد بە یارمەتی ئیدارە ئیرشاد و نووسینگەی ئەنجومەنی سینەما جەوانی مەهاباد، بەرهەمە وێنەییەکانی یەک سالّی ڕابردووی خۆی پێشانی ئامادەبووان دا. ناوبراو بە شێوەیەکی گونجاو دوای نومایشتی هەر وێنەیەک هێندێک زانیاری لە سەر شێواز و شوێن و تکنیکەکانی بەکارهاتوو لەو وێنەکان دەدا بە ئامادەبووان و هێندێک کەرەتیش لە لایەن ئامادەبووانەوە پرسیاری لە سەر وێنەکان ئاراستە دەکرا.

ئەو وێنانە کە ٥٠ وێنەی هەڵبژێردراوی یەک سالّی ڕابردووی ئەو هونەرمەندە بوون لە چەندین بواری وەک منالّانی بیرکۆڵ و بەسالّاچووان و پاشماوەکانی مرۆڤی و .... لە لایەن بەڕێزیانەوە کێشرابوون.

جێی ئاماژەیە کە یۆنس جولفایی‌ئازەر لە سالّی ١٣٨٩ هەتاویی‌یەوە بە شێوەی فەرمی و حیرفەیی کاری وێنەگری دەکات خاوەنی چەندین خەلّات وەک ڕووبانی شانازی ئامریکا و ئێف کا ال اچی سێبربێستانە. هەروەها بەڕێزیان هاوکاری و وێنەگری چەندین سایت و دەزگا و ناوەندی هەواڵنێری ناوخۆییە.

هەروەها لەو دانیشتنەدا، ڕێزنامە و خەلّاتی بنکەی فەرهەنگی ئەدەبیی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەن ئەدەبی) بە بۆنەی بەڕێوەچوونی ئەم بۆنەیە و هاوکاری بەردەوامی بنکە پێشکەش بەو هونەرمەندە کرا.

ڕوونمایی لە کتێبی "مەفهومی زەمان"




ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی کاتژمێر ٦ی ئێوارە کۆڕی پەردەلادان لە سەر کتێبی "مەفهومی زەمان" نووسراوەی مارتین هایدگێر، وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن هیوا قارەمانی، بەڕێوە چوو.

لەم ڕی و ڕەسمەدا کە لە ئامفی ئیاتری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی لە لایەن بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد) بەڕێوە چوو کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاعیران، نووسەران و هونەرمەندانی مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر بەشدار بوون. سەرەتای کۆڕەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان بەشداربووان وەک ڕێز بۆ گیانی پاکی دوو ئەدیب و نووسەری تازە کۆچکردوو مامۆستایان ئەحمەد قازی و ئەحمەد شەریفی یەک خولەک بێدەنگیان ڕاگرت. پێشکەشکاری بەرنامە "فریا قادری" وێڕای بەخێرهاتنکردنی گشت میوانان داوای لە بەڕێز قادر نیازی کرد پەیامی ئەنجومەنی ئەدەبی ئاڕاستە بکات. بەڕێز نیازی لە چوار بەشی ١. گرینگایەتی بەرهەم و ڕەخنە ٢. بایەخی فەلسەفە لە ئەدێشەی کورددا ٣. گرینگایەتی وەرگێڕانی فەلسەفە و پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردی ٤. دەوری ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد لە ناساندنی فەلسەفە و یاری فەلسەفی پێدان بە ئەدەبیات، داکۆکی کردە سەر ئەو پرسانەی بیر و مێشکی نووسەری کورد لە وەرگێڕانی فەلسەفەدا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. پاشان دوکتور قوتبەدین سادقی وێڕای ئاماژەیەکی کورت بە مێژوو و گرینگایەتی فەلسەفە لە جیهاندا و بە تایبەتی لە ئێران و کوردستان، لەمەڕ دەوری گرینگی زمان و پوتانسیلەکانی زمانی کوردی بۆ وەرگێڕانی فەلسەفە دوا و باسیان لەوە کرد کە ماوەیەکە بە هیمەتی چەند کەس لە کوردستانی ئێران و هەروەها باشوور خەریکە فەلسەفە بە زمانی کوردی وەردەگێردرێت و ئەمە دەتوانێ ڕۆڵێکی گرێنگ بگێڕێ بۆ پاراستنی زمان.

فەرمانداری مەهاباد ئاغای کەتانی یەکێکی تر لەو کەسانە بوو کە لەم کۆڕەدا بە ئاڕاستە کردنی وتەکانیان سرنجی بەشداربووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، ئاغای کەتانی سەرەتا باسیان لەوە کرد کە مەبەستیان لە هاتنە پشت تریبوون بەخێرهاتن و وتنی دەست خۆشانەیە لە وەرگێڕی کتێبی مەفهومی زمان و پێکهێنەرانی کۆڕەکە، ئەو لە بەشێک لە وتەکانیان وێڕای بەرز نرخاندنی ئەرکی وەرگێڕ باسیان لەوە کرد کە بەداخەوە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵگای ئەدەبی کورد دوو نووسەر و وەرگێڕی زانا و هەڵکەوتەی لە دەستدا کە هەر دووک ئۆلگووی ئەخلاق بوون و گەیشتبوونە قۆناغی شعووری ئەدەبی و فەرهەنگی. دواتر وەرگێڕی کتێب، بەڕێز هیوا قارەمانی هاتە پشت تریبوون و بەخێرهاتنی گشت بەشداربووانی کۆڕەکەی کرد، وەک دواین کەس بەڕێز دوکتور ئەمجەد غوڵامی ئاماژەیان بە گرینگی وەرگێڕان دا و لە بەشی دووەمی وتەکانیان لەمەڕ فەلسەفەی هایدگێر بۆ بەشداربووان دوا. لە کۆتایی کۆڕەکەدا پەردە لە سەر کتێبی "مەفهومی زەمان" هەڵدرایەوە و وەرگێڕ بەڕێز هیوا قارەمانی سەرقاڵی واژۆی کتێب بۆ میوانان و ئەدیبان بوو.

(شایانی باسە سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لە بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامەدا، هاوکار و هاوڕێمان بوو بەتایبەت هاوڕێیانی بواری مالّی؛ خاتوو فەوزیە یاهوو،ماهپارە لاهیجانی،خانم کرباسیان،گەلاوێژ بەیگنیا،فەڕاح گولابیئازەر و هەروەها وێنەهەڵگرتنەوە؛ پۆلا ئاغاز و...).

خوات لەگەڵ یەشار کەماڵ



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی فێوریيەی ساڵی ٢٠١٥ زایینی نووسەری گەورەی کورد یەشار کەماڵ لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی زانکۆی ئەستەمبوڵ دڵە گەورەکەی لە وەستان کەوت.

نووسەری ڕۆمانەکانی ئینجەمەمەد (حەمەدۆک) و کاریتە و ئەفسانەی چیای ئاگری و زەوی ئاسن و ئاسمان مس و ئاغاکانی ئاقچاساز و چەندین و چەند ڕۆمانی تر و کاندیدی چەند خولی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی و وەرگری خەڵاتی ئاشتیی چاپەمەنییەکانی ئاڵمان و خەڵاتی گەورەی وێژەیی سەرۆک کۆماری تورکیا و دەیان خەڵاتی تر، ناسراوترین نووسەری تورکیایە کە بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە ٤٠ زمانی جیهان وەرگێڕدراوەتەوە. یاشار کەماڵ کە ناوی تەواوی کەماڵ سادق گوکچەلی بووە لە ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی هەمیتەی پارێزگای عوسمانی باشووری تورکیا لە بنەماڵەیەکی کورددا لە دایک بووە.

یەشار کەماڵ جگە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان لە بواری شێعر و هەروەها وتاری ئەدەبیشدا کاری کردووە. بە یاشار کەماڵ نازناوگەلی وەک باوکی کوردی وێژەی تورکیا و دانەری ڕێبازی وێژەیی گوندی لە تورکیا دراوە.

بەرهەمەکانی یەشار کەماڵ گەرچی بە زمانی کوردی نەنووسراون بەڵام ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و کەشی ژیانی کوردەواریان پێوە دیارە و وەک دەڵێن وەک زۆربەی نووسەرانی کوردی بیانینووس زاراوەی هەیە.

مامۆستا عاشق وەرگێڕی جڵدی چوارەمی ڕۆمانی حەمەدۆک بۆ زمانی کوردی دەڵێ: مرۆڤ کاتێک ڕۆمانەکانی یەشار کەماڵ دەخوێنێتەوە، لەگەڵ گێڕانەوەیەکی ئەوەندە ڕەوان و دیمەنی وا زیندوو ڕووبەڕوو دەبێ، کە بێئەوەی بە خۆی بزانێ دەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان تێکەڵ دەبێ و دەڕوا. یەشار کەماڵ خاوەنی هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵێکی یەکجار بەرینە. ئەو نووسەرە جۆرێک وەستایانە، دیمەنەکان دروست دەکا و بە ناخی کەسایەتی و سروشتی قارەمانانی داستانەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە، کە خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی داستانەکە، هەست بە دیمەن و کەسەکان دەکات. جێی ئاماژەیە یەکەم کەس کە دەستی داوەتەوە وەرگێڕانی بابەتەکانی یەشار کەماڵ بۆ زمانی کوردی، مامۆستای خوالێخۆشبوو شوکور مستەفا بووە.

سەید نەجمەدین نەنیسی بە نازناوی "شەیدا" ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە، چوار ساڵێک لەخوێندنگای ئایینی لە خزمەت خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەرهەنگی، قورئانی پیرۆز و سەرف و نەحوی عەرەبی تا موختەسەر خوێندووە، پاشان بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئیدارەی سەددی مەهاباد دامەزراوە و دەست بە کار بووە، ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە ڕادیۆ تەلەویزیۆنی مەهاباد دەست بە کار بووە و خەریکی نووسینی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەویزیۆن بووە، ئەو وەک شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر خزمەتێکی بەرچاوی بە کتێبخانەی کوردی کردووە، بەشێک لە بەرهەمەکانی چاپ و بڵاو بوونەتەوە و بەشێکیش ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەن...

هەوارنامەی کتێب

طرح: شیرین خضر پوراقدم